وەرزنامەی

# تورکیاناسی

ژمارە : ٧ : ساڵی دووەم، نازاری ٢٠٢٥ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

- سەردەمێکی نوێی تورکیا.
- پرۆسەی ئاشتیو واتاکانی پەیامەکەی ئۆجەلان.
- پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران دوای کەوتنی ئەسەد.
- سەرۆک_شارەوانیی هەڵبژێردراو لە ژێر تارمایی قەیومدا.
- تێگەیشتنو تێڕوانینە سیاسییەکان سەبارەت بە پرسی کورد.

**هاوڕێی یاخسەمەری مام جەلال دیدی تورکیا بۆ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو پرسی کورد ئاشکرادەکات**

# وەرزنامەی تورکیاناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.


ژمارە (٧)، ساڵی دووەم، ئازاری ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد صاڵح
بەڕێوەبەری نووسین: ئەحمەد سیروانی



بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د.فاروق عبدول مەولود
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
د. جەلیل عومەر عەلی



نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان
هەڵەگر: گرووپی زەنوێر (هەژیر عەبدولڕەحمان)



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

وەرزنامەی
# تورکیاناسی

تورکیاناسی؛ گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوە و شیکاری سیاسەت و ستراتجی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات. دەرکردنی گۆڤارێکی لەم شێوەیە ئەگەر بۆخۆی پێدانی مەعریفەی گشتی بێت، ئەوا لە ئاستە تایبەتیەکەیدا ئەرکێکی وردتری هەیە کە هەوڵدەدات شرۆڤەو بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرس و بڕیار و سیاسەتانە بکات کە تورکیای نوێ وەک پاشماوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژویی بەرامبەر گەلان و وڵاتانی جیهان دەیانگرێتەبەر، لەناویشیاندا بەرامبەر بەگەلی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەهۆی بوونی کومەڵێک فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کەلتورییەوە کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاویشەکانی بۆسەر ئێمەی کورد زیاترەو ئەستەمە نادیدەیان بگرین و خۆمانی لێ بەدوربگرین. هەروەها تورکیای نوێ وەک کارەکتەرێکی هەرێمایەتی و ئەندامی بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی (ناتۆ) وایکردوە بەردەوام جوڵەو کاروکردەوەکانی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونی ناوەندەکانی لێکۆلینەوە بێت. لەم روانگەیەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەرکردنی گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بە تورکیا بە پێویست و گرنگ زانیوە. تورکیاناسی کار دەکات لەسەر ئەوەی کە تورکیا وەک خۆی بناسێت بە بێ هیچ جۆرە پێش داوەرییەک تا بتوانێت ئەو دەرفەت و هەڕەشانە بخوێنێتەوە کە تورکیا دەتوانێت دروستی بکات لە پرسە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و پرسی کورد بەتایبەتی.

# ناوەڕۆك

## سەروتار


◇ سەردەمێکی نوێی تورکیا...... پرۆفیسۆر.د.ئومێد رفیق فتاح | ٥


## توێژینەوە


◇ پڕۆسەی ئاشتیو واتاکانی پەیامەکەی ئۆجەلان......دڵدار باجاری | ئەحمەد سیروانی | ٩

◇ تورکیاو ڕۆژئاوای کوردستان دوای کەوتنی ئەسەد...... د. فاروق عەبدول | ٣١

◇ پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران دوای کەوتنی ئەسەد...... بەختیار ئەحمەد ساڵح | ٤٣

◇ سەرۆک_شارەوانیی هەڵبژێردراو لە ژێر تارمایی قەیومدا...... ئەحمەد سیروانی | فەرزان چاڵشکان | ٦١

◇ سانسۆرکردنی نوسینو بەرهەمەکانی دوو نوسەری گەورەی کورد...... د. سامان مستەفا ڕەشید | ٨١


## وەرگێڕان


◇ تێگەیشتنو تێڕوانینە سیاسییەکان سەبارەت بە پرسی کورد......وەرگێڕان: یاد نورسی | ١٠٥

◇ پرسی کورد لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ڕژێمە ئۆتۆنۆمی (خودموختاری)یەکان و جیۆپۆلەتیکیان...وەرگێڕانی:حەمزە محەمەد ساڵح | ١١١

◇ قۆستنەوەی دەرفەتەکان لە سەردەمی نادڵنیایی جیهانیدا؛ سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی تورکیا لە ساڵی (٢٠٢٥). وەرگێڕان:ڕابەرسیوەیلی | ١٢٧

◇ سەد ساڵ عەلمانیەت لە تورکیادا چۆن گۆڕاوە؟......وەرگێڕانی: حەمزە محەمەد ساڵح | ١٤١

◇ تێڕوانینی گشتی بۆ دانانی قەیوم لە تورکیادا...... وەرگێڕان: تورکیاناسی | ١٤٩


## چاوپێکەوتن


◇ هاوڕێی یاخسەمەری مام جەلال دیدی تورکیا بۆ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو پرسی کورد ئاشکرادەکات...چاوپێکەوتن: تورکیاناسی | ١٥٧


## کتێبناسی


◇ "داگیرکردنی تاریکی"؛ هەوڵەکانی سڕینەوەی نەتەوەیەک لە ڕێگەی پاکتاوی زمانەکەیەوە...... د. دیلان سەلام حەمەفەرەج | ١٦٥


## چەمکناسی


◇ کەمالیزم (Kemalizm)...... ئامادەکردنی:تورکیاناسی | ١٧٧

وەرزنامەی

تورکیاناسی

سەروتار



# سەردەمێکی نوێی تورکیا

پرۆفیسۆر.د. ئومێد ڕەفیق فتاح

ڕەنگە باشترین پێناسە بۆ تورکیای ئێستا ئەوەبێت کە دەوڵەتێکە بەرەو سەردەمێکی نوێ دەڕوات، لەسەر ئاستی ناوخۆیی یاخود دەرەکی.
لە ئاستی ناوخۆیی پرۆسەی ئاشتی دەستپێکردووەتەوە و هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ کورد، ئەم پرۆسەیە جاری چوارەمە لە تورکیا ئەزموون دەکرێت، بەڵام جیاواز لە سێ جارەکەی پێشوو ئەمجارە بە بەدەست پێشخەری دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا (مەهەپە) دەستی پێکردووە کە بە درێژایی ٤٠ ساڵی سیاسەتی دژایەتی کوردی کردووە، دەستپێشخەرییەکەش لەلایەن خودی عەباوڵا ئۆجەلان ڕیبەری یندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وەڵامدراوەتەوە.
لە ڕێگەی بانگەوازەکەی ئۆجەلان و هاوپەیمانییەتی کۆمار کە پێکهاتووە لە پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) و مەهەپە، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە لە ئایندەدا ڕوودەدات، ئەردۆغان هەوڵی هەموارکردنەوەی دەستوور دەدات، بۆ ئەمەش پێویستی بە دەنگی پەرلەمانتارانی پارتی یەکسانی و دیموکاسی گەلان (دەمپارتی) هەیە، لەهەمان کاتدا گۆڕانکاری لە هەڵوێستی سیاسی ئاکپارتی هەیە بەرامبەر بە پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)ی ڕکابەری

سەرسەختی. بۆ ئەمەش لە ڕێگەی تۆمەتبارکردنی سەرکردەی دیاری جەهەپە و سەرۆکی گەورەشارەوانی ئیستەنبوڵ (ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو)، هەروەها دادگایکردنی ناوبراو، لەگەڵ بریاری هەڵوەشاندنەوەی بڕوانامەکەی بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ٢٠٢٨ دووربخرێتەوە، گورزێکی گەورە لەبەرەی نەیاری دەدات.

مێژووی سەرۆك شارەوانییەکانی ئیستەنبوڵ هاوشێوەی مێژووی سەرۆك شارەوانیەکانی پاریسی پایتەختی فەرەنسایە، زۆرکات ئەوانەی دەبنە سەرۆک شارەوانی ئەم دوو شارە، دواجار دەبنە سەرۆکی وڵاتیش، ڕەنگە هۆکارەکان جیاوازبن، بەڵام دیارترینیان گەورەی شارەکان و کەسایەتییەکانی سەرۆك شارەوانییەکان دەتوانن جۆرێك لە ڕەمزییەت بەدەست بهێنن.

لەلایەکی ترەوە ئێستا لە بواری پیشەسازی، تورکیا پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەدەست هێناوە، لەبواری پیشەسازی و تەکنەلۆجیای سەربازی بازێکی گەورەی داوە، لە ئێستادا بە نزیکەی لەسەرو (٥٠٪)ی پیشەسازی سەربازی لە ناوخۆی تورکیا پڕدەکاتەوە، پشت بە چەك و تەکنەلۆجیای سەربازی خۆی دەبەستێت و دەروازەی سەرەکی ئەوروپایە بۆ زۆربەی پێداویستییەکانی ئەو کیشوەرە.

لەسەر ئاستی دەرەوە، هێزێکی هەرێمی کاریگەر و یاریکەرێکی سەرەکییە لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ترەمپ هەڕەشە لە ئەوروپا دەکات، تورکیا جێگرەوەیەکی سەربازی گەورەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەوروپا. ئەم فاکتەرەش وادەکات ئەوروپییەکان زیاتر بچنە ژێرباری جێبەجێکردنی داواکارییەکانی تورکیا بۆ ئەوروپا و چاوپۆشی لە کردەوەکانی لە گۆڕانکارییەکانی سوریا بکەن، هەروەها ڕۆڵی کارای تورکیا نابێت لەقەوقاز لە بیربکرێت کە چەند کاریگەرە.

بەهۆی بوونی هەردوو فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکی کە باسمانکرد ڕەنگە پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە ئێستادا تەنها پرسێکی ناوخۆیی ئەو وڵاتە نەبێت، بەڵکو لەڕووی ستراتیجییەوە پرسێکی هەرێمیە و کاریگەرییەکانی زیاتر لە سوریا دەرکەوتووە، بەهەموو ئەو تێبینییانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا زیاتر دەربکەون و ڕەنگە بەو دۆخەی کە ئێستا هەیە پڕۆسەکە هەر سەرکەوتوو نەبێت، بەتایبەت دوای ئەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکان بەهۆی دەستگیرکردن و دادگایکردنی ئیمام ئۆغڵو لە پەرەسەندندان و یەکێك لە خوێندنەوەکانیش ئەوەیە تورکیا بەرەو سیستمێکی تاکڕەوی هەنگاو دەنێت و لە لەدایکبوونی سیستمێکی نوێدایە.

# توێژینەوەکان

تورکیاناسی

# پرۆسەی ئاشتیو واتاکانی پەیامەکەی ئۆجەلان

دڵدار باجاری | ئەحمەد سیروانی

**پوختە**

گۆڕانکارییە خێراو فراوانەکانی جیهانو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری لە سەر ڕەوتی سیاسەتو پێشهاتە ناوخۆییەکانی وڵاتانی جیهان بە گشتیو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو کوردستان دروستدەکات. تورکیا وەک وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە گەورەترین پارچەی کوردستان لە چوارچێوەیدایەو زۆرترین هاوڵاتیی کوردی تێدا نیشتەجێیە، لە ئامادەکاریدایە بۆ دەستوپەنجە_نەرمکردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا.

ئەم پێشهاتە جیهانیو هەرێمییانە، بەرپرسانی باڵای تورکیای خستووەتە گومانەوەو ترسیان لەوەیە پریشکی ئاگرەکە بگات بە ماڵیان، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ئاژەوەی ناوخۆییو پارچەبوونی خاکەکەیان، دەرگای پرۆسەیەکی نوێیان بۆ چارەسەری پرسی کورد کردووەتەوە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، لە ڕێگەی بانگەوازێکەوە بۆ "چەکدانانی پەکەکەو خۆهەڵوەشاندنەوەی"، وەڵامی ئەرێنیی بانگەوازەکەی دەوڵەت باخچەلیی داوەتەوە، پەکەکەیش لە ڕێگەی بڕیاری ئاگربەستەوە ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی بانگەوازەکەی ئۆجەلان دەکات.

دەوڵەتو حکومەتی تورکیایش پابەندیی دەستەبەرکردنی "کۆمەڵگایەکی دیموکرات"یان لە ئەستۆدایە، کە مافی سەرجەم نەتەوەکان لە سەرووی هەموویانەوە کوردەکان بە یەکسانی دەستەبەربکات، بە جۆرێک هۆکار نەهێڵێتەوە بۆئەوەی کوردەکان جارێکی دیکە دەستبدەنەوە چەکو لە پێناوی بەدیهێنانی داواکارییەکانیاندا ڕوو لە چیاکان بکەن.

ئـەم تـوێـژیـنـەوەیـە لـە ئـامـاژەکـانـی دەسـتـپـێـکـردنـەوەی پـرۆسـەی ئـاشتی لـە تـورکـیـاو پـەیـامـە شـاراوەکـانـی نـاو بـانـگـەوازەکـەی ئـۆجـەلان دەکـۆڵـێـتـەوەو تیشـکـدەخـاتـەسـەر ئـایـنـدەی کـورد لـە باکوورو ڕۆژئاوای کوردستانو پەیوەندیی هێزە کوردییەکان لە تەواوی کوردستاندا.

**هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا**

لـە سـاڵی (١٩٩٤)ەوە هـەتـا ئێـسـتـا بـۆ چارەسـەکـردنی پـرسی کـورد لـە تـورکـیـا چەندین هـەوڵی جۆراوجۆر دراون، بەڵام هـەر جارێک لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئەم هەوڵانە بێئەنجام بوون.

ئـەو جـەنـگـەی لـە (١٥)ی ئـابی (١٩٨٤) بـە هێرشی پـارتی کـرێکارانی کوردسـتـان (پەکەکە) بۆ سـەر خـاڵـە سـەربازییـەکان لـە ناوچـەی ئێروح لـە سێرتو شـەمزینان لە هەکاری (جولەمێرگ) دەستپێکردو بۆ ماوەی چل ساڵە بەبێ پچڕان بەردەوامە، ئەگەرچی لە ماوەی چڵ ساڵی ڕابـردوودا بڕیاری ئاگربەست لە کاتە جیاجیاکاندا دراوە، دانـوسـتـانـەکـان بـە شـێـوازی جیاواز کراوە لە نێوان لایەنەکاندا، ئەم هەوڵانە لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لە ژێر ناوی پرۆسەی چارەسەری (Barış Süreci) زۆر چڕتربوون، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە بە کرداری خرانەناو چەکمەجەوەو پرسەکە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

ڕاگـەیـانـدنـی یـەکـەمین ئـاگـربـەستی تاکلایەنانە لە (٢٠)ی ئاداری (١٩٩٣) لـە لایـەن عـەبـدوڵڵا ئـۆجـەلان؛ ڕێبـەری پـەکـەکـەو بـڕیـاری درێـژکـردنـەوەی ئـاگـربـەسـتـەکـە لـە (١٥)ی نیـسـانـی سـاڵی (١٩٩٣)، وەک ئـامـاژەیـەک بـۆ دەسـتـپـێـکـردنی پـرۆسـەی ئـاشتی دەخـوێنرایـەوە، بەڵام مردنی تەمومژاویی تـورگـوت ئـۆزال؛ سـەرۆکـوەزیـرانی ئـەو کاتەی تورکیا لـە (١٧)ی نیسانی هەمان سـاڵ، دەسـتـپێشخـەرییـەکـەی لـەبـاربـرد. لـە کـاتـێـکـدا شـــەڕو پـێـکـدادانـەکـان بـەردەوامـبـوون، دیـسـان ئـۆجـەلان لـە (١٥)ی کـانـوونی دوهـەمی (١٩٩٥)و (١) ی ئـەیـلـوولی (١٩٩٨)، دوو ئـاگـربـەستی جـیـاوازی ڕاگـەیـانـد. دەسـتـپـێـکـردنی ئۆپەراسیۆنی پۆڵا (Çelik Harekatı) لە (٢٠)ی ئـاداری (١٩٩٥) بـۆ سـەر خـاکی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەی بنکەو بارەگای پەکەکەی تێدا بوو، ئاگربەستی هەڵوەشاندەوە. دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئـۆجـەلان لـە (١٥)ی شـوبـاتی (١٩٩٩) هێـندەی تـر بـەنـزینی بـە ئـاگـری جـەنگدا کرد[1].

لـەگـەڵ دامـەزرانـدنـی پـارتـی دادو گـەشـەپـێـدان (ئـاکـپـارتی) (Adalet ve Kalkınma Partisi) (AK Parti)و هـاتـنـەسـەر دەسـەڵاتی ڕەجـەب تـەیـب ئـەردۆغـان، هـەنگاوەکانی دەستپێکردنی پرۆسەی ئـاشتی گـەرمتربوونـەوە. پـەخشی کـوردی لـە مـەودایـەکی سـنـووردارد لـە کەناڵی دەوڵەتدا ڕێگەپێدرا، دانوستان لـە نـێـوان بـەرپـرسـانـی دەوڵـــەتو

ئۆجەلانو سەرکردەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) دەستیپێکرد، سەردانی بەرپرسانی ئاکپارتی بۆ لای پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (دەبەپە) (DBP)(Demokrat Bölgeler Partisi) و پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) Halkların Demokrat Partisi)) (HDP) دەستیپێکردو پەکەکە لە ڕێکەوتی جیاجیا بڕیاری ئاگربەستی دەرکرد. حکومەتی ئاکپارتی لە ژێر ناوی "پاکێجی مافی مرۆڤ"دا هەندێک هەنگاوی سەبارەت بە کرانەوە بە ڕووی زمانی کوردیدا نا. لە سەر بانگەوازی ئۆجەلان، دوو گرووپی جیاواز لە ئەوروپاو قەندیلەوە بە ناوی "گرووپی ئاشتی"یەوە چوونە تورکیا. "شاندی ئیمراڵی"، کە لە سیاسەتمەدارانی دەبەپەو هەدەپە پێکهاتبوون، لەگەڵ ئۆجەلاندا لە ئیمراڵی کۆبوونەوە. ئۆجەلان لە (٢١)ی ئاداری (٢٠١٣)دا نامەیەکی بۆ ڕایگشتیی کورد لە تورکیا ناردو لە ئاهەنگی نەورۆزدا لە دیاربەکر خوێنرایەوە. لە نامەکەدا ئۆجەلان ڕایگەیاند، کە ململانێی نێوان تورکیاو پەکەکە کۆتاییهاتووە. گەریلاکانی پەکەکە لە سەر بانگەوازی ئۆجەلان دەستیانکرد بە دەرچوون لە سنوورەکانی تورکیا. "کۆمسیۆنی چارەسەر" لە پەرلەمانی تورکیا دروستکرا[٢].

لەگەڵ هەموو ئەم پێشهاتانەدا پرۆسەکە بە هێڵێکی ڕاست بەرەوپێشنەدەچوو. جگە لە هەنگاوەکانی لایەنەکان بەرەو چارەسەر، ڕوداوگەلێکیش هەبوون، کە ڕێگر بوون لە پێشکەوتنو بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە. داخستنی پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (دەبەپە) بە کۆی دەنگ لەلایەن دادگای دەستووریەوەو لێسەندنەوەی مافی پەرلەمانتاری لە هەریەک لە ئەحمەد تورکو ئایسەل توغلوک، دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ بۆ سیاسەتمەدارانی کورد، بەرپرسانی هەڵبژێردراو، ڕۆژنامەنووسانو نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی، بە ناوی "ئۆپەراسیۆنەکانی کەجەکە"وە ڕێگر بوون لە بەردەم ئەوەی پرۆسەی ئاشتی بەئەنجامبگات. لە لایەکی دیکەوە، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ (١٣) کەس لە (٣٤) ئەندامی "گرووپی ئاشتی" لە کەمپەکانی قەندیلو مەخموور دەرچوو. هەروەها دژایەتیی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا، کە خۆی لە پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) (MHP) (Milliyetçi Hareket Partisi)و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) Cumhuriyet) (Halk Partisi (CHP)دا دەبینییەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕاگەیاندنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستانو خۆپیشاندانەکانی (٦-٨)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٤) بۆ پشتیوانی لە کۆبانێو یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە ڕۆژئاوای کوردستانو لێدوانە توندئامێزەکانی سەلاحەدین دەمیرتاش دژی دەوڵەتی تورکیاو ئاکپارتیو خودی ئەردۆغان، ڕوداوەکانی خەندەق

(لێدانی خەندەق لە ناو شارو دەوروبەری شارەکان لەلایەن گەریلاکانی پەکەکە) و دەستبەسەرداگرتنی شرناخ، جزیرە، قەڵای دیاربەکرو ژمارەیەک قەزاو ناحیە لە باکووری کوردستانو سەر سنووری رۆژئاوای کوردستان؛ دۆخەکەیان ئاڵۆزترکرد[٣].

**لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە هەتا ئێستا بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد لە تورکیا چەندین هەوڵی جۆراوجۆر دراون، بەڵام هەرجارێک لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئەم هەوڵانە بێئەنجام بوون**

هەڵوەشاندنەوەو پابەندنەبوونی رەجەب تەیب ئەردۆغان بە ناوەڕۆکی لێکتێگەیشتنی دۆڵمەباخچە (Dolmabahçe Mutabakatı) وە، کە لە (٢٨)ی شوباتی (٢٠١٥) لە نێوان بەرپرسانی حکومەتو ئاکپارتیو ئەندامانی شاندی ئیمراڵیدا واژۆکرابوو، کۆتا هەنگاوی ئەو پرۆسەی ئاشتییەی راگرت، کە خودی ئەردۆغان دەستپێشخەرو ئالاهەڵگری بوو[٤]. ئەمە جگە لەو لێدوانە توندەی دەمیرتاش لە (١٧)ی ئایاری (٢٠١٥)، کە بە ئاراستەی ئەردۆغان رایگەیاند: "رێگەنادەین ببیت بە سەرۆک"[٥]، هێندەی تر پەیوەندییەکانی هەدەپەو حکومەتی تورکیای گرژترکرد.

هێرشی بۆمبڕێژکراو، کە دوو رۆژ پێش هەڵبژاردنەکانی (٧)ی حوزەیرانی (٢٠١٥) لە میتینگێکی هەدەپە لە دیاربەکر رویدا، هێرشی داعش لە سوروچ لە (٢٠)ی تەمموزی (٢٠١٥)، کوشتنی دوو ئەفسەری پۆلیس لە ماڵەکانیان لە ناوچەی جەیلانپنار لە ئورفا لە (٢٥)ی تەمموزی هەمان ساڵ، کۆمەڵکوژیی وێستگەی شەمەندەفەری ئەنقەرە لە (١٠)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٥)، راگەیاندنی "بەیاننامەی خۆبەڕێوەبەری"، کە لە پاییزی (٢٠١٥) لە شارە جیاجیاکانی باکووری کوردستان، بە تایبەتی سوور، جزیرە، نوسایبین، یوکسەک ئۆڤا، سیلڤان، سلۆپیو دواتر پێکدادانەکانی ئەو شارانە هەتا سەرەتای (٢٠١٦) بەردەوامبوو. بە تایبەت هێرشی گەریلاکانی پەکەکە بۆ سەر قەزای جزیرەو ناوچەی "سوور/قەڵا" لە ناوەندی دیاربەکرو پێکدادانی قورسی چەکداری لە نێوان گەریلاو هێزە ئەمنییەکانی تورکیادا رویدا، راگەیاندنی شێوەیەک لە "خۆبەڕێوەبەری"و دانانی دادگای گەل (Halk Mahkemesi) لە بریی دادگاکانی حکومەت[٦]و هەوڵی کودەتاکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)و پێشهاتەکانی دواتر؛ ئەگەری گەڕانەوەی لایەنەکانی بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بە تەواوی لەباربرد.

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی (١٠) ساڵ، لە (١)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤) دەوڵەت باخچەلی یەکەم هەنگاوی بە ئاراستەی

دەستپێکردنەوەی گەڕێکی نوێی پرۆسەی ئاشتی دەستپێکردووەتەوە، بەڵام هەتا ئێستا لە قۆناغی دانوستانی دەوڵەت باخچەلیو ئۆجەلاندایە لە ڕێگەی وەفدی دەمپارتییەوە، کە پەیامی لایەنە جیاوازەکان دەبات بۆ ئۆجەلانو بە پێچەوانەیشەوە.

## ئاماژەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی

ڕۆژی (١)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)، لە مەراسیمی کردنەوەی وەرزی نوێی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی تورکیادا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە لە گوتارێکیدا باسی لە دۆخی ئاڵۆزو جەنگاویی جیهانو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردو ئاماژەی بە مەترسییە ئەمنیو سەربازییەکانی سەر تورکیا کرد[٧]. دوای کۆبوونەوەکە، دەوڵەت باخچەلی (Devlet Bahçeli)؛ سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە)، خۆی گەیاندە هاوسەرۆکانی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی) (Halkların Eşitlik ve Demokrasi Partisi (DEM Parti))و تەوقەی لەگەڵ هاوسەرۆکو چەند پەرلەمانتارێکی ئەو پارتەدا کرد[٨].

ڕۆژی سێشەممە؛ (٢٢)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)، باخچەلی لە گوتارێکیدا لە کۆبوونەوەی تایبەتی فراکسیۆنی مەهەپە[٩] لە پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند: "سەرکردەی تیرۆریستان با بێتە پەرلەمان، لە کۆبوونەوەی تایبەتیی فراکسیۆنی دەمپارتی هەڵوەشانەوەی گرووپی تیرۆریستی ڕابگەیەنێت، هاواربکات کە تیرۆر کۆتاییهاتووە، پاشان چەند دەکرێت سوود لە مافی ئومێد وەربگرێت". لەم پەیامەیدا باخچەلی دەیەوێت بڵێت: عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، با بێتە پەرلەمانی تورکیاو لە کۆبوونەوەی تایبەتیی دەمپارتیدا دان بە شکستی تەواوی پەکەکەدا بنێتو هاواربکات کە ئەم "گرووپە تیرۆریستییە" کۆتاییهاتووە. لە بەرانبەردا بە گوێرەی بڕگەی (٢) لە ماددەی (١٠٧)ی یاسای جێبەجێکردنی سزاکان (İnfaz Kanunu)، ژمارە (٥٢٧٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی تورکیا؛ ئۆجەلان دەتوانێت سوود لەو مافە وەربگرێت کە باس لەوە دەکات "هەر کەسێک کە سزای زیندانی هەتاهەتایی قورسی بە سەردا دەسەپێنرێت، دوای تەواوبوونی (٢٤) ساڵ یان (٣٠) ساڵ لە زیندانیکردنی، دەتوانێت داواکاریی پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ پێداچوونەوەی دادگا بە دۆسیەکەیداو دەرکردنی بڕیاری ئازادکردنی مەرجدار بۆی"[١٠]. بەم جۆرە ئۆجەلان دەرگای ئازادبوونی مەرجدار (دەستبەسەرکردنی لەماڵێکدا)و تەنانەت ئازادبوونی یەکجارەکی بە ڕوودا بکرێتەوە.

سەرەڕای ئامادەیی ئۆجەلانو دەمپارتی،

بەڵام لەلایەن دەوڵەتەوە پێشوازی لە دەستپێشخەرییەکەی باخچەلی نەکرا، هەر بۆیە ڕۆژی سێشەممە؛ (٢٦)ی تشرینی دوهەمی (٢٠٢٤)، دەوڵەت باخچەلی لە گوتەیەکیدا لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی مەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا لەو بانگەشەیەی پێشووی بۆ هاتنی ئۆجەلان بۆ پەرلەمان پاشگەزبووەوەو ڕایگەیاند: "با هاوسەرۆکانی دەمپارتی سەردانی ئۆجەلان بکەن لە زیندان"[١١].

تونجار باکرهانو تولای هاتیم ئۆغلۆ؛ هاوسەرۆکانی دەمپارتی، چەند کاژێرێک دوای بانگەشەکەی باخچەلی خۆیان گەیاندە وەزارەتی دادی تورکیاو داوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئۆجەلاندا پێشکەشکرد[١٢]. جگە لە هاوسەرۆکان، زۆرینەی سەرکردایەتییەکانی دەمپارتیو پەرلەمانتارو کەسایەتییەکانی ئەو حیزبە داواکاریان بۆ چاوپێکەوتنی ئەردۆغان پێشکەشکرد، دواجار لە (٢٨)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤) هەریەک لە سرِی سورەییان ئۆندەر (Sırrı Süreyya Önder)و پەروین بوڵدان (Pervin Buldan) سەردانی ئیمراڵییان کردو گفتوگۆیەکی سێ کاژێرییان لەگەڵ ئۆجەلاندا ئەنجامدا[١٣]. ئۆندەرو بوڵدان دوو پەرلەمانتاری کاریگەری دەمپارتینو لە گفتوگۆکانی ئاشتیی ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٥)دا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.

ڕۆژی (٢٩)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤)، وەفدەکە پەیامەکانی عەبدوڵلا ئۆجەلانی بڵاوکردەوە. لەو پەیامەیدا ئۆجەلان جەختیکردەوە لە سەر "بەهێزکردنی برایەتیی تورکو کورد، دەستبەرداربوونی هێزە سیاسییەکان لە بەرژەوەندیی حیزبیو کەسی، ڕۆڵی کاریگەری پەرلەمان، دوورکەوتنەوە لە چارەسەری دەرەکیو پشتبەستن بە چارەسەری ناوخۆیی بۆ کێشەی کورد، پشتیوانی لە هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتی، دیموکراسیو برایەتی"[١٤].

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٥)، وەفدی دەمپارتی-ئیمراڵی زنجیرەیەک سەردانی بۆ لای سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا، سەرکردەی سەرجەم حیزبە سیاسییەکان، کە لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا خاوەنی پەرلەمانتارن، سەڵاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپەو ژمارەیەک سەرکردەی زیندانیکراوی کورددا ئەنجامدا. هەرچەندە وەفدەکەی ئیمراڵی لە ئاستی سەرۆکی حیزبدا لەلایەن ئەو پارتانەی کە سەردانەکەیان پەسەندکرد، پێشوازییانلێکرا، بەڵام ئەردۆغان وەک سەرۆکی ئاکپارتی پێشوازیلێنەکردنو کۆبوونەوەی حیزبەکەیو وەفدی ئیمراڵیی بە فوئاد ئۆکتای جێگری سپارد. لە لایەکی دیکەیشەوە، وەفدی ئیمراڵی ئامادەنەبوو سەردانی پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) بکات، کە وەک حیزبێکی ئیسلامی/ کوردی لە تورکیا چالاکیی هەیەو خاوەنی (٤) کورسییە لە پەرلەمانی تورکیا.

لە (٢٢)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٥) وەفدی دەمپارتی سەردانی ئیمراڵی کردەوەو پەیامی لایەنە سیاسییەکانی تورکیای بە ئۆجەلان گەیاند[١٥]، لە هەمان کاتدا دیدو تێڕوانینی ئۆجەلانی لە بارەی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی تورکیاوە وەرگرت، هەر لەو دانیشتنەدا ئۆجەلان پێشنیاری سەردانی وەفدی دەمپارتی-ئیمراڵیی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق خستەڕوو.

**دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت باخچەلی وەک دیارییەک لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بۆ کوردو پەکەکەو خودی ئۆجەلان نیشاندەدرێت، بە تایبەت بۆ ڕایگشتیی تورکیا لە میدیاوە ئەو وێنایە دروستدەکرێت، کە پەکەکە کۆتاییهاتووەو تەنها ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ماوە لەلایەن ئۆجەلانو بەرپرسانی ئەو گرووپەوە**

لە کۆتا سەردانیدا وەفدی ئیمراڵی لە (١٦-١٩)ی شوباتی ئەمساڵ سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو لەگەڵ هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی؛ سەرۆکی هەرێم، مەسرور بارزانی؛ سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی؛ جێگری سەرۆکی حکومەت، مەسعوود بارزانی؛ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانو بافڵ تاڵەبانی؛ سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا؛ دیداری ئەنجامدا. لەو دیدارانەدا وەفدی ئیمراڵی پەیامی ئۆجەلانی بە هەریەک لەو بەرپرسانە گەیاندو لە هەمان کاتدا سەرنجو پەیامی بەرپرسە دەوڵەتیو حیزبییەکانی هەرێمیشی لە بارەی پڕۆسەی نوێی ئاشتی لە تورکیاو هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیەوە وەرگرت[١٦].

بە گوێرەی زانیارییەکان، پەیامەکانی ئۆجەلان لە ڕێگەی نامەوە گەیەنراوەتە قەندیلو ڕۆژئاوای کوردستانیش. بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکانی ئەو دوو لایەنەیش، پشتیوانی لە پڕۆسەی ئاشتیو هەر بانگەشەیەک دەکەن، کە لە لایەن عەبدوڵا ئۆجەلانەوە ڕابگەیەنرێت. تەنانەت پێشبینیدەکرێت لە ئایندەدا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بهێنرێنەناو پڕۆسەکەوە[١٧].

**خواستی دەوڵەتو مەرجەکانی کورد**

هەریەک لە باخچەلیو ئەردۆغان چەندین جار جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە دانوستان لە نێوان دەوڵەتو ئیمراڵی یان قەندیل نییەو پڕۆسەکە تەنها بریتییە لە داواکاریی ئۆجەلان بۆ چەکدانانی پەکەکەو خۆهەڵوەشاندنەوەی لە چوارچێوەی بانگەشەکانی تورکیای بێتیرۆر (Terörsüz Türkiye)[١٨].

هەروەک لە دەستپێشخەرییەکەیشیدا دەوڵەت باخچەلی داوایکردبوو "ئۆجەلان

بێتە پەرلەمان و لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی دەمپارتیدا، بانگەشەی کۆتاییهاتنی تیرۆرو هەڵوەشانەوەی پەکەکە بکات". لەم پەیامەوە دەردەکەوێت دەوڵەت خۆی زۆر لەوە بەهێزتر نیشاندەدات، کە بکەوێتە دانوستان و پەکەکە وەک هێزێک لە بەرانبەری خۆیدا دابنێت. هەروەک بەرپرسانی هەواڵگری، ئەمنی و سەربازیی تورکیایش جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە لە سایەی هێرشی فڕۆکەبێفڕۆکەوان و هەماهەنگیی هەواڵگری لە نێوان ئەنقەرە، هەولێرو بەغدادا، توانای بەرگریی پەکەکە لاوازبووەو نەک لە شارەکانی باکوورو باشووری کوردستان، بەڵکو لە قەندیلیش ناتوانن لە ئەشکەوت و پەناگەکانیان بێنەدەرەوە.

لێرەوە تێدەگەین، دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت باخچەلی وەک دیارییەک لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بۆ کوردو پەکەکەو خودی ئۆجەلان نیشاندەدرێت، بە تایبەت بۆ ڕایگشتیی تورکیا لە میدیاوە ئەو وێنایە دروستدەکرێت، کە پەکەکە کۆتاییهاتووەو تەنها ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ماوە لەلایەن ئۆجەلان و بەرپرسانی ئەو گرووپەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەم ئۆجەلان و هەم قەندیل و دەمپارتییش پێیانوایە، کە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە دانوستان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە، لە گرنگترین داواکارییەکانیش سەربەستیی ئۆجەلانە ئەگەر مەرجداریش بێت، پێدانی ناسنامەیەکی دیاریکراو بە کوردو خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی، کە گەریلاکانی پەکەکە بگرێتەوەو بتوانن بگەڕێنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان. بە گوێرەی زانیارییە دزەپێکراوەکان، ژمارەی ئەو کەسانە نزیکەی (٧) هەزارو (٥٠٠) کەس دەبن[١٩]، ئەمە جگە لەوەی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و مانەوەی کانتۆنەکان بە هێڵی سوور ناوزەددەکەن.

هەروەک لە ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی دەمپارتی، کە لە (١٣)ی شوباتی ئەمساڵدا بڵاوکراوەتەوە، جەخت لە سەر چوار خاڵ کراوەتەوە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا. لەو چوار خاڵەدا دەمپارتی داوایکردووە "گۆشەگیریی سەر ئۆجەلان لابرێت، بەستنی پەیمانێکی نوێی کۆمەڵایەتیی دیموکراتی، دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان لە نیشتیمانێکی هاوبەشدا، پەیڕەویکردن لە سیاسەتی ئاشتی و دیالۆگ لە جێگەی سیاسەتی جەنگ لەلایەن تورکیاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"[٢٠].

**پرۆسەی ئاشتی و هەڵوێستی کورد**

هەرچەندە نوێنەرانی کورد هەموو کاتێک ئامادەیی گفتوگۆو دانوستانیان بۆ چارەسەری کێشەکە دەربڕیوە، بەڵام

ئەم جارە بە هۆی نارِوونی لە لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلی‌و ئەردۆغان‌و تەنانەت لە نێوان قسەکانی خودی خۆیاندا لە رِۆژێکەوە بۆ رِۆژێکی ترو لە هەمان کاتدا یەکنەگرتنەوەی برِیارەکانی ئەردۆغان، دەسەلاتی دادوەری‌و وەزارەتی ناوخۆ لەمەرِ زیادکردنی گوشارەکان بۆ سەر کوردو بە دیاریکراوی لابردنی سەرۆک_ شارەوانییە کوردەکانی دەمپارتی‌و جەهەپەو دانانی قەیوم لە جێگەیان، جۆرێک لە دوودڵی لە لای کوردەکانیش دروستبووەو بە رِاشکاوی نازانن باخچەلی‌و ئەردۆغان چییان لە کورد دەوێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئۆجەلان وەلامی ئەرێنیی دەستپێشخەرییەکەی باخچەلیی داوەتەوەو داوای "چەکدانان‌و خۆهەڵوەشاندنەوە"ی لێدەکات. پەکەکەیش ئاگربەستی رِاگەیاندووەو جەختی لە سەر پابەندی بە بانگەوازەکەی ئۆجەلانەوە دەکات. دەمیرتاش‌و کوردەکانی رِۆژئاواو باشووریش پشتیوانیی هەوڵەکانیان کردووە.

لە لایەکی دیکەوە، بەدەر لە هێزی چەپرِەوی کوردی لە ئێستادا هێزی ئیسلامیی سیاسی‌و رِێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییش لە مەیداندان‌و بۆچوونی خۆیان هەیە. پارتی بانگەوازی ئازاد (هودا پار) جەخت لە سەر جیاکردنەوەی "پرسی کورد" لەگەڵ پەکەکە دەکاتەوەو پێیوایە، کە "ناکرێت ئەم دوو بابەتە تێکەڵی یەکتری بکرێن، لەبەرئەوەی پرسی کورد کێشەی نەتەوەیەکەو پێویستی بە چارەسەر هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە، بەلام پەکەکە وەک گرووپێکی چەکدار کێشەیەکی دیکەیەو بە جۆری دیکە دەوڵەت دەتوانێت چارەسەریبکات"[٢١].

**ئۆجەلان‌و قەندیل‌و دەمپارتییش پێیانوایە، کە ئەم پرِۆسەیە پێویستی بە دانوستان‌و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە، لە گرنگترین داواکارییەکانیش سەربەستیی ئۆجەلانە، ئەگەر مەرجداریش بێت، پێدانی ناسنامەیەکی دیاریکراو بە کوردو خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی، کە گەریلاکانی پەکەکە بگرێتەوەو بتوانن بگەرِێنەوە ناو ماڵوحاڵی خۆیان**

### ناکۆکیی ناو ماڵی کورد

دەوڵەت باخچەلی لە بانگەشەکەی (٢٢)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)دا، جەختی لە سەر ئیمراڵی‌و دەمپارتی کردەوە وەک لایەنی چارەسەری پرِۆسەی ئاشتی، بەم جۆرە هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەوڵەتی تورکیا هەوڵیدا لە رِێگەی دوورخستنەوەی سەلاحەدین دەمیرتاش‌و

قەندیلەوە لە گفتوگۆکانی پرۆسەی ئاشتیدا، ناکۆکی بخاتەناو ماڵی کوردەوە. هەرچەندە بە سووربوونی ئۆجەلان لە سەر گرنگیدان بە پێگەی قەندیل، بە جۆرێک کە دواجار پەیام ئاراستەی پەکەکە دەکرێت بۆ چەکدانان، دەوڵەتی ناچارکردووە قەندیلیش لە پرۆسەی چارەسەریدا قبوڵبکات، بەڵام ڕۆڵێکی جددی بە دەمیرتاش نەدراوە وەک سیاسییەکی کاریگەری کورد لە باکووری کوردستانو تورکیادا.

ڕەچاونەکردنی پێگەی ئیسلامییەکان بە تایبەت لە باکوورو باشووری کوردستان لەلایەن پەکەکەو دەمپارتییەوە، بە جۆرێک وەفدەکەی دەمپارتی بە ئاشکرا سەردانی سەلاحەدین بەهادین؛ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی نەکرد، لە کاتێکدا ناوبراو کەسایەتییەکی دیارو کاریگەرە لە پەیوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستانو لە قۆناغی پێشووی پرۆسەی ئاشتی (٢٠٠٩-٢٠١٥)و باشکردنی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ هەولێر، سلێمانیو قەندیلدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، هەر بۆیە شارەزایانو چاودێران ڕەخنەی توندیان لەم هەڵوێستەی دەمپارتی گرت[٢٢]، بەڵام دوا بە دوای ڕەخنەی چاودێرانو بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی ئۆجەلان، بە گوێرەی لێدوانێکی مستەفا عەبدوڵڵا؛ سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، وەفدەکەی دەمپارتی-ئیمراڵی سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی کردووە، بەڵام لە سەر داواکاریی وەفدەکە سەردانەکە دوور لە چاوی کامێراکان کراوە، ئەمەیش لە پێناوی ئەوەی لایەنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان گلەیی لە وەفدەکە نەکەن[٢٣].

هەروەها سەرەڕای کۆبوونەوەی وەفدی ئیمراڵی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی تورکیادا، کە خاوەن ژمارەیەک پەرلەمانتارن لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە. بەڵام ئامادەنەبووە سەردانی هوداپار بکات، کە حیزبێکی کوردییەو لە پەرلەمانی تورکیا خاوەنی (٤) پەرلەمانتارە. لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای دەرکەوتنی ئاماژەکانی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی پرۆسەی ئاشتیدا لە تورکیا، هوداپار پشتیوانیی خۆی بۆ هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی چارەسەری پرسی کورد ڕاگەیاندووە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر وەفدی ئیمراڵی بیەوێت سەردانی هوداپار بکات، بەرپرسانی ئەو حیزبە دیدارو گفتوگۆ ڕەتناکەنەوە. هوداپاریش بۆئەوەی پێگەی خۆی بسەلمێنێتو بە ڕایگشتیی تورکیاو باکووری کوردستانیش بڵێت، کە "ئێمەیش هەینو خۆمان بە خاوەنی پرسی کورد دەزانین"، لە (١٥-١٦)ی شوباتدا کۆنفرانسێکی لە دیاربەکر سازکرد[٢٤]، لەو کۆنفرانسەدا هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجە حیزبییەکانی خۆی لە چوارچێوەی چارەسەری پرسی کورددا داوە.

هەر لە ناونیشانی کۆنفرانسەکەوە، کە بریتی بوو "چارەسەری مرۆڤایەتییانە بۆ پرسی کورد"، هوداپار دەیەوێت پێمانبڵێت، کە چارەسەری پرسی کورد لە نێوان دەوڵەتو پەکەکە یان دەمپارتی، چارەسەرێکی مرۆڤانە نابێت. لە هەمان کاتدا ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنفرانسەکە بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستپێدەکات، کە باس لە "جیاوازیی ڕەنگو زمان" دەکات وەک "نیشانەیەکی دەسەڵاتداریتیی خودا"[٢٥]. بەم جۆرە هوداپار لە یەک کاتدا دەیەوێت بە ڕایگشتیی کورد لە باکووری کوردستان بڵێت، کە ناکرێت تەنها دەمپارتی-پەکەکە نوێنەرایەتیی کورد بکەن، هەروەها بە دەوڵەتو شەقامی تورکیایش دەڵێت، کە جیاوازیمان لەگەڵ ئێوەدا هەیەو سەرچاوەی ئەو جیاوازییەش خودا خۆیەتیو ئیسلامیش پشتیوانییدەکات.

**لە یەکەم هەنگاوەوە دەوڵەتی تورکیا هەوڵیدا لە ڕێگەی دوورخستنەوەی سەڵاحەدین دەمیرتاشو قەندیل لە گفتوگۆکانی پرۆسەی ئاشتی، ناکۆکیی بخاتەناو ماڵی کوردەوە. هەرچەندە بە سووربوونی ئۆجەلان لە سەر گرنگیدان بە پێگەی قەندیل، دەوڵەتی ناچارکردووە قەندیلیش لە پرۆسەی چارەسەریدا قبوڵبکات**

بەم جۆرە هوداپار دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە داوای "چارەسەرێکی مرۆڤایەتییانە" بکات، کە سەرچاوەکەی لە ئیسلامەوە بێت. لە هەمان کاتدا هەوڵیداوە لەم ڕێگەیەوە بوونی خۆی بەهێزتربکاتو ئەگەرچی بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت، "تێڕوانینی هوداپار" بۆ چارەسەری کێشەی کورد بکات بە ڕۆژەڤی میدیای تورکیا. هەتا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیدا.

لە هەمان کاتدا ڕێکخراوی (Hak İnisiyatifi)، کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنییە، تەوەرەکانی "سێهەمین دیداری کوردی"، کە لە دیاربەکر ڕێکیخستبوو، تایبەتیکرد بە هەوڵەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی. ڕاگەیەنراوی کۆتایی دیدارەکەیش جەختی لە سەر "هێنانەدەرەوەی ناوەڕۆکی دانوستانەکانی پرۆسەی ئاشتی لە ژوورە تاریکەکان" کردووەتەوە[٢٦]، واتە لە ڕوانگەی خستنەدەرەوەی هێزو ڕێکخراوەکانی دەرەوەی دەمپارتیو پەکەکە لە پرۆسەی ئاشتی، جیاوازی لە نێوان دەمپارتی-پەکەکەو دەوڵەتدا نابینرێت. ئەمەیش ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ ئەگەری دەستبردن بۆ هەر هەوڵێک بۆ تێکدان یان بەلارێدابردنی پرۆسەی ئاشتیو دوورخستنەوەی لە ئامانجەکانی لەلایەن هێزو ڕێکخراوە کوردییەکانی دەرەوەی دەمپارتیو پەکەکەوە. لە بەرانبەردا بەرپرسانی دەمپارتیو

بزوتنەوەی چەپی کورد لە تورکیا، هوداپارو هێزە ئیسلامییە کوردییەکان تۆمەتباردەکەن بە "پشتگوێخستنی کێشەی کوردو باسکردنی لە دوای کێشەی مسوڵمانانی فەلەستین، سوریاو لوبنان"(٢٧)، لە لایەکی دیکەوە، لە ژێر پەردەی برایەتیی ئیسلامی، ملکەچی بۆ ئیسلامییە توندڕەوو فاشیستەکانی تورکیا دەنوێنن، بە جۆرێک بە بەهانەی برایەتیی ئیسلامی، داواکاریی مافی کوردو ناسنامەو بوون بە خاوەن کیانێکی سیاسیو کارگێڕی پشتگوێدەخەن.

هەڵبەت هەوڵەکەی دەوڵەتو دەمپارتیو پەکەکە بۆ پشتگوێخستنی دەنگو ڕەنگە جیاوازەکانی کورد تەنها لە فەرامۆشکردنی حیزبە ئیسلامییەکاندا کورتنەبووەتەوە، بەڵکو وەفدی ئیمراڵی هیچ گفتوگۆیەکی بە ئاڕاستەی ڕاگۆڕینەوەو وەرگرتنی بۆچوونە جیاوازەکانی شەقامی کوردی لە تورکیا نەکردووە. لە کاتێکدا چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، ناوەندی ڕۆژنامەوانیو توێژینەوەی شیکاری، سەنتەری ئەکادیمیو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان لە تورکیاو باکووری کوردستان هەن، کە چەقی کارەکانیان کوردو چارەسەری کێشەو بەدیهێنانی خواستەکانیەتی لە تورکیا. هەر ئەم پشتگوێخستنەی هێزو ڕێکخراوەکانی دیکەی دەرەوەی دەمپارتیو پەکەکە ڕەنگە بەڵگە بێت لە سەر دروستیی لێدوانەکانی باخچەلیو ئەردۆغان، کە دەڵێن هیچ پرۆسەو دانوستانێک لە ئارادا نییەو ئەوەی هەیە، هەوڵەکانی ئامادەکارییە بۆ بانگەوازی هەڵوەشاندنەوە یان چەکدانانی پەکەکە لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە.

ناکۆکیی ناو ماڵی کورد بە درێژایی مێژوو یەکێک بووە لە گرفتە سەرەکییەکانو دوژمنانیش توانیویانە سوودیلێوەربگرن. لەم پرۆسە نوێیەی ئاشتیی تورکیایشدا ئاڵاهەڵگرانی پرۆسەکە لە لایەنی دەوڵەتەوە لە یەکەمەم هەنگاوەکانیاندا هەوڵیانداوە دووبەرەکی بخەنەناو ماڵی کوردەوە، بەڵام لەمانە مەترسیدارتر ئەو هەنگاوانەی لایەنە کوردییەکان خۆیانە، بە تایبەت لە ڕێگەی فەرامۆشکردنی یەکتریو پیلانی نەیارانی کورد بە دەستی خۆیان جێبەجێبکەن.

## ڕۆژئاوای کوردستان وەک گرێکوێرەی چارەسەر

وەک چۆن دامەزراندنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتیو تەنانەت بە هۆی پێشهاتەکانی ئەو ناوچەیەوە ئاڵۆزییەکی زۆر لە باکووری کوردستانیش دروستبوو، بە هەمان شێوە ئێستایش ڕۆژئاوای کوردستان بەستراوەتەوە بە باکوورو بەبێ چارەسەری کێشەی تورکیاو کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، چارەسەری پرسی کورد لە تورکیادا بە مەحاڵ دەبینرێت.

لە کاتێکدا بەرپرسانی تورکیا بانگەشەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا دەکەن، بەڵام هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ڕۆژئاوا بەردەوامەو لە هەر ئانوساتێکیشدا کردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیو زەمینی، ئەگەرێکی کراوەیە. لە بەرانبەردا بەرپرسانی دەمپارتیو قەندیلیش دەستبەرداری پشتیوانی لە ڕۆژئاوای کوردستان نابن، هەروەک لە ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی دەمپارتیدا ئاماژە بەوە دراوە، کە "دەستبەرداری دەستکەوتەکان لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا نابن"[٢٨].

لە لایەکی دیکەوە، گۆڕانی دەسەڵات لە سوریا هەرچەندە لە بەرژەوەندیی تورکیا بێتو لە ڕوکەشدا وادەربکەوێت، کە هێزی دەسەڵاتداری ئێستای سوریا گوێڕایەڵی تورکیاو قەرزاربارییەتی، بەڵام ئێستا دەسەڵاتی نوێی دیمەشق لە لایەک لە هەوڵی کرانەوەدایە بە ڕووی ئەمریکاو ڕۆژئاوادا، لە لایەکی دیکەوە ئامادە نییە دڵی وڵاتانی عەرەبیو کەنداوی دەوڵەمەند بە نەوتو پارە بشکێنێتو دۆستایەتی لەگەڵ تورکیایەک برەوپێبدات، کە گیرۆدەی قەیرانی ئابووریو کێشەی ئەمنییە.

لێرەدا تاکە چارەسەر بریتییە لە مامەڵەکردنی ئەنقەرە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا بە هەمان شێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبەرئەوەی بوونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەیەیەکی تێپەڕاندووەو وەک دیفاکتۆیەک هەر لایەنێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەم جۆرە دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە بریی ئەوەی هۆکاری مانەوەی کێشەکان بێت بە هەڵواسراوی، دەکرێت ببێت بە مایەی چارەسەر. لە هەمان کاتدا پێویستناکات کوردانی باکووریش کێشەی کورد لە تورکیا ببەستنەوە بە دۆخی ڕۆژئاواو هەڵوێستی تورکیاوە بەرانبەری.

**بە هۆی ناڕوونی لە لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلیو ئەردۆغانو لە هەمان کاتدا یەکنەگرتنەوەی بڕیارەکانی ئەردۆغان، دەسەڵاتی دادوەریو وەزارەتی ناوخۆ لەمەڕ زیادکردنی گوشارەکان بۆ سەر کوردو بە دیاریکراوی لابردنی سەرۆک_ شارەوانییە کوردەکانی دەمپارتیو جەهەپەو دانانی قەیوم لە جێگەیان، جۆرێک لە دوودڵی لە لای کوردەکانیش دروستبووەو بە ڕاشکاوی نازانن باخچەلیو ئەردۆغان چییان لە کورد دەوێت**

## پێگەی هەولێرو پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو سلێمانی

وەفدی دەمپارتی-ئیمراڵی لە دەرەوەی تورکیا تەنها سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمو

پارتیو یەکێتی کۆبوونەوەی جیاوازی کرد. لەگەڵ ئەوەیشدا کە پارتی وەک هاوپەیمانی تورکیا دەناسرێتو چاوەڕێی پشتیوانیی بێقەیدو مەرجی لێدەکرێت بۆ تورکیاو پرۆسەی ئاشتی، بە هەمان جۆر گفتوگۆکانی وەفدی ئیمراڵی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای یەکێتییش بە ئەرێنی پەسنکراوە، هەروەک رۆژنامەوانو شیکەرەوەی کەناڵی (Haber Türk) چەتین چاوەڕێی ئەو هەڵوێستانەی لە بەرپرسانی یەکێتی نەکردووە. چەتین کە ئەزموونێکی باشی لە کاری رۆژنامەوانیو شیکاری بۆ دۆخی عێراقو هەرێمی کوردستانو پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا هەیە، لە پرۆگرامێکی کەناڵەکەیدا لە (٢٠)ی شوباتی ئەمساڵدا ئاماژەی بەوە داوە، کە "بافڵ تاڵەبانی لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵیاندا بە وەفدی ئیمراڵی ڕاگەیاندووە، کە قۆناغی خەباتی چەکداری لە تورکیا کۆتاییهاتووە"[٢٩]، ئەمەیش وەک ویستی تاڵەبانیو بەرپرسانی یەکێتی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی حیزبەکەیانو سلێمانی لەگەڵ تورکیادا، بە تایبەت لە ڕووی ئابووریو بازرگانییەوە دێت[٣٠]، لەبەرئەوەی نزیکەی (٢) ساڵە تورکیا ئاسمانی خۆی بە تەواوی بە ڕووی ئەو فڕۆکانەدا داخستووە، کە لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە گەشتەکانیان دەکەن، ئەمەیش زیانی لە ئابووریی سلێمانیو یەکێتی داوە. بانگەوازەکەی ئۆجەلانو پابەندبوونی پەکەکە بەو پەیامەوە، دەرگای کردنەوەی ئاسمانی تورکیا بە ڕووی فڕۆکەخانەی سلێمانییشدا دەکاتەوە.

## پەیامەکەی ئۆجەلان

عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە، لە پەیامێکدا[٣١]، کە ڕۆژی (٢٧)ی شوباتی (٢٠٢٥) لە ئەستەنبوڵ لە لایەن سری سورەییا ئۆندەر، ئەحمەد تورکو پەروین بولدانەوە ڕاگەیەنرا، داوای "چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە"ی کرد.

ئۆجەلان لە دووتوێی لاپەڕەو نیوێکدا بە پوختی سەربردەی دامەزراندنی پەکەکەو قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیو پێویستی کۆتاییهێنانی بە حیزبەکەی خستووەتەڕوو. بڵاوکردنەوەی خودی پەیامەکە سەرەتایەکە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی لە تورکیا، ئەگەر جێبەجێبکرێت، هەر بۆیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەیامەکەدا زۆرێک لە میدیاکانی تورکیا لە بریی سەرکردەی تیرۆریستان (Terör Elebaşı)، کە پێشتر بەکاریاندەهێنا، سەرکردەی پەکەکە (PKK Elebaşı)یان بەکارهێناوە. ئەمە جگە لەوەی لەلایەن دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانو شیکەرەوەکانەوە پەیامەکە بە ئەرێنی دەخرێتەڕوو، وەک سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی، ئەمنی، ئابووریو کۆمەڵایەتی لە تورکیا وێنایدەکەن.

بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ چەکدانان و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە وەک کۆتاییهاتنی ئەم ڕێکخراوە نییە، کە شکستیهێنابێت، بەڵکو هەر لە دەستپێکی بانگەوازەکەدا ئۆجەلان دەڵێت، کە "پەکەکە لەدایکبووی سەدەی بیستەمە، کە بە توندوتیژترین سەدە لە مێژوودا دادەنرێت؛ دوو جەنگی جیهانی، دەرکەوتنی سۆشیالیزم، جەنگی سارد، نکوڵی لە بوونی کوردو پێشێلکردنی مافەکانی بە تایبەت ئازادیی ڕادەربڕین و ناسنامە؛ پەکەکەی هێنایەکایەوە". بە گوێرەی تێگەیشتنی پێچەوانەی دەق، کەواتە ئەو ڕێگریو پێشێلکارییانەی بۆ سەر کورد هەبوون لە کاتی دامەزارندنی پەکەکەدا، ئێستا نەماون، کەواتە پێویستیی بوونی ئەم ڕێکخراوەیش نەماوە. هەروەها ئۆجەلان لە کۆتایی پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە "وەک هەر کۆمەڵەو حیزبێکی سەردەمیانە، کە بە زۆر نەتوانراوە کۆتاییپێبهێنرێت، بەڵکو بە ویستی خۆی دەیهەوێت ئاوێتەی دەوڵەت و کۆمەڵگا ببێتەوە، کۆنگرە ببەستن و بڕیاربدەن، سەرجەم گرووپەکان پێویستە چەکدابنێن و پەکەکە خۆیهەڵبوەشێنێتەوە". هەروەک ئۆجەلان لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا دەڵێت، کە "چارەسەری نکوڵیکردن لە ناسنامە لە ساڵانی نەوەدەکان لە وڵاتدا، ئەو پێشهاتانەی زەمینەی هاتنەکایەی ئازادیی ڕادەربڕینی هێنایەکایەوە، هۆکار بوون بۆ نەهێشتنی واتایەک بۆ مانەوەی پەکەکەو دووبارەبوونەوەی". هەر ئەم دەربڕینەیش دەرگا واڵادەکات بە ڕووی سەرکردەو گەریلاکانی پەکەکەدا بۆئەوەی لە ژێر ناوی دیکەدا ڕێکخراوی دیکەی گونجاو لەگەڵ سەردەمی نوێدا دابمەزرێنن.

**لە پەیامەکەیدا ئۆجەلان هیچ داواکارییەکی لە دەوڵەتی تورکیا نەکردووە، بەڵکو داوای هەنگاونانی بەرەو دیموکراتیەت و ژیانی ئازادانە بۆ کوردو سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای دیموکراتیی تورکیادا کردووە**

لە لایەکی دیکەوە، هێزێک یان گرووپێک زۆر قورسە جەنگ لەگەڵ دەوڵەتێکدا بکات و بانگەشەی پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکەدا بکات، کە خۆی بە هاوپەیمانی دەوڵەتی دژی گرووپەکە بزانێت. واتە ناکرێت پەکەکە لە دژی سوپای تورکیا لە جەنگدا بێت و پەیەدەیش ڕیککەوتن لەگەڵ دیمەشقدا بکات و هەسەدەیش لە چوارچێوەی سوپای سوریادا ببێت بە بەشێک لە هێزی ئەمنی و سەربازیی دەوڵەتێکی وەک سوریا، کە ئەنقەرە یەکێک دەبێت لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی و تەنانەت لە هەندێک بابەتدا دیمەشق و سەرۆکی کاتیی سوریا

خۆی بە قەرزاری تورکیا دەزانێت. بانگەوازەکەی ئۆجەلان پاڵپشتێکی بەهێز دەبێت بۆ پشتیوانی لە گفتوگۆکانی مەزڵوم عەبدیو ئەحمەد شەرع لە ئایندەدا. لە لایەکی دیکەوە، ئۆجەلان لەو پەیامەیدا جگە لە پەکەکە، بانگەوازی بۆ هیچ هێزو لایەنێک نەکردووە، ئەمەیش بۆ ڕۆژئاوای کوردستانو یەپەگە خاڵی بەهێزە، لەبەرئەوەی ئۆجەلان هەر لە ئێستاوە دەیەوێت بە هەموان بڵێت، کە یەپەگە بەشێک نییە لە پەکەکەو پێویستناکات چەکدابنێتو خۆیهەڵبوەشێنێتەوە، لەگەڵ خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەیشدا بیانوو بە دەست تورکیاوە نامێنێت بۆ لێدان لە ڕۆژئاوای کوردستانو یەپەگە.

نابێت ئەو ڕاستییەیشمان لەیادبچێت، کە یەکێک لە هۆکارەکانی بانگەوازەکەی قۆجەلان، لاوازبوونی پەکەکەو قەتیسبوونیەتی لە ناوچەیەکی جوگرافیی سەختدا، هەروەها وەک جاران گەنجی کورد بە تایبەت لە باکووری کوردستانەوە ڕوو لە چیاکان ناکەن، ئەمەیش بە هۆی کاریگەریی میدیای دەوڵەتی تورکیاو لە هەمان کاتدا نەمانی باڵی چەکداریی پەکەکە لە چیاکانی باکووری کوردستانو جەختکردنەوەی زیاتر لە سەر خەباتی مەدەنیو سیاسی لە باکووری کوردستان. جگە لەم هۆکارەیش، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرگریو هێرشی سەربازیی تورکیا، بە تایبەت لە بواری فڕۆکەیبێفڕۆکەوانی جەنگی (SİHA) دا، پەکەکەی ناچار بە لێدانی تونێل لە چیا سەختەکانی قەندیل، گارەو مەتینا کردووە. کردنەوەی دەروازەی زێت (Derecik) لە مایسی (٢٠٢٣) لە نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا، کە سنووری ئیدارەی سۆرانو پارێزگای هەکاری/جولەمێرگ بە یەکەوە دەبەستێتەوە[٣٢]، ئاماژەیەکی دیکەی لاوازبوونی هێزی چەکداریی پەکەکەیە، لەبەرئەوەی ئەو ناوچەیە یەکێک بووە لەو شوێنانەی کە پەکەکە هەم لە ڕووی ڕێکخستنو هەم لە ڕووی چەکدارییەوە باڵادەست بووە تێیدا.

خاڵێکی دیکە بریتییە لە داواکاری نەک فەرمانکردن لە لایەن ئۆجەلانەوە بۆ قەندیل، ئەمەیش شکاندنی بەشێک لە بانگەوازەکەی دەوڵەت باخچەلییە، کە دەیویست سەلاحەدین دەمیرتاش بکاتەدەرەوەی هاوکێشەی پرۆسەی ئاشتی، لە ڕێگەی سەردانی وەفدی ئیمراڵی بۆ لای دەمیرتاش، بەشیکی قسەکەی باخچەلی شکێنرا. ئۆجەلانیش لە پەیامەکەیدا لە بریی فەرمانکردن، داوایکردووە لە قەندیلو پەکەکە، کە چەکدابنێنو کۆنگرە ئەنجامبداتو خۆیهەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەیش وەک ئاماژەیەکی ڕوکەشییش بێت، لە ڕوانگەی شکاندنی بڕیارەکەی باخچەلییەوە بۆ سەپاندنی ویستی خۆی بە سەر ئۆجەلانو پەکەکەدا گرنگە، واتە ئێستا ویستو

ئیرادەی بەرپرسو ئەندامانی کۆنگرەی پەکەکە لە قەندیل بڕیاری کۆتایی دەدەن، نەک بە گوێرەی خواستی باخچەلی بڕیاری کۆتایی لە لای ئیمراڵیو دەمپارتی بێت.
ستایشی باخچەلی بۆ بانگەوازەکەیو ئەردۆغان بۆ نیشاندانی ئیرادەی بەهێز بۆ پرۆسەی ئاشتی لەلایەن ئۆجەلانەوە، جگە لە چەند وشەیەکی سواوی ناچاری، هیچی دیکە نییە، لەبەرئەوەی دەوڵەت باخچەلی زیاد لە چل ساڵە سیاسەتی خۆیو حیزبەکەی لە سەر بنەمای دژایەتی کوردو پەکەکە بەردەوامیپێداوە، تەنانەت باخچەلیو حیزبەکەی هۆکار بوون بۆ دروستبوونو گەورەبوونی پەکەکەو ئەو وێرانکارییەی چەند ساڵە لە باکووری کوردستان کراوە. لەبەرئەوە ئەگەر ڕوانگەی ڕاستیی ڕوداوەکان وەربگرینو دادگایەکی دادپەروەر بوونی هەبوایە، پێش ئۆجەلان پێویست بوو دەوڵەت باخچەلی بە تۆمەتی "دروستکردنی ڕقو کینە لە نێوان پێکهاتەکانی وڵات، هاندانی گەنجان بۆ تاوانو کوشتن، بەسووک_تەماشاکردنی نەتەوەیەک لە بەرانبەر نەتەوەیەکی دیکەو هەژمارکردنی کورد وەک تورکی بە ڕەگەز کورد" دادگاییبکرێت. ئەردۆغانیش بە هۆی ترسی لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆکانی (٢٠١٤)و (٢٠١٥) هەتا ئێستا ئیرادەو ویستێکی جددیی بۆ پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتی نیشاننەداوە. لە پەیامەکەیدا ئۆجەلان هیچ داواکارییەکی لە دەوڵەتی تورکیا نەکردووە، بەڵکو داوای هەنگاونانی بەرەو دیموکراتیەتو ژیانی ئازادانە بۆ کوردو سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی دیموکراتیی تورکیادا کردووە. ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەمەیش پەیوەندیی بە مانەوەی گۆڕانکارییە دەستووری، یاساییو پێکهاتەییەکانی سەردەمی پرۆسەی ئاشتیی (٢٠١٢)وە هەبێت، واتە خواستەکانی کورد لەو کاتەدا هەتا ڕادەیەک جێبەجێکران، بەڵام بە هۆی هاتنەکایەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستانو پێکدادانە سەختەکانی پەکەکەو سوپای تورکیا لە بەشێک لە شارەکانی باکووری کوردستانەوە، جێبەجێکردنی زۆرێک لە گۆڕانکارییە دەستووریو یاساییەکان پشتگوێخران. ئەمە جگە لەوەی سەرەڕای بەردەوامیو چڕیی گوشارە دادوەریو یاساییەکان، کە ئەنجامی پێکدادانەکانی سوپای تورکیایە لەگەڵ پەکەکەو یەپەگەدا لە باکوور، ڕۆژئاواو باشووری کوردستان، بەڵام هێشتا مەیدانی سیاسەتو پەرلەمان بە ڕووی کورددا ئاوەڵایە بۆ چالاکیی سیاسیو نەتەوەیی لە تورکیادا، بە کرداری چەسپاوە، کە کورد لە ڕێگەی کاری سیاسیو پەرلەمانییەوە دەتوانێت خەباتی کوردایەتی لە تورکیادا بکات.
لە پرۆسەی ئاشتیی پێشوودا؛ ڕاگەیەنراوی (٢٠١٣)ی قەندیل، پەکەکە بڕیاری کشانەوەی بۆ دەرەوەی

سنوورەکانی تورکیا داوە. هەروەها داوای خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی (Demokrtaik Özerklik)ی کردووە.

پاشگەزبوونەوەی ئۆجەلان لەو ئامانجو داواکارییانەی لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکەوە بانگەشەی بۆ دەکرد لە "دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی کوردستان، فیدراڵیزم لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا، خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی" بۆ تاکە داواکاریی "ژیانێکی ئازادانە لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیموکراتیدا"، پرسیاری جددی لە سەر ئاستی سەرکەوتوویی پەکەکە وەک حیزبو ئۆجەلان وەک سەرکردەیەکی دیاری کورد دروستدەکات. ئەمە جگە لەوەی گومان لە پشتیوانیی ئۆجەلانو قەندیل بۆ پێدانی فیدراڵی یان خۆبەڕێوبەریی دیموکراتی بە رۆژئاوای کوردستان دەهێنێتەکایەوە.

ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا لە بریی کێشەی کورد (Kürt Sorunu) یان پرسی کورد (Kürt Meselesi)، ڕاستیی کورد/ بوونی کورد (Kürt realitesi)ی بەکارهێناوە. ئەمەیش ئاماژەیەکی دیکەیە بە ئاراستەی بەکارهێنانی زمانی نەرمو گفتوگۆی دوور لە توندوتیژی لە پێناوی گەیشتن بە چارەسەردا. ئەوەیشمان لەبیرنەچێت، دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە هەوڵیداوە دەستەواژەی "کێشەی کورد" بە واتای "بوونی نەتەوەیەک کە مایەی کێشەو ئاژاوەن"، لە شەقامی تورکیادا واتاپێبدات.

ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا جارێکی دیکە ڕەخنەی لە سیستەمی سەرمایەداری گرتووەو بە هۆکاری تێکدانی برایەتیی گەلانو بە تایبەت برایەتیی کوردو تورکی داناوە لە ماوەی (٢٠٠) ساڵی ڕابردوودا، ئەو برایەتییەی وەک ئۆجەلان وەسفیکردووە، "زیاتر لە هەزار ساڵە بەردەوامە".

**ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا لە بریی کێشەی کورد (Kürt Sorunu) یان پرسی کورد (Kürt Meselesi)، دەستەواژەی ڕاستیی کورد/ بوونی کورد (Kürt realitesi)ی بەکارهێناوە. ئەمەیش ئاماژەیەکی دیکەیە بە ئاراستەی بەکارهێنانی زمانی نەرمو گفتوگۆی دوورلە توندوتیژی لە پێناوی گەیشتن بە چارەسەردا. ئەوەیشمان لەبیرنەچێت، دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە هەوڵیداوە دەستەواژەی "کێشەی کورد" بە واتای "بوونی نەتەوەیەک، کە مایەی کێشەو ئاژاوەن"، لە شەقامی تورکیادا واتاپێبدات**

دواجار هەڵوەشانەوەی پەکەکە هەرچەندە بە واتای شکستو کۆتاییهاتن نەیات، بەڵام یەکێک لە واتاکانی بریتییە لە شکستهێنانی بیری ئۆجەلانو

پەکەکە لە خەباتی چەکداریدا، ڕەنگە ئەمەیش دەرفەتبدات بە هێزو ئایدۆلۆژیا ڕکابەرەکانی پەکەکەو ئۆجەلان، بە تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستانو بارزانییەکان، بەوەی بانگەشەی "شکستی بیری پەکەکەو خەباتی چەکداریی ئەو حیزبە بکەن، ئەمەیش دەرفەتیانپێدەدات بۆ بانگەشەی ڕەوابوونی خەباتی پارتیو ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری هاوڵاتیانی باکووری کوردستان بۆ لای خۆیان".

ئۆجەلان پێش ئەوەی داوای چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بکات، جەخت لە سەر کۆمەڵگای دیموکراسیو بەڕێوەبردنی وڵات لە سایەی دیموکراسیدا دەکاتەوە، قەندیلیش لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی ئاگربەستەوە وەڵامی ئەرێنیی داواکارییەکەی ئۆجەلانی داوەتەوەو ئامادەکارییش بۆ کۆنگرە دەکات[٣٣]. دەمپارتییش لە ڕێگەی گواستنەوەی پەیامەکەی ئۆجەلانەوە بە تەواوی پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکات، سەڵاحەدین دەمیرتاشیش بە نزای "خودا تەمەنی ئەردۆغانو باخچەلیو ئۆجەلان درێژبکات"، پشتیوانیی بۆ پرۆسەکە ڕاگەیاندووە[٣٤]. لێرەوە ئەرکی ئەردۆغانو دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستپێدەکات، کە کۆمەڵگای تورکیاو مەیدانی سیاسەت بەرەو دیموکراتی ببەن، دەستبەرداری لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانی دەمپارتیو جەهەپەو دانانی قەیوم لە جێگەیان ببن. ڕێگرییەکانی بەردەم سیاسییەکانی دەمپارتیو جەهەپە بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨)ی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا مەرجی سەرەکیو پێشوەختەی زامنکردنی ئەو کۆمەڵگە دیموکراتییەن، کە ئۆجەلان پێش خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بانگەوازی بۆ دەکات.

### ئەنجام

پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بۆ جاری چوارەمە ئەزموودەکرێت، ئەمەیش دوای دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت باخچەلی بۆ بانگەوازی ئۆجەلان بە مەبەستی چەکدانانی پەکەکەو هەڵوەشانەوەی.

ئۆجەلان لە ڕێگەی بانگەوازێکەوە هەم داوای چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەی کردووە، هەمیش جەختی لە سەر کۆمەڵگەی دیموکراسیو بەڕێوەبردنی وڵات لە سایەی دیموکراسیدا کردووە، قەندیلیش پابەندیی خۆی بۆ بانگەوازەکە ڕاگەیاندووە. لێرەوە ئەرکی ئەردۆغانو دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستپێدەکات، کە کۆمەڵگای تورکیاو مەیدانی سیاسەت بەرەو دیموکراتی ببەن، دەستبەرداری لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانی دەمپارتیو جەهەپەو دانانی قەیوم لە جێگەیان بن، ڕێگرییەکانی بەردەم سیاسییەکانی دەمپارتیو جەهەپە بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨)ی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا مەرجی سەرەکیو

پێشوەختەی زامنکردنی ئەو کۆمەڵگە دیموکراتییەن، کە ئۆجەلان پێش خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بانگەوازی بۆ دەکات.

لە هەمان کاتدا پێگەی هەولێر لە گفتوگۆکانو کاریگەریی ئەنجامەکانی پرۆسەکە بە سەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ هەولێرو سلێمانیو رۆژئاوای کوردستاندا هۆکارێکی گرنگە بۆ سەردانی وەفدی ئیمراڵی-دەمپارتی، یان ناردنی پەیامی ئۆجەلان بۆ رۆژئاوای کوردستان، لە هەمان کاتدا وەرگرتنی سەرنجی بەرپرسانی پارتیو یەکێتیو رۆژئاوای کوردستان ئاماژەیەکی روونە بۆ رەچاوکردنی بالانسی هێزو پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو قەندیل لەگەڵ هەریەکێک لەو هێزانەدا.

یەکێک لە سوودمەندە گەورەکانی ئەم پرۆسەیەو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەیش، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانو خەڵکی شاری سلێمانییە، ئەمەیش لەبەرئەوەی ئیدی ئاسمانی تورکیا بە رووی فرۆکەخانەی سلێمانیدا دەکاتەوە.

ئەوەی روونە، راگەیاندنی بانگەشەی عەبدو:لا ئۆجەلانە بۆ قەندیل بە مەبەستی دەستبەرداربوون لە خەباتی چەکداریو رادەستبوون یان جێهێشتنی قەندیل، بەلام ئەوەی روون نییە، ئاستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردو پەکەکە بۆ کوردانی باکوور لەلایەن تورکیاوەو داهاتووی رۆژئاوای کوردستانو پەیوەندییەکانی هەولێرو سلێمانییە لەگەڵ ئەنقەرەو قەندیلدا.

---

## پەراوێزو سەرچاوەکان

1.Ferid Memirel ve Nedim Turfent, 1993'ten günümüze "Barış girişimleri", 04.09.2023, https://bianet.org/haber/1993-ten-gunumuze-baris-girisimleri-283396#google_vignette, 12.11.2024.

2.Perspektif, Çözüm Süreci Neden Bitti?, 26.07.2021, https://www.perspektif.online/cozum-sureci-neden-bitti-2/, 21.11.2024.

3. BBC News Türkçe, 2013-2015 arasında çözüm sürecinde neler yaşandı?, 21.10.2024, https://www.bbc.com/turkce/articles/c2ln40n2ynxo, 21.11.2024.

4.BBC News Türkçe, 2013-2015 arasında çözüm sürecinde neler yaşandı?, 21.10.2024, https://www.bbc.com/turkce/articles/c2ln40n2ynxo, 21.11.2024.

5.Aljazeera Turk, Selahattin Demirtaş: Seni başkan yaptırmayacağız, 17.05.2015, https://www.youtube.com/watch?v=FwKUBhyny8Y, 02.12.2024.

6.Perspektif, Çözüm Süreci Neden Bitti?, 26.07.2021, https://www.perspektif.online/cozum-sureci-neden-bitti-2/, 21.11.2024.

7.KRTTV, Cumhurbaşkanı Erdoğan Türkiye Büyük Millet Meclisi Açılış Töreninde Konuşuyor, 01.10.2024, https://www.youtube.com/watch?v=cD7DWUzEewA, 15.11.2024.

8.HALKTV, MECLİS'TE ŞAŞIRTAN ANLAR! Devlet Bahçeli, daha önce topa tuttuğu DEM Partililerle tokalaştı!, 01.10.2024, https://www.youtube.com/watch?v=9BNqX0wWWXw&t=1s, 15.11.2024.

٩. بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی تورکیاو کولتووری چالاکی حیزبی سیاسی لە پەرلەمان، هەر فراکسیۆنێک هۆڵێکی بۆ دابینکراوە، لەو هۆڵەدا هەفتانە کۆبوونەوە دەکرێتو سەرۆکی حیزبەکە گوتارێک بۆ پەرلەمانتارو ئەندامو لایەنگرانی حیزبەکەی دەداتو هەڵوێستی خۆی لە بارەی ڕۆژەڤی ئەو هەفتەیەی جیهانو تورکیاوە ڕادەگەیەنێت.

10. Mevzuaat Bilgi Sistemi, CEZA VE GÜVENLİK TEDBİRLERİNİN İNFAZI HAKKINDA KANUN, 29.12.2004, https://www.mevzuat.gov.tr/mevzuat?MevzuatNo=5275&MevzuatTur=1&MevzuatTertip=5, 22.10.2024.

11. Adem Kara, Bahçeli'den yeni 0calan çıkışı, Dem parti İmralı'ya gidiyor!, 26.11.2024, https://www.youtube.com/watch?v=ydomHkHKvvc, 01.12.2024.

12.Son Gelişme, ANKARA - DEM Parti, PKK elebaşı ile görüşmek için Adalet Bakanlığı'na başvurdu, 26.11.2024, https://www.youtube.com/watch?v=RzxY-grMODQ, 01.12.2024.

13.Liderhaber, DEM Parti heyeti İmralı'yı ziyaret etti, 28.12.2024, https://www.liderhaber.com.tr/dem-parti-heyeti-imraliyi-ziyaret-etti, 12.02.2025.

14.Tercumangazetesi, Abdullah Öcalan'dan 7 Maddelik Mesaj, 29.12.2024, https://tercumangazetesi.com.tr/abdullah-ocalandan-7-maddelik-mesaj/, 12.02.2025.

15. BBC News Türkçe, İkinci İmralı ziyareti: Öcalan çalışmaları sürdürüyor, gözler Şubat ayında, 23.01.2025, https://www.bbc.com/turkce/articles/cly4g49pwp9o, 25.02.2025.

١٦.DHD Online, کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی شاندی ئیمراڵی لە سلێمانی, ١٨,٠٢,٢٠٢٥, https://www.youtube.com/watch?v=YxLhjC٧qHQg, ١٩,٠٢,٢٠٢٥.

17.Habertürk TV, İmralı Ne Zaman Çağrı Yapacak?, 10.02.2025, https://www.youtube.com/watch?v=HE_Nypd5F4Q ,19.02.2025.

18.Yetkin Report, Erdoğan "süreç yok" dedikçe DEM "var" diyor; söylem makası açılıyor, 13.01.2025, https://yetkinreport.com/2025/01/13/erdogan-surec-yok-dedikce-dem-var-diyor-soylem-makasi-aciliyor/, 08.02.2025.

19.Halktv, AKP'li Yayman'dan 'PKK ne zaman silah bırakacak' sorusuna çok konuşulacak yanıt!, 02.01.2025, https://www.youtube.com/watch?v=ea1s_qA7uak, 20.02.2025.

20.VOA Türkçe, DEM Parti'den barış için dört maddelik öneri, 14.02.2025, https://www.voaturkce.com/a/dem-partiden-baris-icin-dort-maddelik-oneri/7974842.html, 19.02.2025.

21.İLKE News Agency, Yapıcıoğlu Batman'da yeni sürece dair konuştu , 21.01.2025, https://www.youtube.com/watch?v=ak5yOBiK3zA, 21.02.2025.

٢٢. گفتوگۆی گەرم، دوا پێشهاتەکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، ٠١,٠٣,٢٠٢٥، https://www.speda.net/program/٨٠٦?fbclid=IwY٢xjawIwTbFleHRuA٢FlbQIxMQABHeY٢eRebYqeh٤Sq١g٢uM٣tIKtO٤bsEdIN٦udcaibqIp٩S٥nd٤VZmHLYt٣A_aem_-F١JGg١H٩Fumbg-e٩٣jX٦٥، ٠١,٠٣,٢٠٢٥.

٢٣.یەکگرتوو: شاندی ئیمراڵی بە نهێنی لەگەڵمان کۆبوونەتەوە، Ganjani Kiu، ٠١,٠٣,٢٠٢٥، ٠١,٠

/٨٠٦/https://www.speda.net/program fbclid=IwY٢xjawIwTbFleHRuA٢FlbQI? xMQABHeY٢eRebYqeh٤Sq١g٢uM٣tIK tO٤bsEdIN٦udcaibqIp٩S٥nd٤VZmHLY ،F١JGg١H٩Fumbg-t٣A_aem_-e٩٣jX٦٥ .٠١,٠٣,٢٠٢٥

24.VOA Türkçe, HÜDA-PAR'ın "Kürt meselesine insani çözüm" çalıştayı siyaseti karıştırdı, 17.02.2025, https://www.voaturkce.com/a/hudapar-kurt-meselesine-insani-cozum-calistayi-siyaseti-karistirdi/7978081.html, 21.02.2025

25.Hudapar, "Kürt Meselesine İnsani Çözüm Çalıştayı" sonuç bildirgemiz, 16.02.2025, https://hudapar.org/haberler/kurt-meselesine-insani-cozum-cal%C4%B1stay%C4%B1-sonuc-bildirgemiz, 21.02.2025.

26.Medyascope, Hak İnisiyatifi'nden Kürt sorununun çözümü için forum: "Süreç kapalı kapılar ardında yürütülen bir pazarlık olmaktan çıkartılmalı", 17.02.2025, https://medyascope.tv/2025/02/17/hak-inisiyatifi-kurt-sorununun-cozumu-icin-forum-duzenledi/, 21.02.2025.

27.İLKE News Agency, Yapıcıoğlu Batman'da yeni sürece dair konuştu, 21.01.2025, https://www.youtube.com/watch?v=ak5yOBiK3zA, 21.02.2025.

28.Bianet, DEM Parti PM toplantısı bildirgesi: İlk adım Öcalan'a yönelik tecridin kaldırılmasıdır, 27.10.2024, https://bianet.org/haber/dem-parti-pm-toplantisi-bildirgesi-ilk-adim-ocalana-yonelik-tecridin-kaldirilmasidir-301157, 01.12.2024.

29.Habertürk, İmralı'dan Beklenen Çağrı Ne Zaman Yapılacak?, 20.02.2025, https://www.youtube.com/watch?v=ec6pzCbQFwA, 23.02.2025

30.Habertürk, İmralı Ne Zaman Çağrı Yapacak?, 10.02.2025, https://www.youtube.com/watch?v=HE_Nypd5F4Q, 22.02.2025.

31.Dilara Bağcı, Abdullah Öcalan Açıklamasının Tam Metni: Öcalan Ne Açıkladı, Ne Dedi?, 27.02.2025, https://onedio.com/haber/abdullah-ocalan-aciklamasi-tam-metni-ocalan-ne-acikladi-ne-dedi-1277709, 27.02.2027

٣٢.دەروازەی نێودەوڵەتیی زێت لە نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیادا کرایەوە، ١٠,٠٥,٢٠٢٣، https://www.rudaw.net/sorani/business/١٠٠٥٢٠٢٣١، ٢٨,٠٢,٢٠٢٥

33.Yetkinreport, PKK ateşkes ilan etti, "Öcalan bırakılsın süreci yönetsin" dedi, 01.03.2025, https://yetkinreport.com/2025/03/01/pkk-ateskes-ilan-etti-ocalanin-yonetmesi-gerekir/, 01.03.2025.

34.Pusholder, Selahattin Demirtaş: "Erdoğan, Bahçeli ve Öcalan'a Allah uzun ömür versin, 28.02.2025, https://x.com/pusholder/status/1895555230265459006?t=OBSekjXF8eWSWR4dR1XxxA&s=09, 01.03.2025

# تورکیاو ڕۆژئاوای کوردستان دوای کەوتنی ئەسەد

د. فاروق عەبدول

**بەرایی**

دوای "بەهاری عەرەبی"، هەر لە سەرەتای ڕوداوەکانی سوریاوە هەتا کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە کۆتاییەکانی (٢٠٢٤)دا، تورکیا بە بەردەوامی چاوێکی لە سەر ناوچەکانی باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بووە، هەر لە عەفرینەوە هەتا قامیشلۆ، کە بە "ڕۆژئاوای کوردستان" ناسراوە، ئەم ناوچەیە کە بە جێنفوزی کوردان لە جوگرافیای سوریادا دیاریکراوە، لە ماوەی (١٤) ساڵی ڕابردوودا هەمیشە لە ژێر گوشارو هەڕەشەی تورکیادا بووەو بە پاساوی جۆراوجۆر، کە سەرجەمیان ڕەهەندی ئەمنییان هەبووە، تورکیا مامەڵەی لەگەڵ هەموو دۆسیەکانی تایبەت بەم ناوچەیەو پرسی کورد لە سوریادا کردەوە. پرسیاری سەرەکیی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە بۆچی تورکیا بەم جۆرە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا مامەڵەدەکات؟ پاڵنەرو هۆکاری گوشارەکانی تورکیا چینو ئاسۆی ڕوداوەکان بە چی دەگات؟ بە لەبەرچاوگرتنی دەرفەتو سیناریۆکان بە تایبەتی لە دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە کۆتاییەکانی (٢٠٢٤).

**ڕۆژئاوای کوردستانو ئیدارەی خۆسەری**

ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستان بچووکترین بەشی کوردستانی گەورەیە، کە بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەشبووە، ناوی ڕۆژئاوایەو خراوەتە چوارچێوەی سوریاوە، ڕووبەرەکەی نزیکەی (٧٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، لە دێریك هەتا عەفرین درێژدەبێتەوە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە پێکهاتەی کوردە، جگە لە ئەرمەن، ئاشووری، عەرەب، تورکمانو دروز، بە پێی ئامارە نافەرمییەکان، دانیشتوانەکەی نزیکەی (٥) ملیۆن کەس دەبێت. لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٦)ەوە دەوڵەتی تورکیا

دەستیکردووە بە بنیاتنانی دیواربەندییەك بە درێژایی سنوورەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا، کە درێژییەکەی (٦٨٨کم) و بە سێهەم درێژترین دیوار لە جیهاندا دادەنرێت. ئامانجی تورکیا لەم کارەی دابڕانو پچڕانی پردی پەیوەندیی نێوان باکوورو ڕۆژئاوای کوردستانە[١].

هەڵکەوتەی جوگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان بە درێژایی سنوورەکانی تورکیایەو لەم ڕێڕەوە سنوورییەدا، زۆربەی دەروازە سنوورییەکانی نێوان تورکیاو سوریا بە ناوچە کوردستانییەکاندا تێپەڕدەبێت، بۆیە بەردەوام تورکیا هەوڵیداوە گەمارۆی ڕۆژئاوای کوردستان بدات، لە ڕێگەی داخستنی بەشێکی زۆری ئەو دەروازە سنوورییانەوە.

ڕۆژئاوای کوردستان خاوەن سیستەمێکی ئیداریی خۆبەڕێوبەرییە، کە بە ئیدارەی خۆسەریی دیموکراتی ناسراوەو لە سێ کانتۆن پێکدێت؛ جەزیرە، عەفرینو کۆبانێ. هەر کانتۆنێك ئەنجومەنی یاسادانانو دادوەریو جێبەجێکردنی هەیە، بڕیارەکان لە شارەوانییەکانەوە دەستپێدەکات، لە گەڕەكو ناوچەکان هەتا ئەنجومەنی شارەکانو دواتر کانتۆنەکان. بۆ نموونە قامیشلۆ، کە دەکەوێتە چوارچێوەی کانتۆنی جەزیرەوە، لە شەش ناوچە پێکهاتووەو هەر ناوچەیەکیش چەند شارەوانییەك لەخۆدەگرێت. هەر کانتۆنێکیش دەستوورو حکومەتو پەرلەمانو دادگاو یاساو شارەوانیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بە شێوەیەکی لامەرکەزی کاردەکەن[٢].

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەری، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سروشتیو کشتوکاڵ، کە بە چاندنی دانەوێڵەو لۆکە بەناوبانگە.

لەم ناوچەیەدا سێ گەورەترین کێڵگەی نەوتی لە سوریادا هەیە، کە بریتین لە سویدیە، ڕمێلانو ئەلعومەر، جگە لە (١٠) کێڵگەی تر کە لە نێوان حەسەکەو دێرئەلزور دابەشبوون، گرنگترینیان ئەلتەنك، ئەلجفرو کۆنیکون.

ناوچەکانی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەری پشت بە بازرگانی دەبەستن، لەوانە بازرگانیی خانوبەرەو ئۆتۆمبێلو خۆراك، جگە لە ئاڵوگۆڕی دراو.

بە هۆی داخستنی دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیادا، دەروازەی سیمێلکا لە سنووری هەرێمی کوردستان تاکە دەرچەی ڕۆژئاوای کوردستانە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، لەم دەروازەیەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانیو هاتوچۆی دانیشتوانو گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان دەکرێت.

## گوشارە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا

هەر لە سەرەتای ڕوداوەکانی سوریاوە، تورکیا بە بەردەوامی پێیەکی لە ڕۆژئاوای کوردستان بووەو جیا لە گوشارە سیاسیو ئابووریو دیبلۆماسییەکانی لە سەر ئەو بەشەی کوردستان، لە

ڕووی سەربازیشەوە درێغینەکردووەو لە وشکانیو ئاسمانەوە هێرشەکانی بەردەوامبووە، بە هۆیانەوە جگە لەوەی هەزاران هاوڵاتیی مەدەنی بوونەتە قوربانی، بە دەیان شارو شارۆچکەو گوند خاپووربوونو گۆڕانکاریی گەورەو مەترسیداریش بە سەر دیموگرافیای ئەو ناوچانەدا هاتوون، لە دیارترین کردەوە سەربازییەکانی تورکیایش:

**ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات:** لە (٢٤) ی ئابی (٢٠١٦) یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا لە خاکی سوریا لە ژێر ناوی "قەڵغانی فورات" دەستیپێکرد. لە قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا، سوپای تورکیا سنووری سوریایان بەزاند، ئەمەیش سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکە بوو، ئەم قۆناغە بە کۆنترۆڵکردنی شاری جەرابلوسو گوندەکانی نزیك سنووری تورکیا کۆتاییهات.

لە (٢٧)ی هەمان مانگدا قۆناغی دوهەمی ئۆپەراسیۆنەکە بە ڕاگەیاندنی سوپای ئازادی سوریاو بە پشتیوانیی تورکیا لە گەیشتنیان بۆ شارەکانی ئەعزازو جەرابلوس لە گوندەکانی حەلەب کۆتاییهات، قۆناغی سێهەمیش لە (١٦) ی ئابی (٢٠١٦) دەستیپێکردو لە (٢٣)ی شوباتی (٢٠١٧) بە کۆنترۆڵکردنی شاری ئەلباب لە ڕۆژهەڵاتی شاری حەلەب کۆتاییهات[٣].

ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات نزیکەی (٧) مانگی خایاند، ئامانجی ڕاگەیاندنی تورکیا لەو ئۆپەراسیۆنە، دەرکردنی چەکدارانی داعشو ڕێگریکردن لە هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بۆ بەستنەوەی شارەکانی کۆبانیو عەفرین بوو، لەگەڵ دابینکردنی ناوچەیەکی ئارامدا لە هێرشە ئاسمانییەکانی ڕژێمی سوریاو ڕوسیا بۆ سەر گرووپە هاوپەیمانەکانی ئەنقەرەو دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

**ئۆپەراسیۆنی چڵەزەیتوون**

لە(٢٠)ی کانوونی دوهەمی (٢٠١٨)، تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی نوێی بە ناوی "چڵەزەیتوون"ەوە دەستپێکرد. ئامانجی ڕاگەیاندنی تورکیا لەو ئۆپەراسیۆنە کۆنترۆڵکردنی شارۆچکەی عەفرین بوو، ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی تورکیاو گرووپە هاوپەیمانەکانی نزیکەی (٣) مانگی خایاند. دوای ئەوەی هێزە کوردییەکان بەرگرییەکی بەهێزو فراوانیان کرد، لە (٣)ی ئاداری (٢٠١٨) هێزەکانی تورکیاو گرووپە چەکدارە هاوپەیمانەکانی، توانییان بچنەناو سەنتەری شارۆچکەی "ڕەجوو"ەوە، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای عەفرین. چەند ڕۆژێك دواتر، هێزەکانی چڵەزەیتوون، گرنگترین شارۆچکەی عەفرینیان کۆنترۆڵکرد، کە جەندەرێسی ستراتیژی بوو. لە (١٨) ی ئاداردا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، ڕایگەیاند، کە هێزەکانیان بە هاوکاریی گرووپە چەکدارەکانی سوریا ناوەندی شاری

عەفرینیان کۆنترۆڵکرد. لە چوارچێوەی ئەم پرۆسە سەربازییەدا، بە هەزاران هاوڵاتی کوردی دانیشتووی عەفرین‌و دەوروبەری ئاوارەبوون‌و ماڵومولکیان لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی سوریاوە تاڵانکرا، بە سەدان هاوڵاتییش شەهیدو بریندارببوون‌و زیانێکی گەورە بە ژێرخانی ئەو ناوچانە کەوت[٤].

**ئۆپەراسیۆنی کانیی ئاشتی**

لە (٩)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٩)، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی "کانیی ئاشتی"ی لە باکووری سوریا ڕاگەیاند. ئامانجی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنەکە دوورخستنەوەی هێزە کوردییەکان بوو لە نزیک سنوورەکانی، کە ئەنقەرە وەك ڕێکخراوی تیرۆریستی ناوزەندیکردوون.

ئەردۆغان ڕایگەیاند: هێزەکانی تورکیا بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکانمان لە سوریا، ئۆپەراسیۆنی کانیی ئاشتییان لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان‌و یەکینەکانی پاراستنی گەل لە باکووری سوریا دەستپێکردووە. ئەوەی ئاشکراکرد، کە ئەرکی ئێمە ڕێگریکردنە لە دامەزراندنی ڕێڕەوی "تیرۆر" لە سنوورەکانی باشوورمان. ئۆپەراسیۆنەکە بە سێ قۆناغ کرا، هێزەکانی تورکیا بە بەشداریی چەکدارە هاوپەیمانەکانی لە سوریا، چوونە ناوچەکانی سەرێکانێ‌و گرێسپی لە باکووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە، بە هۆی ئەم ئۆپەراسیۆنەو ڕێککەوتنی ئەنقەرە لەگەڵ هەریەکە لە ئەمریکاو ڕوسیا لە (٢٢)ی تشرینی یەکەم، هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بە قوڵایی (٣٠) کیلۆمەترو بە درێژایی سنووری هەردوو ئەو ناوچەیە، کە (١٢٠) کیلۆمەتر درێژدەبێتەوە، کشانەوە، ئۆپەراسیۆنی "کانیی ئاشتی" تەواوکاریی ئۆپەراسیۆنی چڵەزەیتوون بوو، کە تورکیا لە ساڵی (٢٠١٨)دا کردی‌و ناوچەی عەفرینی لە باکووری ڕۆژئاوای سوریا کردەئامانج.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لەم ئۆپەراسیۆنەدا تاوانی جەنگ‌و پێشێلکاریی گەورە کرا، لەوانە تۆپبارانی هەڕەمەکی بۆ سەر ناوچە کوردییەکان بەبێ جیاوازی، کوشتن لە دەرەوەی دادگا، لە دیارترینیان لەسێدارەدانی "هێڤرین خەلەف"، ئەمە جگە لەوەی لەم ئۆپەراسیۆنەدا زیاتر لە (٢٠٠) هەزار هاوڵاتیی ناوچەکە ئاوارەبوون[٥].

ئامانج‌و ستراتیژی سەرەکیی ئەنقەرە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەوەیە، کە ئیدارەی خۆسەریی باکوورو خۆرهەڵاتی سوریا بکاتە مۆدێلی "پەنیری سویسری"، واتە دابەشکردنی ناوچەکە، بە شێوەیەك ڕێگریبکات لە هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) کە ناوچەیەکی سنووریی یەکانگیرو بەردەوامی بە تەنیشت تورکیاوە هەبێت. بە تایبەتی کە دیمەشقیش هێندەی ئەنقەرە

دژایـەتیی سـەربـەخـۆیی کـورد دەکـات، هـەردوو حکومـەت (ئەنقـەرەو دیمەشق) دەیـانـهـەوێـت دوای ئـارامـبـوونـەوەی بـارودۆخو جڵـەوگرتنی دەسـەڵاتی سوریا، لە کۆتاییدا دیمەشق بتوانێت بە ئاسانیو بە زۆر نـاوچـە دابـڕێنراوەکـانی ڕۆژئـاوای کـوردسـتـان بـگـەڕێـنێـتـەوەژێر دەسـەڵاتی خۆی[٦].

**گـوشـاره سـیـاسیو ئـابـووریو دیبلۆماسییەکان**

لـەگـەڵ دامـەزراندنی ئـیدارەی خۆسـەری لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتـان، تورکیا تـەواوی هـەوڵـە سـیـاسیو دیبلـۆماسـیـیـەکـانی خستەگەڕو گوشاری لە وڵاتانی خۆرئاواو ڕوسیاو ئێران کـردووە، کە دەستبـەرداری پەیوەندییە سیاسیـەکانیان بن لـەگـەڵ ئـیـدارەی ڕۆژئـاوای کـوردسـتـانـدا. ئـەم هـەوڵانـەی تـورکیـایش هـەر لـە سـەرەتـای دانوستانەکانی جنێفـو دواتر ئەستانەدا بە فراوانی دەرکەوتن.

ئەنقەرە هەر لە یەکەم کۆبوونەوەکانی جنێفدا مـەرجـەکانی خـۆی خـسـتـەڕوو، کە داوای نـاوچـەیـەکی ئارامی دەکـرد لە بـاکووری سـوریـا لـە نزیك سـنـوورەکانی بـاشـووری وڵاتـەکـەی، هـەروەهـا لە سـەرەتـای دەستپێـکردنی کۆبوونەکانی ئاستانـەدا. ڕەجـەب تـەیب ئـەردۆغـان لە کۆتایی (٢٠١٦)دا بە ئاشکرا ڕایگەیاند، کە بەشداریی دانیشتنەکان ناکەن، ئەگەر نوێنـەری "تیرۆر" بـانگهێشتبکرێن، وەك ئاماژەیەك بۆ هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کـوردسـتـان[٧]. لـە ڕووی ئـابـووریـشـەوە، تورکیا گەمارۆیەکی تـونـدی خـسـتـەسـەر خـۆرهـەڵاتی فـورات. ئـەنـقـەرە لـە سـاڵی (٢٠١٣)وە دەستیکرد بە توندکردنەوەی کۆنترۆڵی سـنـوورەکان، لـە نێوان ساڵانی (٢٠١٥) بۆ (٢٠١٨)، لەگەڵ چڕبوونەوەی ململانێکان بـە درێژایی سـنـووری تورکیا، ئەنقەرە سێهـەم درێژترین دیـواری جیهانی دروستکرد، دوای دیـواری گـەورەی چینو دیواری نێوان ئەمریکاو مەکسیك.

**تورکیا دەستیکردووە بە بنیاتنانی دیواربەندییەك بە درێژ ایی سنوورەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان کە درێژییەکەی (٦٨٨کم)، ئەمەش لەپێناو دابڕانو پچڕانی پردی پەیوەندیی نێوان باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان**

هـەروەك پێـشتر ئـامـاژەمـانـپـێـدا، تـورکیا دەیـان بـنـکـەی سـەربـازی لـە نـاوخـۆی سوریادا دامەزراندووە بۆ ڕووبەڕوونەوەی جموجۆڵی هێزە کوردییەکان، بە تایبەتی لە ناوچەکانی جەرابلوس، ئەعزاز ، ئەلبابو عـەفـرین. بـە پێـیـچـەوانـەی خـۆرهـەڵاتی فـورات، تـورکیا دەروازە سـنـووریـیـەکـانی لـە ڕۆژئـاوای فـورات کـردە خـاڵی بـەهێزی ئـابـووریو بـازرگـانیی نێـوان وڵاتـەکـەیو سوریا، لە سنووری خۆرهەڵاتەوە هەموو

هاتوچۆیەکی وەستاندو سنوورەکانی بە تەواوی داخست. لە هاوینی (٢٠١٢)وە، لەو کاتەوەی هێزە کوردییەکان بۆشایی ئیدارییان لە ناوچەی سنووریی باکووری خۆرهەڵاتی فورات پڕکردەوە، تورکیا ئەم بەشەی سنووری بە داخراوی هێشتەوەو ڕێوشوێنە ئەمنییەکانیشی تێدا بەهێزترکرد[٨]، ئەمە جیا لەوەی تورکیا لە ساڵی (٢٠١٩)ەوە، زیاتر لە (١٨) جار ئاوی خواردنەوەی لە حەسەکەو گوندەکانی دەوروبەری بڕیوە، کە بووە بە هۆی بێبەشبوونی نزیکەی یەکملیۆن هاوڵاتیی ئەو ناوچانە لە سەرچاوەی ئاوی پاكو کاریگەریی گەورەیشی هەبووە لە سەر کشتوکاڵو بەروبوومە خۆراکییەکان هەبووە، کە بڕبڕەی پشتی ئابووریو بژێویی دانیشتوانی ڕۆژئاوای کوردستانە[٩].

**ئیدارەی خۆسەرلە بەرانبەرگوشارەکان**

لە بەرانبەر گوشارە جۆراوجۆرەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هێزە کوردییەکان لە ڕووی مەیدانییەوە توانیویانە بەرگریبکەنو بەرپەرچی زۆرێك لەو هێرشە سەربازییانە بدەنەوە، بە تایبەتی لە کانتۆنی جەزیرەو کۆبانی، بەڵام ئەم بەرگرییەیش سنووردارو مەحکوم بووە بە ئاستی توندیو فراوانیی هێرشەکانی تورکیا (بەو پێیەی جیاوازییەکی گەورە لە توانای سەربازیی هەردوو لایەندا هەیە). هێشتا بەربەستی سەرەکی لە بەردەم پەرەسەندنی ئاستی هێرشەکانی تورکیا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بە تایبەتی ئەمریکاو فەڕەنسا، لە چەندین بۆنەدا ڕێگەیانەداوە پەرەسەندنە سەربازییەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان زیاتربێتو کارەساتی مرۆیی گەورە لە ناوچەکەدا بخولقێت. ئەگەرچی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، چانسی شەرعیەت لە شێوەی پشتیوانیی سیاسی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان (لە شێوەی هەرێمێکی سەربەخۆ هاوشێوەی هەرێمی کوردستان) سنووردارو لاوازەو سەرکردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەزانن ئەوەی هەیە، دۆستی کاتییە نەك هاوپەیمانی هەمیشەییو ستراتیژی. بەڵام لەوەیش تێدەگەن، کە مانەوەی ئەو هێزانە بە لایەنی کەمەوە دڵنیاییدەدات لە پاکتاوکردنو ڕاگواستن لە سەر خاکەکەیان. هەڵبەتە پشتیوانیی ئەمریکاو وڵاتانی تری ڕۆژئاوا بۆ هێزە کوردییەکان لە ڕووی سەربازییەوە دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئەم هێزانە لە شەڕی داعش کە لەگەڵ بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتانەدا یەکدەگرێتەوە. گەورەترین ئاستەنگی بەردەم بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستان چۆنیەتیی سوودوەرگرتنە لەو پشتیوانییە بۆ دانپێدانان بە پرۆژە سیاسییەکەیان لە ئاستێکی بەرفراوانتردا، بەڵام دژایەتیی توندی تورکیا ڕێگرە لە بەردەم ئەو جۆرە دانپێدانانەدا. تورکیا پرۆژەی ڕۆژئاوای کوردستان وەك هەڕەشەیەك دەبینێت، کە دەتوانێت

ئاستی خواستەکانی هاوشێوەی کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا دروستبکات. هەروەها لەبەرئەوەی تورکیا ئەندامی ناتۆیە، بۆیە هاوپەیمانەکانی ناتۆ (بێجگە لە فەرەنسا) کەمتر پشتیوانیی پرۆژەی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن، بۆیە سەرکردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ئەگەر بیانەوێت پشتیوانیی پرۆژە سیاسییەکەیان بەدەستبخەن، دەبێت سەرەتا دڵنیایی تەواو بدەن بە تورکیا، کە ئاسایشی سنوورەکانی لە باشووری تورکیاوە پارێزراوە، هەروەها لە سەر ئاستی ناوخۆییش شەرعیەتی سیاسی بەهێزتربکەن، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاترو پتەوکردنی ئاسایش و کرانەوەی زیاتری دیبلۆماسییەوە دەبێت[١٠].

**گوشارەکان لە دوای کەوتنی ئەسەد**

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە (٨)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤)، تورکیا خۆی لە بەردەم دەرفەتێکی زێڕیندا بینییەوە بۆ تەواوکردنی پرۆژە پەککەوتووەکانی لە سوریا، کە دەسەڵاتی ئەسەد مەرجی کشانەوەی هێزەکانی کردبووە بنەما بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ئەنقەرە. هەر لەگەڵ کەوتنی ئەسەددا، تورکیا جموجۆڵە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی لە ناوخۆی سوریا دەستپێکردو دوای چەند هەفتەیەك لە ڕوخانی ئەسەد بەرپرسانی باڵای تورکیا گەیشتنە دیمەشق بۆ ئاراستەکردنی ئیدارەی نوێی سوریاو دیزاینکردنی نەخشەی سیاسی، بە شێوەیەك جێکردنەوەی خواست و بەرژەوەندییەکانی تورکیا ببن بە بەشێك لە ئەجێندای ئیدارەی نوێ. هەر لە سەرەتاوە گوشاریان لە دەسەڵاتی نوێی دیمەشق کرد، کە هەوڵی یەکپارچەیی وڵات بدەن و ڕێگە بە هیچ پرۆژەیەکی دیکە نەدەن.

**خاکی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەری، جگە لە نەوت ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سروشتی و کشتوکاڵ، کە بە چاندنی دانەوێڵەو لۆکە بەناوبانگە**

هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە میانەی سەردانی بۆ دیمەشق لە (٢٢)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤) ڕایگەیاند، کە لە ئایندەی سوریادا جێگەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) نییەو دەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە. هەروەك داوای لە ئەحمەد شەرع؛ سەرۆکی سوریا کرد، کە یەکپارچەیی خاکی سوریاو سەروەریی سیاسی بپارێزن. هەروەها یەشار گولەر؛ وەزیری بەرگریی تورکیایش ڕایگەیاند، کە ئەنقەرە پێیوایە بەرپرسانی نوێی سوریاو لە نێویاندا ئەو هێزانەی کە ئەنقەرە پاڵپشتییاندەکات، دەتوانن یەپەگە

لە هەموو ئەو ناوچانە دەربکەن، کە دەستیانبەسەرداگرتووە. ئەم لێدوانانەی دەسەڵاتدارانی تورکیا گوشارێکی پێشوەختە بوو بۆ سەر دەسەڵاتی نوێی دیمەشق، بە تایبەتیی دەستەی تەحریری شام هەتا هەنگاوی کردارەکی دژی هێزە کوردییەکان بگرنەبەر[١١].

**تورکیا تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی سێ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامداوە، ئەمە جگە لە بوونی چەندین گرووپی چەکداری هاوپەیمانی ئەنقەرە ە سوریا کە دژی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا شەڕدەکەن**

لە دوای کەوتنی ئەسەد، تورکیا لە سەر هەرسێ ئاستی سیاسیو سەربازیو نێودەوڵەتی کاردەکات بۆ ئەوەی شکست بە پرۆژەی ئیدارەی خۆسەریی ڕۆژئاوای کوردستان بهێنێت. لە ئاستە سەربازییەکەیدا لە ڕێگەی پشتیوانیو هاندانی هێزە پرۆکسییەکانیەوە دەیهەوێت سنووری قەڵەمڕەویی هێزەکانی سوریای دیموکرات بچووکبکاتەوەو ناوچە ستراتیژییەکانی لێوەربگرێتەوە، بە تایبەتی هەر لە دوای کەوتنی ئەسەدەوە، تورکیاو ئەو گرووپەی کە ناونراوە "سوپای نیشتیمانی"، هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر بەنداوی تشرین دەستپێکردەوەو دەیانهەوێت کۆنترۆڵیبکەن. تورکیا بەنداوی تشرین بە کلیلی کۆنترۆڵکردنی ڕوباری فورات دەزانێت، کە سوریاو عێراق زۆر پشت بە ئاوەکەی دەبەستن. کۆنترۆڵکردنی بەنداوەکە کارتێکی گوشاری بەهێز دەداتە ئەنقەرەوو وایلێدەکات کۆنترۆڵی ئاوی وڵاتانی دراوسێ بکاتو بەمەیش دەتوانێت گوشارەکانی لە سەر سوریاو عێراق زیادبکات، بە تایبەتی کە ژمارەیەك بەنداوی لە سەر خاکی خۆی دروستکردووە. بەو پێیەی ئەنقەرە ئاوی ڕوبارەکانی دیجلەو فورات وەك کارتێکی گوشار لە دژی سوریاو عێراق بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی ملکەچی داواکارییەکانی بن. هەروەها تورکیا لە ڕێگەی هێرشەکانی بۆ سەر بەنداوەکەوە هەوڵدەدات، کە سەرچاوەکانی وزە کۆنترۆڵبکات، بە تایبەتیی ئەو کارەبایەی کە لە بەنداوەکەوە بەرهەمدێت، ڕێگە بە تورکیا دەدات مەرجە سیاسیو ئابوورییەکانی بە سەر هێزە سیاسییەکانی باکووری سوریادا بسەپێنێت، بە تایبەتیی ئیدارەی خۆسەر، کە پشت بە بەنداوەکە دەبەستێت بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا. ئەنقەرە دەیهەوێت بە دەستبەسەرداگرتنی بەنداوەکە ئیدارەی خۆسەر لاوازبکات، بە کەمکردنەوەی توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە

سەرەکییەکان بۆ دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی. جگە لەوەیش، ئەنقەرە هەوڵدەدات ئامادەیی خۆی لە ناوچە ستراتیژییەکانی سوریا جێگیربکات، ئەمەیش لە چوارچێوەی سیاسەتێکی فراوانتر بۆ زیادکردنی نفوزی ئیقلیمیی خۆی لە چوارچێوەی وڵاتانی دراوسێدا بۆ گەیشتن بەو سنوورانەی کە ناوینراوە "میساقی میللی"[١٢]. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییش، تورکیا لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەیەوە جموجۆڵە دیبلۆماسییەکانی خێراترکردووەو لەم ڕێگەیەوە کاردەکات بۆ قەناعەتپێکردنی وڵاتانی هەرێمایەتیو ڕوسیاو ئەمریکاو خۆرئاوا، کە دەستبەرداری پشتیوانیی هێزە کوردییەکان ببن لە سوریا، لە هەموو بۆنەو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا تورکیا مەلەفی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەبەستێتەوە بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە. لە کۆتایی کۆبوونەوەی وڵاتانی دراوسێی سوریا، کە لە (٩)ی ئادار لە ئوردن بەڕێوەچوو، هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند: "کێشەی پەکەکە تایبەت نییە بە تەنیا تورکیاوە، بەڵکو کێشەی عێراقو سوریاو تەنانەت ئێرانیشە". هەروەها لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونخیشدا، کە لە ناوەڕاستی مانگی شوبات بەڕێوەچوو، فیدان ڕایگەیاند: "کەس ئەو ڕاستییە نازانێت، کە پەکەکە یەك لە سەر سێی تەواوی خاکی سوریای داگیرکردووە، هەروەها کۆمەڵێک سەرچاوەی وزەی زۆر گرنگی کۆنترۆڵکردووە، کە باقیی دانیشتوانی سوریا پێویستیان پێیەتی"، فیدان هەروەها گوتیشی: "ئیدارەی نوێ لە سوریا ئێستا کار لە سەر ئەو مەلەفە دەکاتو بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە یەکێکە لە ئەولەویەتەکانی"[١٣].

ئەم هەوڵانەی تورکیا بۆ ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچاربکات هەمان مامەڵەی مەلەفی پەکەکە بۆ هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوایش بکەن، بەڵام لەمەدا سەرکەوتوو نەبووە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی قوربانیدانی ئەم هێزەیان لە شەڕی داعش لە بەرچاوەو بەردەوام بەرزدەینرخێنن، هەروەها بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستانیش بە ئاشکرا ڕەتیدەکەنەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانییان لەگەڵ ڕێکخراوی پەکەکەدا هەبێت. لەو بارەیەوە پەیەدە دەڵێت، کە ڕاستە لە سەرکەوتنی سەربازیی دژی داعشدا سوود لە هەندێك ئەندام وەرگیراوە، کە ساڵانێك ئەزموونی شەڕکردنیان لە ناو پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەبووە، بەڵام پێداگری لە سەر ئەوە دەکات، کە ئەوان چیتر ئەندامی ئەو پارتە نینو هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانییان بە سیستەمی کۆمەڵگەی کوردستانو ڕێکخراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نییە[١٤].

هەروەها تورکیا دەیەوێت دۆسێی

زیندانیانی داعش لە دەستی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) دەربکات و بدرێتە دەست ئیدارەی نوێی سوریا. هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، چەند جارێك ڕایگەیاندووە، کە دەبێت ئیدارەی نوێ لە سوریا دەستبگرێت بە سەر ئەو سەربازگەو گرتووخانانەی کە ئەندامانی داعشی تێدایەو وڵاتەکەیشی ئامادەیە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو ئەرکە. هەروەها لە کۆبوونەوەی چوارقۆڵیی وڵاتانی دراوسێی سوریا، کە لە ئوردن بەڕێوەچووە، فیدان بە هەریەك لە عێراق و سوریاو ئوردنی ڕاگەیاندووە، کە مەلەفی زیندانەکانی داعش لە سوریا پرسێکی ئاسایشی نیشتیمانییەو پەیوەندیی بە هەموو وڵاتانی ناوچەکەوە هەیەو جەختیشی لە سەر ڕادەستکردنەوەی چەکدارانی داعش بە وڵاتانی خۆیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوریاوە کردووەتەوە[١٥]. ئامانجی تورکیا لەم هەوڵانەی بۆ ئەوەیە، کە دۆسیەی داعش لە ژێر دەستی هەسەدە دەربکات و لەم ڕێگەیەوە پاساوی پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەم هێزە لاوازبکات، یان کۆتاییپێبهێنێت، کە ئەمە مەلەفێکی هەستیارە لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوەو بۆ ئیدارەدانی ئەم مەلەفە هێشتا متمانەیان بە هیچ لایەنێك نییە، جگە لە هێزەکانی سوریای دیموکرات.

## تورکیا لە ڕێککەوتنی هەسەدەو حکومەتی دیمەشقدا

لەگەڵ ئەوەی تورکیا لە ڕێگەی گرووپەکانیەوە هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامەو ناوەناوە هەڕەشەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیش دەکات، جیا لەوەیش گوشارەکانی لە سەر دەسەڵاتدارانی نوێی دیمەشق بەردەوامە، کە مامەڵەیەکی واقیعییانە لەگەڵ ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی سوریادا بکەن و ڕێگە بە هیچ هێزێك نەدرێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی دیمەشق. لەم کاتەدا، بە نێوەندگیریی ئەمریکییەکان، مەزڵوم عەبدی؛ فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)، دەچێتە دیمەشق و لەگەڵ ئەحمەد شەرع؛ سەرۆکی سوریادا، ڕێککەوتننامەیەکی هەشت خاڵی ئیمزادەکەن، ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لە (١٠)ی ئادار ڕاگەیەنرا، چەند خاڵێکی تێدایە، کە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان گرنگیی خۆی هەیەو لە قۆناغی ئێستادا دەتوانێت ڕۆڵی گەورەی هەبێت لە دابینکردنی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانە. ئەم ڕێککەوتننامەیە پارێزبەندی دەدات بەم ناوچانەو ئاستی گوشارە سەربازییەکان کەمتردەکاتەوە، بە تایبەتی لە خاڵی چوارهەمی ڕێککەوتنەکەدا جەخت لە سەر تێکەڵکردنی سەرجەم دامودەزگا مەدەنی و سەربازییەکانی باکووری خۆرهەڵاتی سوریا بۆ ئیدارەی دەوڵەتی سوریا دەکاتەوە، لەوانە دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەو کێڵگە نەوتی و غازییەکان. ئەمەیش بە واتای

بوونی دامەزراوە باڵاو هەستیارەکانی دەوڵەتە لەو ناوچانەدا، کە پێشتر تورکیا بیانووی ئەوەی هەبوو، کە حکومەتی دیمەشق هیچ دەسەڵاتێکی نییەو دەبێت ئەو ناوچانە بگەڕێنەوەژێر ئیدارەی نوێی سوریا. لە لایەکی ترەوە، ڕێککەوتننامەکە جۆرێك لە دڵنیایی تێدایە، بە گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە پێشتر لەلایەن تورکیاو هێزە پرۆکسییەکانییەوە داگیرکرابوون‌و دانیشتوانەکەی ڕووبەڕووی ڕاگواستن بوونەتەوە، بە تایبەتی عەفرین‌و گرێسپی‌و سەرێکانی. لە خاڵی پێنجەمی ڕێککەوتنەکەدا دەڵێت: "گەرەنتی گەڕانەوەی سەرجەم ئاوارە سورییەکان بۆ شارۆچکەو گوندەکانیان، هەروەها دەستەبەرکردنی پاراستنیان لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە[١٦]". هەروەها خاڵی حەوتەمی ڕێککەوتننامەکە کە دژی دابەشبوونەو هەردوو لایەن تەئکید لە سەر یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکەنەوە. هەتا ئەو جێگەیە بایەخی خۆی هەیە، کە پاساوی تورکیا دەبڕێت بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەکی سەربازی، بە بیانووی دروستبوونی کیانێك لە باشووری وڵاتەکەیەوە، کە بەردەوام ئەمەی کردبووە دەرفەت بۆ بوونی پێگەی سەربازی‌و سیاسی لە ناو خاکی سوریادا. بە شێوەیەکی گشتی دەرهاویشتەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە لە داهاتوودا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان هەرچییەك بێت، بە تایبەتی کە جێبەجێکردنی بەندەکانی بە کات سپێردراوە، بەڵام بۆ ئێستا دەتوانێت بەشێك لەو گوشارە زۆروزەوەندانەی تورکیا سڕبکات، کە بەردەوام لە سەر ئەم ناوچەیە هەیە.

**ئەنقەرە هەر لە یەکەم کۆبوونەوەکانی جنێفدا داوای ناوچەیەکی ئارامی دەکرد لە باکووری سوریا، هەروەها مەرجێکی سەرەکیی تورکیا بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئاستانە ڕێگری بووە لە بەشداریکردنی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەوکۆبوونەو انەدا**

### ئەنجام

پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی تورکیاو ڕۆژئاوای کوردستان پەیوەندییەکی ناجێگیرو ناهاوسەنگە، ئەم پەیوەندییە مەحکومە بە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی سەربازی‌و سیاسی‌و ئابووری، تورکیا بەردەوام لە ڕەهەندی ئەمنییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچە کوردییەدا دەکات‌و پێیوایە، کە سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانیی وڵاتەکەی‌و دەیەوێت بە هەر شێوازێك بێت، کۆتاییپێبهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەیش ئەنقەرە هەموو ئامرازێکی بەکارهێناوە. لە لای خۆیشیەوە، ڕۆژئاوای کوردستان یان ئیدارەی خۆسەری جگە لەوەی لە پێگەی بەرگریکردندا ماوەتەوە، هەموو هەوڵەکانیشی بۆ ئەوەیە ئەو باوەڕە لە لای تورکیا دروستبکات، کە ڕۆژئاوای کوردستان نەك نابێت بە هەڕەشە، بەڵکو بەشێك دەبێت لە پرۆسەی

سەقامگیریی ناوچەکە، بۆ ئەمەیش پشتی بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌و ئەمریکییەکان بەستووە، هەتا ئەم دیدە بە تورکەکان بگەیەنن‌و ڕۆڵیان هەبێت لە پاراستی ئەم ناوچەیەو بواربدەن پرۆسەی ژیانکردن بەردەوامببێت. تەنانەت ئەمە ویستی ڕۆژئاوای کوردستان بووە لە دواین ڕێککەوتننامەی نێوان هەسەدەو حکومەتی دیمەشق، کە لە تەواوی بەندەکانیدا ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە خەمی گەورەی ئەم ئیدارەیە دوورخستنەوەی شەڕو بەریەککەوتنە سەربازییەکانە، بەقەدەر ئەوەی بەشێك بێت لەو وەهمەی کە تورکیا لە یادگە/ کۆنەستی خۆیدا دروستیکردووە.

---

## سەرچاوەکان

١-ثورة عالمية في منطقة جغرافية صغيرة، روج افا، D٨٪٨٨٪D٩٪B٣٪https://anfarabic.com/٪D٨ thwrt-almyt-fy-mntqt-/A٧٪٨A٪D٨٪D٩٪B١٪ .jghrafyt

٢-رنا خلف، حكم روجافا طبقات من الرشعية يف سوريا، جاتم هاوس، https://www. chathamhouse.org/sites/default/files/ -٠٨-١٢-٢٠١٦/publications/research .governing-rojava-khalaf-arabic.pdf

٣-أبرز عمليات تركيا العسكرية داخل سوريا منذ ٢٠١٦ وأهدافها، com/.https://arabi٢١ ./١٢١٤٦٩٦/story

٤-هەمان سەرچاوە.

٥- شمال شرق سوريا: ١٠ حقائق وتوصيات بعد خمس سنوات على عملية "نبع السلام" العسكرية التركية، https://stj-sy.org/ar/.

٦-مۆدێلی پەنیری سویسری، چەمکێکی سەلامەتییە، کە هۆکاری ڕوداوەکان دەچوێنێت بە چەندین پارچە پەنیری سویسری، کە پێکەوە یەکلەدواییەک ڕیزکراون، تركيا مقابل «وحدات حماية الشعب»: ماذا بعد؟، معهد واشنطن https://www. washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/ .trkya-mqabl-whdat-hmayt-alshb-madha-bd

٧-أردوغان: متمسكون بمنطقة آمنة شمال سوريا ومفاوضات جنيف فشلت ونرجو مشاركة الرياض في أستانا، https://www.almanar.com. .١٢٥٦٠٤٤/lb

٨-أرميناك توكماجيان و خضر خضور، دولة الحدود: إعادة تصور الأراضي الحدودية السورية-التركية، مركز كارنيغي، https://carnegieendowment. border-nation-the-/٠٣/٢٠٢٢/org/research reshaping-of-the-syrian-turkish-borderlands .?lang=ar&center=middle-east

٩-تركيا تقطع مياه الشرب عن الحسكة السورية، روسيا اليوم، https://arabic.rt.com/middle_ .١١٩٣٣٦٨/east

١٠-أرميناك توكماجيان و خضر خضور، مركز كارنيغي، سەرچاوەی پێشوو.

١١-من أطاح الأسد؟.. تركيا تجيب من قلب دمشق، قناة الحرة، https://www.alhurra.com/ ./٢٢/١٢/٢٠٢٤/syria

١٢- ميساقی ميللی، حەلەب، ڕەقە، دێرەزوورو حەسەکە لە سوریا، هەروەها موسڵ‌و کەرکووك لە عێراق بە بەشێك لە خاکی تورکیا دەزانێت، زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی تورکیای ئەمڕۆ بە عەلمانی‌و ئیسلامی‌و تۆرانییەوە، سەرباری هەموو ناکۆکییەکانیان، ئەوا بە لایەنی کەمەوە لە دیاریکردنی سنوورەکانی تورکیادا بڕوایان بە هێڵە گشتییەکانی "ميساقی ميللی" هەیە.. سد تشرين.. الأهمية الاستراتيجية ودوافع تركيا للسيطرة عليه والمخاطر المحدقة به، https://kurd-online. ./com

١٣-فيدان: التخلص من (PKK) أحد أولويات الإدارة السورية الجديدة، https://www.syria. ./tv

١٤-رنا خلف، سەرچاوەی پێشوو.

١٥-قمة رباعية في عمان لبحث الأوضاع في سوريا والمنطقة، https://www.alhurra.com/arabic- .٠٩/٠٣/٢٠٢٥/and-international

١٦-بڕوانە دەقی ڕێککەوتننامەی مەزلوم عەبدی‌و ئەحمەد شەرع لە (١٠)ی ئادار، ttps://www. .١٠/٣/٢٠٢٥/aljazeera.net/encyclopedia

# پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران دوای کەوتنی ئەسەد

بەختیار ئەحمەد ساڵح

**پوختە**

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران هەمیشە یەکێک بووە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە دیارەکانی جیهانو لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە گۆڕانکاریی قووڵی بەخۆیەوەبینیوە، بە شێوەیەک هاوسەنگییە ناوچەییەکانی سەرلەنوێ پێناسەکردووەتەوەو دوو وڵاتی خستووەتە دۆخێکی ئاڵۆزی هاوکاریو کێبڕکێوە. سەرەڕای ناکۆکیی زۆر لە نێوان هەردوو وڵات لە گەلێک بواردا، دواجار تەوەرەکانی هاوکاریی نێوانیان وەک بەربەستێک بووە لە بەردەم قوڵبوونەوەی دوژمنایەتیی نێوانیان. لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییانەی ئەم دواییەدا، گرنگە بزانرێت، کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بە چ ئاڕاستەیەکدا هەنگاودەنێت. ئەم توێژینەوە شیکارییە باس لە خاڵە ناکۆکو هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات لە پاش کەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەد تایبەت بە سوریا دەکات، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

**پێشەکی**

ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا تەنها لە ماوەی (١٢) ڕۆژدا، کە ئێران بۆ ماوەی (١٣) ساڵ لە ڕووی ئابووریو سەربازییەوە پاڵپشتییکردبوو، جیهانی توشی سەرسوڕمان کرد. ڕۆژی (٨)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤)، دوای (١١) ڕۆژ لە هێرشی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، ڕوخانی حکومەتەکەی بەشار ئەسەدو کۆنترۆڵکردنی دیمەشقی پایتەخت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ڕاگەیەنرا[1].

ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد بەشێک بوو لەو پرۆسەیەی کە لە (٧)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٣) بە شەڕی غەززە دەستیپێکرد. حیزبوڵڵا بە هۆی شەڕی لەگەڵ ئیسرائیلدا، زۆربەی چەکدارەکانی لە سوریا کشاندەوەو ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی کرد لە لوبنان، هاوکات سەرقاڵی ئێرانیش بە هێرشەکانی سەر بەرەی مقاوەمەوە، وایکرد ئەسەد بە تەنها بمێنێتەوە. ئێران بۆ زیادکردنی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگریکردن لە هێرشکردنەسەری، بە بڕی ملیاران دۆلار وەبەرهێنانی لە بەرەی مقاوەمەدا کرد، بەڵام ئەو بەرەیە بە پچڕاندنی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە حیزبوڵڵا، بەرەو لاوازبوون دەچێت، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ گرنگیی پێگەی سوریا لە ڕووی دابینکردنی پشتیوانیی ئێرانەوە بۆ حیزبوڵڵا[٢].

هەتا ساڵی (٢٠١٩)، وا دیار بوو ئێران دەستی بە سەر چوار پایتەختی عەرەبیدا گرتبێت، کە بریتیی بوون لە بەغدا، دیمەشق، بەیروت و سەنعا، بەڵام ئەمڕۆ ئەم هیلالە درزیتێکەوتووەو پردی پەڕینەوەی ئێران بۆ لوبنان ڕوخێنراوەو هەژموونی حیزبوڵڵا لە ژێر فشاری زیاتری قەیرانەکانی ناوخۆو فشارە سەربازییە بەردەوامەکانی ئیسرائیلدایە.

لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، تورکیا کە خۆی بە میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەزانێت، هاتووەتەوە مەیدان و دەیەوێت ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی کشانەوەی هێزی ئێران و ڕوخان و لاوازبوونی هاوپەیمانەکانی هاتووەتەکایەوە، پڕبکاتەوەو بالانسی هێز لە بالادەستیی هیلالی شیعەوە بگۆڕێت بۆ هەژموونگەرایی هیلالی تورکی.

**پاشخان**

لەشکرکێشیی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی (٢٠٠١)و پاشان بۆ عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، ڕێگەی بۆ ئێران فەراهەمکرد بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا. ئەم ڕۆڵە نائاساییە درێژکراوەی ئەو سیاسەتەیە، کە لەم ڕووەوە پەیڕەوکراوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێرانەوە لە ساڵی (١٩٧٩)، کە ئەویش خۆی لە هەناردەکردنی شۆڕشدا دەبینێتەوە. لە بەرانبەردا سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان بۆ دەسەڵات لە تورکیا لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢)دا، بوو بە هۆی گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیاداو سوریایش لە دڵی ئەم گۆڕانکارییەدا بوو، بە تایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠٠٦)ەوە. هەردوو وڵات چالاکانە -بە لایەنی کەمەوە لە ڕووی تیۆرییەوە- بۆ ماوەی دە ساڵ لە کێبڕکێیەکی جەمسەرگیریدا خەریکی سەپاندنی هەژموونی خۆیان بوون لە سوریا.

تورکیاو ئێران سەرەڕای هەبوونی پەیوەندییە ئابووری و کولتوورییەکان،

زۆر جار لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بە هۆی جیاوازیی ئایدیۆلۆژیو بەرژەوەندییە دژبەیەکەکانەوە کێبڕکێیانکردووە. شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی (١٩٧٩)، تورکیای عەلمانیی هاندا، کە سیاسەتێکی وریایانە بەرانبەر بە ئێران بگرێتەبەر. لەگەڵ دەستپێکردنی قەیرانی سوریا لە ساڵی (٢٠١١)، جیاوازییەکان زیاتر دەرکەوتن[٣].

پەیوەندیی نێوان تورکیاو ئێران هەتا شۆڕشی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) باش بووە، دواتر پەیوەندییەکانی نێوانیان تێکدەچێت. بەو پێیەی تورکیا چووە بەرەی ئەمریکاو ئیسرائیل، کە دوژمنایەتییان لەگەڵ ئێراندا هەبوو. هەرچەندە بە هاتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، هەڵوێستەکانی ئەو وڵاتە بەرانبەر بە ئێران گۆڕانکاریی بەسەرداهات.

ئێران وەک یەکێک لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، بەردەوام پشتیوانییەکی بەرفراوانی سەربازی، ئابووریو سیاسیی بۆ دیمەشق دابینکردووە. لە بەرانبەردا تورکیا سیاسەتێکی تەواو پێچەوانەی گرتەبەر، بە پاڵپشتیکردنی نەیارانی ئەسەد، بە تایبەت گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ژێر ئاڵای سوپای ئازادی سوریادا[٤].

ئێران، سوریای وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بەرەی مقاوەمە، دەروازەیەکی ستراتیژیی بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی لە لوبنانو ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل دەبینی. لە بەرانبەردا تورکیا هەوڵیدا بۆ فراوانکردنی هەژموونی خۆی لە ناوچەکەو بەهێزکردنی ڕۆڵە ناوچەییەکەیو بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی کورد. ئەم ململانێ بەرژەوەندییە بوو بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی تورکیاو ئێران لە سوریا[٥].

تورکیاو ئێران هەتا ساڵی (٢٠١٠) سەرکەوتوو بوون لە تێپەڕاندنی جیاوازییەکانیان، بەڵام لە ساڵی (٢٠١١) شەڕی ناوخۆیی لە سوریا هەڵگیرساو ئەو وڵاتە بوو بە گۆڕەپانێکی یەکلاییکەرەوە بۆ ئەم پەیوەندییەو بوو بە هۆی دەرخستنی جیاوازییەکانیان لە دیدو سیاسەتەکانیاندا. دوو سیاسەت بۆ دوو وڵاتی پەیوەندیدار، یەکێکیان پشتیوانی لە ڕژێمی سوریا دەکردو ئەوی دیکەیش پاڵپشتیی لە شۆڕشی سوریا دەکرد. لە هەمان کاتدا هەردوو لایەن سەرنجیان لە سەر چارەنوسی پڕۆژە ناوچەییەکەیان بوو، کە تیشکدەخاتەسەر پێگەی جیۆستراتیژیی سوریا، نەک تەنها لە چوارچێوەی جوگرافیای دیاریکراوی خۆیدا، بەڵکو لە درێژکراوە عەرەبییەکەیشیدا.

گرنگیی ئەو دوو وڵاتەو ڕۆڵی جیۆپۆلەتیکییان لە ناوچەکەدا تەنها لە قۆناغی ئێستادا سنووردار نییە، بەو پێیەی ئەو دوو وڵاتە کە تایبەتمەندیی تائیفیو نەتەوەیی جیاوازیان هەیە،

هەمیشە توشی ململانێو کێبڕکێ بووبوون لە پێشووتردا، کە هەندێکیان سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی سەفەویی شیعەو دەوڵەتی عوسمانیی سوننە، کە هەتا شەڕی بەناوبانگی چاڵدێران لە ساڵی (١٥١٤) بەردەوامبووە.

لەو چوارچێوەیەدا، سوریا بە پێگە جیۆستراتیژییەکەی لە ناوچەی هیلالی خەسیب (بەو ناوچە مێژووییە دەگوترێت، کە چەندین شارستانیەتی یەکلەدواییەکی بەخۆوەبینیوەو وڵاتی نێوان دوو ڕوبارو وڵاتی شام دەگرێتەوە) گرنگییەکی گەورەو ناوازەی هەیە، بە تایبەتی بۆ پڕۆژەکانی تورکیاو ئێران. پێگەی ئەم وڵاتە لە ڕووی جوگرافیو ڕەهەندە جیۆسیاسییەکەیەوە گرنگییەکی زۆری پێبەخشیوە[٦].

سەرەڕای کێبڕکێی توندی تورکیاو ئێران، ئەم دوو وڵاتە لە هەندێک کاتدا هەوڵیانداوە گفتوگۆبکەن بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوانیان. کۆبوونەوە سێقۆڵییەکانی ئاستانە، کە بە بەشداریی ڕوسیا بەڕێوەچوو، سەکۆیەکی بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکانو کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان دابینکرد، بەڵام ئەم سەکۆیەیش زۆر درێژەینەکێشا.

## ڕۆڵی تورکیاو ئێران لە سوریا پێش ڕوخانی ئەسەد

- تورکیا لە ساڵی (٢٠١١)ەوە لە ڕووی سیاسیو سەربازییەوە پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆنی سوریای کردووە، ئامانجی ڕوخانی ڕژێمی ئەسەدو ڕێگریکردن بووە لە دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە سەر سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەی. ئەنقەرە چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی وەک قەڵغانی فورات، چڵەزەیتوونو کانیئاشتی لە دژی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کردووە، هەروەها ڕۆڵی کارای لە پڕۆسەی دانوستانەکانی ئاستانەدا بینیوە.

- ئێران حکومەتی سوریای بە پایەیەکی گرنگ بۆ پڕۆژەی ناوچەیی خۆی دەزانی، هەر بۆیە لە ڕووی سەربازیو ئابووریو سیاسییەوە پشتیوانیی ڕژێمی ئەسەدی کردو هێزی شیعەی ڕەوانەی سوریا کرد بۆ پاراستنی هەژموونی ستراتیژیی خۆیو بەهێز_ڕاگرتنی بەرەی مقاوەمە.

## بوونی ئێران لە سوریا

سەرەتای بوونی سەربازیی ئێران لە سوریا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٢)، لەو کاتەدا قاسم سولەیمانی؛ فەرماندەی سوپای قودسی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، زنجیرەیەک سەردانی بۆ سوریا کرد بۆ هەڵسەنگاندنی سەقامگیریی ڕژێمی ئەسەد. دەگوترێت ئەم سەردانانە نیگەرانییەکانی لە توانای ڕژێم بۆ بەرگەگرتنی گوشاری ئۆپۆزسیۆن وروژاندووە. دواتر سولەیمانی گەشتێکی بۆ لوبنان کردو لەگەڵ حەسەن نەسروڵڵا ئەمینداری گشتیی

ئەو کاتەی حیزبوڵڵای لوبناندا کۆبووەوە، بە مەبەستی تاوتوێکردنی چۆنیەتی بەهێزکردنی توانای بەرگریی ڕژێمەکەی ئەسەد. فشارەکانی سولەیمانیو نەسروڵڵا؛ یارمەتیدەر بوون لە دارشتنی بڕیاری ئێران بۆ دەستوەردانی سەربازی لە سوریا، بە تایبەتی لە باوەڕهێنان بە عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێرانو ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانیی ئێران بۆ تێپەڕاندنی دوودڵیی سەرەتایی خۆیان بۆ دەستوەردانی سەربازی لە سوریا. خامنەیی نیگەرانیی زۆری لە بەرانبەر بەڵێنە گەورەکانی سولەیمانیو نەسروڵڵا دەربڕیبوو، بەڵام دواتر سولەیمانیو نەسروڵڵا بە پاساوەکانیان توانییان خامنەیی بهێننەسەر ئەو باوەڕەی کە دەستوەردانی سەربازی لە سوریا پێویستە بۆ پاراستنی حیزبوڵڵاو فراوانترکردنی کاریگەریی ناوچەیی ئێران.

**وەبەرهێنانی ئابووریو مرۆیی**

لە ماوەی (١٣) ساڵی ڕابردوودا، ئێران بە بڕی نزیکەی (٣٠) بۆ (٥٠) ملیار دۆلار لە سوریا وەبەرهێنانی کردووە، ئەمەیش پابەندبوونی پتەوی خۆی بە دەستەبەرکردنی مانەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد نیشاندەدات. ڕاوێژکارانی ئێران، بە تایبەتی ئەوانەی لە سوپای قودسەوە چووبوون، ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە پاراستنی حکومەتی ئەسەد لە کاتی شەڕی ناوخۆدا بینیوە. ڕاپۆرتە فەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە زیاتر لە دووهەزار بەرگریکاریی مەزارگە –وەک ئێران ناویاندەهێنێت– کوژراون، پێیشدەچێت زۆربەی کوژراوەکان بە ڕەگەز ئەفغانی بن، کە سەر بە لیوای فاتمیون بوون، هەرچەندە ئێران ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرماندەکانی سوپای پاسدارانیشی لە سوریا لەدەستدا.

### سەرەڕای ناکۆکیی زۆر لە نێوان هەردوو وڵات لە گەلێک بواردا، دواجار تەوەرەکانی هاوکاریی نێوانیان وەک بەربەستێک بووە لە بەردەم قوڵبوونەوەی دوژمنایەتیی نێوانیان

ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دزەیکردبووەناو پێکهاتە سەرەکییە سەربازیو نیمچەسەربازییەکانی سوریا، لەوانە هێزەکانی پاراستنی نیشتیمانی، کە تۆڕێک بوون لە میلیشیاکانی لایەنگری ڕژێم، کە ئێران هاوکار بووە لە ڕێکخستنو چەکدارکردنو ڕاهێنانیاندا. ئەم هێزە لە ساڵی (٢٠١٣) بە سەرپەرشتیی سوپای پاسدارانی ئێران پێکهاتووەو بووە بە هێزێکی یارمەتیدەری سەرەکیی هێزە ناوخۆییەکان(٧). قەبارەی ئەو قەرزەیش کە ئێران داویەتی بە سوریا بۆ پاڵپشتیی سەربازی بە درێژایی ساڵانی قەیرانی سیاسیی سوریا، بە (١٠٠) ملیار دۆلار مەزەندەدەکرێت.

**گۆڕینی هەڵوێستی ئێران**

سەرەڕای کاریگەریی بەهێزی ئێران بە سەر دیمەشقەوە، بەڵام لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٤)ەوە ئەو کاریگەرییە بە شێوەیەکی بەردەوام دابەزینی بەخۆیەوەدەبینی، چونکە ئەسەد هەتا دەهات، ڕێگەیەکی سەربەخۆتری دەگرتەبەر، کە زۆر جار لەگەڵ ئامانجە ناوچەییەکانی تاراندا ناکۆک بوو. گومانەکانی ئێران بەرانبەر بە ئەسەد ئەو کاتە زیادیکرد، کە دوای ئەوەی زنجیرەیەک زانیاریی جموجوڵی فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، دزەپێکراو بە هۆیەوە لەلایەن ئیسرائیلەوە کرانەئامانج. سوپای قودس، کە لە ئازادییەکی ڕێژەیی بەهرەمەند بوو لە سوریا، تێبینیی ئەوەی کرد، کە دەسەڵاتدارانی سوریا جموجوڵەکانیان بەرتەسکدەکەنەوە، بۆ نموونە ئەسەد داواکارییەکانی کردنەوەی بەرەی جۆلان لە دژی ئیسرائیلی ڕەتکردەوەو چالاکییە ئایینییەکانی شیعەکانی لە سەرانسەری سوریا سنووردارکرد، ئەمەیش ڕاستەوخۆ ئاڵنگاری بوو بۆ هەوڵەکانی تاران بۆ فراوانکردنی کاریگەرییە ئایدیۆلۆژیو کولتوورییەکانی لە ناوچەکەدا[٨].

هاوکات لەگەڵ پاشەکشەی هێزەکانی ڕژێمی ئەسەدو پێشڕەویی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە بەرانبەردا، ئێران هێزەکانی حەشدی شەعبی ئامادەکرد بۆ بەرگریکردن لە ئەسەد، بەڵام حکومەتی عێراق ڕەتیکردەوە ئەو هێزانە لە سنوور بپەڕنەوە بەرەو سوریا. ئێران لە بری نارەزایەتیدەربڕین بەرانبەر بەم بڕیارە، زۆر بە سانایی ڕازیبوو، دواتر هێزەکانی خۆی بەبێ بەرگری لە دەروازەی ئەلقائیم-ئەلبوکامال-ەوە بۆ ناو عێراق کشاندەوە[٩].

**ئێران دەچێتەوە بۆ سوریا؟**

ئێران چەندین جار توانای خۆی نیشانداوە لە سوودوەرگرتن لە قەیرانە ناوچەییەکان بە قازانجی خۆی، ڕەنگە ئێستا گرەو لە سەر ڕەخساندنی دەرفەتی نوێ بکات بۆ سەپاندنەوەی هەژموونی خۆی، بە تایبەت کە هێزە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆن کێبڕکێ لە سەر دەسەڵات دەکەن، بۆ نموونە بەرەنگاربوونەوەی دەستوەردانەکانی تورکیا لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە لە سوریا، دەتوانێت دەرفەت بێت بۆ ئێران بۆ خۆنزیککردنەوە لە کوردو دووبارە گەڕانەوەو دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی سوریا. بە هەمان شێوە، توانای ئێران بۆ کارکردن لەگەڵ گرووپە سوننەکاندا دەتوانێت ببێت بە هۆی پێکهێنانی هاوپەیمانیی دژ بە ئیسرائیل[١٠].

گۆڕانکارییەکان لە سوریا، ئێران هاندەدات بۆ پێداچوونەوەی خێراو دووبارە ئاراستەکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی. ڕەنگە لاوازیی بەرەی مقاوەمە پێویستیی بەوە بێت کە ئێران ببێت بە دەوڵەتێکی ناوەکی یان بە

بنیاتنانی پەیوەندیی باشتر لە ناوچەکەدا. ساڵانێکە سەرکردەکانی ئێران دەڵێن: پێویستە بەرگری لە ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانیەوە دەستپێبکات، بەڵام ژمارەیەک لە دیبلۆماتکارانی ڕۆژئاوا پێیانوایە، کە ئەم ستراتیژە ئێستا هەتا ڕادەیەکی زۆر کارایی لەدەستداوە[١١].

عەلی خامنەیی؛ ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لە یەکەم گوتاریدا دوای ڕوخانی دەسەڵاتەکەی ئەسەد لە (٨)ی کانوونی دووەم، ئەمریکاو ئیسرائیل بە هۆکاری ڕوداوەکانی سوریا دەزانێت، ئەگەرچی ناوی تورکیای نەهێنا، بەڵام خامنەیی یەکێک لە دراوسێکانی سوریای بە داگیرکەر وەسفکردو ڕەخنەی لە ڕۆڵی تورکیا گرت لە گۆڕینی ڕژێمی سوریا[١٢]، هەروەها ناوبراو هەوڵیدا لە بەهای کاریگەریی ڕوداوەکان کەمبکاتەوە لە سەر هەژموونی ئێران، کاتێک ئاماژەی بەوەدا، کە زۆرترین زیان بۆ ئێران لە حیزبوڵڵاوە پێیگەیشتووە نەک سوریا[١٣].

## بۆچوونی ئێران لە سەر ئایندەی تورکیا لە سوریا

- ئێران دەڵێت لە ساڵی (٢٠١٢) لە سەر داوای ئەسەد بۆ پشتیوانی لە شکستپێهێنانی داعش هاتووەتەناو سوریاوەو بوونی ڕاوێژکاری بووەو هەرگیز لە سوریا نەبووە بۆ بەرگریکردن لە گرووپێک یان تاکێکی دیاریکراو، گرنگترین چشت بۆی یارمەتیدان بووە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکو سەقامگیری لە سوریا. هەروەها زۆرێک لە کاربەدەستانی ئێرانی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو دەستکەوتانەی تورکیا ئێستا لە سوریا لێی بەهرەمەندە، تەمەنی کورت دەبێت، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە یەکناگرێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەیئەی تەحریرشامدا.

**تورکیا دەیەوێت ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی ڕوخان و لاوازبوونی هاوپەیمانەکانی ئێران هاتووەتەکایەوە، پڕبکاتەوەو باڵانسی هێز لە باڵادەستیی هیلالی شیعەوە بگۆڕێت بۆ هەژموونگەرایی هیلالی تورکی**

- ئێران پێیوایە، کە هەرچەندە تورکیا لە کورتماوەدا یەکێکە لە براوە سەرەکییەکانی ڕوخانی بەشار ئەسەد، بەڵام ئەنقەرە هەرگیز ناتوانێت حکومەتێکی هاوپەیمانی لەگەڵ هەیئەی تەحریرشامدا دروستبکاتو لە میانماوەیشدا ئەو ڕێکخراوە دەبێتەوە بە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا، کە سنوورێکی هاوبەشی (٨٣٠) کیلۆمەتریی لەگەڵ سوریادا هەیە.

- ئێران چاوەڕێی سەرهەڵدانی گرژی لە نێوان تورکیاو هەیئەی تەحریرشامدا دەکات، بە تایبەتی لە سەر چۆنیەتیی

مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییەکانی کوردانی سوریا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات.

**بوونی تورکیا لە سوریا**

دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی ململانێکان لە سوریا، ڕایگشتیی تورکیای توشی سەرسوڕمان نەکرد، بەو پێیەی ماوەی زیاتر لە دوو مانگ بەر لە کەوتنی ئەسەد، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیاو هاوبەشەکەی لە پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە)؛ دەوڵەت باخچەلی، باسیان لە گۆڕانی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دەرئەنجامە نەرێنییەکانی کردبوو بۆ سەر ئەنقەرە، ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەگەری هەیە لە بەرژەوەندیی کورد لە سوریا کۆتاییپێبێت[١٤].

سەرچاوەی سەرەکیی نیگەرانییەکانی تورکیا لە سوریا، پرسی کوردە، ئەنقەرە دەڵێت هێزەکانی هەسەدەو یەپەگە پەیوەندییان بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە هەیە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نیگەرانییە، ئەنقەرە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سوپای نیشتیمانیی سوریا (سوپای ئازادی سوریا)دا دروستکرد، کە وەک هێزێکی لەبری بۆ تورکیا کاریکردووە. سەرکردەکانی ئەو هێزە لە ماوەی ڕابردوودا ڕایانگەیاندووە، کە پارەو چەکیان وەرگرتووە لە بەرانبەر دوورخستنەوەی کوردەکانی سوریا لە سنوورەکانی تورکیا، کە ئەنقەرە بە مەترسیی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی[١٥].

تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات هەژموونی ڕوسیاو ئێران لە سوریا کەمبکاتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی ئیسرائیل؛ ئێرانو حیزبوڵڵای لوبنانی لاوازکرد[١٦]. لە لایەکی ترەوە تورکیا بانگەشە بە ئەوە دەکات، کە پرۆژەکەی لە سوریا دەتوانێت یەکێک لەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی وڵاتانی ئەوروپا دەبێتەوە، کەمبکاتەوە، کە خۆی لە وەستاندنی لێشاوی کۆچبەرانو کۆنترۆڵکردنی چالاکیی ئیسلامییە توندڕەوەکاندا دەبینێتەوە[١٧].

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین: ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریاو گەیشتنی هەیئەی تەحریرشام بە دەسەڵات بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد ئەلشەرع، دەرفەتی بۆ تورکیا ڕەخساند هەتا ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنەوەی دیمەنی نوێی سیاسیی سوریادا بگێڕێت. ئەنقەرە بە کاریگەرییە بەرفراوانەکەی لە سەر حکومەتی نوێی سوریا، سەرکەوتوو بوو لە دوورخستنەوەی سوریا لە بەرەی مقاوەمەو کردی بە بەشێک لە پرۆژە ناوچەییەکەی خۆی[١٨]. پرۆژە ناوچەییەکەی تورکیا دەکرێت لەم خاڵانەدا کورتبکرێتەوە:

- کۆنترۆڵی ژێرخانی گواستنەوەو بازرگانی: تورکیا بە وەبەرهێنان لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی سوریا، لەوانەیش هێڵی ئاسن، میترۆو بەندەرەکان، ئامانجی ئەوەیە سوریا

بکات بە ڕێڕەوێکی سەرەکی لە بازرگانیی ناوچەیی‌و جیهانیدا. بوژانەوەی هێڵی شەمەندەفەری حیجازو بەستنەوەی مێرسین بە حەلەب‌و دیمەشقەوە، بەشێکە لە هەوڵەکانی ئەنقەرە بۆ بەهێزکردنی پێگەی جوگرافیایی خۆی لە ڕووی بازرگانیی نێودەوڵەتییەوە.

- بوژانەوەی پڕۆژەی بۆریی غازی قەتەر-تورکیا: لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەدو گۆڕینی دەسەڵاتدا لە سوریا، دەرفەتێکی نوێ بۆ زیندووکردنەوەی پڕۆژەی بۆریی غازی قەتەر-تورکیا هاتەئاراوە. ئەم پڕۆژەیە کە لە کێڵگەی غازی "ڕاس_لەفان"ی قەتەر دەستپێدەکات، بە سعودیەو ئوردن‌و سوریادا تێدەپەڕێت هەتا دەگات بە تورکیا، لە کۆتاییدا دەبەسترێتەوە بە بۆریی نابوکۆ بۆ گواستنەوەی غازی قەتەر بۆ ئەوروپا[١٩]. ئەم پلانە لە ساڵانی (٢٠٠٠)دا پێشنیارکرا، بەڵام بەشار ئەسەد دژی وەستایەوەو پشتیوانیی بۆریی گازی ئێران-عێراق-سوریای کردو شەڕی ناوخۆی سوریا لە ساڵی (٢٠١١) ڕێگریی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە کرد. ئێستا لەگەڵ گۆڕینی دەسەڵاتدا لە سوریا، هەلومەرج بۆ بوژانەوەی ئەو پڕۆژەیە ڕەخساوە.

- فراوانبوونی کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست: تورکیا بە واژۆکردنی ڕێککەوتنێک لەگەڵ سوریادا بۆ دیاریکردنی سنوورە دەریاییەکان، هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ لیبیادا کردوویەتی، هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست فراوانتربکات‌و پێگەی خۆی لە کێبڕکێ لەگەڵ یۆنان‌و قوبرس‌و یاریزانانی تری ناوچەکەدا بەهێزتربکات. ئەم ڕێککەوتنە ڕێگە بە ئەنقەرە دەدات، کە بتوانێت کۆنترۆڵی ناوچەی زیاتری سەرچاوەکانی وزەی دەریایی بکات.

**لە کاتێکدا ئێران؛ سوریای وەک دەروازەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان تەماشاکردووە، تورکیا هەوڵیدا دۆخی سوریا بۆ فراو انکردنی هەژموونی خۆی لە ناوچەکەو بەربەرچدانەوەی هەڕەشەکانی کورد بەکاربهێنێت، ئەم ململانێیە بووە بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی هەردوولا لە سەر خاکی سوریا**

- فراوانکردنی ئامادەیی سەربازی: تورکیا بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی لە پالمیرا، حەمس، دیمەشق‌و تەرتوس یان لازقیە، هەوڵی جێگیرکردنی بوونی سەربازیی درێژخایەنی خۆی لە سوریا دەدات.

- دەستکاریکردنی دیموگرافی: تورکیا بە پشتیوانیکردن لە گەڕانەوەی تورکمانەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان،

هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە ناوچەکانی وەک کەنارەکانی سوریا زیادبکاتو بەو هۆیەوە یەکگرتوویی عەلەویەکان لەو ناوچانەدا بشکێنێت.

- گۆڕینی تورکیا بۆ ناوەندێکی وزەی ناوچەیی: ئەنقەرە ئامانجی ئەوەیە ببێت بە ناوەندێکی دابەشکردنی وزە لە ناوچەکەدا، بە زیندووکردنەوەی پڕۆژەکانی گواستنەوەی گاز لە وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی سوریاو تورکیاوە.

## ئاستەنگەکانی تورکیا

ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە (٨)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٤) و دەسەڵاتگرتنەدەستی هەیئەی تەحریرشام بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد ئەلشەرع، دەرفەتێکی ستراتیژیی بۆ تورکیا ڕەخساند، کە هەژموونی خۆی لە سوریا زیادبکات، بەڵام ئەنقەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناوچەییەکانی؛ ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە[٢٠]. ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ئەو ئاستەنگانەن کە ڕووبەڕووی تورکیا دەبنەوە لە سوریا:

- ئەگەری پەرەسەندنی ململانێ لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکراتدا: ململانێ لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا ئەگەری هەیە دابەشبوونی سوریای لێبکەوێتەوەو شەرعیەتو توانای حکومەتی نوێی سوریا لاوازبکاتو سنووری مانۆڕی تورکیا سنووردار بکات.

- کاریگەریی ڕوسیاو ئێران: ڕوسیاو ئێران بە پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆنو گرووپە نارازییەکان، ڕەنگە هەوڵبدەن ڕێگری لە پێشکەوتنی تورکیا لە سوریا بکەن. ئەگەری دروستبوونی گرژی لەگەڵ ئێرانو ڕوسیا لە سوریا، دەشێت بۆ ناوچە جوگرافییەکانی تری وەک قەفقازو عێراق تەشەنەبکاتو تورکیا لە چەند بەرەیەکدا بکەوێتە شەڕەوە.

**کۆبوونەوە سێقۆڵییەکانی ئاستانە، کە بە بەشداریی ڕوسیا بەڕێوەچوو، سەکۆیەکی بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکانو کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەنقەرەو تاران دابینکرد، بەڵام ئەم سەکۆیەش زۆر درێژەینەکێشا**

- بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیریو توندڕەویی: لە سوریا بە هۆی جۆراوجۆریی گرووپە چالاکەکانو لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندییەوە، ئەگەری تەشەنەسەندنی توندڕەویی هەیە. تورکیاش کە هەمیشە ڕووبەڕووی قەیرانی پەنابەرانو هەڕەشەی ئەمنی بووەتەوە، لەوانەیە بە هۆی ئەم دۆخەوە زیانیپێبگات.

- پشتگوێخستنی بەڵێنەکان لەلایەن تەحریرشامەوە: ئەگەر حکومەتی نوێی سوریا بەڵێنەکانی بۆ دروستکردنی

دەوڵەتێکی گشتگیرو دامەزراوە مەدەنییەکان جێبەجێنەکات، ئەوا ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی گۆشەگیری و ناسەقامگیری ببێتەوە. لە حاڵەتێکی لەو جۆرەدا تورکیا ڕووبەڕووی دراوسێیەکی قەیراناویی و لاواز دەبێتەوە.

**زیادبوونی نیگەرانییەکانی تورکیا**

تورکیا نیگەرانە لە لاوازبوونی ڕکابەرە ناوچەییەکانی ئیسرائیل و پێیوایە، کە ئەو وڵاتە دەستی والاتر دەبێت بۆ هەر کارێک کە بیەوێت لە ناوچەکەدا بیکات. ئەمەیش بۆ ئەنقەرە جێگەی نیگەرانییە، چونکە تورکیا ترسی ئەوەی هەیە ئیسرائیل ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕبکاتەوە، کە لە ناوچەکەدا دروستبووەو پشتیوانی لە کورد بکات لە ڕۆژئاوا. ئەنقەرە پێیوایە، کە ئەگەر بتوانێت شکست بە پرۆژەی کورد لە سوریا بهێنێت، ئەوا دەتوانێت شکست بە پرۆژەی کورد لە باکوورو باشووری کوردستان بهێنێت، بەڵام پێناچێت کارەکە هێندە ئاسان بێت، لەبەرئەوەی ئەوروپا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی نایانەوێت جارێکی تر ئیسرائیل هاوسێییەکی ناسەقامگیرو پڕ لە کێشەی هەبێت. بە ئەگەری زۆرەوە مەرجی سەرەکییان بۆ هێشتنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەحمەد شەرع و ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتەکەی، ملکەچنەبوونی بێت بۆ خواستەکانی تورکیا. پێیشدەچێت ئەردۆغان پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکەدا وەک ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ پێشگرتن لەوەی هەرێمێک بۆ کورد دروستبکرێت لە سوریا بە پشتیوانیی ئیسرائیل.

**ڕێکارەکانی ئێران**

- هەرچەندە هەژموونی ئێران زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە، بەڵام مەرج نییە دۆخەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە. لە ساڵی (١٩٩٨) جوڵانەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان، کە بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی سوننە بوو، دیبلۆماتکارەکانی ئێرانی لە مەزار شەریف کوشت، بەڵام ئەوە نەبوو بە هۆی دابڕاندنی ئێران لە ئەفغانستان و تەنانەت دواتر تاران توانیی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ تاڵیباندا دروستبکاتەوە. ئەو پەیوەندییانەیش بەهێزتر بوون، کاتێک تاڵیبان لە ساڵی (٢٠٢١)دا گەڕایەوە دەسەڵات، هەر بۆیە دەکرێت بگوترێت کە ئەوەی لە سوریا ڕوویدا، پاشەکشەیەکی کاتییە بۆ ئێران. بەو پێیەی ئەو وڵاتە ڕاهاتووە بە چالاکیکردن لە ژینگە ناسەقامگیرەکاندا[٢١].

- ئەستەمە ئێران ئێستا بتوانێت لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ فەرمانڕەواکانی سوریادا هەڵبداتەوە، بەو پێیەی کە زیاتر لە دە ساڵە ڕۆڵی سەرەکیی لە سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆندا هەبووە، بەڵام بە دووبارەکردنەوەی تاکتیکەکانی پێشووی خۆی لە عێراق، یەمەن و ئەفغانستان، بۆ پشتیوانیکردن و

ڕاکێشانی هەندێک هێزی ناوخۆیی لەو وڵاتە بۆ خزمەتکردن بە ئەجێنداکانی، دەتوانێت بە شێوازێکی تر بگەڕێتەوە بۆ سوریا.

- دۆخی لاوازیی سوریاو بەئامانجکردنی بەرفراوانی ئیسرائیل بۆ توانا سەربازییەکانی ئەو وڵاتە، بەو واتایەیە، کە حکومەتی داهاتووی سوریا بە لاوازی دەمێنێتەوەو ناتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بە سەر تەواوی وڵاتەکەدا بسەپێنێتو ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ لە داهاتوودا لە نێوان لایەنە چەکدارەکانی سوریادا بەدوورنازانرێت. بە پێداچوونەوەیش بە مێژووی تاکتیکەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین، کە ئێران دەتوانێت پەیوەندییەکانی پتەوبکاتەوە لەگەڵ شیعەکانی سوریا، فەلەستینییەکانو کوردەکاندا.

- عەلەوییەکانی سوریا دەتوانن دەرفەت بڕەخسێنن بۆ گەڕانەوەی ئێران بۆ ناو سوریا، بەو پێیەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە تەواوی لە جێبەجێکردنی پلانی ئێرانییەکاندا بەشداربوون، لە ناویاندا ئۆپەراسیۆنی گۆڕینی دیمۆگرافی لە هەندێک ناوچەی سوریاو ڕووبەڕبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن[٢٢].

- گومانی تێدا نییە، کە تاران لە داهاتوودا پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنە چالاکەکانی ئێستای سوریادا تاقیدەکاتەوە، بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی زامنبکاتو لەم چوارچێوەیەشدا پێویستی بە ناوەندگیریی تورکیا دەبێتو لە بەرانبەردا ملدەدات بۆ داواکارییەکانی تورکیا بۆ وەستاندنی پشتیوانیکردنی لە پەکەکە[٢٣].

- لاوازبوونی بەرەی مقاوەمە، پاڵ بە ئێرانەوە دەنێت، کە پەلەبکات لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی، کە ئەمەیش دەتوانێت ببێت بە هۆی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلو ئەمریکاو مەترسیی ئەوە دەکرێت، کە بەرکەوتنەکان پەرەبسەننو لە کۆنترۆڵ دەربچێت[٢٤].

## عەرەبەکان لە نێوان دوو بەرداشدا

عەرەبەکان خۆیان لە بەردەم دوو پڕۆژەی ناوچەییدا دەبیننەوە، هەر وەک ئەوەی پڕۆژەی ئێرانیان بە دوو پڕۆژەی تر ئاڵوگۆڕکردبێت، یەکێکیان پڕۆژەی تورکیایەو ئەوی تریان ئیسرائیل، هەرچەندە نیشانەکانی ئەو دوو پڕۆژەیە ساڵانێکە دەرکەوتوون، بەڵام بە پاشەکشەی ئێران لە ناوچەکەدا پڕڕەنگتر بوون.

بۆ عەرەبەکان، پڕۆژە نوێیەکەی تورکیا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پڕۆژە کۆنەکەی ئێراندا، تەنها ئەوە نەبێت، کە ئێران پشتی بە ئایینزای شیعە دەبەست بۆ پەلکێشانو تورکیا بە ئایینزای سوننە. پڕۆژەکەی تورکیایش هەمان ئاراستەو ئامانجو جوڵەی شاراوەی هەیە، کە دواجار دەبێت بە هۆی دابەشبوونی زیاتری ناوچەکە.

ئیمارات، سعودیەو قەتەر، کاردانەوەی

جیاوازیان هەیە بەرانبەر بەوەی کە لە سوریادا دەگوزەرێت. ئەبوزەبی نیگەرانترینیانە، بەو پێیەی لە کانوونی دوهەمی (٢٠١٨)، یەکەم وڵاتی عەرەبی بوو کە پەیوەندیی دیبلۆماسیی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد دروستکردەوەو بە بێدەنگی پشتیوانیی ئەسەدی کردو هەوڵیداوە بیگێڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی عەرەبی. هەروەها لە ساڵی (٢٠١٥) پشتگیریی لە دەستوەردانی سەربازیی ڕوسیا لە سوریا کرد، بە پێچەوانەی تورکیاو قەتەرەوە، کە پشتیوانییان لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکرد، بە تایبەت هێزە ئیسلامییەکان.

سعودیە هاوبەشی نیگەرانییەکانی ئیمارات بوو سەبارەت بە دەسەڵاتگرتنەدەستی حکومەتێکی ئیسلامی لە سوریا، ڕیازیش شوێنی ئەبوزەبی کەوت لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەسەددا. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕیاز ڕێبازێکی هاوسەنگتری گرتەبەر بۆ پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە دیمەشق‌و جەختی لە سەر گفتوگۆی هەمەلایەنە کردەوە بۆ سوریا.

ڕەنگە پەیوەندییە نزیکەکانی قەتەرو تورکیا هانی هەردوولا بدات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان لەگەڵ یەکتری‌و زیندووکردنەوەی پرۆژەی گواستنەوەی گازی قەتەر بەرەو ئەوروپا بە ناو خاکی سوریاو تورکیادا. لەگەڵ ئەوەیشدا وڵاتانی عەرەبی ئەسەدیان وەک بریکارێکی ئێران دەبینی لە ناوچەکەداو پشتیانلێکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا مانەوەی ئەسەد هاوتەریب بوو لەگەڵ ئامانجەکەیاندا، کە ئەویش ڕێگریکردن بوو لە هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی ئیسلامی[٢٥].

## بەرەنگاربوونەوەی دەستوەردانەکانی تورکیا لەلایەن هەسەدەوە لە سوریا، دەتوانێت دەرفەت بێت بۆ ئێران بۆ خۆنزیککردنەوە لە کوردو دووبارە گەڕانەوەو دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی سوریا

هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی ئاگاداری نیازەکانی تورکیان، بەڵام ئامرازی کاریگەریان نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، لە کاتێکدا ئەنقەرە ئامادەکاریدەکات بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆی بەبێ ئەوەی نیازی ڕوون‌و ئاشکرای هەبێت بۆ کشانەوە یان پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریا. بە تێپەڕبوونی کات دەستکەوتەکانی تورکیا لە سوریا ڕەنگە درێژببنەوە بۆ بەهێزکردنی هەژموونی تورکیا لە لوبنان‌و عێراق، بە تایبەتی کە پێگەی ئێران لەو وڵاتانەدا لاوازبووە لە ئەنجامی لەدەستدانی سوریا. ئەگەر تورکیا لە سوریا سەرکەوتوو بێت، کاریگەریی لە ناوچەکەدا بەرفراوانتردەبێت.

ڕۆڵی تورکیا لە ڕووی ئامانج‌و ئەولەویەت‌و ئامرازەکانیشەوە جیاوازەو لە ڕووی

هاوپەیمانیو پەیوەندییە سیاسییەکانو هەلومەرجی ئابووریشەوە جیاوازە. ئەنقەرە بە بەراورد بە تاران، ژینگەیەکی کراوەتری هەیە، ئەمەیش وایکردووە توانای مانۆڕکردنی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر بێت[٢٦]. تورکیا باش دەزانێت، کە زلهێزێکی ناوچەییەو قورسایی خۆی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو دەیهەوێت لە هەلومەرجێکی گونجاوی ناوچەییو نێودەوڵەتیدا رۆڵی شایستەی خۆی بگێڕێت. هەرچەندە پشێویو ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکەدا توندتربێت، گوشاری زیاتر دەکەوێتەسەر ئەنقەرە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە[٢٧].

عێراقیش لە ناوەڕاستی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە نوێیەدایە، هەر بۆیە پێداچوونەوەی بە داواکاریی پێشووی لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیو ئەمریکا بۆ کشانەوە لە عێراق کردووەتەوەو داوای دووبارە جێگیرکردنەوەی هێزەکان دەکات لە خاکەکەیدا[٢٨]. ئێستا بەغداد هەستدەکات زۆر پێویستی بە یارمەتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیو واشنتۆن هەیە، ئەمەیش بە هۆی ئەو کاریگەرییەی کە هەیانە لە سەر تەلئەبیب، بەڵام ئەستەمە واشنتۆن ئەو نێوەندگیرییە قبوڵبکات، ئەگەر بەغداد رۆڵی نەبێت لە رێگریکردن لە چوونی نەوتو دۆلار بۆ ئێران.

عێراق رووبەڕووی دوو مەترسیی هاوتەریب بووەتەوە، مەترسیی تورکیا لە لایەکو هاتنی تیرۆر لە سوریاوە لە لایەکی ترەوە. بەو پێیە ئەگەر بەرەی ناوخۆیی عێراق بەهێزنەکرێت بە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدادو هەرێمی کوردستانو دیالۆگێکی بنیاتنەر لە نێوان پێکهاتەکانو بەشداریکردنی هەموو لایەک لە بڕیاری نیشتیمانیدا، بەدوورنازانرێت کە رێکخراوە تیرۆریستییەکان دەرفەتەکە بقۆزنەوەو ئەزموونی روخاندنی رژێمی ئەسەد لە عێراق دووبارەبکەنەوە[٢٩].

## کورد لە کوێی هاوکێشەکاندایە؟

لەگەڵ ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، فشارەکان لە سەر لایەنە کوردییەکان زیاتردەبنو ئەگەر هەیە هەموو ئەو دەستکەوتانەی لە سەرەتای شەڕی ناوخۆیی سوریاوە بەدەستیانهێناوە، لەدەستیبدەن، ئەمەیش رەنگە پاڵ بە کوردەوە بنێت بۆئەوەی داوای یارمەتی لە ئێران بکات.

پرسی کورد لەمێژە سەرچاوەی هەم ناکۆکیو هەم هاوکاریی نێوان تارانو ئەنقەرە بووە. لە چوارچێوەی تریشدا هاریکاریی نێوان هەردوو وڵات بە روونی لە سەردەمی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی (٢٠٠٣) ڕویدا، کاتێک هەردوو دراوسێ بینییان ئەو مەترسییەی لە ئەنجامی داگیرکردنی عێراق هاتووەتەئاراوە. رەنگە ببێت بە هۆی سەربەخۆیی کورد کە گرنگترین هاوبەشی

ئەمریکییەکان بوون لە عێراقدا، بەڵام سەرەڕای نیگەرانییە هاوبەشەکانی دوو وڵات سەبارەت بە سەربەخۆیی کورد، تاران و ئەنقەرە سیاسەتی دژ بە یەکتریان پەیڕەوکردووە. ساڵی (٢٠١١) ناکۆکیی نێوان هەردوو وڵات سەریهەڵدا، کاتێک میدیای نیشتیمانیی تورکیا بڵاویکردەوە، کە ئێران موراد قەرەیلانی سەرکردەی پەکەکەی دەستگیرکردووەو دواتر ئازادیکردووە. تورکیا پێیوایە، کە ئێران پاڵپشتیی پەکەکە دەکات و وەک کارتێکی گوشار لە دژی ئەنقەرە لە ناکۆکییە ناوچەییەکانیاندا بەکاریدەهێنێت.

**عەلی خامنەیی، لە یەکەم گوتاریدا دوای ڕوخانی دەسەڵاتەکەی ئەسەد لە (٨)ی کانوونی دووەم، ئەگەرچی ناوی تورکیای نەهێنا، بەڵام یەکێک لە دراوسێکانی سوریای بە داگیرکەر وەسفکردو ڕەخنەی لە ڕۆڵی تورکیا لە گۆڕینی ڕژێمی سوریادا گرت. زۆرێک لە کاربەدەستانی ئێر انی؛ بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەو دەستکەوتانەی تورکیا ئێستا لە سوریا لێی بەهرەمەندە، تەمەنی کورت دەبێت، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەیئەی تەحریرشامدا یەکناگرێتەوە**

ئێستا پەرەسەندنی هەژموون و خواستەکانی کورد لە باکووری سوریا، گرنگترین پرسە، کە تورکیا بۆی دەرکەوتووە مەحاڵە بە تێوەگلانی ڕاستەوخۆی لە باکووری سوریا بتوانێت چارەسەریبکات، هەروەها تێگەیشتووە لەوەی کە گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە خۆی لە سوریا ناتوانن ڕێگر بن لە بەردەم خواستەکانی کورددا، بۆیە هەوڵدەدات ئێران ببێت بە پاڵپشتی، بە پێکهێنانی بەرەیەکی ناوچەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خواستەکانی کورد، بە تایبەتی کە ئێران کاریگەرییەکی باشی بە سەر پەکەکەوە هەیە.

**سیناریۆکانی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران**

تورکیاو ئێران کە سنوورێکی (٥٦٠) کیلۆمەتریان هەیە بە یەکەوە، سەرەڕای ئەو گرژییانەی نێوانیان، ناتوانن بەبێ گفتوگۆو پەیوەندی لە ئاستی بەرزدا بمێننەوە[٣٠]، هەروەها هەردوو وڵات پرسێکی زۆر گرنگ بە یەکترەوە دەیانبەستێتەوە، ئەویش پرسی کوردە، بەو پێیەی هەردوو وڵات پرسی سەربەخۆیی کورد ڕەتدەکەنەوە[٣١]. ئەوەی لە خوارەوە دێت، سیناریۆکانی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە.

سیناریۆی پەرەسەندنی گرژی و ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆ: لەم

سیناریۆیەدا ڕەنگە ئێران بە پاڵپشتیکردنی میلیشیا ناوخۆییەکانو کورد لە سوریا، هەوڵی لاوازکردنی هەژموونی تورکیا بداتو لە بەرانبەردا تورکیا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لە باکووری سوریا چڕتربکاتەوە. ئەم گرژییانە دەتوانێت ببێت بە هۆی فراوانتربوونی شەڕی هێزە بریکارەکان لە ناوچەکەدا

**کۆنترۆڵی ژێرخانی بازرگانی، بەستنەوەی مێرسین بە حەلەبو دیمەشقەوە، بوژانەوەی پرۆژەی بۆڕیی غازی قەتەر-تورکیا، فراوانبوونی کاریگەریی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، فراوانکردنی ئامادەیی سەربازی، دەستکاریکردنی دیمۆگرافی، گۆڕینی تورکیا بۆ ناوەندێکی وزەی ناوچەیی، گرنگترین دەستکەوتەکانی تورکیا دەبێت، کە لە ئەنجامی گۆڕانی دەسەڵات لە سوریادا دێتەدی**

سیناریۆی گفتوگۆو دانوستانو کێبڕکێی ئاشتیانە: لەم سیناریۆیەدا ڕەنگە تورکیاو ئێران لە ڕێگەی دیبلۆماسیو هاریکاریی ئابوورییەوە هەوڵی کەمکردنەوەی گرژییەکان بدەن. ئێران لە ژێر گوشاری گەمارۆ ئابوورییەکاندا ڕەنگە بەرەو هاوکاریی زیاتر لەگەڵ تورکیا هەنگاوبنێت بۆ کەمکردنەوەی گۆشەگیرییە سیاسییەکەی. هەردوو وڵات دەتوانن لە ڕێگەی پرۆژەی هاوبەشی وزەوە، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەستەبەربکەنو هاوکاریی یەکتری بکەن لە بەڕێوەبردنی قەیرانە ئەمنییە هاوبەشەکاندا، وەک بەرەنگاربوونەوەی هێزە نەیارەکانو کۆنترۆڵکردنی سنوورە هاوبەشەکان.

### ئەنجام

- ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد دەرفەتی بە تورکیا داوە کە پێگەی جیۆپۆلەتیکی خۆی لە سوریاو ناوچەکەدا بەهێزبکاتو هەژموونی ئێرانو ڕوسیا کەمبکاتەوەو جێپێی خۆی وەک گەمەکارێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قایمتربکات.
- تورکیا بە سوودوەرگرتن لە داکشانی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا، هەوڵدەدات گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لە سوودی خۆی بقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆی، لە بەرانبەریشدا وڵاتانی عەرەبی پرۆژەیەکی ڕوونیان نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییەی ئەنقەرە.
- ئێران دەستبەرداری هەوڵەکانی بۆ بنیاتنانەوەی هەژموونی خۆی لە سوریا نابێت، لەبەرئەوەی ئەگەری دارمانی تەواوی بەرەی مقاوەمەو بەئامانجگرتنی خودی ئێران لە ئارادایە.
- زۆرێک لە کاربەدەستانی ئێرانی پێیانوایە، کە دەستکەوتەکانی تورکیا

لە سوریا تەمەنیان کورتە، بەو پێیەی بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە یەکناگرێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەیئەی تەحریرشامدا.

- دوای ڕوخانی ئەسەد، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران چووەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە. هەرچەندە ئەگەری پەرەسەندنی گرژییەکان بە هۆی پێکدادانی بەرژەوەندییە ناکۆکەکانیانەوە هەیە، بەڵام هێشتا دیالۆگو هاوکاریی مەرجدارو بوونی بەرژەوەندیی ئابووری دەتوانێت ڕێگری لە قەیرانی زیاتر لە ناوچەکەدا بکات.

## سەرچاوەکان


١. وزير خارجية تركيا: طهران ستتعلم مما حدث في سوريا.. والإعلام الإيراني: "ثرثرة" (https://www.iranintl.com/ar/٢٠٢٤١٢١٧١٦٠٩).

٢. هل يتفكك محور المقاومة الإيراني بعد سقوط نظام الأسد؟ (https://linksshortcut.com/qEeJN).

٣. The Syrian Uprising Domestic Origins and Early Trajectory (https://www.taylorfrancis.com/books/edit/١٠,٤٣٢٤/٩٧٨١٣١٥١٤٣٧٩٨/syrian-uprising-raymond-hinnebusch-omar-imady)

٤. Bulent Aras:Turkish Foreign Policy and the Qatar Crisis (https://www.researchgate.net/publication/٣١٩٠٥٩٨٣٧_Turkish_Foreign_Policy_and_the_Qatar_Crisis)

٥. Raymond Hinnebusch: The Foreign Policies of Middle East States (https://www.researchgate.net/publication/٢٣٧٨٣١٠٥٧_The_Foreign_Policies_of_Middle_East_States)

٦. علي حسين باكير: الأبعاد الجيوستراتيجية للسياستين الإيرانية والتركية حيال سورية (https://www.dohainstitute.org/ar/ResearchAndStudies/Pages/art١٢١aspx)

٧. بعد رحيل الأسد.. ٥ قوى دولية تتنافس على النفوذ في سوريا (https://٢u.pw/boJYKNVn)

٨. تقرير يتحدث عن "نهاية الأسد".. إيران اعتبرته عبئا (https://linksshortcut.com/WoDAZ)

٩. حبيبة ضياء الدين: لعلاقات بين تركيا وإيران: نقاط الخلاف والاتفاق (https://linksshortcut.com/wkNjx)

١٠. نيكول غرايفسكي: لم سمحت إيران بسقوط بشار الأسد؟ (https://carnegieendowment.org/middle-east/diwan/٢٠٢٤/١٢/why-did-iran-allow-assads-downfall?lang=ar).

١١. طهران تسارع لبناء علاقات مع القيادة الجديدة في دمشق (https://٢u.pw/AcDIeskY).

١٢. دنا بريس: تراشق إعلامي تركي إيراني بعد سقوط نظام الأسد (https://www.danapress.ma/٦١٣٦٣).

١٣. الاستراتيجية الإيرانية الإقليمية بعد

هروب الأسد (https://rawabetcenter.com/archives/١٧٨١٥١).

١٤. إلماز توبتشو | غولسن سولاكر: ما دور تركيا في هجوم فصائل مسلحة معارضة ضد قوات الأسد؟ (https://٣TMqsqeg/٢u.pw)

١٥. بعد رحيل الأسد.. ٥ قوى دولية تتنافس على النفوذ في سوريا (https:///٢u.pw/boJYKNVn).

١٦. هل هناك تنسيق تركي أميركي روسي لإبعاد الأسد عن إيران؟ (https:///٢u.pw/pHPYD٣nG).

١٧. ميزان القوى يتغير في الشرق الأوسط لصالح تركيا (https://linksshortcut.com/WpZZz).

١٨. مارى ماهر: نقاط ارتكاز: كيف تشكل سوريا قيمة إضافية للمشروع الإقليمي التركي؟ (https://ecss.com.eg/٥٢١٨١/)

١٩. دولت جديد سوريه و احياى پروژه خط لوله گاز قطر-تركيه (https:///٢u.pw/neuUftTd).

٢٠. مولفه ها و موانع نقش آفرينى تركيه در سوريه (https://www.cmess.ir/Page/View/٢٠٢٥-٠٢-٠٩/١١٤٦٤)

٢١. سقوط الأسد.. بداية إعادة ترتيب جديدة في الشرق الأوسط (https://linksshortcut.com/uVQTF)

٢٢. ما هي خيارات إيران في سوريا بعد سقوط نظام الأسد؟ (https://nd٣qT٢uO/٢u.pw).

٢٣. فراس فحام: آثار سقوط الأسد.. خسائر إيران ومكاسب تركيا (https://linksshortcut.com/tWDFj).

٢٤. إبراهيم درويش: من الهلال الشيعي إلى البدر التركي: ما شكل الشرق الأوسط الجديد الذي يتشكل وما دور إسرائيل فيه؟ (https://linksshortcut.com/PgRVW)

٢٥. الشرق الأوسط ما بعد الأسد.. خسارة إيران مكسب لتركيا (https://linksshortcut.com/ziPGk).

٢٦. التنافس التركي الإيراني على أشده.. هل تلجأ بغداد لواشنطن؟ ( https:///٢u.pw/LpBsIIHo)

٢٧. محددات العلاقات الإيرانية- التركية (https://linksshortcut.com/Rrfdg).

٢٨. التنافس التركي الإيراني على أشده.. هل تلجأ بغداد لواشنطن؟ ( https:///٢u.pw/LpBsIIHo)

٢٩. التنافس التركي الإيراني على أشده.. هل تلجأ بغداد لواشنطن؟ ( https:///٢u.pw/LpBsIIHo)

٣٠. سقوط نظام الأسد.. هل يعيد تشكيل التوازنات بين تركيا وإيران؟ (https:///٢u.pw/I٤uWNe٠g)

٣١. دنا بريس: تراشق إعلامي تركي إيراني بعد سقوط نظام الأسد (https://www.danapress.ma/٦١٣٦٣).

# سەرۆک_شارەوانیی هەڵبژێردراو لە ژێر تارمایی قەیومدا

ئەحمەد سیروانی
فەرزان چاڵشکان

**پوختە**

دوای پەرلەمانو سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی شارەوانی سێهەمین کەسە لە ئاستی وڵاتدا، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، لە ئاستی شارەکانیشدا تاکە بەرپرسە ڕاستەوخۆ متمانەی هاوڵاتیان لە خۆیانەوە بەدەستدەهێنێت، بەڵام هەر ئەم نوێنەرە دەکرێت پاش ماوەیەک لەلایەن دادگا، وەزارەتی ناوخۆو سەرۆکی وڵاتەوە لەکارلابدرێتو پارێزگار یان قائیمقامی ئەو شارە لە جێگەکەی دابنرێت.

تورکیا وەک دەوڵەتێکی گەورەو زلهێزی هەرێمی، ئەزموونێکی باشی هەیە لەگەڵ لابردنی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانو دانانی قەیوم لە جێگەکەیان، هەرچەندە ئەم سیستەمە زیاتر لە لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانو دانانی کەسانی نزیک لە پارتی دەسەڵاتداردا بەرجەستەبووە، بەڵام بابەتەکە زۆر لەوە قووڵترو فراوانترە، لەبەرئەوەی دەکرێت لە هەر بارودۆخێکی نائاسایدا دەسەڵات بەرپرسی حیزب، ڕێکخراو، سەندیکاو دامەزراوەکانی تریش لاببباتو قەیوم لە جێگەیان دابنێت، نموونەی ئەم جێبەجێکارییەیش لەو وڵاتەدا هەیە.

لەگەڵ ئەمانەیشدا دانانی قەیوم لە تورکیادا چڕبووەتەوە لە لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانی پارتە کوردییەکان بە تۆمەتی "پشتیوانیو هاوکاریو ئەندامبوون لە گرووپی تیرۆریستی"و پاشان دانانی پارێزگار یان قائیمقامی ئەو شارە، کە سەر بە پارتی دەسەڵاتدارە.

لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ ناساندنی چەمکی قەیومو چۆنیەتیی جێبەجێکردنی لە تورکیادا، شیکاری بۆ هۆکارو دەرئەنجامەکانی دەکرێت، لە هەمان کاتدا ئایندەی شارە

کوردییەکانی تورکیا لە سایەی دانانی قەیومدا گەنگەشەدەکرێت.

**دەروازە**

لە کاتێکدا سەدەیەک بە سەر دامەزراندنی کۆماری تورکیادا تێپەڕیوە، ئەو گرفتە بنچینەییانەی کە لە سەدەی ڕابردوودا لە ڕێکخستنی ئیداری، یاسایی‌و بیرۆکراتیکی کۆمارەوە سەریانهەڵداوەو ئەو مشتومڕانەی کە بە هۆی ئەم کێشانەوە هاتوونەتەئاراوە، هەتا ئەمڕۆیش بەردەوامن. ئەو پرۆسەیەی کە بە میکانیزمی ئیداریی نائاسایی بەڕێوەدەبرێت لە دامەزراندنی کۆمارەوە هەتا گواستنەوە بۆ ژیانی سیاسیی فرەحزبی، کێشەکانی نێوان ناوەندو داینامیکی ژینگەیی/خۆجێیی زیاتر قووڵترکردووەتەوە. دانانی حکومییەت کە لە شێوەی "پشکنەری گشتی" لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧ بۆ ١٩٥٢، باری نائاسایی‌و "سەرۆکی پارێزگاری" لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ بۆ ٢٠٠٢، هەروەها "قەیوم" لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە جێبەجێکراون، گرنگن بۆ تێگەیشتن لە پاشخانی پەیوەندیی نێوان ناوەندو ئیدارە خۆجێییەکانی بەڕێوەبردن.

قەیوم کە وەک پراکتیزەیەکی سیستەماتیک لە مێژووی سیاسی‌و ئیداریی تورکیادا لە دوای هەوڵی کودەتاکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)ەوە جێگەی خۆی گرتووە، لە تیشکخستنەسەر ڕەهەندە بەردەوامەکانی پرسەکانی حوکمڕانی لە نێوان دەسەڵاتە ناوەندی‌و خۆجێییەکان گرنگە.

ئەم تێگەیشتنە لە حوکمڕانی، کە لە ساڵی (١٩٢٧) هەتا (٢٠٠٢) لە پشکنەرە گشتییەکانەوە هەتا دەگات بە سوپەر پارێزگارەکان بەردەوامبوو، چوارچێوەی بنەڕەتی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان پێکدەهێنێت. لە دوای ساڵی (٢٠١٦)وە لە چوارچێوەی قەیومەکاندا ڕەهەندێکی نوێی بەدەستهێناوە. نموونەکانی وەک دەرکردنی نادر تەمێل؛ سەرۆکی شارەوانی هیلڤان‌و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی لە ساڵی (١٩٧٩)، پێدانی بژاردەی تر بەو پارتانەی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (١٩٩٩)دا شارەوانیی ئامەد، لیجە، ئاگری‌و دیادینیان بردبووەوە، دەرکردن‌و دەستگیرکردنی سەرۆک_شارەوانییەکان لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکانی کەجەکە لە ساڵی (٢٠٠٩)، دەستوەردانەکانی ناوەند دژی شارەوانییەکانی پارتی دیموکراتیی هەرێمەکان (دەبەپە)و (Demokrat Bölgeler Partisi) (DBP) پارتی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) (Halkların Demokratik Partisi (HDP)، دوای هەوڵی کودەتاکەی (٢٠١٦)و دوای هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی (٢٠١٩)، بۆ تێگەیشتن لە پاشخانی ئەو زەمینە درێژخایەنەی حکومەتداری، کە پراکتیکی قەیوم تێیدا لەقاڵبدراوە، گرنگن.

دانانی قەیومەکان، کە نموونەیەکی

ناوازەن لە مێژووی حکومەتە سیاسیو خۆجێییەکان لە تورکیا، لە دوای ساڵی (٢٠١٦) وە بووە بە ئامرازێک لە کارنامەی تاکڕەویی‌و ناوەندگەرایی پارتی دەسەڵاتدار. ئەم پراکتیزانە دەتوانرێت وەک ڕەنگدانەوەی کارەکتەری ڕژێمی ناوەندگەرایی‌و تاکڕەویی تورکیا سەیربکرێت. لە ئەنجامی ئەم پراکتیزەیەدا، قەیوم بۆ زۆرێک لە شارەوانی، زانکۆو تەنانەت ڕێکخراوە پیشەییەکان، بە ڕێکاری جیاواز دانراوە.

هەرچەندە دانانی قەیوم قەیرانی نوێنەرایەتیی لە شارە کوردنشینەکانی تورکیادا قووڵترکردووەتەوەو پاڵنەرەکانی بەشداریکردنی هاوڵاتیانی لە هەڵبژاردنەکاندا لاوازکردووە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێژەی دەنگی پارتە کوردییەکان دانەبەزیوەو هەتا ئێستایش بە نزیکەیی پارێزگاری لەو شارەوانییانە دەکەن، کە بە درێژایی هەڵبژاردنەکان بەدەستیانهێناوە. خشتەی ژمارە (١) ژمارەی دەنگو ئەو شارەوانییانەی پارتە کوردییەکان بەدەستیانهێناوە، دەخاتەڕوو[١] .

| ساڵ | حیزب | دەنگ | ڕێژە | قەزا | پارێزگا | گەورەشار | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | DTP | ٢,٢٧٧,٧٧٧ | ٥.٤٨ | ٥١ | ٧ | ١ | ٥٩ |
| ٢٠١٤ | BDP | ١,٧٦٧,٢٩٦ | ٤.٢٣ | ٧٧ | ٨ | ٣ | ٨٨ |
| ٢٠١٩ | HDP | ١,٤٢٧,٠٦١ | ٣.٦ | ٦٢ | ٥ | ٣ | ٧٠ |
| ٢٠٢٤ | DEM | ٢,٦٢٥,٥٨٨ | ٥.٧ | ٧٢ | ٧ | ٣ | ٨٢ |

(DTP) (Demokrat Toplum Partisi) - دەبەپە

(BDP) (Barş ve Demokrasi Partisi) - بەدەپە

(HDP) (Halkların DemokratİK Partisi) - هەدەپە

(DEM PARTİ) (Halkların Eşitlik ve Demokrasi Partisi) - دەمپارتی

## سەربردەی قەیوم لە تورکیا

لە ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا، (١٤٧) سەرۆک_شارەوانی لە پۆستەکەیان دوورخراونەتەوەو قەیوم لە جێگەیان دانراوە[٢] .

بە هۆی باری نائاسایی (ئۆهال) (OHAL) (Olağanüstü Hal) لە تورکیادا، دوای هەوڵی کودەتاکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦)، لە (١١)ی ئەیلوولی (٢٠١٦)دا، (٢٨) سەرۆکی شارەوانی لە کارەکانیان دوورخرانەوەو کەسانی ڕاسپێردراو لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە لە شوێنەکانیان دانران.

یاسای بڕیارنامە لە بریی یاسا (کاهیکا) (Kanun Hükmünde Kararname (KHK)) بڕیارێکە لەلایەن حکومەت/ سەرۆکایەتیی کۆمارەوە دەردەکرێتو دوای

ڕەزامەندیی پەرلەمان دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەیش بە گوێرەی ماددەی (٨٧) لە دەستووری ساڵی (١٩٨٢)ی تورکیا، کە "پەرلەمان ئەرکدارەکرێت بە پێدانی دەسەڵات بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی بڕیار لە بریی یاسا لە هەندێک کاتو بواردا"[٣]. کاهیکا بۆ یەکەمجار لە دوای کودەتا سەربازییەکەی (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٢) وەک ڕێکارێکی سیاسی، ئیداریو ئەمنی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. هەرچەندە دادگای دەستووریی تورکیا لە ساڵی (١٩٨٨) کاهیکای هەڵوەشاندەوە، بەڵام دوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦)، جارێکی تر لەلایەن پەرلەمانەوە ڕێگەپێدراو لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی باری نائاساییدا کارپێکراوە[٤] ، بەڵام سەرەڕای هەڵگرتنی باری نائاسایی، هێشتا ئەم ڕێکارە سیاسی، ئەمنیو ئیدارییە کارپێدەکرێت.

دانانی قەیوم، کە بە یاسای بڕیارنامە لە بریی یاسا (کاهیکا) (Kanun Hükmünde Kararname) (KHK) دەستپێکردبوو، بە شێوەیەکی سیستەماتیک بوو بە هۆی دوورخستنەوەی نوێنەرانی بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی، سەرەڕای ئەوەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە هەڵبژێردرابوون. لە هەنگاوی یەکەمدا (٩٦) لە هاوسەرۆکانی شارەوانیی هەڵبژێردراوی (دەبەپە) لە پۆستەکانیان دوورخرانەوەو قەیوم لە جێگەکەیان دانرا. بەم جۆرە دەبەپە (٩٣٪)ی ئەو شارەوانییانەی لەدەستدا، کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستیهێنابوون. دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٣١)ی ئاداری (٢٠١٩)یش لە کۆی (٦٥) شارەوانی، کە هەدەپە بەدەستیهێنابوون، (٥٩)یان لابرانو قەیوم لە جێگەکەیان دانرا.

بەم جۆرە بنەماکانی لامەرکەزی، کە بە دەستوورو چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیدارەی ناوەندیو حکومەتی خۆجێی ڕێکدەخرێن، پێشێلکرانو فۆرمێکی نوێی حکومەتی خۆجێی لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی ناوەندیدا هاتە بواری جێبەجێکردنەوەو هیچ بوارێک نەمایەوە بۆ ئیرادەی گەل.

## قەیوم لە سایەی بڕیارنامە لە بریی یاسا (کاهیکا)

بڕگەکانی بڕیارنامە لە بریی یاسا (کاهیکا) (Kanun Hükmünde Kararname) (KHK)، کە ناتوانرێت تانەیلێبدرێت لە دادگا، دەبن بە یاساو دەتوانرێت بخرێنەبەردەم دادگای دەستووری[٥] . جگە لەمەیش، لەو سکاڵایانەی کە لەلایەن پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)وە، کە بە دایکی بەرەی ئۆپۆزسیۆن دادەنرێت، تۆمارکراون بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکانی باری نائاسایی، داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕگەیە نەکراوە،

کە ڕێگە بە دانانی قەیومەکان دەدات[٦] .
هەر بە گوێرەی بڕیارنامە لە بریی یاسا، هەموو ئەرکەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دەگوازرێتەوە بۆ فەرمانبەرانی ئەنجومەن، وەک ئەوەی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵوەشێنرابێتەوە. ئەمەیش بەو واتایەیە، کە ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەن لەکارخراونو پێگەی خۆیان وەک ئۆرگانێکی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە لەدەستدەدەن.
هەرچەندە بە گوێرەی ماددەی (٤٥)ی یاسای شارەوانیی ژمارە (٩٣٥٣)، کە لە (٣)ی تەمموزی (٢٠٠٥) لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاوکراوەتەوە، "بە هەر هۆکارێک سەرۆکی شارەوانی لە سەر کارەکەی نەما یان دوورخرایەوە، پارێزگاری ئەو شارە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا کۆبوونەوە بە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دەکاتو لەو ئەنجومەنەوە جێگری یەکەم یان دوهەم یان بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی وەک سەرۆکی شارەوانی دیاریدەکرێت"[٧] ، بەڵام لە بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆی تورکیادا لەگەڵ لادانی سەرۆک_شارەوانییەکان پارێزگار یان قائیمقامی ئەو شارەیش وەک قەیوم دادەنرێت.
هەر بە گوێرەی بڕگەی دوهەمی ماددەی (٤٥)ی یاسای شارەوانی، دوای دیاریکردنی سەرۆکی شارەوانی بە شێوەیەکی کاتی، ئەندامانی ئەنجومەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نهێنییەوە کەسێک لە ناو ئەندامانی ئەنجومەندا بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی هەڵدەبژێرن. تەنانەت لە بڕگەی سێهەمی ماددەی (٤٥)دا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دراوە، کە "ماوەی سەرۆکی شارەوانیی نوێ هەتا ئەو ماوەیە دەبێت، کە بۆ سەرۆک_شارەوانییەکەی پێشوو دیاریکرابوو، یان هەتا گەڕانەوەی سەرۆک_شارەوانییە لادراوەکە لە پۆستەکەی بەردەوامدەبێت". هەر لەو ماددەیەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە "ئەگەر لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا سەرۆکی شارەوانی هەڵنەبژێردرێت، ڕێکارەکانی خۆهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی شارەوانی بەرکاردەبێت".

**دوای پەرلەمانو سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی شارەوانی؛ سێهەمین کەسە لە ئاستی وڵاتدا، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، لە ئاستی شارەکانیشدا تاکە بەرپرسە ڕاستەوخۆ متمانەی هاوڵاتیان لە خۆیانەوە بەدەستدەهێنێت، بەڵام هەرئەم نوێنەرە دەکرێت پاش ماوەیەک لەلایەن دادگا، وەزارەتی ناوخۆو سەرۆکی وڵاتەوە لەکارلابدرێتو پارێزگار یان قائیمقامی ئەو شارە لە جێگەکەی دابنرێت**

لە ماددەی (٤٦)ی یاسای شارەوانیی ژمارە (٩٣٥٣)دا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە

چۆنیەتیی پڕکردنەوەی شوێنی سەرۆکی شارەوانی لەکارلادراو داوە، لە ماددەکەدا هاتووە "لە دۆخی بۆشبوونی پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی بە هەر هۆکارێکو هەڵنەبژاردنی کەسێک بۆ ئەو پۆستە یان بۆ پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی شارەوانی لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا، لەلایەن وەزیری ناوخۆوە کەسێک لە جێگەی سەرۆکی شارەوانیی گەورەشارو پارێزگاکان دادەنرێت. بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانیی قەزاو ناحیەکانیش لەلایەن پارێزگارەوە کەسێکی بۆ دادەنرێت"، بەڵام لە دوای تۆمەتبارکردنی سەرۆکی شارەوانییەکان بەبێ ڕێکارەکانی ماددەی (٤٥)ی یاسای شارەوانییەکان دەستبەجێ وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ بڕیاری لابردنی سەرۆک_ شارەوانییەکەدا دەستبەجێ بڕیاری دانانی قەیوم لە جێگەکەی دەردەکرێت.

لە ماددەی (٤٧)ی یاساکەیشدا باس لەوە کراوە کە "لە دۆخی لێکۆڵینەوە یان دەرکردنی سەرۆکی شارەوانی یان ئەندامێکی شارەوانی، دەکرێت لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە لە ئەرکەکەی دووربخرێتەوە هەتا ئەو کاتەی بڕیاری کۆتایی لە سەر دۆسێکەی دەردەکرێت". ئەوەی مایەی سەرنجە، بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەکرێت"ە لەو ماددەیەدا، ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە دەکرێت چاوپۆشی لەو کارە بکرێت.

هەرچەندە دەمپارتی دانانی قەیوم بە پێچەوانەی دەستووری دادەنێت، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی تورکیا پاڵپشت بە ماددەی (١٢٧)ی دەستووری وڵاتەکەی، بڕیاری دوورخستنەوەی سەرۆک_ شارەوانییەکانو دانانی قەیوم لە جێگەکەیان بە شێوەی کاتی دەردەکات.

لە بڕگەی دوهەمی ماددەی (١٢٧) ی دەستووری تورکیادا، ئاماژە بەوە دراوە، کە "چاودێریکردنو بڕیاردان لە سەر دۆخی بردنەوە یان لەدەستدانی ئەو داوایانەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی بەرپرسە ناوچەییەکان ئەرکی دادگایە، بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی کە دۆسیەی دادگایی بە هۆی تۆمەتێکەوە لە سەر خۆیان یان پۆستەکانیان دەکرێتەوە، کە بەرپرسیاریەتییان لە دەسەڵاتە خۆجێییەکاندا هەیە، بڕیاری لێکۆڵینەوە یان دەرکردن یان دوورخستنەوەیان لە پۆستەکانیان بە شێوەی کاتی لەلایەن وەزیری ناوخۆوە دەردەکرێت"[٨].

ئەوەی مایەی سەرنجە، لەو ماددەیەدا بە هیچ جۆرێک باس لە دانانی کەسێک لە جێگەی سەرۆکی شارەوانی یان هەر بەرپرسو فەرمانبەرێک نەکراوە، هەر بۆیە ئەم بۆشاییە دەستوورییە لە ڕێگەی بڕیاری وەزارەتی ناوخۆوە پڕدەکرێتەوە، هەر بۆیە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە دانانی قەیوم بە نایاسایی و دژەدەستووری دادەنرێت. ئەمە جگە لەوەی لە دەقی ماددەکەدا دەستەواژەی "دوورخستنەوە بە شێوەی کاتی" هاتووە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ سەرۆک_

شارەوانییەک دوای لابردنی و دانانی قەیوم لە جێگەکەی نەگەڕێنراوەتەوەسەر پۆستەکەی، ئەمەیش لەبەرئەوەی ئەنجامی دۆسیەکەیان بە سزای زیندانیکردنو خراپتریش کۆتاییهاتووە.

**قەیوم لە پەیکەری کارگێڕیی تورکیادا**

چوارچێوەی پێکهاتەی ئیداریی تورکیا بە ماددەی (١٢٣)، کە ئیدارەی تورکیا بە گشتی ڕێکدەخات، ماددەی (١٢٦)، کە ئیدارەی ناوەندی ڕێکدەخاتو ماددەی (١٢٧)، کە ئیدارە خۆجێییەکان ڕێکدەخات، لە دەستووری ئەو وڵاتەدا دیاریکراوە[٩] .

ئەم ماددانە لە سەر بنەمای پرەنسیپی لامەرکەزیەتو ڕژێمی ئیدارە ناوخۆییە خۆسەرەکانو پرەنسیپی یەکپارچەیی ئیدارە دامەزراون. پرەنسیپی لامەرکەزیەت، وەک یەکێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ئیدارەی ناوەندیو ئیدارە خۆجێییەکان، بە سادەترین پێناسەی خۆی، بە واتای بەکارهێنانی بەشێک لە دەسەڵاتە سیاسی یان کارگێڕییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ترەوە جگە لە ئیدارەی ناوەندی دێت. دەستوور باس لەوە دەکات، کە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ئیدارە خۆجێییەکان بە یاسا ڕێکدەخرێنو داوادەکات ئەم ڕێسایانە بە پێی بنەمای لامەرکەزیەت دابنرێن. هەرچەندە ئیدارەی ناوەندیو ئیدارە خۆجێییەکان بە پێی ڕێکارو بنەمای جیاواز ڕێکدەخرێن، بەڵام کۆیەکن؛ بە گوێرەی بنەمای یەکپارچەیی کارگێڕی، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر کارەکانیان دەکەنو خزمەتگوزاری پێشکەشی خەڵک دەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ناپاسایی دەست لە بواری یەکتردا وەربدەن.

**دانانی قەیوم لە تورکیادا چڕبووەتەوە لە لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانی پارتە کوردییەکان بە تۆمەتی "پشتیوانیو هاوکاریو ئەندامبوون لە گرووپی تیرۆریستی"و پاشان دانانی پارێزگاریان قائیمقامی ئەو شارە، کە سەر بە پارتی دەسەڵاتدارە**

بە گوێرەی پەیماننامەی خۆبەڕێوەبەریو ئیدارە خۆجێییەکانی ئەوروپا[١٠] ، کە تورکیایش واژۆی لە سەر جێبەجێکرنی کردووە[١١]، "ئەو دەسەڵاتانەی کە بە ئیدارە خۆجێییەکان دراون، بە شێوەیەکی ئاسایی تەواوو تایبەتن، جگە لەو حاڵەتانەی کە لە یاسادا دیاریکراوە، ئەم دەسەڵاتانە ناتوانرێت لەلایەن حکومەتی ناوەندی یان ناوچەییەکانی ترەوە لاوازبکرێن، یان سنووردرابکرێن".

بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی جیاکاریی سەرپەرشتیی کارگێڕی، ناتوانرێت ئەم

دەسـەڵاتـە بـە یـاسـا فـراوانـبـکـرێـت، بە شـێـوەیـەک کـە ئـیـدارە خـۆجـێـیـەکانو ئیرادەی دەنـگـدەران بشـێـوێـنێـت. لە کاتێکدا ئەم سنووردارکردنە تەنانەت بە یاسایش ناتوانرێت فراوانبکرێت، چونکە بـە دەسـتـوور هـاتـووەتـەئـاراوە، بـەڵام فـراوانـبـوونی بە بڕیارنامە لە بریی یاسا واتـای ئـەوە دەگـەیـەنێـت، کە ڕێکخستنی ئـیـداریی تـورکـیـا لـە ڕێـگـەی بـڕیـارنـامـە لە بریی یاساوە بەڕێوەدەبرێت، نەک لە ژێر چەتری دەستووردا.

**پـرۆسـەی دانـانـی قـەیـوم دوای هەڵبژاردنەکانی (٣١)ی ئاداری (٢٠٢٤)**[١٢]

لـە ڕاسـتـیـدا دوو ڕۆژ پێش ئـەنـجـامـدانـی هـەڵبژاردنـی شـارەوانـیـیـەکـانـی (٣١)ی ئـاداری (٢٠٢٤)، هـەوڵـەکـانـی دانـانـی قـەیـوم دەسـتـپـێـکـرد، لـە کاتێکدا ڕۆژی هـەینی؛ (٢٩)ی ئـاداری (٢٠٢٤)، کە کۆتا ڕۆژی دەوامی ئاساییە لە هەفتەدا لـە تـورکـیـا، لـەلایـەن دادگـای بـاڵای دیاریـەکرەوە دۆسیەی دادگایی عەبدوڵڵا زەیـدان؛ کاندیدی ئـەو کاتـەی دەمپارتی ئاڕاسـتـەی لقی وانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا کرا، پێنج خولەک پێش کۆتایی دەوامی ئاسایی ئەو ڕۆژە، نـوسـراوەکـەی دادگا گەیشتە لقی وانی کۆمیسیۆن، هەر بۆیە دوای سەرکەوتنی عەبدوڵڵا زەیدان لە هەڵبژاردنەکانی (٣١) ی ئاداری (٢٠٢٤)، کە ڕێژەی (٥٥.٤٨٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو[١٣] ، ڕۆژی دووشـەممە؛ (١)ی نیسانی (٢٠٢٤)، بە مەبەستی وەرگرتنی مەزبەتەی بردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی، عەبدوڵڵا زەیدان خـۆی گـەیـانـدە لـقی وانـی کۆمیسـیـۆنی بـاڵای هـەڵبژاردنـەکـان، بـەڵام لـەلایـەن بەرپرسانی کۆمیسیۆنەوە پێیڕاگەیەنرا، کـە نـاتـوانـن مـەزبـەتـەی پـێـبـدەن، لەبەرئەوەی تۆمەتەکانی پێشتری لە سەر لانەبراوە. تەنانەت لقی وانی کۆمیسیۆن لـە کـۆبـوونـەوەیـەکی بـەپـەلـەدا بـڕیـاریـدا پۆستی سـەرۆکی شـارەوانیی وان بـدات بە عـەبـدولـئـەحـەد ئـاڤـراس (Abdullahad Avras)؛ کـانـدیـدی دووەم لـە سـەر لیستی ئاکپارتی، کە ڕێژەی (٢٧.١٤٪)ی بەدەستهێنابوو. بە هۆی خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی هاوڵاتیانەوە، دواجار کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا لـە ئـەنـقـەرەوە بـڕیـارەکـەی لـقی وانـی کۆمیسـیـۆنەکەی هـەڵـوەشـانـدەوە، بەم جۆرە یەکەم هەوڵی لابردنی سـەرۆک_ شارەوانیو دانانی قەیوم پوچەڵکرایەوە، بەڵام...

لە (٣)ی حوزەیرانی (٢٠٢٤)، مەهمەت سدک ئاکش (Mehmet Sıddık Akış)؛ سەرۆکی شارەوانیی هەکاری (جولەمێرگ)، لـە پـۆسـتـەکـەی دوورخـرایـەوەو عـەلی چەلیک (Ali Çelik)؛ پارێزگاری شارەکە، لە جێگەکەی دانـرا[١٤] ، ئەمەیش دوای ئـەوەی سـەرۆکی شـارەوانیی هـەکاری بە تـۆمـەتی "ئـەنـدامـبـوون لـە ڕێـکـخـراوی تیرۆریـستی، ئـەنـجـامـدانی پـڕوپـاگـەنـدە

بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستیو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی دادگاییکراو لە (٥)ی حوزەیران لەلایەن دادگاوە سزای (١٩) ساڵو (٦) مانگ زیندانیکردنی بە سەردا سەپێنرا[١٥]. هەرچەندە ئەم دۆسیەیەی ناوبراو لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە لەلایەن دادگاوە ڕاگیرابوو، بەڵام جارێکی تر زیندووکرایەوە.

**دانانی حکومیەت، کە لە شێوەی "پشکنەری گشتی" لە نێوان ساڵانی (١٩٢٧) بۆ (١٩٥٢)، باری نائاساییو "سەرۆکی پارێزگاری" لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧) بۆ (٢٠٠٢)، هەروەها "قەیوم" لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە جێبەجێکراون، گرنگن بۆ تێگەیشتن لە پاشخانی پەیوەندیی نێوان ناوەندو ئیدارە خۆجێییەکانی بەڕێوەبردن**

لە (٣٠)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)، ئەحمەد ئۆزەر (Ahmet Özer)؛ سەرۆکی شارەوانیی قەزای ئێسەنیورت لە ئەستەنبوڵ، لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. ناوبراو لە چوارچێوەی "هەڵمەتی لێپێچینەوەو دڵنیابوونەوە لە ئەندامبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە/ کەجەکە" لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە ئەستەنبوڵ دەستبەسەرکراو جان ئاکسۆی (Can Aksoy)؛ جێگری پارێزگاری ئەستەنبوڵ، وەک قەیوم لە جێگەکەی دانرا. ئەحمەد ئۆزەر هەرچەندە لە سەر لیستی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) وەک سەرۆکی شارەوانیی ئێسەنیورت هەڵبژێردرا، بەڵام ناوبراو لە بنەڕەتدا ئەندامی دەمپارتی بووەو لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی شار (Kent Uzlaşı)دا کاندیدی جەهەپە بووە.

لە (٤)ی تشرینی دوهەمی (٢٠٢٤)، ئەحمەد تورک؛ سەرۆکی شارەوانیی ماردین، بە هۆکاری بەردەوامیی پرۆسەی دادگاییو سزادانی (١٠) ساڵ زیندانی، بە تۆمەتی "خۆپیشاندانو ڕووداوەکانی کۆبانی"، گیولیستان سۆنوک؛ سەرۆکی شارەوانیی باتمانو ئەحمەد کارایلان؛ سەرۆکی شارەوانیی حالفاتی، بە هۆکاری سزادانیان بە (٦) ساڵ زیندانیو بەردەوامیی لێکۆڵینەوەکان لە سەریان، بە تۆمەتی "ئەندامبوون لە ڕێکخراوی تیرۆریستی"، بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لە پۆستەکەیان دوورخرانەوەو پارێزگارو قائیمقامی شارەکانیان لە جێگەکەیان دانران.

لە (٢٢)ی تشرینی دوهەمی (٢٠٢٤)، هەریەک لە جەڤدەت کۆناک؛ سەرۆکی شارەوانیی تونجەلی لە سەر لیستی دەمپارتیو مستەفا ساریگیول؛ سەرۆکی شارەوانیی ئۆڤجیک لە سەر لیستی جەهەپە، لە کارەکانیان دوورخرانەوەو قەیوم لە جێگەکەیان دانرا. هەرچەندە بە گوێرەی بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ

جەڤدەت کۆناک بە هۆی بەردەوامی لێکۆڵینەوەکان لە سەری بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە بۆ پەکەکە"و سزادانی بە تۆمەتی "ئەندامیەتی پەکەکە"و مستەفا ساریگیولیش بە هۆی ئەوەی پێشتر سزادراوە بە تۆمەتی "ئەندامیەتی پەکەکە"، بە شێوەی کاتی لە ئەرکەکانیان دوورخراونەتەوە، بەڵام پێناچێت ئەگەر تۆمەتەکانیشیان لە سەر جێگیرنەبێت، بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان.

لە (٢٩)ی تشرینی دوهەمی (٢٠٢٤)، ئایڤاز هازر؛ سەرۆکی شارەوانی قەزای باهچەسەرایی سەر بە پارێزگای وان، بە هۆکاری سزای بەندکردنیو بەردەوامی لێکۆڵینەوەکان لە سەری، بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە بۆ گرووپی تیرۆریستی" لە ئەرکەکەی دوورخرایەوەو قەیوم لە جێگەکەی دانرا.

لە (١٣)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٥)، هۆشیار ساری یلدزو نوریە ئارسلان؛ هاوسەرۆکانی شارەوانی قەزای ئاکدەنیزی سەر بە پارێزگای مێرسین، دەستگیرکرانو قائیمقامی قەزاکە لە جێگەکەیان دەستبەکاربوو.

ڕۆژی (١٧)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٥)، ڕزا ئاکپۆلات؛ سەرۆکی شارەوانی بێشکتاش، لە ئەستەنبوڵ لە کارەکەی دوورخرایەوەو عومەر ڕاسیم شیشمان؛ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی بێشکتاش، لە جێگەکەی دانرا. هەڵبەت ڕزا ئاکپۆلات لە (١٣)ی کانوونی دوهەم لە شاری باڵکەسیر لە ماڵی باوکی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە تۆمەتی "ئەندامیەتی گرووپی تاوانکاری، گەندەڵی لە تەندەرو بەدەستهێنانی ماڵو سامان لە ڕێگەی ناڕەواوە" دەستبەسەرکراو گەڕێنرایەوە بۆ ئەستەنبوڵ.

ڕۆژی (٢٩)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٥)، سوفیا ئالاغاش؛ سەرۆکی شارەوانی سیرت، بە هۆی ئەوەی (٦) ساڵو (٣) مانگ سزای زیندانی، بە تۆمەتی "ئەندامیەتی گرووپی تیرۆریستی"، لەو کاتەی کە کاری ڕۆژنامەگەریی کردووە، بە سەردا سەپێنراوە، لە پۆستەکەی دوورخرایەوەو پارێزگاری سیرت لە جێگەکەی دانرا.

ڕۆژی(١١)ی شوباتی (٢٠٢٥)، عەبدوڵڵا زەیدان؛ سەرۆکی شارەوانی وان، بە تۆمەتی "هاوکاریکردنی گرووپی تیرۆریستیو پڕوپاگەندە بۆ گرووپی تیرۆریستی لە ڕێگەی میدیاوە" سزای زیندانیکردنی بۆ ماوەی (٣) ساڵو (٩) مانگ بە سەردا سەپێنرا. هەرچەندە وەک ڕۆژی (١)ی نیسانی (٢٠٢٤)، زەیدانو ئەندامو لایەنگرانی دەمپارتی لە وانو چەندین شاری تری باکووری کوردستانەوە خۆیان گەیاندە بەردەم بینای شارەوانی وانو سەرکۆنەی بڕیارەکەی دادگایان کردو بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ڕێگەنادەن عەبدوڵڵا زەیدان لە پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی وان دووربخرێتەوە. لە هەمان کاتدا

عەبدوڵڵا زەیدان وەک کەسایەتیو پارێزگای وانیش وەک سیمایەکی دیاری رووبەڕووبوونەوەی هێزی دەوڵەتو پشتیوانی خەباتی چەکداریو پەکەکە دەناسرێن. تەنانەت جگە لە ناوەندی پارێزگای وان، کاندیدەکانی دەمپارتی لە هەر (١٢) قەزاکەی سەر بە پارێزگای وان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٣١)ی ئاداری (٢٠٢٤)، تەواوی کورسییەکانی ئەنجومەنی شارەوانیو پۆستی سەرۆکی شارەوانییان بردووەتەوە. دواجار لە (١٥)ی شوباتی (٢٠٢٥)، کە هاوکات بوو لەگەڵ یادی (٢٥) ساڵەی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکەو ڕادەستکردنەوەی بە دەسەڵاتدارانی تورکیا، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی تورکیاوە بڕیاری دوورخستنەوەی عەبدوڵڵا زەیدان لە پۆستەکەیو دانانی ئۆزان باڵجی؛ پارێزگاری وان، لە شوێنەکەی دەرکرا. زۆرێک لە سەرۆک_شارەوانییەکان هەمان ڕۆژی بڕیاری دادگا یان دوو ڕۆژ دوای بڕیاری دادگا بۆ سەپاندنی سزای زیندانی بە سەریاندا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دووردەخرێنەوە، بەڵام دەرکردنی بڕیاری سزای زیندانی بە سەر عەبدوڵڵا زەیدان لە (١١)ی شوباتو دەرکردنی بڕیاری لابردنی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دوای چوار ڕۆژ، بە ئاسایی دانانرێتو وەک هێمایەک بۆ ناشیرینکردنی ڕۆژی (١٥)ی شوبات لە بەرچاوی کوردەکان ڕاڤەدەکرێت.

لە (٢٤)ی شوباتی (٢٠٢٥)، مەهمەت ئاڵکان؛ سەرۆکی شارەوانیی کاغزمانی سەر بە پارێزگای قارس، بە هۆی سەپاندنی سزای زیندانیکردنەوە بۆ ماوەی (٦) ساڵو (٣) مانگ، بە تۆمەتی "ئەندامیەتیی ڕێکخراوی تیرۆریستی" لە کارەکەی دوورخرایەوە.

**دانانی قەیومەکان، کە نموونەیەکی ناوازەن لە مێژووی حکومەتە سیاسیو خۆجێییەکان لە تورکیادا، لە دوای ساڵی (٢٠١٦)ەوە بووە بە ئامرازێک لە کارنامەی تاکڕەوییو ناوەندگەرایی پارتی دەسەڵاتدار**

لە بەرەبەیانی (٢٦)ی شوباتی (٢٠٢٥)، عەلادین کۆسە؛ سەرۆکی شارەوانیی بەیکۆز لە ئەستەنبوڵو (٢٠) کەسی تر بە تۆمەتی "تێوەگلان لە گەندەڵیو وەرگرتنی بەرتیل" دەستبەسەرکران[١٦].

**دۆسیەی تیرۆرو قەیوم**

دانانی قەیومەکان کە بووە بە هۆی لێکترازانی جددی لە پێکهاتەی کارگێڕیی تورکیادا، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو دۆسیەی تیرۆرەوە لە دژی سەرۆک_شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان جێبەجێدەکرێت. تیرۆر چەمکێکی سیاسییەو ناتوانرێت

پێناسەیەکی یاسایی ڕوونی لە هەردوو یاسای نێودەوڵەتیو یاسای نیشتیمانیدا بۆ بدۆزرێتەوە. بەم شێوەیە مەودای چەمکەکە لە دەوری لایەنە ئایدۆلۆژییەکانی دەسەڵات دەخولێتەوە.
تورکیا لەم نادڵنیاییە دوور نییە، لە ڕاستیدا بەراورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە یاسایان هەتا ڕادەیەک چەسپاندووە، دەسەڵاتە سیاسییەکان زیاتر ئەم نادڵنیاییەیان بەکارهێناوە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی کایەی سیاسی. حکومەتی ئێستایش بە شێوەیەکی بەرفراوان پەنا بۆ گوتاری تیرۆر دەبات، چ بە جێبەجێکردنی پێوەرە جیاوازەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، چ بۆ سەرکوتکردنو بێدەنگکردنی دەنگە دژبەرەکانو نارازییەکانی دژی. بە لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە لە تیرۆر، سنووری گۆڕەپانی سیاسی یاسایی بە شێوەیەکی هاوبەش لە ڕێگەی میکانیزمە زۆرەملێکانی یاساوە جێگیردەکرێنەوە.
پێویستە بە شێوەیەکی شیکاری لە بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر نزیکببنەوە، بۆئەوەی لە ئەرکی لێپێچینەوەکانی تیرۆر لە دامەزراندنی قەیومەکاندا تێبگەین. ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر لە دوای ساڵی (٢٠١٥) گرنگە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی نزیکبوونەوەی دەوڵەتی دوای ساڵی (٢٠١٥) بۆ پرسی کوردو بارودۆخی نائاسایی (Olağanüstü Hal) (OHAL) کە چوارچێوەی سیاسیی دانانی قەیومەکان پێکدەهێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە نابێت بە پشتگوێخستنی سکاڵاکانی (KCK) بکرێت، کە لە ساڵی (٢٠٠٩) دەستیپێکردو کاریگەریی لە سەر زۆرێک لە سیاسەتمەداران هەبووە، لەوانە هاوسەرۆکی شارەوانییەکان، هەروەها سکاڵا یاساییەکانی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەکا) (Demokrat Toplum Kongresi) (DTK)، کە دژی بەشداربوانی تۆمارکرابوون بە تۆمەتی بوون بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، لە کاتێکدا ئەوە پێکهاتەیەک بوو، کە بانگهێشتکرابوو بۆ پەرلەمانی تورکیا، بۆئەوەی بۆچوونی خۆی لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی پرۆسەی ئاشتی لە سەر دەستووری نوێ بدات، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بەردەوامییانو ئەرکی چەوساندنەوەی بزوتنەوەی سیاسیی کورد هەتا ڕادەی پێویست لە چوارچێوەی پرسی قەیومدا ئاماژە بەو کەیسانە دەکرێت.
دوای ئەوەی کە دانانی قەیوم لە ڕێگەی "بڕیارنامە لە بریی یاسا" هاتە بواری جێبەجێکردنەوە، قەیومەکان بۆ نزیکەی هەموو ئەو یەکە کارگێڕییانە (شارەوانییەکانی گەورەشارەکان، پارێزگاکان، قەزاکان، شارۆچکەکان) دانران، کە زۆرینەیان بە دەست پارتی دیموکراتی هەرێمەکانەوە (دەتەپە) (Demokrat Bolgeler Partisi) (DBP) بوون. لە شەپۆلی دوهەمی

دانانی قەیومەکان دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠١٩)، وەزارەتی ناوخۆو پارێزگارەکان دەستیان بە سەر شارەوانییەکانی هەدەپەدا گرت. ئەو تۆمەتانەی کە زەمینەی لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانو دانانی قەیومەکان پێکدەهێنن، بریتین لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانو پڕوپاگەندە بۆ تیرۆر، بەیاننامە ڕۆژنامەوانییەکانی هەدەپە، لە گوتارەکانی هاوسەرۆکانی شارەوانییەکانەوە هەتا نارەزایەتییەکانی (٨)ی ئادارو بەشداریکردن لە پرسەو دڵنەوایییەکانی کەسوکاری گەریلا کوژرراوەکان.

تۆمەتبارکردنی گوڵتەن کشاناک؛ هاوسەرۆکی شارەوانی ئامەد، لەو کاتەدا، کە بۆچوونەکانی خۆی بەو لیژنە پەرلەمانییە گوت، کە هاتبوون بۆ لێکۆڵینەوە لە هەوڵی کودەتاکەی (١٥)ی تەمموز، بە کۆکردنەوەی (٤١) کرداری جیاواز پێکهێنرا، لەوانە گوتارەکانی، چالاکییەکانی (DTK)و پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی ناحکومیی ناوخۆیی‌و گوتاری ڕەخنەی سیاسیدا. لە کاتێکدا ئەم کارانە هیچ پەیوەندییەکیان بە توندوتیژییەوە نەبوو، نەیشدەکرا لە چوارچێوەی هیچ تاوانێکی تردا هەژماربکرێن، دۆسیەی لێکۆڵینەوەکان کە کرایەوە، ڕێگەیخۆشکرد بۆ دانانی قەیوم بۆ شارەوانیی گەورەی ئامەد. بەیاننامە ڕۆژنامەوانییە ناوخۆییەکان، بە تایبەتی لێدوانەکانی نارەزایەتیو ڕەخنەگرتن لە قەدەغەی هاتوچۆو ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی لەو ماوەیەدا دەکران، کە مەترسی لە سەر مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانو بە تایبەت مافی ژیان دروستدەکەن، بنەمای گرنگی ئەو تۆمەتانە پێکدەهێنن، کە ئاڕاستەی هاوسەرۆکانی شارەوانی کراوە.

**بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە دانانی قەیوم بە نایاسایی‌و دژەدەستووری دادەنرێت، جگە لەوەی لە دەقی ماددەکەدا دەستەواژەی "دوورخستنەوە بە شێوەی کاتی" هاتووە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ سەرۆک_شارەو انییەک دوای لابردنی‌و دانانی قەیوم لە جێگەکەی نەگەڕێنراوەتەوەسەرپۆستەکەی، لەبەرئەوەی ئەنجامی دۆسیەکەیان سزای زیندانیکردن بووە**

ئەو ڕاستییەی کە لێکۆڵینەوەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە کردەوانە دەکەن، کە دەبێت لە چوارچێوەی مافو ئازادییە بنچینەیی‌و یاسایی‌و تەنانەت بنەڕەتییەکاندا بپارێزرێن، نە نوێو نە تایبەت نییە بۆ حکومەتە خۆجێییەکانی تورکیا. لە لایەکی ترەوە، دوور لە پێودانەگە دادوەرییە نێودەوڵەتییەکانو

تەنانەت پێچەوانەی دەستووری تورکیا، بەبێ ڕەچاوکردنی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە سەبارەت بە پاکێتی دۆسیەی سەرۆک_شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی دەمپارتی، دەسەڵاتی دادوەریو وەزارەتی ناوخۆ بە بەهانەی جیاواز ئەو سەرۆک_شارەوانییانە ڕووبەڕووی تۆمەتگەلێک دەکەنەوە[١٧]، کە پێشتر خودی دادگا دۆسیەکانیانی داخستووە، یان بڕیاری بێتاوانیی بۆ دەرکردوون [١٨]، پاشان بەبێ چاوەڕوانی بۆ دادگای پێداچوونەوەو ڕەچاونەکردنی مافی ئەو سەرۆک_شارەوانییانە لە تانەدان لەو بڕیارانە، وەزارەتی ناوخۆ قەیوم لە جێگەیان دادەنێت[١٩] . هەتا ئێستا نزیکەی (٢٥) سەرۆکی شارەوانی لە پۆستەکەیان دوورخراونەتەوەو قەیوم لە جێگەیان دانراوە[٢٠] .

## دانانی قەیومو مافەکانی مرۆڤ

پێشێلکردنی مافو ئازادییە بنەڕەتییەکان، کە بە هۆی دانانی قەیومەکانەوە دروستدەبێت، فرەڕەهەندە. هاوکات لەگەڵ مافی نوێنەرانی هەڵبژێردراوو دەنگدەران، مافی قەوارە یاساییەکانی حکومەتی خۆجێیی بە شێوەی جۆراوجۆر پێشێلکراوە. هێشتا هیچ چارەسەرێکی یاسایی واتادار سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، کە بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانو دەستوور پارێزراو بێت، بەدەستنەهاتووە. مافە پێشێلکراوەکانی مرۆڤ بریتین لە مافی هەڵبژاردنو خۆکاندیدکردن، بەشداریکردن لە چالاکییە گشتییەکان، ئازادیی ڕادەربڕینو کۆبوونەوە، هەروەها گریمانەکردنی بێتاوانیی بەرپرسانی هەڵبژێردراو. لە ڕووی دەنگدەرانەوە، مافی دەنگدان پێشێلکراوەو ئازادیی ڕادەربڕینو ڕێکخراوبوون بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سنووردارکراوە.

پرەنسیپی هەڵبژاردن مەرجێکی حەتمیی دیموکراسییە، کە سیمای دامەزرێنەری کۆماری تورکیایشە، هەروەها یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی ماددەکانی (٢) و (٥)ی دەستوور. هەروەها مافی دەنگدان، هەڵبژاردن، بەشداریکردن لە چالاکیی سیاسیو بەشداریکردن لە خزمەتی گشتیدا، وەک مافێکی سیاسیی بنەڕەتیو مەرجێکی بنەڕەتیی دیموکراسی، لە مادەی (٦٧)ی دەستووریشدا مسۆگەرکراوە[٢١]. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ماددەی (٢٥)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافە مەدەنیو سیاسییەکان، مافی دەنگدانو هەڵبژاردنو بەشداریکردن لە کارگێڕیی گشتیدا ڕێکدەخات[٢٢] . لە کاتێکدا لایەنێکی ئەم مافە گەرەنتیی پێش هەڵبژاردنو ڕۆژی هەڵبژاردن دەگرێتەوە، لایەنێکی تر بریتییە لە ئیدارە خۆجێییەکان، کە بە پێی ویستی دەنگدەران هەتا هەڵبژاردنی داهاتوو مامەڵەدەکەن. هەرچەندە تورکیا لە (١٥)ی ئابی (٢٠٠٠) پەیماننامەکەی

واژۆکردووە[٢٣] و لە (٢٩)ی مایسی (٢٠٠٣) پەرلەمانی ئەو وڵاتە ڕەزامەندیی لە سەر داوە[٢٤] ، بەڵام لە بابەتی دانانی قەیومدا ئەنقەرە پێچەوانەی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافە مەدەنیو سیاسییەکان بڕیاردەدات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بنەمای لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر، کە وەک هۆکاری دانانی قەیومەکان نیشاندەدرێن، ئەو کردارو لێدوانانەن، کە تێیدا سیاسەتمەداران بۆچوونی ڕەخنەیی خۆیان بڵاودەکەنەوەو نارەزایەتی بۆ ئەمە ڕێکدەخەن. ڕوونە، کە دانانی قەیومەکان دەستوەردانێکی جددی پێکدەهێنێت دژی ئازادیی ڕادەربڕین. ئەم دەستوەردانە لەگەڵ مەرجەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا ناگونجێت، هەروەها ڕێژەیی نییە، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە بە وردی باسکراون. لێکۆڵینەوەکانی تیرۆر تاکە هۆکار نین، کە ئازادیی ڕادەربڕین لە چوارچێوەی پراکتیکەکانی قەیومدا پێشێلدەکەن، دوورخستنەوەی ئەو کەسەی کە خەڵک پێیباشترە، چونکە بۆچوونەکانی لەگەڵ خۆیاندا دەگونجێت لە دەسەڵات، پێشێلکردنی جددیی ئازادیی ڕادەربڕین پێکدەهێنێت.

دیسان ئەو ڕاستییەی کە ئەم کردارە لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی تیرۆریزمە، کە بە هۆی چالاکییەکانی حیزبە سیاسییەکانی بەرپرسانی هەڵبژێردراوەوە دەستیپێکردووەو ئەو شارەوانییانە دەکاتەئامانج، کە بە زۆری لەلایەن بزوتنەوەی سیاسیی کوردەوە بەدەستیانهێناوە، زیان بە ئازادیی کۆمەڵەی دەنگدەرانو بەرپرسانی هەڵبژێردراو دەگەیەنێت. ئەوەی کە بانگەشەی هەڵبژاردنو نارەزایەتیو لێدوانی ڕۆژنامەوانی، کە لەلایەن دەبەپە، هەدەپەو دەمپارتییەوە ڕێکدەخرێن، دەبن بە زەمینەی دەرکردن لە پۆستەکانیان، پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، هەروەها مافی کۆبوونەوەو گردبوونەوەو خۆپیشاندانە.

**ئەو تۆمەتانەی کە زەمینەی لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانو دانانی قەیومەکان پێکدەهێنن، بریتین لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانو پڕوپاگەندە بۆ تیرۆر، بەیاننامە ڕۆژنامەوانییەکانی هەدەپە، گوتاری هاوسەرۆکانی شارەوانییەکان هەتا نارەزایەتییەکانی (٨)ی ئادارو بەشداریکردن لە پرسەو دڵنەوایییەکانی کەسوکاری گەریلا کوژرراوەکان**

لە کۆتاییدا، دەرکردنی کەسێک کە هیچ بەربەستێکی هەڵبژاردنی نییە یان سزای نییە، پێویستە ڕێکارێکی ئیداریی کاتی بێت. ئەو کردەوانەی کە پەیوەندییان بەو دەسەڵاتی پارێزگاریکردنەوە

هەیە، سروشتێکی کاتییەو پێویستە بە شێوەیەکی سنووردار لێکبدرێتەوە، ناگونجێت لەگەڵ گریمانەی بێتاوانیدا، کە بە تەواوی لە ماددەی (١٥)ی دەستووردا پارێزراوە[٢٥] ، ڕێگریکردن لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی، کە هیچ بەربەستێکیان لە بەردەم هەڵبژاردندا نییە لە کردنی ئەرکە هەڵبژێردراوەکانیان، ئاماژەیە بۆ سزادانی بەکۆمەڵ.

لە ڕاستیدا دەنگدەران دانانی قەیوم وەک پێشێلکردنی مافەکان دەبینن. بە پێی ئەنجامی ئەو توێژینەوە مەیدانییەی کە لەلایەن دەزگای سپێکترووم هاوسەوە لە مانگی ئابی (٢٠٢٣) لەگەڵ (١٣٥١) کەس لە پارێزگاکانی ئامەد، ماردین، وان، ئورفا، هەکاری، ئاگری، ئادیەمان، باتمان، قارس، شرناخ، موش، بیتلیس، ئەرزروم، بینگۆل، سیرتو دەرسیمدا کراوەو لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا بڵاوکراوەتەوە[٢٦]، (٧٧٪)ی دەنگدەران دانانی قەیوم وەک دەستوەردانێک لە مافی دەنگدانو هەڵبژاردن لێکدەدەنەوە. هەروەها (٧٥.٥٪)ی دەنگدەران کە لایەنگری پارتە جیاوازەکانی تێدایە، دانانی قەیوم بە هەڵە دەزانن. دەنگدەران زۆرینەیان لە سەر ئەو بۆچوونەن، کە دانانی قەیوم کاریگەریی نەرێنیی هەیە، بە تایبەتی لە بوارەکانی وەک دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بۆ منداڵان بە زمانی دایکو چالاکییە کولتوورییەکان.

هەر بە گوێرەی توێژینەوەیەکی دەزگای سپێکترووم هاوس، کە لە نێوان (٣) بۆ (١٠)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٥)، لە (٢٦) پارێزگا لە سەرانسەری تورکیا، بە بەشداریی (١٨٠٠) کەسی تەمەن (١٨) ساڵ بەرەو سەر کراوە، نزیکەی (٧٥٪)ی هاوڵاتیانی کوردو نزیکەی نیوەی هاوڵاتیانی بە ڕەگەز تورک، دانانی قەیوم بە هەڵە دەزانن و ڕەتیدەکەنەوە[٢٧] .

## هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان

هەریەک لە ئاکپارتیو مەهەپە کە پێکهێنەری سەرەکیی هاوپەیمانیی کۆمارنو دەسەڵاتداری تورکیان، بە هەموو جۆرێک پشتیوانیی لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانو دانانی قەیوم لە جێگەیان دەکەنو وەک شانازییەک بۆ دەسەڵاتی دادوەریو وەزارەتی ناوخۆ لە "ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو گەندەڵی" وێنایدەکەن.

پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) یش وەک پارتێکی ئیسلامیی کوردی، هەرچەندە بەشێکە لە هاوپەیمانیی کۆمار، لەگەڵ ئەوەیشدا لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانو دانانی قەیوم ڕەتدەکاتەوەو بە پێشێلکردنی مافی خۆکاندیدکردنو دەستبەسەرداگرتنی ویستی دەنگدەرانی لەقەڵەمدەدات.

هەرچەندە جەهەپەو حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تریش بە توندی دژی لادانی سەرۆک_شارەوانییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی (٣١)ی ئاداری (٢٠٢٤)

بوون، بەڵام لە جارەکانی پێشوودا دژی ئەو پڕۆسەیە نەبوون. ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەم دژایەتییەیش لە دوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٤) بگەڕێتەوە بۆ ترسی جەهەپەو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەوەی کە قەیوم بەرۆکی سەرۆک_شارەوانییەکانی خۆیشیان دەگرێت. لە ڕاستیدا ئێستا هاوشێوەی سەرۆک_شارەوانییەکانی دەمپارتی، ئەوانەی جەهەپەیش لادەبرێنو قەیوم لە جێگەیان دادەنرێت، بەڵام سەرۆک_شارەوانییەکانی دەمپارتی بە تۆمەتی "پشتیوانیو ئەندامیەتیی گرووپی تیرۆریستی"و ئەوانەی جەهەپە بە تۆمەتی "گەندەڵی، بەرتیلو کاری نایاسایی لە تەندەری پرۆژەکاندا" لادەبرێن.

لەلای خۆیشیەوە، دەمپارتی بە هەموو جۆرێک دژی دانانی قەیومەو بەردەوام بە ڕێکاری مەدەنی لە "بەیاننامەی نارەزایەتی، تانەدان لە بڕیارەکانی دادگاو وەزارەتی ناوخۆ لە دادگای دەستووری، خۆپیشاندانو نارەزایەتی" هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی جێبەجێکردنی قەیوم دەدات.

## ئەنجام

دانانی قەیوم وەک پراکتیکێک لە سەر بنەمای "سەرلەنوێ ناوەندگەرایی" لەو شارانە جێبەجێدەکرێت، کە کورد بە چڕی تێیدا دەژی. ئەم پراکتیزەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەو شارەوانییانەی ئاکپارتی ناتوانێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەدەستیانبهێنێت، لە ڕێگەی دەسەڵاتی دادوەریو هێزی ئەمنییەوە کۆنترۆڵیاندەکات.

**هەریەک لە ئاکپارتیو مەهەپە، کە پێکهێنەری سەرەکیی هاوپەیمانیی کۆمارنو دەسەڵاتداری تورکیان، بە هەموو جۆرێک پشتیوانیی لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانو دانانی قەیوم لە جێگەکەیان دەکەنو وەک شانازییەک بۆ دەسەڵاتی دادوەریو وەزارەتی ناوخۆ لە "ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو گەندەڵی"دا وێنایدەکەن**

بە هۆی دانانی قەیومەوە گەندەڵیی زۆر لەو شارەوانییانە بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوەی قەیوم ناترسێت لە دووبارە دەنگپێنەدانەوەی، تەنانەت دڵنیایە لەوەی کە لە هەڵبژاردنی ئایندەدا کاندید نابێت بۆ شارەوانیی ئەو شارەو ئەگەر کاندیدیشبکرێت، سەرکەوتن بەدەستناهێنێت، هەر بۆیە لە خزمەتکردنی هاوڵاتیاندا وەک پێویست ئەرکی خۆی جێبەجێناکات. لە هەمان کاتدا بەڕێوەبردنی سەرۆکایەتیی شارەوانی وەک ئەرکی دوهەم خراوەتە ئەستۆی قەیوم، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو کەسە پۆستی پارێزگار یان قائیمقامی بە دەستەوەیە، بۆیە دەرفەتی پێویستی نابێت

بۆ بەدواداچوونی کارەکانی شارەوانی، ئەمەیش دەبێت بە هۆی خاوبوونەوەی کارەکانو پەرەسەندنی گەندەڵی.

ئەنجامێکی دانانی قەیوم بریتییە لە پەکخستنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بە تایبەتی داخستنی باخچەی منداڵانو دامەزراوە پەروەردەییە هاوشێوەکان، کە لەلایەن شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانەوە کراونەتەوە، کە بایەخ بە فرەزمانیو پەناگەکانی ژنانو خزمەتگوزارییەکانی تر بۆ ژنانو منداڵانو خێزانەکان دەدەن، کە لە مەترسیدان.

جگە لەمانەیش، لەبەرئەوەی قەیوم بە بڕیارێکی دەسەڵاتی ناوەندی پۆستەکەی وەرگرتووە نەک بە دەنگی هاوڵاتیان، لەبەرئەوە ملکەچی بۆ دەسەڵاتی ناوەندی دەبێت لە بری ملکەچی بۆ دەنگدەران.

لە لایەکی ترەوە ئەو شارەوانییانەی قەیومی بۆ دانراوە، زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی، سەر بە دەمپارتین، هەر بۆیە ڕکابەرییەکی هێندە توند لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنو قەیومدا دێتەکایەوە، لە پراکتیکدا هەتا ئاستی دوژمنایەتیی سارد سەردەکێشێت، ئەمەیش دواجار بە پەککەوتنی زیاتری کاروبارەکانی شارەوانی کۆتاییدێت.

دواجار لابردنی سەرۆکی شارەوانییەکانی دەمپارتیو جەهەپەو دانانی قەیوم لە جێیانو بەردەوامیی پرۆسەکە، هاوکاتە لەگەڵ دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت باخچەلی بۆ چەکدانانی پەکەکەو بانگەوازەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە بۆ "چەکدانانی ئەو حیزبەو خۆهەڵوەشاندنەوەی"، ئەمەیش وادەکات دانانی قەیوم یەکێک بێت لە بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتیو پێویستە بە زووترین کات لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێکاری گێڕانەوەی سەرۆکی شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان بگیرێتەبەر.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا دانانی قەیوم لە بری ترساندنو ساردکردنەوەی خەڵک لە دەنگدانی بە کاندیدانی دەمپارتی وەک دەسەڵات ئومێدی لە سەر هەڵچنیوە، بە پێچەوانەوە بووە بە هۆی عینادیی زیاتری هاوڵاتیانو لە هەر هەڵبژاردنێکدا ژمارەی شارەوانییە بەدەستهاتووەکانی هەدەپە/ دەمپارتی ئەگەر زیادینەکردبێت، ئەوا کەمیشینەکردووە.

---

1-https://bianet.org/haber/yerel-secimlerde-partiler-ve-kazandiklari-belediye-baskanliklari-113476
https://secim.hurriyet.com.tr/30-mart-2014-yerel-secimleri/bdp-yerel-secim-sonuclari/
https://secim2019.sozcu.com.tr/secim2019/hdp_12
https://secim.hurriyet.com.tr/31-mart-2024-yerel-secimleri/dem-parti-yerel-secim-sonuclari/
https://www.rudaw.net/turkish/middleeast/turkey/010420243
2- Dw Türkçe, Son 10 yılda 147 belediye başkanı görevden alınarak yerlerine kayyum atandı. Peki bu

Yayinlar/Dosya/0e96a18f-24e8-41dd-ae87-18e19e3f4eb9.pdf, 25.02.2025
9-TBMM, Türkiye Cumhuriyeti Anayasası ve Türkiye Büyük Millet Meclisi İçtüzüğü, Ağustos 2020, S 86-89 chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://cdn.tbmm.gov.tr/TbmmWeb/Yayinlar/Dosya/0e96a18f-24e8-41dd-ae87-18e19e3f4eb9.pdf, 25.02.2025,
10-TBB, Avrupa Yerel Yönetimler Özerklik Şartı, 13.07.2021, https://www.tbb.gov.tr/Tr/icerik_avrupa-yerel-yonetimler-ozerklik-sarti_47, 24.02.2025
11-Doç. Dr. Abdullah Taştekin (2020), Avrupa Yerel Yönetimler Özerklik Şartı'na Türkiye'nin Koyduğu Çekincelerin Yeniden Değerlendirilmesi, Uluslararası Yönetim Akademisi Dergisi, Cilt: 3, Sayı: 3, S.594, chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://dergipark.org.tr/en/download/article-file/1348072, 24.02.2025
12-BBC News Türkçe, 31 Mart 2024 seçimlerinden bu yana kaç belediyeye kayyum atandı?, 24.02.2025, https://www.bbc.com/turkce/articles/cq6ge85y5ylo, 25.02.2025
13-Secim CNNTURK, 31 Mart 2024 Yerel Seçimleri, 31.03.2024, https://secim.cnnturk.com/31-mart-2024-yerel-secimleri/van-ili-yerel-secim-sonuclari/, 23.02.2025
14-TV100, Hakkari Belediyesi'ne Kayyum Atandı, 03.06.2024, https://www.youtube.com/watch?v=lP_ufKZKBYw, 25.02.2025
15-Sayım Harmancı, Hikmet Temeş, AA, Hakkari Belediye Başkanlığı görevinden uzaklaştırılan Akış'a 19 yıl 6 ay hapis cezası verildi, https://www.aa.com.tr/tr/

kayyum atamalarının hukuki dayanağı var mı?, 04.11.2024, https://www.dw.com/tr/ge%C3%A7mi%C5%9Ften-bug%C3%BCne-kayyum-uygulamas%C4%B1-ne-kadar-hukuki/a-70685552, 25.02.2025
3-Baykara Hukuku, KHK Açılımı Nedir? Ne Demektir?, https://www.baykara.av.tr/blog-khk-acilimi-nedir-ne-demektir-kanun-hukmunde-kararname-nedir-13, 02.02.2025
4-Dw Türkçe, Son 10 yılda 147 belediye başkanı görevden alınarak yerlerine kayyum atandı. Peki bu kayyum atamalarının hukuki dayanağı var mı?, 04.11.2024, https://www.dw.com/tr/ge%C3%A7mi%C5%9Ften-bug%C3%BCne-kayyum-uygulamas%C4%B1-ne-kadar-hukuki/a-70685552, 25.02.2025
5-Resmigazete.gov, Olağanüstü Hal Kapsaminda Bazi Düzenlemeler Yapilmasi
Hakkinda Kanun Hükmünde Kararname, 01.09.2016, https://www.resmigazete.gov.tr/eskiler/2016/09/20160901M2-2.htm, 25.02.2025
6-AA, CHP'den Anayasa Mahkemesine başvuru, 14.03.2018, https://www.aa.com.tr/tr/politika/chpden-anayasa-mahkemesine-basvuru-/1088575, 25.02.2025
7-Resmigazete, Belediye Kanunu, 03.07.3005, https://www.resmigazete.gov.tr/eskiler/2005/07/20050713-6.htm, 26.02.2025.
8-TBMM, Türkiye Cumhuriyeti Anayasası ve Türkiye Büyük Millet Meclisi İçtüzüğü, Ağustos 2020, S 89chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://cdn.tbmm.gov.tr/TbmmWeb/

gundem/hakkari-belediye-baskanligi-gorevinden-uzaklastirilan-akisa-19-yil-6-ay-hapis-cezasi-verildi/3241021, 05.06.2024

16-HaberTürk, Beykoz Belediye Başkanı Alaattin Köseler Gözaltına Alındı!, 26.02.2025, https://www.youtube.com/watch?v=wNyVrSjpcjY, 28.02.2025.

17-AA, Abdullah Zeydan'a verilen 3 yıl 9 ay hapis cezasının gerekçeli kararı açıklandı, 21.02.2025, https://www.aa.com.tr/tr/gundem/abdullah-zeydana-verilen-3-yil-9-ay-hapis-cezasinin-gerekceli-karari-aciklandi/3489312, 22.02.2025

18-Medyascope, Eski HDP milletvekili Abdullah Zeydan tahliye edildi, 06.01.2022, https://medyascope.tv/2022/01/06/eski-hdp-milletvekili-abdullah-zeydan-tahliye-edildi/, 22.02.2025

19-Tr.Euronews, Van Büyükşehir Belediyesi'ne kayyum atandı, 15.02.2025, https://tr.euronews.com/2025/02/15/van-buyuksehir-belediyesine-kayyum-atandi, 22.02.2025

20-BBC Türkçe, 31 Mart 2024 seçimlerinden bu yana kaç belediyeye kayyum atandı?
,15.02.2025,https://www.bbc.com/turkce/articles/cq6ge85y5ylo, 25.02.2025

21-TBMM, Türkiye Cumhuriyeti Anayasası ve Türkiye Büyük Millet Meclisi İçtüzüğü, Ağustos 2020, S 86-89 chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://cdn.tbmm.gov.tr/TbmmWeb/Yayinlar/Dosya/0e96a18f-24e8-41dd-ae87-18e19e3f4eb9.pdf, 25.02.2025,

22-OHCHR, International Covenant on Civil and Political Rights, 16.12.1966, https://www.ohchr.org/en/instruments-mechanisms/instruments/international-covenant-civil-and-political-rights

23-İnsanhaklarimerkezi, Medeni ve Siyasi Haklara İlişkin Uluslararası Sözleşme, 15.08.2000, https://insanhaklarimerkezi.bilgi.edu.tr/tr/content/117-medeni-ve-siyasi-haklara-iliskin-uluslararas-sozlesme/#:~:text=%C4%B0nsan%20Haklar%C4%B1%20Komitesi'ne%20ili%C5%9Fkin,say%C4%B1l%C4%B1%20Resmi%20Gazete'de%20yay%C4%B1mlanm%C4%B1%C5%9Ft%C4%B1r., 25.02.2025

24-TBMM, Medenî ve Siyasî Haklara İlişkin Uluslararası Sözleşmenin Onaylanmasının Uygun Bulunduğuna Dair Kanun Tasarısı ve Dışişleri Komisyonu Raporu (1/589), 29.05.2003, chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://www5.tbmm.gov.tr/tutanaklar/TUTANAK/TBMM/d22/c016/tbmm22016089ss0150.pdf, 25.02.2025

25-TBMM, Türkiye Cumhuriyeti Anayasası ve Türkiye Büyük Millet Meclisi İçtüzüğü, Ağustos 2020, S 86-89 chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://cdn.tbmm.gov.tr/TbmmWeb/Yayinlar/Dosya/0e96a18f-24e8-41dd-ae87-18e19e3f4eb9.pdf, 25.02.2025,

26-Spectrumhouse, Yerel Hizmetler Ve Kayyum Raporu, Ağustos 2023, https://spectrumhouse.com.tr/yerel-hizmetler-ve-kayyum-raporu/, 25.05.2025

27-pectrumhouse, Türkiye Geneli Kayyum Algısı, Şubat 2025, https://spectrumhouse.com.tr/turkiye-geneli-kayyum-algisi/, 01.03.2025

# سانسۆرکردنی نوسینو بەرهەمەکانی دوو نوسەری گەورەی کورد

## (دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەتو مەولانازادە ڕەفعەت)

بەشی دووەم

د. سامان مستەفا ڕەشید

**١. کورتەیەک لە بارەی ژیانو چالاکیی سیاسی، ئەدەبیو چاپەمەنی عەبدوڵڵا جەودەتەوە (١٨٦٩-١٩٣٢)**

عەبدوڵڵا جەودەتی پزیشکی چاو، بیریار، شاعیر، نوسەر، وەرگێڕو یەکێک لە پێشڕەوانی تەوژمی ڕۆژئاوایگەرایی لە کۆتا سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، لە ساڵی (١٨٦٩ز) لە عەرەبگیری سەر بە مەعمورەتولعەزیز (ئێلازیغ) لەدایکبووە[١]. ناوبراو کوڕی خێزانێکی کوردە، کە بە کوڕەکانی عومەر (Ömeroğulları) ناسراون[٢]. عومەر وەسفی ئەفەندی؛ باوکی عەبدوڵڵا جەودەت، لە بەتالیۆنی یەکەمی دیاربەکر کاتب بووە[٣]. خوێندنی سەرەتایی لە لای باوکیو مامی، کە پێشنوێژ بووە، وەرگرتووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی لە هۆزاتو عەرەبگیر لە قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازیی مەعمورەتولعەزیز تۆمارکراوەو وەرگیراوە، لە (٨)ی حوزەیرانی (١٨٨٥ز) لەم قوتابخانەیە دەرچووەو چووەتە ئامادەیی پزیشکیی سەربازیی کولەلی لە ئەستەنبوڵ، دوای ئەوەی ماوەی سێ ساڵیش لەم قوتابخانە خوێندوویەتی، توانیویەتی بە سەرکەوتوویی تەواویبکات، دواتر چووەتە فێرگەی پزیشکیی سەربازیی شاهانە (Mekteb-i Tıbbiye-i Askeriye-yi Şahane)[٤].

لەم سەروبەندەدا، عەبدوڵڵا جەودەت بە کاریگەربوون بە چەند شاعیرێکی جیاواز دەست بە شیعرنوسین دەکات، هەتا شیعرێکی پەسنو پیاهەڵدان (نەعت شەریف) بە باڵای پێغەمبەر (د. خ)، دەنوسێت. لە سەرەتای دەستکردنی بە خوێندن لە فێرگەی پزیشکیی سەربازیی شاهانە لە ئەستەنبوڵ، عەبدوڵڵا جەودەت هێشتا کەسێکی وابەستە بووە بە ئاینی ئیسلامەوە، بە پێی گوزارشتی هاوڕێکانی، ناوبراو لە ناو هاوڕێکانیدا وەک قوتابییەک، کە ئەرکە ئاینییەکانی بەجێگەیاندووە، ناسراوە[٥].

ئەگەرچی عەبدوڵلا جەودەت بە هۆی کاریگەربوونی بە پەروەردەی ئایینی خێزانەکەی وەک کەسێکی پەیوەست بە ئایینی ئیسلامەوە دێتە ئەستەنبوڵ، بەڵام لەبەرئەوەی لە ماوەی خوێندنی ناوبراو لە فێرگەی پزیشکیی سەربازیی شاهانە لە (١٨٨٩-١٨٩٤ز)، بیری ماتریاڵیزمی زانستیی فەرەنسیو ئەڵمانی، ماتریاڵیزمی بایلۆژی، بیری داروینیزمو پۆزەتیڤیزم زۆر زاڵبووە بە سەر کەشی فێرگەکەدا، لە کۆتاییدا ناوبراویش کەوتووەتەژێر کاریگەریی تەوژمی فیکریی ماتریاڵیزمی بایلۆژییەوە. ئەوەی وایکردووە ئەم گۆڕانە فیکرییە لە عەبدوڵلا جەودەتدا ڕوبدات، ئیبراهیم تەمۆی هاوپۆلی بووە. ئیبراهیم تەمۆ یەکێک بووە لە هاوپۆلەکانی عەبدوڵلا جەودەت لە فێرگەی پزیشکیو دامەزرێنەری کۆمەڵەی "ئیتیحادی ئیسلام"و "کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی" بووە، بە جۆرێک ئیبراهیم تەمۆ چەند پەرتووکێکی لە بارەی کیمیا، بایلۆژیو سایکۆلۆژی داوە بە عەبدوڵلا جەودەت، کە لەلایەن ماتریاڵیستە ئەوروپییەکانی لە نموونەی ئیسنارد (Isnard)و بۆشنەر (Büchner) نوسراون[٦].

لە ئاکامدا، عەبدوڵلا جەودەت کاریگەردەبێت بە بیری ماتریاڵیزمی بایلۆژیو لە ساڵی (١٨٩٠ز) بەشێکی پەرتووکی ماددەو هێز (Kraft und Stoff) ی زانای ئەڵمانی؛ لودویگ بۆشنەر، کە تێیدا بیری ماتریاڵیزمی بایلۆژی بە زمانێکی سادەی وەها، کە خەڵکی ئاسایی بتوانێت لێیتێبگات، خستبووەڕوو. لە ئەوروپا بووبووە جێگەی سەرنجی زۆرێک لە خەڵکی، بە ناوی (Fizyolociya-i Tefekkür) بۆ زمانی تورکی وەرگێڕدراوە[٧].

ئیدی لێرە بە دواوە، عەبدوڵلا جەودەت زیاتر دەکەوێتەژێر کاریگەریی ئەم تەوژمە فیکرییەوە. یەکێکی تر لەو کتێبانەی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بیری ناوبراو داناوە، کتێبی (Spiritualisme et Matérialisme)ی نوسەر (Félix Isnard) بووە، کە دیارترین تایبەتمەندیی ئەم دانراوە بریتی بووە لەوەی کە ئایینی وەکو ئاستەنگێک لە بەردەم بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە بینیوە. لەوەیش زیاتر، عەبدوڵلا جەودەت کەوتووەتەژێر کاریگەریی هەریەکە لە (Karl Vogt, Ernest Haeckel ve Spencer). هەر لە ژێر کاریگەریی بیری ماتریالیزمی بایلۆژیدا، ناوبراو کتێبەکانی دەماغ (Dimâğ)، فیزیۆلۆجیاو پاراستنی تەندروستیی دەماغ (Fizyolociya ve Hıfz-ı Sıhhat-i Dimâğ)و توانا عەقڵییەکان (Melekât-ı Akliyye)ی بڵاوکردووەتەوە، ئەم پەرتووکانە تیشکیاندەخستەسەر بیری ماتریاڵیزمی بایلۆژیو ئەرکەکانی مێشک، کە لەو سەردەمەدا تەوژمێکی فیکریی باو بوون. عەبدوڵلا جەودەت لە سەر هەمان بابەت لە هەریەکە لە گۆڤارەکانی (Maârif, Musavver Cihan ve Resimli Kitap)دا بابەتی نوسیوە[٨].

ئەو گۆڕانکاریيانەی لە بیری ئايينی عەبدوڵڵا جەودەتدا ڕوياندا لە فێرگەی پزيشكيی سەربازی، وايانكردووە گۆڕانكاريی گەورە لە بیركردنەوەی سياسيشيدا بێتەكايەوە. عەبدوڵڵا جەودەت لەگەڵ هەریەکە لە ئیبراهیم تەمۆ، ئیسحاق سکوتی، حوسەينيزادە عەلی‌و محەمەد ڕەشیددا لە ساڵی (١٨٨٩ز) كۆمەڵەيەكيان بە ناوی ئیتیحادی عوسمانیە (İttihad-ı Osmani Cemiyeti)وە لە دژی حكومەتی ئۆتۆكراتيی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دامەزراند. دوای چەند ساڵێكی كەم ئەم كۆمەڵەيە بوو بە كۆمەڵەی "ئيتيحادو تەرەقی". كۆمەڵەكە سەرەتا هيچ بەرنامەيەكی سیاسیی نەبوو، بەڵكو ئامانجيان پەروەردەكردنی مسوڵمانان بوو بە بیرۆكەی لیبراڵی‌و كولتووری ڕۆژئاوايی. كۆبوونەوەكانی كۆمەڵەكە لە ژوورەكەی عەبدوڵڵا جەودەتدا كراون. لەوەيش زياتر، بەرنامەو مانيفێستی كۆمەڵەكە لەلايەن خودی عەبدوڵڵا جەودەتەوە نوسراوە، ئەمەيش دەكرێت بەڵگەيەكی ڕوون بێت لە سەر ڕۆڵ‌و پێگەی گرنگی عەبدوڵڵا جەودەت لە كۆمەڵەكەدا. هەر ئەمەيش وايكردووە ناوبراو بە هۆی ئەو چالاكييە سياسيانەيەوە چەند جارێک لەلايەن ئیدارەی فێرگەكەيەوە دەستبەسەركراوەو خراوەتە زيندانەوە لە فێرگەكەدا، عەبدوڵڵا جەودەت لە ساڵی (١٨٩٤ز)دا ئەو فێرگەيەی تەواوكردووە.

دواتر بووە بە پێشڕەوی بەرگریكاران لە ئازادی لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا[٩].

عەبدوڵڵا جەودەت، لە پاڵ چالاكییە فیكری‌و سیاسییەكانیدا، دەستبەرداری ئەدەبیاتیش نەبووبوو، لە بواری شیعرو ئەدەبیاتدا ئەسپی خۆی تاوداوەو چەندین بەرهەمی ئەدەبی پێشكەشی كتێبخانەی عوسمانی كردووە. بە جۆرێک عەبدوڵڵا جەدەت، دوای ناسینی عەبدولحەق حامیدو بە هاندانی ناوبراو بۆ یەكەمین جار لە ساڵی (١٨٩٠ز) شیعرەكانی لە كتێبێكی بچووكدا بە ناوی "هیچ"ەوە بڵاوكردووەتەوە، لە هەمان ساڵدا (تربە معصومیت)ی بڵاوكردووەتەوە، لە ساڵی (١٨٩١ز) دیوانی (طلوعات)و (رمضان باغچلری)ی بڵاوكردووەتەوە، لە ساڵی (١٨٩٤ز) (معصومیت)ی بڵاوكردووەتەوە. عەبدوڵڵا جەودەت لەم بەرهەمانەيدا لە ژێر كاریگەریی هەریەكە لە نامیق كەمال، ڕەجایزادە ئەكرەم، عەبدولحەق حامیدو خالید زیادا بووە، هەروەها مەنەمەنلیزادە تاهیر ڕۆڵی لە تێگەیشتنی عەبدوڵڵا جەودەتدا بۆ ئەدەب هەبووە. لە سەر ئاستی ئەدەبیاتی جیهانییش عەبدوڵڵا جەودەت كاریگەر بووە بە هەریەكە لە ئەندریە چێنیر (Andre chenier)، موسێ (Musset)، لامارتین (Lamatine)و فرانچیوس چوپێ (François Coppee)، لە ئەدەبیاتی ئێرانییشدا كاریگەر بووە بە خەیام، لە ئەدەبی ئینگلیزییشدا كاریگەر بووە بە شكسپیرو بایرۆن[١٠].

عەبدوڵڵا جەودەت دوای تەواوکردنی فێرگەی پزیشکیی سەربازیی شاهانە لە ساڵی (١٨٩٤ز)، وەکو یاریدەدەری دکتۆر دیران عەجەمیان لە خەستەخانەی حەیدەرپاشا بە ناونیشانی یاریدەدەری پزیشکیی چاو دامەزرا. لە مانگی تشرینی دوهەمی ساڵی (١٨٩٤ز) بە ئەرکێکی کاتیو بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی کولێرا بۆ دیاربەکر نێردرا. لەوێدا لە پاڵ بەجێهێنانی ئەرکەکەی، کاری بۆ زیادکردنی ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتیحادی عوسمانی کردووەو توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر ئەندام بۆ کۆمەڵەکە زیادبکات، لە ناویشیاندا زیا گۆگئاڵپ. هەر لەو ماوەیەدا کتێبی (Natur und Geist)ی بۆشنەری لە ژێر ناونیشانی (Goril) لە ساڵی (١٨٩٤ز) بڵاوکردووەتەوە[١١].

**ئەگەرچی عەبدوڵڵا جەودەت بە هۆی کاریگەربوونی بە پەروەردەی ئایینی خێزانەکەیەوە وەک کەسێکی پەیوەست بە ئایینی ئیسلامەوە دێتە ئەستەنبوڵ، بەڵام لە ماوەی خوێندنی لە فێرگەی پزیشکیی سەربازیی شاهانە لە (١٨٨٩-١٨٩٤ز) کەوتووەتەژێر کاریگەریی تەوژمی فیکریی "ماتریاڵیزمی بایلۆژی"یەوە**

لە کاتی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا جەودەتدا بۆ ئەستەنبوڵ، باردۆخی سیاسیی ئەو شارە بە هۆی ڕووداوی ئەرمەنییەکانەوە زۆر گرژو ئاڵۆز بووە، دوای ئەو ڕووداوانە عەبدوڵڵا جەودەتیش دەستی بە نوسینی بڵاوکراوەو بەیاننامە کردووە. چالاکییەکانی ناوبراو لەم ماوەیەدا سەرنجی دەوڵەت بۆ خۆی ڕادەکێشێتو بە مەبەستی دوورخستنەوەی لە ئەستەنبوڵ بە پزیشکی بەتالیۆنی یەدەگی (ئادەپازاڕ) دادەمەزرێنرێت، بە هۆی نەچوونی بۆ سەر ئەو ئەرکەیو لێپێچینەوەکردن لەگەڵیدا لە سەر بەیاننامەکانی بە (ارباب فساد) تاوانباردەکرێتو لەگەڵ سیودوو هاوڕێیدا دەستبەسەردەکرێت[١٢].

عەبدوڵڵا جەودەت لە ساڵی (١٨٩٥ز) تەوقیفکراوە، پاشان لەگەڵ ژمارەیەک دەستبەسەری تردا بۆ تەرابلوسی غەرب (لیبیا) دوورخراوەتەوە. ناوبراو لە نەخۆشخانەی سەربازی لە تەرابلوسی غەرب بە دکتۆری چاو دامەزراوە. لە تەرابلوسی غەربیشدا وەک ئەندامی ئیتیحادو تەرەقی بەردەوامبووە لە کارکردن، عەبدوڵڵا جەودەت لە ساڵی (١٨٩٧ز) لە تەرابلوسی غەربەوە بۆ تونسو لەوێیشەوە بۆ فەرەنسا هەڵهاتووە. لە جنێف لەگەڵ هەریەکە لە ئیسحاق سکوتیو تونەلی حیلمیدا پێکەوە گۆڤارێکیان بە ناوی عوسمانلی (Osmanlı) دەرکردووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناوبراو لەو ماوەیەشدا چەند بەرهەمێکی تری بڵاوکردووەتەوە، لە نموونەی (فنونو فلسفە - Fünun

(ve felsefe) لە (١٨٩٧ز)، بڕێک لە شیعرەکانی کۆکردووەتەوە بە ناوی (قهریات - Kahriyat)، کتێبی شیعری (ایکی امل - İki Emel) لە ساڵی (١٨٩٨ز) دا، لە ساڵی (١٨٩٦ز) (Guillaume Tell) ی لە شیعری شیلەری وەرگێڕاوە، لە ساڵی (١٨٩٧ز) کتێبی (Della Tiranni) ی ئەلفرێدی بە ناوی (استبداد)ەوە وەرگێڕاوە، لە ساڵی (١٨٩٨ز) مەنزومێکی شکسپیری بە ناوی ئۆدێ (Ode)وە وەرگێڕاوەو پاشان بڵاویکردووەتەوە[١٣]. لەگەڵ ئەوانەیشدا، عەبدوڵڵا جەودەت نوسینەکانی بە ناوی "کوردێک"ەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی وەک (قانون اساسی) کە لە میسر، (صدای ملت) کە لە ڕۆمانیاو ڕۆژنامەی (کردستان) کە لە جنێڤو لەندەن دەردەچوون، بڵاودەکردەوە[١٤].

یەکێکی تر لە پرۆژە ڕۆژنامەوانیو فیکرییەکانی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت بریتی بووە لە دەرکردنی گۆڤاری (اجتهاد) وەک گۆڤارێکی زانستی، سیاسیو ئەدەبی. یەکێک بووە لە درێژترین پرۆژە ڕۆژنامەوانییەکانی، کە لە ئەیلولی (١٩٠٤) هەتا کانوونی یەکەمی (١٩٣٢) بەردەوامبووە. ئەم گۆڤارە بە کۆیگشتی لەو ماوەیەدا (٣٥٨) ژمارەی لێدەرکردووە، بە زمانەکانی تورکیو فەرەنسی بابەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە. لە سەرەتا گۆڤارێکی مانگانە بووە، دواتر بووە بە پازدە ڕۆژ جارێک. لە ژمارە پەنجاوە بووە بە هەفتانە، دیسانەوە لە ژمارە (١٧٦-٢٦٥) بووەتەوە بە پازدە ڕۆژ جارێک، واتە ماوەی بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە لە نێوان پازدە ڕۆژ جارێک بۆ هەفتانە لە گۆڕاندا بووە. ژمارە (١-٩) لە جنێڤ، دواتر (١٠-٢٣) لە قاهیرە، ژمارە (٢٤-٣٥٨) لە ئەستەنبوڵ چاپو بڵاوکراوەتەوە[١٥].




**Figure ١ بەرگی گۆڤاری (اجتهاد)**




**Figure ٢ بەرگی گۆڤاری (اجتهاد)**

**٢. سانسۆرکردنی بڵاوکراوەو بەرهەمەکانی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت**

دوای گەڕان و پشکنینی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی، وادەردەکەوێت چەند دانراوو بەرهەمێکی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت سانسۆرکراوە، بە بڕیاری فەرمیی دەوڵەتی عوسمانی هێنانەناوەوەی بۆ ناو قەڵەمڕەویی دەوڵەتەکە قەدەغەو یاساغکراوە. دیارترین ئەو بەرهەمانەی بریتی بوون لە (اجتهاد، قهریاتو تاریخ اسلامیت). هەوڵدەدەین لەبەر ڕۆشنایی زانیاریی ناو بەڵگەنامە فەرمییەکان، بە کورتی لە بارەی چۆنیەتیی سانسۆرکردنی ئەم بەرهەمانەوە بوەستین.

**ا. قەدەغەکردنی نامیلکەی (اجتهاد) لە ساڵی (١٩٠٤ز)**

یەکێک لەو بەرهەمانەی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە سانسۆرکراوە، ئەو نامیلکەیە بووە، کە مانگی جارێک یەک نوسخەی بە تورکیو فەڕەنسی لە ژێر ناوی (اجتهاد)دا لە شاری جنێف لە سویسرا بڵاوکردووەتەوە.

بە پێی نوسراوێکی فەرمیی وەزارەتی پۆستەو تەلەگرافی دەوڵەتی عوسمانی، کە بە واژۆی وەزیری تەلەگراف، بە ژمارە (٤٥٠) لە ڕێکەوتی (٢٩)ی ئەیلوولی (١٩٠٤ز) بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، تێیدا هاتووە، کە نامیلکەی (اجتهاد)، کە مانگی جارێک بە زمانی تورکیو فەڕەنسی لە جێنف لەلایەن دکتۆر عەبدوڵلا جەودەتەوە بڵاودەکرێتەوە، ئەم جارە لە نوسخەی ژمارە یەکیدا دەرکەوتووە، لە چاپکراوە زیانبەخشەکانە، بۆیە وەزارەتی تەلەگراف گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستەی ئاگادارکردووەتەوە، کە ڕێگە بە پۆستکردنی نەدرێت (واتا نەهێڵرێت بێتەناو دەوڵەتی عوسمانییەوە)[١٦].

شایەنی باسە، لە ڕێکەوتی یەکی تشرینی یەکەمی (١٩٠٤ز) فەرمانی سوڵتانی بە نوسراوی ژمارە (٥٢٢٧)ی دائیرەی باش_کاتبو بە واژۆی تەحسین پاشای (سرکاتب حضرت شهریاری/ قەڵەمی تایبەتی سوڵتان) بۆ قەدەغەکردنی هێنانەناوەوەی نامیلکەی (اجتهاد)ی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت بۆ ناو مەملەکەتی عوسمانی دەرچووە[١٧].

دواتر لە ڕۆژی (٢)ی تشرینی یەکەمی (١٩٠٤ز) لەلایەن دائیرەی کاروباری ناوخۆوە لە سەرۆکایەتیی حکومەت (سەدارەت)، بە پشتبەستن بە فەرمانی سوڵتانی، فەرمانی قەدەغەکردنی نامیلکەی (اجتهاد)ی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت بۆ هەریەکە لە "وەزارەتەکانی دەرەوە، مەعاریفو دائیرەی چاپکراوە ناوخۆییەکانو دائیرەی ڕسومات" گشتێنراوە، داوایلێکردوون لە بارەی فەرمانی قەدەغەکردنەکەوە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر[١٨].





**Figure3** فەرمانی سوڵتانی بۆ قەدەغەکردنی نامیلکەی (اجتهاد)ی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت، کە لە جنێف بە تورکیو فەڕەنسی بڵاویکردووەتەوە.

### ب. قەدەغەکردنی هێنانەناوەوەی کتێبی (قهریات)ی عەبدوڵلا جەودەت

قەهریات بریتی بووە لە کۆکراوەی ژمارەیەک لە شیعرەکانی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت، کە لە ساڵی (١٨٩٧ز) چاپو بڵاویکردووەتەوە. بە پێی زانیارییەکانی ناو نوسراوێکی فەرمی، کە واژۆی وەزیری ناوخۆی لە سەرە، بە ژمارە (٢٤) لە دائیرەی کاروباری ناوخۆی بابی عالییەوە لە ڕێکەوتی (٢٣)ی نیسانی (١٩٠٨ز) بۆ وەزارەتی مەعاریف نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە کتێبی قەهریات، کە گوایە نامیلکەیەکی هۆنراوە (مەنزوم)ی تورکیی کەسێکە بە ناوی عەبدوڵلا جەودەتو لە ڕێگەی پۆستەوە لە میسرەوە هێنراوەتەناو دەوڵەتی عوسمانییەوە،

دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە لە نوسخەیەکی کراوە، دەرکەوتووە، کە ئەم ورێنەنامە (هذياننامه)یە، بڕیاری قەدەغەکردنی یەکجارەکی‌و بردنی ئەو نامیلکە بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی‌و بڵاوکردنەوەی تێیدا بە وەزارەتی تەلەگراف ڕاگەیەنراوە، داوا لە وەزارەتی مەعاریفیش کراوە، کە کاری پێویست لەو بارەیەوە بکەن[١٩]. کەواتە بە پێی ئەم نوسراوە فەرمییە، هەم کتێبەکە بە (هذياننامه) دراوەتەقەڵەم، هەمیش بە شێویەکی یەکجارەکی بردنی بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی‌و بڵاوکردنەوە تێیدا قەدەغەکراوە.

### ج. قەدەغەکردنی کتێبی (تاریخ اسلامیت)، کە لەلایەن دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەتەوە وەرگێڕدراوە


ئەم پەرتووکە لە بنەڕەتدا، لەلایەن نوسەری دانیمارکیی دۆزی (Reinhardt Dozy)ی لەژێر ناوی (Essai sur l'Histoire de l'Islamisme) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا نوسراوە، بۆ یەکەمین جار لەلایەن دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەتەوە بۆ زمانی عوسمانی وەرگێڕدراوەو لە ژێر ناونیشانی (Tarih-i İslamiyet) بە دوو بەرگ‌و لە ساڵی (١٩٠٨) لە چاپخانەی (اجتهاد) لە وڵاتی میسر چاپ‌و بڵاوکراوەتەوە. بە هۆی ئەوەی نوسەری ئەم کتێبە، بە شێوەیەکی توند ڕەخنەی لە پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) گرتووە، بڵاوکردنەوەی هەڵچوونێکی وەها گەورەی لە ناوەندی ڕۆشنبیریی عوسمانیدا دروستکردووە، کە دکتۆر شوکرو هانیئۆغلۆ (Dr.Şükrü Hanioğlu) پێیوابێت، کە ئەو کاردانەوەیەی لە دژی کتێبی (تاریخ اسلامیت)دا نیشاندراوە، هەتا ئەو سەردەمە لە ناو ڕایگشتیی عوسمانیدا وێنەی نەبووە[٢٠].

### ئەو گۆڕانکارییانەی لە بیری ئایینیی عەبدوڵڵا جەوودەتدا ڕوویاندا لە فێرگەی پزیشکیی سەربازی، و ایانکردووە گۆڕانکاریی گەورە لە بیرکردنەوەی سیاسیشیدا بێتەکایەوە

ناڕەزایەتییەکان لە دژی ئەم کتێبە فۆرمێکی جددییان وەرگرتووە، لەلایەن کەسایەتی‌و دامەزراوەکانی دەوڵەتییەوە سکاڵا لە دژی ئەم کتێبە تۆمارکراوە. دەکرێت لەم بارەیەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەین؛ لە (٣٠)ی کانوونی دوهەمی (١٩٠٩ز) کەسایەتییەکی خەڵکی ئیزمیر بە ناوی "موفەتیشزادە ئیسماعیل فەخرەدین"، کە دەرچووی ڕێگەپێدراوی موعەلیمخانە بووە، سکاڵایەکی لە دژی کتێبەکە پێشکەشی دائیرەی مەشیخەتی عوسمانی کردووە. لە سکاڵانامەکەیدا هاتووە، کە کتێبی (تاریخ اسلام)، کە لە میسر بە زمانی عوسمانی بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا (لە دەوڵەتی عوسمانی) بە ئاشکرا دەفرۆشرێت، لە هەندێک شوێنی خوێندنەوەدا (قرائتخانە) دابەشدەکرێت‌و بە مەبەستی تێکدانی ئەخلاق‌و ئادابی ئایینیی گەنجانی سادە خوێندنەوەو بڵاوکردنەوەی گشتێنراوە.

کتێبی ناوبراو پێچەوانەی شانوشکۆی پیرۆزی حەزرەتی محەمەد (درودی خودای لە سەر بێت) نوسراوەو چەندین ڕستەی پووچی وەهای تێدایە، کە دڵی مرۆڤی باوەڕدار ئازاردەدات، داواکارم بە کتێبە ئایینییەکان بەراوردبکرێتو لە بارەی ڕێگەپێدان یان ڕێگەپێنەدان بە بڵاوکردنەوەی، بڕیارێکی دیندارانە بدرێت[٢١].

دواتر لە (٩)ی ئاداری (١٩٠٩) بە نوسراوێکی فەرمی، بە ژمارە (٧٧)ی بەشی فتوای دائیرەی مەشیخەت، بە واژۆی شێخولئیسلام محەمەد زیائەدینەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە. لە نوسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە لە سەر بنەمای سکاڵاکەی ئیسماعیل فەخرەددین، دوای ئەوەی ئەو کتێبەی نوسەری دانیمارکیی دۆزی لە بارەی ژیانی پێغەمبەری پیرۆزەوە نوسیویەتیو لەلایەن عەبدوڵڵا جەودەتەوە وەرگێڕدراوەو لە میسر چاپکراوەو لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ دەستەی لێکۆڵینەوە نێردراوە، دەرکەوتووە کتێبەکە ژمارەیەک درۆی هەڵبەستراوی لە بارەی ژیانی پێغەمبەرەوە تێدایە، ئەوەیشی کە وەرگێڕ جەسارەتی وەرگێڕانی بۆ عوسمانی کردووە، جێگەی داخە، داوایکردووە پەلەبکرێت لە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی وەرگێڕانی کتێبەکە[٢٢].



فەرمانی سوڵتانی بۆ قەدەغەکردنی نامیلکەی (اجتهاد)ی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، کە لە جنێف بە تورکیو فەڕەنسی بڵاویکردووەتەوە.

دواتـر لـە (٢٥)ی ئـاداری (١٩٠٩) لە دائیرەی کاروبـاری ناوخـۆ لـە بابی عـالی، بە ژمـارە (١٣٥) نـوسـراو بـۆ سـەدارەتی عـوزما (سـەرۆکی حکومـەت) کـراوە. تێیدا ئـامـاژەکـراوە بـەوەی لـە سـەر بنـەمای سکـاڵای ئیـسمـاعیـل فـەخـرەدیـنو بـەرمـەبـنـای نـوسـراوی شـێخـولئیـسلام لـە بـارەی ئـەوەی ئـەو کـتێبـەوە، درۆی هـەڵبـەستراوی تێدایە لـە بـارەی ژیانی پـێغـەمبـەری ئیـسلام (د. خ)ەوە، لەبەرئەوەی دەبێت بە هۆی هەڵچوونو کاریگـەریی گـەورەو خـراپی دەبێـت، بە تەواوەتی ڕێگەپێنەدراوە، ڕێگەنادرێت درۆ بە ناوی پێغەمبەری ئەکرەمەوە بکرێت، ئەرکی ئایینییە لە سەر دەوڵەتی ئیسلامی کە بۆی دەرکەوتووە لە هەندێک گەڕەکی ئـەستـەنبـوڵ لـەو کتێبـە فـرۆشـراوەو پێویسـتە دەستـبـەجێ کـتێبی نـاوبـراو کۆبکرێتەوەو بڕیارێکی خێرا بدرێت، کە ڕێگـەنـەدرێت بهێنرێتـەناو قـەڵـەمڕەویی عوسمانییەوە[٢٣]. بە هەمان شێوە لە (١) ی نیسانی (١٩٠٩) وەزارەتی مەعاریفیش بـە نـوسـراوێکی فـەرمی، کـە بـە واژۆی وەزیـری مەعـاریف بۆ سـەرۆکی حکومەتی نـاردووە، داوای قـەدەغـەکـردنی کـتێبی ناوبراوی کردووە[٢٤].

بـەو شـێوەیە دوای چـەنـدین سکـاڵای جـۆراوجـۆر، کـە لـە دژی کـتێبـەکـە ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی حکومەت کران، سەرۆکایەتیی حکومەت لە (٤)ی نیسانی (١٩٠٩) بـڕیـاریـداوە ئـەو نـوسخـانـەی کتێبەکە، کە بڵاوکراوەتەوە، کۆبکرێتەوەو دەسـتیبـەسـەردابگیرێتو ڕێگریبکـرێت لـە هـێنـانـەنـاوەوەی کـتێبـەکـە بـۆ نـاو سنووری دەوڵـەتی عـوسمـانی[٢٥]. جێگەی ئـامـاژەبـۆکـردنـە، سـاسـنـۆرکـردنی ئـەم کتێبە بە هۆی دژهاتنەوەی ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینییەوە بووە.

### ٣. سـانـسـۆرکـردنی نـوسینو هـەوڵـە ڕۆژنـامـەوانیـیـەکـانی سـولـەیـمـانیـەلی مەولانازادە ڕەفعەت

#### ا. ژیـانو بـەرهـەمـەکـانی مـەولانـازادە ڕەفعەت

ئـەگـەرچی مـەولانـازادە ڕەفـعـەت لـە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەهـەمو چـارەکی یـەکـەمی سـەدەی بیسـتـەمـدا نـاوێکی دیـارو نـاسـراوی نـاو کـایـەی سیـاسیو ڕۆشـبـیـریـی دەوڵـەتی عـوسـمـانی بـووە، بـەڵام زانـیـاریی زۆر لـە بـارەی ژیـانیـەوە نـازانـرێـتو بـەشـێک لـە وێـستـگـەکـانی ژیـانی تـەمـومـژ دایـپـۆشـیـونو نـادیـارن. ئـەوەی بـە تـەواوی زانـراوە، مـەولانـازادە ڕەفعەتی کوڕی عەبدولڕەحمان ناجی؛ خـاوەنی یـەکـەم کـەتـەلـۆگی چـاپکـراوی کـتێبخـانـەیـە لـە دەوڵـەتی عـوسـمـانیـداو بـە ڕەچـەڵـەک خـەڵکی سـلێمـانیـیـە[٢٦]، سـەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی زانیاریی جـیـاواز هـەیـە، نـوسـەر عـەلی بـرینـجی، سـاڵی (١٨٦٩ز)ی بـە سـاڵی لـەدایکبـوونی مەولانازادە ڕەفعەت داناوە، بە بەڵگەی ئـەوەی کـە لـە نـوسـراوێکی نـاوبـراودا، کە

لە ساڵی (١٩٠٩) نوسیویەتی، باسی لەوە کردووە تەمەنی چل ساڵ بووە. بە پێی ئەو زانیارییە بێت، لەدایکبوونی دەکات بە (١٨٦٩ز)[٢٧]، بەڵام دوای گەڕان بە ناو ئەرشیفدا، بەڵگەیەکمان دەستکەوت، کە بریتییە لە نوسراوێکی مەولانازادە ڕەفعەت، کە بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردووە لە ڕێکەوتی (١٢)ی تەمموزی (١٣٢٤)/(٢٥)ی تەمموزی (١٩٠٨)، بە ناوو ئیمزای خۆیەوە، کە تێیدا داوای مۆڵەتی کردووە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی چوار یان هەشت لاپەڕەیی سیاسی، زانستی، بازرگانی، بە ناوی ڕۆژنامەی (زەمان) ەوە. لە سەرەتای ئەو داواکارینامەیەدا بە ڕوونی باسی ئەوەی کردووە، ئەگەرچی مەولانزادە ڕەفعەت تەمەنی سی ساڵی پڕکردووەتەوە، هەتا ئەو کاتە هیچ ڕەفتارێکی پێچەوانەی یاساکانی دەوڵەتی نەکردووە. ئەگەر ئەم بەڵگە فەرمییە لەبەرچاوبگرین، ئەوا ساڵی لەدایکبوونی مەولانازادە ڕەفعەت دەکات بە (١٨٧٨) نەک (١٨٦٩)، وەک ئەوەی عەلی برینجی نوسیویەتی[٢٨]. سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی مەولانازادە ڕەفعەت، لە بەڵگەنامەیەکدا ئاماژەی تێدایە بەوەی ناوبراو لە ئەستەنبوڵو لە ناوچەی "کوچک چەکمەجە" لەدایکبووە[٢٩]. سەبارەت بە خوێندنو دیراسەکردنی، مەولانازادە هەر لەو بەڵگەنامەیەدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە دوازدە ساڵ لەوەوپێش، واتە لە ساڵی (١٨٩٦)، مەکتەبی حقوقی شاهانە (Mekteb-i hukuk-i şahane)ی تەواوکردووە[٣٠]. ئەمەیش بە ڕوونی دەریدەخات، کە مەولانازادە دەرچووی قوتابخانەی حقوقی شاهانە بووە.

**عەبدوڵڵا جەودەت، لە پاڵ چالاکییە فیکریو سیاسییەکانیدا، دەستبەرداری ئەدەبیاتیش نەبووبوو، لە بواری شیعرو ئەدەبیاتدا ئەسپی خۆی تاوداوەو چەندین بەرهەمی ئەدەبی پێشکەشی کتێبخانەی عوسمانی کردووە**

بە پێی زانیاریی ناو بەڵگەیەکی تری ئەرشیفی عوسمانی، مەولانازادە ڕەفعەت لەگەڵ "عەبدوڵڵا مەحفوز ئەفەندی"دا لە (٢٢)ی کانوونی یەکەمی (١٨٩٦)، بە هۆی بە باشی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیانەوە لە تۆماری چاپکراوە بیانییەکان (مطبوعات اجنبیە قلمی) دا ڕوتبەی چوارەمیان پێبەخشراوە[٣١]. دواتر بە مووچەی هەزار قروش لە موتەسەریفیەی بەیئوغلو دامەزراوە، لە دوای ئەم پۆستەیش دەکرێتە بەڕێوەبەری حەپسخانە لە سینوب، دواتر بە هۆی سکاڵای موتەسەریفی سینۆب لە دژی ناوبراو بە تۆمەتی ئەوەی کە سەرکەشانەو پێچەوانەی یاسا مامەڵەیکردووەو پێویستە دووربخرێتەوە،

لە ئاکامی ئەو سکاڵایەدا لە (٢٢)ی ئابی (١٨٩٥) تـوشی لێپێچینەوەی یاسایی دەکرێتو دەستبەسەردەکرێت[٣٢]. لە ساڵی (١٨٩٦) نـوسـەری تایبەتی والی قەستەمونی خالید بەگ بـووە[٣٣]. دوا بە دوای ئەم پۆستەی (١٢) ساڵ سزای زینـدانیو دوورخستنەوەی بە سەردا دەسەپێنرێت. ئەگەرچی لە ڕوکەشدا هـۆکاری دوورخستنەوەی بۆ مەنفا بۆ پشتگیریی مەولانازادە ڕەفعەت لە جۆن تـورک (Jön Türk) لێکدراوەتەوە، بەڵام دەگوترێت هۆکاری ڕاستەقینەی سزادانی پشتگیریو پشتیوانیی ناوبراو بـووە بۆ سوڵتان محەمەد ڕەشاد[٣٤].

مەولانازادە لە ماوەی ژیانیدا سێ جار تـوشی سزای دوورخستنەوەو ناردنی بۆ مەنفا بـووەتەوە. یەکەمین وێستگەی دەستبەسەریو مەنفای مەولانازادە، شاری قەیسەری بـووە، کە لەوێداو لە جێگەی مانەوەی زۆرەملێیی قەیسەریدا دەهێڵرێتەوە. ئەگەرچی بە تەواویو دروستی نازانرێت کەی ئەم قۆناغە دەستیپێکردووە، بەڵام دەکرێت بە نزیکەیی بە ساڵی (١٨٩٦) بدرێتەقەڵەم. ئەگەرچی زانیاریی زۆر ورد نییە لە بارەی چۆنیەتیی ژیانیەوە لەم قۆناغەدا، بەڵام ئەوە ئاشکرایە مردنی خالید بەگ کاریگەریی خراپی لە سەر ژیانی ناوبراو هەبووە[٣٥]. ئەوەی تێبینیدەکرێت لە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفدا، ژیانی مەولانازادە لەم قۆناغەدا زۆر سەختو گرفتار بـووە. بەڵگەیش لە سەر ئەم دۆخە خراپەی ناوبراو، ئەو تەلەگرافانەیە، کە ناردوونی بۆ دەوڵەتو تێیدا وێڕای جەختکردنەوە لە بێتاوانیی خۆی، سەختیی باری گوزەرانو ناهەمواریو نادادوەریی مامەڵەکردنی لەگەڵیدا لە چەندین تەلەگرافدا خستووەتەبەردەست کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت[٣٦]. دواتر بە هۆی پشتگیری لە جۆن تورکو گومانی هەڵهاتنیان بۆ ڕوسیا، دووردەخرێتەوە بۆ شاری سەنعا لە یەمەن.

دوهەمین وێستگەی دوورخستنەوەی، دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ، ناوبراو وەک نەیارێکی سەرسەختی سوڵتان عەبدولحەمید، سەرەتا دەبێت بە لایەنگری ئیتیحادو تەرەقی، دواتر خۆی لە ڕێکخراوی فیداکارانی میللەت (Fidakaran-i Millet Cmeiyeti) دەبینێتەوە، کە ڕێکخراوێکی نیمچەسیاسیو کۆمەڵایەتی بووە، دەبێت بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (Hukuku Umumiye)، کە ئۆرگانی کۆمەڵەکە بووە. دەچێتەناو دونیای چاپو بڵاوکردنەوەوە. دواتر لە ساڵی (١٩٠٨) دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەربەستی، دەستدەکات بە پشتگیریکردنی فیرقەی ئەحرار (Ahrar Firkası)و یەکێک لە نەیارە سەرسەختەکانی ئیتیحادو تەرەقی. ناوبراو کە ماوەی ساڵێک بوو لە مەنفای یەمەن گەڕابـووەوە، ڕوداوەکانی (٣١)ی مارت

(١٣ی نیسانی ١٩٠٩) دیسانەوە ناچار بە هەڵهاتنی دەکاتو ئەم جارەیان بە ناچاری ئەستەنبوڵ بەرەو میسر بەجێدەهێڵێت، ئەمەیش دەبێت بە دەستپێکی وێستگەی دوهەمی دوورخستنەوەی مەولانازادە. بە هۆی نەخۆشکەوتنی لە میسرو لەسەر ڕاسپاردەی دکتۆرەکان بۆ چارەسەر، ناچار بە ڕۆیشتن بۆ ئەوروپا دەبێت، سەرەتا دەچێتە ئەسیناو دواتر ڕوودەکاتە پاریس. لەو کاتەی کە مەولانازادە لە پاریس بووە، لەلایەن دیوانی حەربیی عورفییەوە بە هۆی بەشداربوونی لە ڕوداوی (٣١)ی مارتدا، سزای دە ساڵ دوورخستنەوەی بە سەردا دەسەپێنرێت[٣٧].

سێهەمین جار کە بڕیاری دوورخستنەوەی دراوە، دوای تەواوبوونی جەنگی ڕزگاری بووە (Kuruluş savaşı)، بە هۆکاری دەستتێکەڵکردنو هاوکاریی حکومەتی ئەستەنبوڵو وڵاتانی نەیار بە بڕیارێکی حکومەتی جمهوریەتی تورکیا لیستێکی (١٥٠) کەسی ئامادەدەکرێت، کە بڕیاردەدرێت لە وڵات وەدەربنرێنو مافی هاوڵاتیبوونی تورکیایان لێبسەنرێتەوە، لەگەڵ بێبەشکردنیان لە هەموو مافێکی موڵکداریو میرات_گواستنەوە، مەولانازادەیش یەکێک دەبێت لەو کەسانەی کە بڕیارەکەیان بە سەردا جێبەجێدەکرێت[٣٨]. بە جۆرێک ناوبراو لە بەشی ڕۆژنامەنووسانی لیستەکەدا دوهەمین کەسو لە کۆی لیستەکەدا لە ڕیزبەندیی ژمارە (٩٨)دا بە ناوی خاوەنی ڕۆژنامەی سەربەستیو ئەندامی (Hürriyet ve İtilâf) جێگەیگرتووە[٣٩].

مەولانازادە، کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی لە مەنفا بەسەربرد، دوای دوورخستنەوەی بۆ جاری سێهەم، دوا ساڵەکانی تەمەنی لە حەڵەب لە سوریا بەسەردەباتو هەر لەوێیش لە ساڵی (١٩٣٠) کۆچیدوایی دەکات[٤٠]. مەولانازادە ڕەفعەت جیا لە کاری ڕۆژنامەوانی، خاوەنی چەندین کتێبی نوسراوەو چەند بەرهەمی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، لەوانەیش:

١. (Bilanço, Yahut vatan Uğrunda çektiklerim): ئەم کتێبە پێکهاتووە لە (٦٢) لاپەڕەو لە (٢٨)ی شەوالی (١٣٢٨ک)، چاپو بڵاوکراوەتەوە[٤١].

٢. (Yemen Hakkında Dahilye NazırıTalat Bey Efendiye Açık layiha): ئەمەیش لائیحەیەکی (١٦) کراوەیە لە بارەی بارودۆخی یەمەنەوە بۆ وەزیری ناوخۆ (تەلعەت بەگ)، لە (١٨)ی کانوونی دوهەمی (١٣١٦ک)، لە قاهیرەوە نێردراوە[٤٢].

٣. (İnkılab-ı Osmaniyeden bir Yaprak yahut ٣١ Mart ١٣٢٥ kıyamı): ئەم کتێبە لە چاپخانەی (اخبار) لە ساڵی (١٣٢٩ک)، لە میسر چاپکراوە، لە (١٧٥) لاپەڕە پێکهاتووە[٤٣].

٤. (Hakk-ı Vatan Yahut Tarik-i Mücahedede Hakikatler Ketmedilemez): ئەم کتێبە لە چاپخانەی سەربەستیو لە ساڵی

(١٣٢٨ک)، لە ئەستەنبوڵ چاپکراوە، لە (١٠٩) لاپەڕەی قەبارەبچووک پێکهاتووە[٤٤].

٥. (Türkiye inkılâbının iç yüzü): ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٢٩ک)، لە چاپخانەی (وقت) لە حەلەب لە سەر ئەرکی خودی مەولانازادە چاپو بڵاوکراوەتەوەو لە (١٤٥) لاپەڕە پێکهاتووە. کتێبەکە بە گشتی لە دوو بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا باسی لە چۆنیەتی چوونەناوەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ناو جەنگی یەکەمی جیهانیو ڕوداوەکانی جەنگ بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکان دەکات. لە بەشی دوهەمدا باسی ڕوداوەکانی سەروبەندی ئاگربڕو چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتو خەلافەت بە گوێرەی بەڵگەنامەکان کردووە[٤٥]. ئەم کتێبە لەلایەن (Metin Hasırcı)یەوە لاتینیزەکراوەو لە ساڵی (١٩٩٣) لە چاپخانەی (Pınar) لە دووتوێی (٣٥٥) لاپەڕەدا چاپو بڵاوکراوەتەوە[٤٦].

٦. (Devlet-i Osmâniyye ve Siyonistler: Türkiye'yi yıkan Yahûdiler): ئەم کتێبە بە زمانی فەڕەنسیو تورکیی عوسمانی بە یەکەوە (پارالێل) نوسراوە، پێکهاتووە لە (١٦) لاپەڕەو لە چاپخانەی (Dobruca Juna) لە ١٩٢٣ چاپو بڵاوکراوەتەوە[٤٧].

٧. یادەوریـیەکانی سەردەمی مەنفا (Sürgün hatıralarım): ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە نوسینەوەی یادەوەرییەکانی ناوبراو، کە تێیدا چەندین زانیاریی گرنگی لە بارەی ژیانی ئاوارەیی‌و سیاسیی خۆی‌و چۆنیەتیی دەرکردنی ڕۆژنامەی سەربەستییەوە خستووەتەڕوو. ئەم کتێبە لەلایەن (Mithet kutlar)ەوە ئامادەو بە تیپی لاتینی کراوە، لە چاپی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٠٩) لەلایەن دەزگای چاپی (Yaşam/ Avesta)ەوە چاپو بڵاوکراوەتەوەو لە (٩٥) لاپەڕە پێکهاتووە[٤٨].

٨. ڕۆژنامەی سەربەستی: ڕۆژنامەی سەربەستی یەکێکە لە پڕۆژە هزری‌و ڕۆژنامەوانییە گرنگەکانی مەولانازادە، کە زۆر جێگەی بایەخی بووە، بە جۆرێک وێڕای سەختیی باری گوزەرانو ئاوارەیی‌و ئەم وڵاتو ئەو وڵات کردنی، مەولانازادە ئامادەنەبوو دەست لەم پڕۆژەیەی هەڵبگرێت. چیرۆکی ڕۆژنامەی سەربەستی لە ئەستەنبوڵ دەستپێدەکاتو دواتر لە پاریس‌و میسرو دیسانەوە لە ئەستەنبوڵ بەردەوامیی پێدەدات. ڕۆژنامەی سەربەستی وەک لە ژێر ناوەکەیدا لە لاپەڕەی یەکەمیدا ڕونکراوەتەوە: "ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی خزمەتکاری ئیدارەی مەشروتیەتو مافی هەموو عوسمانییەکانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزو مەزهەب". هەروەها وەک لەم ژمارەیەدا دەردەکەوێت، یەکەمین ژمارەی لە (١٦)ی تشرینی دوهەمی (١٩٠٨) لە ئەستەنبوڵ دەرچووە[٤٩]. مەولانازادە توانیویەتی لە ئەستەنبوڵو پاریس‌و

میسر بە کۆیگشتی بەدەستخستنی هاوکاریی ماددیی جودا جودا، (٧٧٠) ژمارە لە ڕۆژنامەکە دەربکات، لە کۆی ئەو ژمارانە لە ژمارە (١٩٢-١٩٧) بە ناوی ڕۆژنامەی ئەهالییەوە دەرچووە. (٤٩٨) ژمارەی سەربەستی لە کتێبخانەی بایەزید لە ئەستەنبوڵ بەردەستە، چەند ژمارەیەکیشی لە کتێبخانەی ئەتاتورک لە ئەستەنبوڵو لە کۆلێکشنی حەقی تارق ئوس (Hakkı Tarık Us) بە شێوەی ئونلاین بەردەستە [٥٠].

**ب . سانسۆرکردنی ڕۆژنامەی سەربەستیی مەولانازادە ڕەفعەت**

بیری ئازادیخوازیو وەستانەوە بە ڕووی دەسەڵاتی پاوانخوازو ستەمکاردا سێ جار مەولانازادە ڕەفعەتی دووچاری دوورخستنەوەو ژیانی تاراوگە کردووە. ئەو خاوەنی بیرێکی ئازادیخواز، عەقڵێکی ڕەخنەگرانە، قەڵەمێکی تیژو ڕۆحێکی سەرکەشو جەسوورو جەربەزە بووە، هەر ئەم خەسڵەتانەیشی وایلێکردووە سڵ لە ڕەخنەگرتن لە چەوتیو خوارییەکانی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی نەکاتەوە، بە تایبەت دوای دەرکردنی ڕۆژنامەی سەربەستی، ئیدی ئەم ڕۆژنامەیە دەکاتە سەنگەرێکی ئازادیخوازو دژەستەمکاری، لێرەوە هێرشدەکاتەسەر پایە گرنگەکانی دەسەڵاتی پاوانخوازو ستەمکاریی سەردەمەکەی خۆی. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە هەوڵەکانی ناوبراو لەم بوارەدا دەبێت بە هۆی بێزاریو تووڕەبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، هەتا لە (٩)ی ئابی (١٩٠٩) دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری قەدەغەکردنو سانسۆرکردنی یەکجاری بۆ ڕۆژنامەی سەربەستیی دەردەکات.

**بیری ئازادیخوازیو وەستانەوە بە ڕووی دەسەڵاتی پاو انخوازو ستەمکاردا سێ جار مەولانازادە ڕەفعەتی دووچاری دوورخستنەوەو ژیانی تاراوگە کردووە. ئەو خاوەنی بیرێکی ئازادیخواز، عەقڵێکی ڕەخنەگر انە، قەڵەمێکی تیژو ڕۆحێکی سەرکەش، جەسوورو جەربەزە بووە**

هەروەک لە نوسراوێکی فەرمی دائیرەی باش_کاتبی دەوڵەتی عوسمانی، کە بە واژۆی قەڵەمی تایبەتی سوڵتان لە ڕێکەوتی (٩)ی شوباتی (١٩٠٩ز) دەرچووە، ئاماژە بەوە کراوە، کە بابەتێک لە سەر شورای ئوممەت، کە وەختی خۆی لە میسر نوسراوە، دووبارە لە لاپەڕە یەکی ژمارەی ئەمڕۆ (٩ی شوباتی ١٩٠٩ز)ی ڕۆژنامەی سەربەستیدا بڵاوکراوەتەوە. لە کاتی باسی حەمیدییەکاندا باس لە وەزارەتی ناوخۆ کراوە، وەک لە ناوەڕۆکی نوسراوەکەدا دیارە، ئەو نوسینەی مەولانازادە ڕەفعەت بووە بە جێی نارەزاییو تووڕەکردنی سەرانی دەوڵەتی عوسمانی، بە جۆرێک لە نوسراوەکەی قەڵەمی تایبەتی سوڵتاندا

هاتووە، "لە حاڵێکدا نوسینی ناوبراو لە دۆخو سەردەمێکی تردا نوسراوە، ئەمڕۆ دووبارە گواستنەوەی وەکو خۆیو بڵاوکردنەوەو گشتاندنی سوکایەتییە بە مەقامی خیلافەتو سەڵتەنەت، تەواوی کاربەدەستانو پایەکانی دەوڵەتی عالیەی عوسمانیو لەوەیش زیاتر سوکایەتییە بە تەواوی میللەتی عوسمانی. لەبەرئەوەی میللەتی مەزنی عوسمانی کارێکی وەها، کە دەبێت بە هۆی لەکەدارکردنی ناموسو حەیسیەتی میللەت، لە هیچ کەسی قبوڵناکات"(٥١). بە ڕوونی دیارە، کە نوسینەکەی مەولانازادە زۆر توند بووە، بۆیە بەو جۆرە بووە بە هۆی تووڕەکردنی سوڵتانو کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی.

وادیارە مەولانازادە ڕەفعەت لە ڕەخنەگرتنو نوسینی توند لە دژی سوڵتانی عوسمانی نەوەستاوە، ئەوەتا لە نوسراوی ژمارە (٢٩٠)ی دائیرەی باش_کاتبی کۆشکی سوڵتان، کە بە واژۆی قەڵەمی تایبەتی سوڵتان لە (١)ی نیسانی (١٩٠٩ز) دەرچووە، ئاماژە بەوە کراوە، کە سوڵتان بە داغو کەسەرێکی زۆرەوە سەرگوتاری ژمارە (١٣٥)ی (١)ی نیسانی (١٩٠٩ز)ی ڕۆژنامەی سەربەستی خوێندووەتەوەو بەو دەستدرێژییە نارەوایانەی گوتارەکە زۆر داغدارو کاریگەر بووە. لە نوسراوەکەدا ئاماژە بەوەیش کراوە، کە ئەگەرچی سوڵتان لە پێناوی پاراستنی سەلامەتیی بەنرخترین چشتدا، کە دەوڵەتو نیشتیمانە، بە کەماڵی لەخۆبردوویی و پشوودرێژییەوە؛ بەرگەی ئەو دەستدرێژییانەی گرتووە، بەڵام لەبەرئەوەی پێگەو کەسێتیی سەرانی ئیدارەی دەوڵەت دووچاری دەستدرێژی بووەتەوە، بۆیە ئەم جۆرە ڕەفتارانە لە ئایندەدا دەوڵەتو میللەت دووچاری دۆخێکی خراپی وەها دەکات، کە پێشبینینەکرێت. بەردەوامیی ئەم کێشمەکێشە دەبێت بە ڕێگرییەکی بەهێز لە بەردەم ئاسایشو ئارامیی دەوڵەتو میللەتدا، شوێنەوارە خراپە مەدەنیو سیاسییەکانی ئەم کارانە لە ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا، هەتا دوا ڕادە بووە بە هۆی نیگەرانکردنی سوڵتانو دڵگرانکردنی، بۆیە دوای خوێندنەوەو ئاگاداربوونی سوڵتان، ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی سەربەستیی وەک خۆی هاوپێچکردووەو ناردوویەتی بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت، هەتا هەنگاوی پێویستی لە بارەوە هەڵبگرن(٥٢).

ڕوداوەکانی ٣١ی مارت (١٣ نیسانی ١٩٠٩) دیسانەوە مەولانازادە ڕەفعەت ناچار بە هەڵهاتن دەکاتو ئەم جارەیان بە ناچاری ئەستەنبوڵی بەرەو میسر بەجێهێشتووە، بە هۆی نەخۆشکەوتنی لە میسرو لە سەر ڕاسپاردەی دکتۆرەکان ناچاربووە بۆ چارەسەر بڕواتە ئەوروپا، سەرەتا دەچێتە ئەسیناو دواتر لەوێوە چووەتە پاریس. دیارە بە هۆی ئەو ڕوداوەوە ڕۆژنامەی سەربەستی لە ئەستەنبوڵ داخراوە، بەڵام ناوبراو سەرەڕای هەڵهاتنو نەخۆشی، لە پاریس کۆڵ لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەربەستی نادات، بە پێی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەی

ئەرشیفی عوسمانی، کە نوسراوێکی ئیدارەی چاپەمەنییەکان لە بەشی وەزارەتی ناوخۆی بابی عالی بە ژمارە (٤٤١) لە ڕێکەوتی (٥)ی ئابی (١٩٠٩ز)، بە واژۆی بەڕێوەبەری چاپەمەنییەکانی ناوخۆ دەرچووە، تێیدا هاتووە، کە سەرەڕای داخستنی ڕۆژنامەی سەربەستی بە هۆی ڕوداوەکانی (٣١)ی مارتی (١٣٢٥)ی ڕۆمییەوە، ئەم جارە ناوبراو لە پاریس دەستی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەربەستی کردووەتەوە، چەندین گوتاری ڕقاوی، کە لە توانایاندایە ببێت بە هۆی ژەهراویکردنی فیکری کەسانی سادەدڵ لە دژی حکومەتی ئێستای مەشرووتەی لەخۆگرتووەو دەرکەوتووە، کە لە ڕێگەی پۆستەی بیانییەکانەوە بۆ ژمارەیەک لە مەبعوس (ئەندام پەرلەمان)و کەسایەتی_گەلێکی تر نێردراوە[٥٣]. لە نوسراوەکەدا هاتووە، کارێکی ئاساییە ڕێگە بە کەسانێک نەدرێت، کە لەلایەن دیوانی حەربیی عورفییەوە بە نائامادەگی سزادراون (مەبەست لێی مەولانازادە ڕەفعەت)ە، پەڕەی وەها ڕقاویی و غەرەزکارانە بڵاوبکەنەوە. هەروەها نوسراوەکە ئاماژەی بەوە کردووە، بە پێی ماددەی سیوپێنجی یاسای چاپەمەنییەکان، قەدەغەکردنی ئەو ڕۆژنامە یان نامیلکانەی لە وڵاتانی بیانی یان لە ویلایەتی مومتازە دەردەکرێن، بە گوێرەی بڕیارێکی تایبەتی ئەنجومەنی وەکیلەکان (ئەنجومەنی وەزیران) دەبێت. تەنها نوسخەیەکیشی دەتوانرێت لە سەر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ سانسۆربکرێت.

ئەو کەسانەی بە ئاگاییەوە ڕۆژنامە یان نامیلکەیەکی قەدەغەکراو دەفرۆشن، یان بڵاویدەکەنەوە، بە سزایەکی ماددی لە یەک لیرەوە هەتا پێنج لیرە سزادەدرێن[٥٤]. وادیارە نوسینو بابەتەکانی ڕۆژنامەی سەربەستی لە پاریسو ناردنەوەی ڕۆژنامەکە بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی بووە بە هۆی بێزارکردنی دامودەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەت، ئەوەتا لە نوسراوێکی وەزارەتی زەبتییە، کە بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەو پەڕانەی مەولانازادە ڕەفعەت لە پاریس بە ناوی ڕۆژنامەی سەربەستییەوە دەریدەکاتو بە پۆستەدا بۆ چەند کەسایەتییەکی ئەستەنبوڵی دەنێرێتەوە، وەک هەواڵمان پێگەیشتووە، کە نوسراوەکانی (هذیاننامە)نو زۆر چاونەترسانەیەو بۆ ویلایەتەکانیشی دەنێرێت، بۆیە داواکارین بۆ ڕێگریلێکردنی، هەموو پۆستەخانەکان ئاگاداربکرێنەوەو هەنگاوی پێویست لەو بارەیەوە هەڵبگیرێت[٥٥]، واتە لەم نوسراوەدا داوای قەدەغەکردنو سانسۆرکردنی ڕۆژنامەکە دەکرێت.
ڕۆژنامەی سەربەستی لە (٩)ی ئابی (١٩٠٩ز) لە سەر بنەمای نوسراوی ژمارە (١٩٨٣)ی وەزارەتی ناوخۆ، کە لە (٧)ی ئابی (١٩٠٩ز) پێشکەشی ئەنجومەنی وەکیلەکانی (مجلس وكلا) کردووە، دوای خوێندنەوەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٩)ی ئابدا، بڕیاردراوە هێنانەناوەوەو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەربەستی بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی قەدەغەبکرێت. لە بڕیاری قەدەغەکردنەکەیشدا هاتووە،

کە لەو نوسخانەی ڕۆژنامەی ناوبراو، کە نێردراونەتەناو سنووری دەوڵەتەوە، دەرکەوتووە، کە لە دژی حکومەتی ئێستای مەشرووتە چەندین گوتاری لەخۆگرتووە، کە دەتوانێت ببێت بە هۆی ژەهراویکردنی بیری کەسانی دڵساف لە دژی حکومەت، لەبەرئەوەی بە پێی ماددەی سیوپێنج لە یاسای چاپەمەنییەکان، ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەو دابەشکردنی ئەم جۆرە ڕۆژنامانە لە سەر بڕیاری ئەنجومەنی وەکیلەکان وەستاوە، بۆیە بە پێی ماددەی ناوبراو لە یاسای باسکراو، لە وەڵامی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ لە بارەی چۆنیەتیی قەدەغەکردنی (هذیاننامە)ی ناوبراو بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانیو گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لەو بارەیەوە بڕیاردراوە بە قەدەغەکردنو ئاگادارکردنەوەی هەریەکە لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، ڕسومات، بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پۆستەو تەلەگرافو تەلەفۆن(٥٦). دواتر ئەم بڕیارەی قەدەغەکردنی هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەی سەربەستی بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی بە نوسراوێکی فەرمی بووە، کە لە فەرمانگەی کاروباری ناوخۆیی بابی عالییەوە بە ژمارە (٦٨٥)و بە واژۆی وەزیری ناوخۆ بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست لە بارەی بڕیارەکەوە زەبتییەی لێئاگادارکراوەتەوەو داوا لە زەبتییە کراوە لەو بارەیەوە هەموو هەوڵێکی خۆیان بخەنەگەڕ[٥٧].




Figure5 بڕیاری ئەنجومەنی وەکیلەکان (ئەنجومەنی وەزیران)ی (٩)ی ئابی (١٩٠٩ز) لە بارەی قەدەغەکردنی ڕۆژنامەی سەربەستییەوە.

بەم جۆرە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران، هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەی سەربەستیو بڵاوکردنەوەی لە ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانیدا قەدەغەکراوە. وادیارە بڕیارەکە خێرا چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەیش بە بەڵگەی ئەوەی لە نوسراوێکی زەبتییە بە ژمارە (٥٣٩) لە ڕێکەوتی (١٠)ی ئابی (١٩٠٩)، واتە ڕۆژێک دوای دەرچوونی بڕیارەکە لە ئەنجومەنی وەزیران، نێردراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، تێیدا باس لەوە کراوە، کە فەرمانی ناوبراو بۆ قەدەغەکردنی ڕۆژنامەی سەربەستی خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە[٥٨].


دوای دەرچوونی بڕیاری قەدەغەکردنەکە دامودەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە وردی دەکەونە شوێنپێهەڵگرتنی هەنگاوەکانی مەولانازادە ڕەفعەت بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە، لە نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی، کە لە یەکی ئەیلوول بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردووە، ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بۆیان دەرکەوتووە مەولانازادە لە ڕێگەی پاکەتی داخراوەوە لە ڕێگەی پۆستەوە ڕۆژنامەکەی ناردووەتەناو خاکی دەوڵەتی عوسمانیو دوای گومانکردن لە پاکەتەکانو پشکنین بۆیان دەرکەوتووەو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە کۆکراونەتەوە[٥٩]. لە نوسراوێکی والیی مەناستەریشدا ئاماژە بەوە دراوە، کە توانیویانە دەستبگرن بە سەر نۆ نوسخە لە ژمارە (١٥٧)ی ڕۆژنامەی سەربەستیدا، داوای زانیاریی کردووە لە بارەی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەکەدا[٦٠]. ئایا پێویستدەکات لەناویببەن یان نا؟ لە نوسراوێکی وەکیلی والیی ئەدەنەیشدا، کە ڕێکەوتی (١٧)ی ئەیلوولی (١٩٠٩ز)ی لە سەرە، باس لەوە کراوە، کە مەولانازادە ڕۆژنامەی سەربەستیی لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ قونسوڵەکانو سەرۆکی ڕۆحانییەکانو هەتا بۆ خودی ئەویش ناردووە، دوێنێ قونسوڵی ئینگلیز باسی لەوە کردووە، کە ڕۆژنامە نێردراوەکانی سوتاندووە، منیش هەر وایانلێدەکەم. ڕۆژنامەیەکی سەربەستییش لە کاتی ڕادەستکردنی بە پاپازی ڕۆم لە تەرسوس لەلایەن پۆلیسەوە دەستیبەسەرداگیراوە، ئەمەیش لە نوسراوێکی موتەسەڕیفیەتی مێرسیندا هاتووە، بۆیە وەک ڕامگەیاندووە، ئەم ڕۆژنامە تێکدەرو گوێی بێتاوان پڕکەرە بە ژەهری مەولانازادە ڕەفعەت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بۆ کێ نێردراوە، لێیوەربگیرێت. لەو باوەڕەدام پێویستە بۆ کۆتاییهێنان بەو "تورەهات"انەی ئەم نەیارە؛ هەنگاوی یەکلاییکەرەوە بگیرێتەبەر[٦١].

دیارە سەرەڕای هەوڵە چڕوپڕەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سانسۆرکردنو قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەربەستی، مەولانازادە ڕەفعەت کۆڵنەداوەو ڕێگاو میکانیزمی جیاوازی خستووەتەکار بۆ گەیاندنی ڕۆژنامەکەی بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانیو وەهایش دەردەکەوێت، سەرەڕای ئاستەنگییەکانی دەوڵەت لەو بوارەدا، ناوبراو سەرکەوتوو

بووە لە دزەپێکردنی ڕۆژنامەکەی بۆ ناو ئەستەنبوڵی دڵی دەوڵەتی عوسمانی. لە نوسراوێکی هۆبەی سێهەمی فەرمانگەی ئەرکانی حەربیی عومومیەی عوسمانی، کە بە ژمارە (٤٠٠٨) لە ڕێکەوتی (٢١)ی تشرینی دوهەمی (١٩٠٩ز) بە واژۆی جێگری سەرۆکی ئەرکانی حەربیی عومومییە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی نێردراوە، لە نوسراوەکەدا هاتووە، کە ڕۆژی پێشوو، ڕۆژنامەی سەربەستی، کە لە پاریس دەردەچێتو هێنانەناوەوەی بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی قەدەغەکراوە، لە بەندەری کەشتییەکانی کادی کۆی (قاضی کوی واپور اسکلەسی) ژمارەی ڕۆژنامەی سەربەستی، کە لە ناو پاکەتێکدا بووە، لەلایەن منداڵێکی ڕۆمەوە دراوە بە دایکی "بینباشی عیرفان بەگ"، کە مەئمورە لە دائیرەی ئەرکانی حەربیی عومومییە، لەلایەن ناوبراویشەوە ڕادەستی دائیرەی ئەرکان حەربیی عومومییە کراوە[٦٢]. لە بەڵگەنامەیەکی تریشدا، کە نوسراوێکە لە ڕێکەوتی (٣٠)ی تشرینی دوهەمی (١٩٠٩ز) بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ئەستەنبوڵ نێردراوە، باس لەوە کراوە سەرەڕای ئەوەی هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەی سەربەستی بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی قەدەغەکراوە، بەڵام لەلایەن کتێبفرۆشییەکانی بەی ئۆغڵووەوە (ناوچەیەک لە بەشە ئەورووپییەکەی شاری ئەستەنبوڵ) هەواڵییانپێدراوە، کە ڕۆژنامەکە هێنراوەتەناو ئەستەنبوڵەوەو بڵاوکراوەتەوە، نوسراوەکە داوایکردووە، لە سەر بنەمای ئەو هەواڵپێدانە پێویستە زابتەی ناوچەی بەی ئۆغلو لەم بارەیەوە زیاتر ئاگادارو وریا بن[٦٣]. ئەوەی لەم دوو نوسراوەدا هاتووە، بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە سەرەڕای ڕێگریو یاساغکردنی ڕۆژنامەی سەربەستی لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەڵام مەولانازادە توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە دزەپێکردنی ڕۆژنامەکەی بۆ ناو شاری ئەستەنبوڵو سنووری دەوڵەتی عوسمانی.

دیارە سەرەڕای توندکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی قەدەغەکردنی ڕۆژنامەی سەربەستی، بەڵام مەولانازادە ڕەفعەت دیسانەوە لە ڕێگەی کتێبخانە فەرەنسییەکانو باڵوێزخانەی ئێرانەوە، سەرکەوتوو بووە لە گەیاندنی ڕۆژنامە قەدەغەو سانسۆرکراوەکەی لە پاریسەوە بۆ ئەستەنبوڵ، لە نوسراوێکی نهێنیدا کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیەتی گشتیی عوسمانییەوە بە ژمارە (١٨٠٦)ی لە ڕێکەوتی (٤)ی کانوونی یەکهەمی (١٩٠٩ز) بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە سەرەڕای قەدەغەکردنی هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەی سەربەستی بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی، تێبینیکراوە ڕۆژنامە زیانبەخشەکە لە ناو فێرخوازانی ئەو ئامادەییە شەوانەی کەوتبووە نزیک توربەی سوڵتان مەحموود، بڵاوکراوەتەوە. نوسراوەکە ئاماژەیشی بەوە کردووە، کە بڵاوکردنەوەو خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامەیە لە ناو ئەو فێرخوازانەی کە هێشتا هێزی هزری، ڕەخنەییو هەڵسەنگاندنیان سنووردارە، دەبێت بە هۆی هێنانەکایەی

چەند بیرکردنەوەیەکی بەدبینانە لە ناو ئەو فێرخوازانەدا. نوسراوەکە ئەوەیشی ڕونکردووەتەوە، کە هەواڵی باوەڕپێکراویان پێدراوە، کە ڕۆژنامەکە لە ڕێگەی کتێبخانە فەڕەنسییەکانو دەڵاڵەکانی باڵوێزخانەی ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە[٦٤].




DH.MUİ..00041.1.00020.002

Figure6 نوسراوی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە بارەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی سەربەستییەوە لە ناو فێرخوازانی ئامادەیی لە ئەستەنبوڵ، لە (٤)ی کانوونی یەکەمی (١٩٠٩)

## سەرچاوەکان

1.Refik Büründgüz, Abdullah Cevdet and The Movement Thesis Submitted to The Institute of Social Sciences in Partial Fulfillment of the Requirements, for the degree of Master of Arts in History, Fatih University April 2005, p. 10.

2.Yalin Alpay, A Glimpse into The First Racist Approach in The Ottoman Empire: The "Scientific" Racisim of Abdullah Cevdet, Thesis Submitted to The Institute for Graduate Studies in Social Sciences in Partial Fulfillment of the Requirements for The Degree of Master of Arts in History Boğaziçi University 2007, p.102.

3.M. Şükrü Hanioğlu, Abdullah Cevdet, https://islamansiklopedisi.org.tr/abdullah-cevdet.

4.Ramazan Üçar, Abdullah Cevdet'te Din ve Batılılaşma, Ankara Üniversitesi, Sosyal bilimler instütüsü, Felsefe ve Din bilimleri anabilim dalı(Din sosyolojisi), Yüksek lisan tezi, tez danışmanı prof. dr.Münir Köştaş, Ankara 1997, p. 76.

5.Ramazan Üçar, a. g.t, s.70-71.

6.Yalin Alpay, abid, 103.

7.M. Şükrü Hanioğlu.

8.M. Şükrü Hanioğlu, a. g. m.

9.Yalin Alpay, abid, 104.

10.Hilmi Ziya Ülken, Türkiye'de çağdaş düşünce tarihi, Türkiye İş bankası kültür yayınları ve Ülken yayınları 15 baskı, ,İstanbul 2019, s.350-351.

11.M. Şükrü Hanioğlu, a. g. m.

12.A. m.

13.Hilmi Ziya Ülken, a. g. e, s.352.

14.İsmail Çebi Dr. Abdullah Cevdet'in Düşüncesinde Madde Anlayışı, İstanbul Üniversitesi, Sosyal Bilimler İnstütüsü, Felsefe Anabilim Dlı, Yüksek lisan tezi, tez Danışmanı, Prof. Dr. Teoman Duralı, İstanbul 2010, 45.

15.Nazım H. Polat, İctihad, Abdullah Cevdet'in (ö. 1932) idaresi altında yayımlanan ilmî, siyasî ve edebî muhtevalı dergi. https://islamansiklopedisi.org.tr/ictihad--dergi .

16.BOA. DH.MKT. 895. 5. 4.

17.BOA. DH. MKT. 895. 5. 2.

18.BOA. DH.MKT.895.5.5.

19.BOA. MF. MKT. 1051. 33. 01.

20.Hilmi Yavuz, Dozy, 'İslam Tarihi' ve Abdullah Cevdet, İslamın Zihin Tarihi, Timaş Yayınları 2009,https://www.academia.edu/104098339/Dozy_%C4%B0slam_Tarihi_ve_Abdullah_Cevdet_1 .

21.BOA. BEO. 3529. 264617.05.

22.BOA. BOA. BEO. 3529. 264617.04.

23.BOA. BOA. BEO. 3529. 264617.02.

24.BOA. BOA. BEO. 3529. 264617.01.

25.ALİ Birinci, Tarihin Gölgesinde Meşahir-i Meçhulden birkaç zat, istanbul: Dergah yayınları, 2.baskı 2020, s.381؛ Rohat Alakom, Eski İstanbul Kürtleri, İstanbul: Avesta Yayınları, 1998, s.125.

26.ALİ Birinci, Tarihin Gölgesinde Meşahir-i Meçhulden birkaç zat, 381.

27.BOA. DH.MKT. 1273. 20. 01.

28.BOA. DH. MKT.759.14.01.

29.BOA. DH.MKT. 1273. 20. 01.

30.BOA. DH.MKT. 2078. 14.01.

31.Murat Issı, Hürriyet aşığı bir Osmanlı-

Kürt aydını, Mevlanzade Rıf'at Bey, Toplumsal Tarih196 Nisan 2010, s.2.
32.ALİ Birinci, Tarihin Gölgesinde Meşahir-i Meçhulden birkaç zat, 381.
33.
34.Metin Martı, Mevlanzâde Rıfat'ın Anıları, İstanbul: Arma Yayınları, 1999, ss. 95-96.
35.Mustafa Coşkun, MEVLANZADE RIFAT BEY'İN GAZETECİLİK HAYATI VE SİYASİ FAALİYETLERİ, TEZ DANIŞMANI Doç. Dr. Fatih Mehmet SANCAKTAR, İSTANBUL – 2019, s.24.
36.BOA.DH. TMK.M.156. 26. 3, 5,7,9.
37.ALİ Birinci, Tarihin Gölgesinde Meşahir-i Meçhulden birkaç zat, 381-382.
38.Ufuk Okay, Meşrütiyetten Cumhuriyete bir osmanlı aydını, Mevlanzade Rıfat, s.10-11.
39.Cumhuriyetin İlâm dan Sonra Yurt Dışına Sürülen, Yüz Ellilikler, Yazan: Alb. Tahsin Ünal, s. 20. Taha Toros Arşivi, 516944.
40.Mevlanzâde Rıfat, Sürgün Hatıralarım, s.4.
41.Mevlanzâde Rıfat, Bilanço, Yahut vatan Uğrunda çektiklerim, 28. Şevval.1328.
42.Mevlanzâde Rıfat, Yemen Hakkında Dahilye NazırıTalat Bey Efendiye Açık layiha, 18.kanun-i sani.1316. Kahire.
43.Mevlanzâde Rıfat, inkılab-ı Osmaniyeden bir Yaprak yahut 31 Mart 1325 kıyamı, ahbar matbaası mısır 1329.
44.Mevlanzâde Rıfat, Hakk-ı Vatan Yahut Tarik-i Mücahedede Hakikatler Ketmedilemez, serbesti Matbaas, 1328, istanbul.
45.Mevlanzâde Rıfat, Türkiye inkılâbının iç yüzü, Halep : Vakit Matbaası, 1929.
46.Mevlanzâde Rıfat, Türkiye inkılâbının iç yüzü, hazırlayan: Hasırcı, Metin, İstanbul : Pınar, 1993.
47.Mevlânzâde Rıfat, Devlet-i Osmâniyye ve Siyonistler : Türkiye'yi yıkan Yahûdiler, Dobruca Juna Matbaası, 1923.
48.Mevlanzâde Rıfat, Sürgün Hatıralarım, yayın Hazırlayan ve Transkripsiyon: Mithet Kutlar, Avesta/ Yaşam, birinci baskı : 2009, İstanbul.
49. Serbesti, 3. Teşrinisani.1324. sayı.1. s.1.
50.Musa Ali Armutcu, Serbesti Gazetesi ve Ahrar Fırkası, Yüksek Lisans tez, Tez Danışmanı Dr. Öğr. Ü. Gökhan Kaya, Sosyal Bilimler Enstitüsü Tarih Anabilim Dalı, Hitit Üniversitesi, Çorum 2020, s.22-28.
51.BOA. İ.HUS. 173.23. 02.
52.BOA. Y.PRK. BŞK. 79. 107. 01.
53.BOA. DH.MKT.2892. 97. 3.
54.BOA. DH.MKT.2892. 97. 3.
55. BOA. DH. MKT. 2892. 97. 2.
56.BOA. MV. 130.
57.BOA. ZB. 25. 110. 01.
58.BOA. DH. MKT. 2897. 23. 01.
59.BOA. DH. MUİ. 11-3. 24. 02.
60.BOA. DH. MUİ. 8-2. 20. 02.
61.BOA. DH. MUİ. 12-2. 22. 02
62.BOA. DH. EUM. THR. 93. 14. 4.
63.BOA. DH. EUM. 14. 5. 01.
64.BOA. DH. EUM. 41-1. 20. 2.

# وەرگێڕان

تورکیاناسی

# تێگەیشتن‌و تێڕوانینە سیاسییەکان سەبارەت بە پرسی کورد

## (Kürt Meselesi İle İlgili Algılar ve Siyasal Eğilimler)

ناوەندی بیرو توێژینەوەکانی سپێکترووم هاوس
(Spectrumhouse Düşünce ve Araştırma Merkezi)
**وەرگێڕانی: یاد نورسی | ماستەر لە فەلسەفەی سیاسی**

**ناوەندی سپێکتڕووم هاوس وەک ناوەندێکی تایبەت بە بیرو توێژینەوە لە تورکیادا بایەخ بە بابەتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان دەدات. بەشێکی ناوەندەکە تایبەتە بە کردنی ڕاپرسی بە شێوەی مەیدانی لە سەر بابەتە گرنگەکانی ڕۆژ. لەم ڕاپۆرتەیداو لە چوارچێوەی (٢٨) لاپەڕەدا، ڕاپرسییەکی تێروتەسەلی لە بارەی تێگەیشتن‌و تێڕوانینی سیاسیی هاوڵاتیان سەبارەت بە پرسی کورد لە تورکیا خستووەتەڕوو. بە هۆی گرنگی‌و زۆریی بابەتەکە، وەرزنامەی تورکیاناسی بەپێویستیزانیوە پوختەی توێژینەوەکە وەربگێڕدرێت‌و بخرێتەبەرچاوی خوێنەران. توێژینەوەکە بە شێوەی چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لە (٢٥)ی تشرینی دووهەم هەتا (٣)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤)، بە بەشداریی دووهەزارو بیستوهەشت کەس لە (٢٦) پارێزگای تورکیا کراوە. ئەو (٢٦) شارە ئەوانەن، کە ناوەندەکانی توێژینەوە؛ ڕاپرسیی تێدا دەکەن‌و وەک پێوەرێک ئەنجامەکانی دەکرێت بە سەرتەواوی تورکیادا بە شێوەیەکی ڕێژەیی بگشتێنرێت.**

پرسی کورد وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین‌و کاریگەرترین پرسەکان لە سەر پەیوەندییە ناوخۆیی‌و هەرێمی‌و نێودەوڵەتییەکانی تورکیا دەمێنێتەوەو بەشێکی سەرەکی لە کارنامەی سیاسیی ئەنقەرە پێکدەهێنێت. ڕەگوڕیشەی ئەم پرسە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی‌و سەرەتای کۆماری تورکیا دەگەڕێتەوەو بەردەوامە لە بوون بە کێشەیەکی پێکهاتەیی‌و بنەڕەتی، کە کاریگەریی لە سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی‌و گۆڕانکاریی دیموکراسی لە وڵاتدا هەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا لاوازیی ڕژێمی بەعس لە سوریاو بۆشایی دەسەڵات، کە بە هۆی شەڕی ناوخۆوە هاتووەتەئاراوە، بازنەی پرسی کوردیان لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا فراوانترکردووەو بووە بە پرسێکی هەرێمیو نێودەوڵەتی. پێشهاتە سیاسیو سەربازییە نوێیەکان لە سوریا، لەگەڵ گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزو تێڕوانینی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی بۆ ناوچەکەو عێراقیش گۆڕیوە. پرسی کورد ناوەندی بەردەوامی داینامیکیی ململانێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەروەک پرسێکی ناوەندی لە گەڕان بە دوای چارەسەرو ئاشتیدا دەمێنێتەوە.

ئەم زەمینە مێژوویی و سیاسییە ئەوە دەردەخات، کە پرسی کورد ئاڵۆزترە لەوەی کە بتوانرێت بە تەنها لە سیاسەتی ناوخۆیی تورکیادا کورتبکرێتەوە. بەو پێیەی پرسێکی فرەڕەهەندە، بۆیە تێگەیشتن لە تێڕوانینو هەڵوێستو چاوەڕوانییەکانی پەیوەست بەوەوە سنووردار نییە بە گەیشتن بە ئاشتیی ناوخۆیی، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ پێناسەکردنی هەڵوێستە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکانی تورکیا بە هەمان شێوە. لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا، تەوقەکردنو دەستگرتنێکی چاوەڕواننەکراوی نێوان دەوڵەت باخچەلی؛ سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە)و هاوسەرۆکو پەرلەمانتارانی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی) لە پەرلەمانی تورکیا سەرنجی هەموانی ڕاکێشا، ئەمەیش بە هۆی ڕەمزگەراییو کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانییەوە. ئەم هەنگاوە سەرلەنوێ جەختی لە سەر تێڕوانینو چاوەڕوانیو هەڵوێستەکان سەبارەت بە پرسی کورد کردەوەو مشتومڕێکی نوێی لە سەر ڕەهەندە هەرێمییەکانیو کاریگەریی لە سەر داینامیکیی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لێکەوتەوە.

ناوەندی بیرو توێژینەوەی سپێکترۆم هاوس ڕاپرسییەکی بۆ پێوانەی تێگەیشتنو تێڕوانینە سیاسییەکان سەبارەت بە پرسی کورد کردووە. توێژینەوەکە تیشکیخستووەتەسەر باسەکانی دەستووری نویو گرنگیی پرسی کورد بۆ تورکیاو تێگەیشتنەکانی پەیوەست بە ناسنامەو وێنەی کورد. جگە لەوەیش، لە توێژینەوەکەدا باس لە هۆکارەکانی ئەم پرسەو ئەو هەنگاوانەی کە دەبێت بنرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکو چاوەڕوانییەکانی پەیوەست بە پرسەکانی چارەسەرو ئاشتی، شرۆڤەکراوە.

توێژینەوەکە باسی لە تێڕوانینەکانی نوێنەرایەتی لە چارەسەرکردنی پرسی کورد، هەڵوێستەکان بەرانبەر بە هۆکارە ئاسانکاریو تەواوکەرەکان لەم پرۆسەیەدا دەکات. هەروەها ئاستی پێشوازی لە دەستپێشخەرییەکەی ئەم دواییەی دەوڵەت باخچەلی وەرگیراوە،

جگە لە هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی شکستی پرۆسەی چارەسەری، کە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣) بۆ (٢٠١٥) بەڕێوەچوو، هەروەها چاوەڕوانییەکان سەبارەت بە پرۆسەیەکی نوێی ئاشتی.

جگە لەوەیش، لێکۆڵینەوەکە لە ڕۆڵی میدیا لە پرسی کورد، تێڕوانینەکان بۆ سیاسەتەکانی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)و هەروەها پرسیارەکان سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە تورکیا دەبێت بیگێڕێت لە داینامیکیی شەڕو ململانێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تاووتوێکراوە. هەروەها لە ڕێگەی وەرگرتنی بۆچوونی بەشداربوانی ڕاپرسییەکەوە ڕاڤەی چۆنیەتیی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە کورد لە عێراق‌و سوریا کراوە.

لە ناو ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە لە توێژینەوەکەدا پشکنراون، ئاراستەی سیاسی‌و ڕەفتاری دەنگدانی بەشداربوان بوون. لەو چوارچێوەیەدا پرسیارێک کرا: "ئەگەر ئەم یەکشەممەیە هەڵبژاردن بکرێت، دەنگ بە کام لایەن دەدەیت؟" بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی پشتیوانی بۆ لایەنە سیاسییەکان.

توێژینەوەکە لە نێوان (٢٥)ی تشرینی دوهەم هەتا (٣)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤) کراوەو (٢٠٢٨) کەسی تەمەن (١٨) ساڵ‌و سەرووتر لە (٢٦) پارێزگای تورکیا بەشدارییان تێدا کردووە. ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی تێڕوانینە مۆدێرنەکانە بۆ پرسی کوردو تێگەیشتن لە تێڕوانین‌و هەڵوێست‌و چاوەڕوانییەکانی پەیوەست بەو پرسەوە.

ئامانجی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەی پرسی کوردو مشتومڕەکانی ئاشتییە لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە بۆ تێگەیشتن لە دینامیکیی کۆمەڵایەتی لە تورکیا. لەم چوارچێوەیەدا، تێڕوانین‌و ڕەفتارەکانی بەشداربوان بە پشتبەستن بە گۆڕاوەکانی وەک نەتەوە، ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن‌و لایەنداری بۆ حیزب لێیانکۆڵراوەتەوە. ئەنجامەکان زانیاریی وردی لێکەوتووەتەوە، کە ڕۆشناییدەخەنەسەر کاردانەوەکانی پرسی کورد لە سەر چین‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی تورکیا.

**پرسی کورد ئاڵۆزترە لەوەی کە بتوانرێت بە تەنها لە سیاسەتی ناوخۆیی تورکیادا کورتبکرێتەوە. بەو پێیەی پرسێکی فرەڕەهەندە، بۆیە درێژدەبێتەوە بۆ پێناسەکردنی هەڵوێستە هەرێمی‌و نێودەوڵەتییەکانی تورکیا بە هەمان شێوە**

توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی شێوازی چەندایەتی لە ڕێگەی پرسیارنامەیەکەوە کراوە، کە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای (CATI) (چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی بە یارمەتیی کۆمپیوتەر) کراوە. مۆدێلی

نموونەیی بە پێی شێوازی دابەشکردنی ڕێژەیی داڕێژراوە، بە پشتبەستن بە داتای هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (٢٠٢٣). داتا کۆکراوەکان بە وردی بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS ٢٢) شیکراونەتەوە.

**بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە**

- (٥٣٪)ی بەشداربوان بۆچوونێکی ئەرێنییان سەبارەت بە پێویستیی ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێ دەربڕیوە.

- (٥٩.٣٪)ی بەشداربوان پێیانوایە، کە پرسی کورد کێشەیەکی گرنگە بۆ تورکیا. ئەم ڕێژەیە لە سەر بنەمای ئەو هەڵسەنگاندنانەیە، کە لە ئاستەکانی "کێشەی زۆر گرنگ"و "کێشەی گرنگی مامناوەند"دا دراون.

- (٨٦٪)ی بەشداربوان ڕایانگەیاندووە، کە دەتوانن دۆست یان دراوسێی کەسانی هەردوو ناسنامەی تورکیو کورد بن.

- سەبارەت بە هۆکارەکانی پرسی کورد، (١٩.٢٪)ی بەشداربوان ناسنامە بە هۆکاری سەرهەڵدانی پرسی کورد دەزانن، دواتر هۆکارە سیاسییەکان بە ڕێژەی (١٤.٥٪)، جیاکاری بە ڕێژەی (١٣.٤٪)و خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە ڕێژەی (١٣٪)، لە کاتێکدا هۆکارە دەرەکییەکان بە ڕێژەی (١٠٪)، تیرۆرو هاندانو بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بە ڕێژەی (٧.٧٪)، سیاسەتەکانی حکومەت بە ڕێژەی (٥.٧٪) کەمتریان هەبووە.

- لە وەڵامی پرسیاری "کام حیزب دەتوانێت پرسی کورد چارەسەربکات؟"دا پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) ڕێژەی (٣٩٪)ی وەرگرتووە، لە دوای ئەویش پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بە (٢٦.٨٪)، پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) بە (٩.٨٪)و لە کۆتاییدا پارتی یەکسانیی دیموکراتیی گەلان (دەمپارتی) بە ڕێژەی (٨.٤٪). هەروەها لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە، کە نزیکەی نیوەی بەشداربوان پێیانوایە، کە پارتە دەسەڵاتدارەکان (ئاکپارتیو مەهەپە) کاریگەرتر دەبن لە چارەسەرکردنی پرسی کورددا.

- لە وەڵامی ئەو پرسیارەی "بڕوات بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هەیە؟"دا (٢٩.٤٪)ی بەشداربوان گوتوویانە: "بڕوام پێیەتی". بە واتایەکی تر، لە هەر سێ بەشداربوویەک دوو کەس باوەڕیان بە ئەگەری چارەسەری ئاشتییانە هەیە.

- لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی "پێویستە چ هەنگاوێک بنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد؟"، "دیالۆگو دانوستان" بە ڕێژەی (٢٤.٥٪) لە پلەی یەکەمدا هات، دواتر "بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیو تیرۆر" بە ڕێژەی (٢١.٨٪)، دواتر "چاکسازیی دەستووری" بە ڕێژەی (١٦.٦٪)و "بەرەوپێشبردنی مافە کولتوورییەکان" بە ڕێژەی (١٣.١٪). ڕێژەی ئەوانەی وەڵامیانداوەتەوە، کە "نابێت هیچ

ڕێوشوێنێک بگیرێتەبەر"، (١٥.٣٪) بووە.
- کاتێک پرسیار لە بەشداربوان کرا، کە پێویستە پەیوەندی بە کێوە بکرێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی کورد بکات لە چارەسەرکردنی پرسی کورددا، لە وەڵامدا "خەڵکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێژەی (٢٥٪)ی وەرگرتووە، سەرکردە کوردەکان بە ڕێژەی (١٨.٩٪)، پاشان "هەموو پارتە سیاسییەکان" بە (١٤.٣٪)و لە کۆتاییدا دەمپارتی ڕێژەی (٥.٤٪)ی بەدەستهێناوە.

**(٥٩.٣٪)ی بەشداربوان پێیانو ایە، کە پرسی کورد کێشەیەکی گرنگە بۆ تورکیا، هەروەها (٥٣٪)ی بەشداربو انیش بۆچوونێکی ئەرێنییان سەبارەت بە پێویستیی ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێ دەربڕیوە**

- سەبارەت بە ڕۆڵی نێوەندگیری یان لایەنی سێیەم لە چارەسەرکردنی پرسی کورد، دەرکەوتووە، کە (٧٠.٨٪)ی بەشداربوان ئاماژەیان بە هیچ لایەنو نێوەندگیرێک نەکردووە.
- بە پێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، (٥٨.٥٪)ی بەشداربوان ڕایانگەیاندووە، کە لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلی سەبارەت بە عەبدوڵلا ئۆجەلان، کە تێیدا گوتبووی: "با کۆتایی تیرۆرو هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە ڕابگەیەنێت، ئەوا با بێتو لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی دەمپارتی لە پەرلەمانی تورکیادا قسەبکات"، بە هەڵە دەزانن. لە بەرانبەردا (٢١.٤٪) ئەم قسانەیان بە ڕاست زانیوە. لە کاتێکدا کۆی ڕێژەی ئەوانەی دوودڵ بوون، بێئاگا بوون، یان ڕەتیانکردووەتەوە وەڵامبدەنەوە، (٢٠.١٪) بووە.
- کاتێک پرسیار لە بەشداربوان کرا سەبارەت بە هۆکارەکانی شکستی پرۆسەی ئاشتی، کە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٥) بوو، (٢٠٪)ی بەشداربوان "مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ پرۆسەکەدا لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانەوە" وەک گرنگترین هۆکاری شکستەکە وێنادەکەن. هۆکارەکانی تر بەم جۆرەی خوارەوە بووە:
١. نەبوونی ئیرادەی سیاسی، (١٥.٥٪)،
٢. بێمتمانەیی بە یەکتر، (١٥.٣٪)،
٣. نەبوونی گفتوگۆیەکی تەندروست، (١٤٪)،
٤. توندوتیژیو تیرۆر، (١١.٨٪).
- سەبارەت بە چاوەڕوانییەکانی بەشداربوان لە بارەی ئەگەری دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتیی نوێوە، (٤٥.٧٪) خواستی خۆیان بۆ دەستپێکردنەوەی دەربڕیوە. لە کاتێکدا (٤١.٣٪) دەستپێکردنەوەی پرۆسەکەیان بەپێویستنەزانیوە. لە کاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی دوودڵ یان نادڵنیا بوون، (١٣.١٪) بووە.

- سەبارەت بە تێڕوانینی بەشداربوان بۆ پرسی کوردو ڕۆڵی میدیا، (٥٣.٤٪) پێیانوایە، کە میدیا بە شێوەیەکی "لایەنگری‌و ئاراستەکراو" مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا دەکات، لە کاتێکدا تەنها (١٩.٢٪) پێیانوایە، کە میدیا بە شێوەیەکی "بێلایەن‌و بابەتیانە" مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

- کاتێک پرسیار لە بەشداربوان کراوە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنیان بۆ سیاسەتەکانی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بەرانبەر بە چارەسەرکردنی پرسی کورد، تەنها (١٦.٢٪) پێیانوابوو، کە ئەو سیاسەتانە بەسن. لە کاتێکدا (٧٠.٩٪) بە "ناتەواو"یان زانیوە، یان پێیانوایە، کە "جەهەپە سیاسەتێکی ڕوونی نییە بەرانبەر بە پرسی کورد".

- سەبارەت بە تێڕوانینی بەشداربوان بۆ ڕۆڵی تورکیا لە چارەسەرکردنی ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، (٣٩.٨٪) پشتگیرییان لە گرتنەبەری گفتوگۆ کردووە. لە کاتێکدا (٢٦.٢٪) بەکارهێنانی هێزی سەربازییان بە گونجاوترین چارەسەر زانیوە. سەبارەت بەوانەی پێیانوابووە، کە تورکیا نابێت هیچ ڕۆڵێک بگێڕێت، ڕێژەکەیان گەیشتووە بە (٢٠.٨٪).

- سەبارەت بە سیاسەتەکانی تورکیا بەرانبەر بە ناوچە کوردییەکان لە سوریاو عێراق، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، کە (٣٩.١٪)ی بەشداربوان پشتیوانی ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتی تورکیا ناکەن، هاوکات (٣٤.٧٪) پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو سیاسەتانە دەربڕیوە. ڕێژەی ئەوانەی ڕەتیانکردەوە، کە وەڵامبدەنەوە، یان هیچ بۆچوونێکیان نەبووە، (١٤.٥٪) بووە.

- لە کۆتاییدا لە کاتی شیکردنەوەی نیازی دەنگدان لە ئەگەری ئێستای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە گشتییەکان، جەهەپە بەرزترین ڕێژەی پشتیوانیی بەشداربوانی بەدەستهێناوە، کە (٣٢.٤٪) بووە، لە دوای ئەویش ئاکپارتی بە ڕێژەی (٣١.٣٪)، پاشان دەمپارتی بە ڕێژەی (١٠.٥٪) پلەی سێهەمی بەدەستهێناوە، مەهەپە بە ڕێژەی (٧.١٪)و پارتی باش (İYİ Parti) بە ڕێژەی (٤.٥٪)و پارتی سەرکەوتن (Zafer Partisi) بە ڕێژەی (٤.٣٪). پارتی خۆشگوزەرانیی نوێ (یەرەپە) (٣.٦٪)و پارتی کلیل (Anahtar Partisi) (٢.١٪) و پارتی کرێکارانی تورکیا (تیپ) (١.٣٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە.

---

لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت
https://spectrumhouse.com.tr/kurt-meselesi-ile-ilgili-algilar-ve-siyasal-egilimler/

# پرسی کورد لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ڕژێمە ئۆتۆنۆمی (خودموختاری)یەکان و جیۆپۆلەتیکیان

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەلیشان ئاکپنار

**ئامادەکردنی:** هارون ئێرجان | **وەرگێڕانی:** حەمزە محمد صاڵح

دوای دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت باخچەلی و بەدوایدا هەنگاوەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و دواجار بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ "چەکدانانی پەکەکە و خۆهەڵوەشاندنەوەی"، پرسی کورد لە تورکیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە بابەتی گەرمی میدیا و ناوەندەکانی توێژینەوەی ناوچەیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی. بە سەرگوزەشتەیەکی خێرا بە مێژووی کوردستاندا، تێدەگەین پرسی کورد ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەیە، بە تایبەت لە مێژووی نزیکدا ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و سەفەوی. بۆ تێگەیشتنی باشتر لە پرسی کورد، گەڕانەوە بۆ مێژوو و خوێندنەوەی قۆناغە جیاوازەکانی پرسی کورد لە ڕابردوودا یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە ئێستا و ئایندەی ئەم پرسە لە تورکیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.
وەرزنامەی تورکیاناسی بە پێویستی زانیوە چاوپێکەوتنێکی ناوەندی توێژینەوە کلتووری و مێژووییەکانی قاد QAD Kültür ve Araştırmalar Derneği دەربارەی (پرسی کورد لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ڕژێمە ئۆتۆنۆمی (خودموحتاری)یەکان و جیۆپۆلەتیکیان) لەگەڵ ئالیشان ئاکپنار Alişan Akpınar شارەزای مێژووی کورد و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بڵاوبکاتەوە. ئاکپنار چەندین لێکۆڵینەوە و کتێبی لە سەر مێژووی کورد و پەیوەندی مێرنشینە کوردییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی عوسمانی بڵاوکردووەتەوە. گرنگترینیان کتێبی (کوردستانی عوسمانی (Osmanlı Kürdistanı) بووە.

**بەڕایی:**
لە کاتێکدا بە مانای سەردەمیانە باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکرێت، یەکێک لەو بابەتانەی کەمتر دەکرێت بە ڕۆژەڤ، بریتییە لە خستنەڕووی مێژووی دوور و درێژی ئەم بابەتە.

پرسی کورد، یەکێکە لە گرێکوێرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆیە هەوڵەکان بۆ تێگەیشتن لەم پرسە، تەنها لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتە سیاسییەکانی هەڵەیە، چونکە لەبیرکردنی مێژووی ئەم بابەتە وەک لەبیرکردنی سەرچاوەی ڕووبارێکە لە کوێوە هەڵدەقوڵێت و تەنیا باسکردنی بێت لەو شوێنەی ئەمڕۆ تێی دەڕژێت. ئەم مێژووە دوور و درێژە تەنها لە ململانێ و گرژییەکان پێکنەهاتووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە چەندین ڕژێمی ئۆتۆنۆمی پێکهاتووە. لەم ڕوانگەوە چاوپێکەوتنێکی دووردرێژمان لەگەڵ مێژوونووس ئەلیشان ئاکپنار ئەنجامدا، ئەمەش بۆ ئەوەی تێبگەین کە لێکۆڵینەوە مێژووییە نوێیە ورووژێنەرەکانی مێژووی کورد و کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا چۆن دەتوانن ڕێنماییمان بکەن. لێرەدا ئێمە بەشی یەکەمی چاوپێکەوتنەکە بڵاودەکەینەوە.

**هارون ئێرجان:** سەرەتا دەمەوێت باس لەوە بکەم لە چوارچێوەی کورد و عوسمانیدا دیاردەی ئۆتۆنۆمی پێویستە چۆن چەمکسازی بکەین. بەڵام سەرەتا با لە چوارچێوەی جیۆپۆلەتیکیەوە دەست پێ بکەین. گرنگی ستراتیژی کوردستان لە کۆتایی سەدەی ١٥ و سەرەتای سەدەی ١٦دا چی بووە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ژینگەی دەسەڵاتە سیاسی و سەربازییانەی کە دەوروبەری ئەم جوگرافیاییان داوە، ئایا دروستە بڵێین جوگرافیای کورد هاوتایە لەگەڵ کۆنتێکستێکی جیۆپۆلەتیکی کە لە خۆی تێدەپەڕێت؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەبووە لەلای ئەو ئیمپراتۆرییەتانەی کە هەوڵی جێگیرکردنی باڵادەستی خۆیان لە ناوچەکەدا داوە. چونکە کوردستان خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژی وەهایە کە ئاسیای ناوەڕاست بە حەوزی ئێران و ئەنادۆڵ و دەریای ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بووە کوردستان بووە بە مەیدانی چەندین ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتەکان. بۆ نموونە ململانێی نێوان ئیمپراتۆری بیزەنتین و ساسانی ڕاستەوخۆ لەسەر خاکی کوردستان ڕوویداوە. دواتر ململانێی نێوان بیزەنتین و خەلافەتی و ئەمەوی و عەباسیەکانیش هەر لەسەر ئەم خاکانە ڕوویداوە. بەهەمانشێوە ململانێی

نێوان خەلافەتەکان و ساسانیەکان، گرنگی جیۆپۆلەتیکی کوردستانیان زیاتر دەرخستووە. پاشان لەشکرکێشی مەغۆلەکان کوردستانی وێرانکرد. دواتر سەردەمی سەلجوقییەکان و تەیمورییەکان دێت. دواجار ململانێی عوسمانیەکان و سەفەویەکان هاتەکایەوە. لەم ڕوانگەیەوە کوردانی نیشتەجێی ئێرە ناچار بوون بۆ مانەوەیان لە ژیاندا، ستراتیژی جۆراوجۆر دابڕێژن. لە نێو ئەم هاوسەنگییە سەختەی ئیمپراتۆرەکاندا، کورد بە پەرەپێدانی توانا ستراتیژییەکانی خۆی هەوڵیداوە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم لەگەڵ خۆبەڕێوەبەر و میرنشینەکاندا بوونی خۆی بپارێزێت.

**هارون ئێرجان:** جوگرافیای کورد خاوەنی چی جۆرە پێکهاتەیەکە کە بتوانێت لەم پرۆسەیەدا پارێزگاری لە ئۆتۆنۆمی سیاسی خۆی بکات؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** لە سەدەی ٩ و ١٠وە چەندین دەوڵەت هەبوون، کە ئەمانە لەلایەن کوردەکانەوە دامەزراون، وەک مەروانییەکان، شەدادیدییەکان، حەسەنەویەکان، کاکاوایەکان، حەزبانی و ئەیوبیەکان. ئەمەش بەتایبەت دوای لەشکرکێشیەکانی مەغۆلەکان، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتە دۆخێکی زۆر خراپەوە. بەڵام لە دوای ئەم وێرانکارییە گەورەیەش، دەبینین کوردەکان توانیویانە لەژێر ئەو بونیادەی کە ئێمە پێی دەڵێین میرنشین، ئۆتۆنۆمی سیاسی خۆیان دابمەزرێنن. دەتوانین بونیادی میرنشینەکانی وەک میرنشینی جزیرە- بۆتان، میرنشینی ئەردەڵان، بابان و سۆران وەک نموونە بخەینەڕوو. شەرەفخانی بەدلیسی لە بەرهەمەکەیدا بە ناوی (شەرەفنامە)، باسی زۆربەی ئەو میرنشینانە دەکات و سەرەتای سەرهەڵدانیان بۆ سەدەی ١٣ و ١٤ دەگەڕێنێتەوە. چونکە دوای لەشکرکێشی مەغۆلەکان، ناسەقامگیرییەکی یەکجار زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووەتەکایەوە. سەرەڕای ئەمەش، میرنشینە کوردییەکان سەرکەوتوو بوون لە پاراستنی کیانی خۆیان. پاشان لە سەردەمی ململانێیەکانی نێوان ئاققۆینلۆ و قەرەقۆینلۆدا توانیان پارێزگاری لە بوونی خۆیان بکەن. بەشێوەیەکی سەرەکی هەموو ئەمانە بۆ ستراتیژییە سیاسییەکانی کورد دەگێڕدرێتەوە.

**هارون ئێرجان:** دەکرێت کەمێک وردتر لەسەر ئەم ستراتیژیانە قسە بکەن؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** هەندێک جار ئەم ستراتیژانە بە دروستکردنی پەیوەندیی پارێزگارانە بەدیهاتووە. بەڵام ئەو کاتانەی کە بونیادی پەیوەندی پارێزگارانە لاواز بووە، کوردەکان توانیویانە سەربەخۆیی بۆ خۆیان بەدەست بهێنن.

کاتێک بارودۆخی پێچەوانە هاتووەتە ئاراوە، دووبارە پەنایان بۆ دانوستان بردووە. کاتێکێکیش دانوستانەکان شکستیان هێناوە، دۆخیان بۆ شۆڕش و بەرخۆدان گۆڕاوە. هەربۆیە دەبینین ئەم جۆرە ستراتیژانە لەلایەن حکومەتە کوردییەکانەوە (لەلایەن عوسمانییەکان وشەی حکومەت بەکارهێنراوە) لەو سەردەمەدا جێبەجێکراوە.

**لە کاتێکدا بە مانای سەردەمیانە باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکرێت، یەکێک لەو بابەتانەی کەمتر دەکرێت بە ڕۆژەڤ، بریتییە لە خستنەڕووی مێژووی دوورو درێژی ئەم بابەتە. هەربۆیە لەبیرکردنی مێژووی ئەم بابەتە وەک لەبیرکردنی سەرچاوەی ڕووبارێک و تەنیا باسکردنی بێت لەو شوێنەی ئەمڕۆ تێی دەڕژێت**

بێگومان کۆتایی سەدەی ١٥ و سەرەتای سەدەی ١٦ وەرچەرخانێکی زۆر گرنگە بۆ کوردەکان. چونکە لەم قۆناغەدا دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەک عوسمانی و سەفەوی لەسەر شانۆی مێژوو سەریانهەڵدا. دووبارە ململانێی دەسەڵاتی ناوچەیی نێوانیان لەسەر خاکی کوردستان چڕبووەتەوە. هەر بۆیە لە دروستبوونی هەژمونی ناوچەیی، هەڵبژاردەی حکومەتە کوردییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی لەم دۆخەدا.

**هارون ئێرجان:** پێش ئەوەی قووڵتر باس لەم هاوسەنگییە نوێیەی جیۆپۆلەتک بکەین، ئێمە سەبارەت بە ژێرخانی سیاسی و سەربازیی حکومەتە کوردییەکان چی دەزانین؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** هەموو ئەم حکومەتە کوردییانە خاوەنی هێزی چەکدار، واتە سوپا بوون. لێرەدا ئێمە باسی ئەو بونیادە دەکەین کە کۆشک، خان، چینی دەسەڵاتدار، مەلا (زانا) و ستافی نووسەر- وێنەکێشی تایبەت بە خۆیان هەبووە. لە ڕاستیدا بەشێک لەو دراوانەی لەو سەردەمەدا و لەلایەن حکومەتە کوردییەکانەوە چاپدەکران، تاوەکو ئێستاش ماونەتەوە. بۆ نموونە لە گۆڤاری (مێژووی کورد)دا، چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگ لە مەڕ ئەو دراوانە ئەنجامدراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە باس لەو بونیادە دەکەین کە بە ناوی خۆیانەوە پارەیان چاپدەکرد و لە ناو هەرێمەکانی خۆیاندا ڕەوایەتی هەبووە. هەر بۆیە دەتوانرێت بە مانای وشە ئەم بونیادانە وەک دەوڵەتی سەدەی ناوەڕاست ناوزەندبکرێن. هەڵوێستی ئەم حکومەتانە ڕۆڵی زۆر گرنگیان لە یەکلاکردنەوەی خەباتی جیۆپۆلەتیکیدا بینیوە.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا کاتێک بیرم لەم بابەتە دەکردەوە، بەدوای وەڵامی پرسیاری "بۆچی سەرکردەکانی کورد ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان پێ باشتر بوو؟" دەگەڕام. لەو سەردەمەدا لە ڕوانگەیەکی زۆر سادەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە درایەوە کە بەو پێیەی سەفەوییەکان قزڵباشی بوون، سەرکردەکانی کوردیش کە زۆرینەیان سوننە مەزهەب بوون، ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لەلا پەسەندتر بوو. بەڵام بەهۆی لێکۆڵینەوە تازەکانی ئەم دواییەوە بۆچوونی ئێمەیان لەسەر ئەم پرسە گۆڕیوە. بێگومان فاکتەری ئایینی بەشێکی بابەتەکەیە، بەڵام ڕاستی بابەتەکە زۆر جیاوازە لەوە.

لە ساڵانی ١٥٠٧-١٥٠٨ شا ئیسماعیلی سەفەوی بەشێکی گرنگ و بەرچاوی خاکی کوردستانی داگیرکرد و هەوڵی زۆری لەسەر نەهێشتنی بونیادە ئۆتۆنۆمییەکەی کوردییەکاندا. هەر بۆیە بەشێک لە میرەکانی گرت و لە کارەکانیان دووریخستنەوە و لە شوێنی ئەوان پیاوەکانی خۆی وەکو والی دانا و ڕاشکاوانە بە سەرکردە کوردەکانی دەگوت "ئیتر شتێک بە ناوی سەروەری ئێوە نەماوە". لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی عوسمانی دەرفەتێکی جیاوازی پێشکەش بە سەرکردە کوردەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی کرد و پێی ڕاگەیاندن: "ئەگەر ئێوە لە لای من بن، دان دەنێم بە سەروەری ناوخۆییتاندا. تەنیا ئەوەم لە ئێوە دەوێت لەسەر سنووری ئێران پشتێنەیەکی پارێزگاری بۆ من دروست بکەن. جگە لەمەش دەتوانن وەک پێشتر لە هەرێمەکەی خۆتان درێژە بە ئیدارەی خۆتان بدەن". بۆیە لە سایەی ئەم پرۆژەدا بوو کە سەرکردەکانی کورد ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان پێ باشتر بوو نەوەک شا ئیسماعیلی سەفەوی. لەلایەکی دیکەوە شا ئیسماعیل هیچ پرۆژەیەکی بۆ کورد نەبوو، بەڵکوو بەپێچەوانەوە سەرنجی لەسەر نەهێشتنی بوونیان بوو. هەر بۆیە لە سەرەتای سەدەی ١٦دا، لە کاتی شەڕی چاڵدیران لە ساڵی ١٥١٤ز، میرەکانی کورد چوونە لای عوسمانییەکانیان. دوابەدوای ئەم هاوپەیمانییە لەگەڵ عوسمانییەکان، پرۆسەی لەناوبردنی بوونی سەفەوی بەتەواوی لە کوردستان لە قۆناغێکدا تەواو بوو، کە لە ساڵی ١٥١٧ تاوەکوو ١٥٢٠بەردەوام بوو. دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا چالاکییەکانی ئیدریس بیتلیسی و محمد پاشای سمێڵدار گرنگییەکی زۆریان هەبووە. لەسەر ئەم بابەتە مێژوونووس ڤورال گەنج کتێبێکی گشتگیری هەیە بە ناوی "لە عەجەمەوە بۆ یۆنان: بیرۆکرات و مێژوونووس ئیدریسی بیدلیسی (١٤٥٧- ١٥٢٠)"، کە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد و گرنگە.

لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژەدا،

سەرکردە کوردەکان پەیوەندییەکی وەسیەتگەرای لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دادەمەزرێنن. ڕوانگەی دەوڵەتی عوسمانیش بەم شێوەیە بوو کە "دەتوانن لەم خاکانەدا بمێننەوە، بەڵام ناوچەیەکی پاراستن و پارێزگاری بۆ من دروست بکەن". ئەمەش لەبەرئەوەبوو سنووری ئێران هەرێمێک نەبوو کە دەوڵەتی عوسمانی بەتەنیا بە دەسەڵاتی سەربازی خۆی بتوانێت کۆنترۆڵی بکات. ئەمەش بەهۆی پانایی و پێکهاتە شاخاوییەکەیەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو دەسەڵاتی ناوخۆیی میرنشینە کوردییەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانی گرنگییەکی تایبەتی هەبوو.

**هارون ئێرجان:** کەواتە ئیمراتۆریەتی عوسمانی پێویستی بە گەرەنتی سیاسی لە ناوخۆ و کوردەکانیش لە سەر سنورەکانی ئێران هەبووە. ئەمەش لە ڕێگەی چەندین گرێبەستەوە جێبەجێ دەکرێت؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** ڕێک وایە. کوردەکانیش لە دژی شا ئیسماعیل، پێویستیان بە پشتیوانی عوسمانی هەبوو. کە لە دوای ساڵی ١٥١٤، واتە لە دوای جەنگی چاڵدێرانەوە باس لە ڕێککەوتنی هاوبەش دەکرێت. ئەمەش بە تایبەت لە سەردەمی یاڤوز سوڵتان سەلیم و دواتر لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونیدا بەدیدەکرێت. لەم پرۆسەیەدا کیانی هێزەکان لە کوردستان بە سێ شێوە پۆلێن دەکرێت:

**یەکەمیان:** حکومەتە کوردییەکان.

**دووەمیان:** ئەو سەنجاقانەی کە بە مالیکییەت-پشتاوپشت پۆلێنکراون.

**سێیەمیان:** ئەو سەنجاقانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەبوو.

وەک دەزانین ئەمڕۆ دوو لەسەر سێ، ڕەنگە ٧٠-٧٥٪ی خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەت و سەنجاقە کوردییەکاندا بوو. بەڵام دەوڵەتی عوسمانی ڕاستەوخۆ دەستوەردانی لەو خاکانەدا نەدەکرد کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتە کوردییەکاندا بووە. بە واتایەکی دیکە لێرە باسی هیچ تۆمارێک ناکرێت، نە قازی دەنێردرێت، نە هیچ والییەک دادەنرێت. هەموو ناوچەکە و کاروبارە کارگێڕییەکان لە دەستی سەرۆکی ئەو شوێنەدایە. جگە لەوەش لەم هەرێمەدا دەسەڵاتی کۆکردنەوەی باج بە میر دراوە و باجاکانیش بۆ دەوڵەتی عوسمانی نەنێردراوە. حکومەتە کوردییەکان سوپای تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە و تەنانەت بە ناوی خۆیانەوە پارەیان چاپکردووە. دەکرێت ئەمە وەک جۆرێک لە بونیادی ئۆتۆنۆمی یان دەوڵەتێکی ناوخۆیی بیری لێبکرێتەوە. بەڵام ئەم هەرێمانە دوو بەرپرسیارێتی گرنگیان بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی هەبوو:

**یەکەم:** پاراستنی سنووری ئێران، واتە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.
**دووەم:** پشتگیری لۆجستی بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی شەڕێک؛ وەک دابینکردنی خۆراک، بژێوی یان یارمەتی سەربازی.
جگە لەمانەش دەوڵەتی عوسمانی دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆیی حکومەتە کوردییەکان نەدەکرد. ئەم دۆخە وەک ڕێکخستنێک بوو کە لەسەر بنەمای گرێبەستێکی هاوبەش دامەزرابوو، خزمەتیشی بە پێداویستییەکانی هەردوولا دەکرد.

**لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەبووە لەلای ئەو ئیمپراتۆرییەتانەی کە هەوڵی جێگیرکردنی بالادەستی خۆیان لە ناوچەکەدا داوە. چونکە کوردستان خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژی وەهایە کە ئاسیای ناوەڕاست بە حەوزی ئێران و ئەنادۆڵ و دەریای ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە**

**هارون ئێرجان:** ئایا دەکرێت ئەم دیاردەیە بە ناوەندی شارە مێژووییەکانی کوردستانەوە ببەسترێتەوە، نەک بە ناوچە گوندنشینەکانییەوە؟ بۆ نموونە کە ڕاستەوخۆ شارەکانی وەکوو جزیرە و سیواس و بیدلیسی.
**ئەلیشان ئاکپنار:** لێکۆڵینەوەکان لەسەر بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی پێمان دەڵێن مەرامی سەرەکی میرنشینە کوردییەکان پاراستنی شارۆچکە و شارەکان بوون. لە کاتێکدا ئێمە هەمیشە وێنای ئەم میرنشینانەمان بەوە کردووە کە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی بن و لەسەر بنەمای پێکهاتەی خێڵەکی دامەزراون. بە واتایەکی دیکە ئێمە وەک بونیادێک بیرمان لێکردونەتەوە کە پشت بەستووە بە سەرکردەیەک و سەرکردایەتییەکەش بە دەمارگیری خێڵەکی دیاریکراوە. بەڵام ئێستا لە ژێر ڕۆشنایی ئەم لێکۆڵینەوە نوێیانەدا، دەتوانین بڵێین کە ئەم بابەت بەو شێوە نییە.

**هارون ئێرجان:** کەواتە ئەم میرنشینانە بونیادێکی کۆمەڵایەتی گوندنشینی بچووک نین کە تەنها بە پەیوەندی خوێن پێناسە بکرێن. لە هەمان کاتدا خاوەنی ئەو بوارانەن کە کایەی ئابووری کۆنترۆڵ دەکەن و تایبەتمەندی شارستانییان هەیە؟
**ئەلیشان ئاکپنار:** بەدڵنیاییەوە وایە. ئیتر دەزانین کە بونیادی بنەڕەتی ئەم میرنشینە کوردییانە لەسەر بنەمای

شار و شارۆچکەکان دامەزراوە. کتێبی (گەشتنامەی)ی ئەولیا چەلەبی کە لە ساڵانی ١٩٣٠دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام کاتێک لە دوای نەوەدەکانەوە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە لەم کتێبە دەکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەولیا چەلەبی ژیانێکی بێ وێنەی شاری دیاربەکر و بیتلیسی وێنا کردووە. ئەو ناوچەیەی کە باسی دەکەین بەشێکی گرنگی هێڵێکی بازرگانییە و بە تایبەت بازرگانی دەریای ناوەڕاست بە بازرگانی ڕۆژهەڵاتی دوورەوە دەبەستێتەوە. باسیشی لەوە کردووە شارەکانی دیاربەکر و بیدلیس و زۆرێک لە شارە کوردییەکانی دیکە خاوەنی تۆڕی بازرگانی زۆر بەهێز بوون. لەگەڵ ئەوەشدا تەنها کوردەکان بەرهەمهێنەری ئەم تۆڕە بازرگانییانە نین، بەڵکو ئەرمەنی، یۆنانی و جوولەکەکانیش بەشداربوون تێیدا.

**هارون ئەرجان:** لە ڕوانگەی تیۆرییەوە دیاردەی دەوڵەت، بە چڕبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئابووری پێناسە دەکرێت. ئایا دەتوانین باس لە سیستەمێکی نزیک لەم پێناسەیە بکەین؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** وەک دەزانین کە مێژوونووسان ئەو بونیادە بنەڕەتییەی ئەم میرنشینانەیان لەسەری بنیات ناوە، عەشیرەت نییە. بە پێچەوانەوە، خاوەنی ژێرخانێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازی زۆر بەهێزن. بۆ نموونە ئەولیا چەلەبی باس لەوە دەکات کە میرنشینی بیدلیس خاوەنی نزیکەی چل هەزار جەنگاوەر بووە. دەڵێت میرێکی دیکە دە هەزار و یەکێکی تر بیست هەزار جەنگاوەری هەبوو، بە واتایەکی دیکە ئەم میرنشینانە بەڕاستی خاوەنی سوپا و سەرباز و بونیادی ئابووری بەهێز بوون. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی سیستەمی باج، مەدرەسەی ئایینی، بیرۆکراتی و مەلاکان بوون. بۆیە ئیتر ئێمە دەزانین کە ئەم میرنشینە کوردییانە، وەک ئێوە ئاماژەتان پێدا، تەنیا پێکهاتەیەکی خێڵەکی نین و لەسەر بنەمای پەیوەندیی خوێن دامەزرابێتن. بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین ئەوان خاوەنی بونیادێکی زۆر ڕێکخراو بوون، کە شێوەکەیان بەڕوونی لەو دەوڵەتانەی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێت.

**هارون ئێرجان:** لە بنەڕەتدا ئێمە باس لە مۆدێلێکی هاوبەشی سەروەری دەکەین لە سەردەمێکی مێژووی کورددا، کەواتە تا چەند بیرۆکراسیی عوسمانی لە حکومەتە کوردییەکان و ناوچەکانی پۆلێنکراوی مالیکییەت-پشتاوپشتدا بوونی هەبووە؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** حکومەتە کوردییەکان والییان نەبووە و هەرگیز والیی عوسمانیش نەیتوانیوە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەو حکومەتانەدا

بکات. میرە کوردەکانیش هیچ کاتێک هیچ فەرمانێکیان لە والییە عوسمانییەکانەوە وەرنەگرتووە. بەڵام لە شارە گەورە کوردییەکاندا دۆخەکە جیاواز بووە. لە شارەکانی وەک دیاربەکر و وان والی عوسمانی هەبووە، چونکە دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەت والی بۆ ئەو ناوچانە دەنارد، ئەمەش بۆ ئەوە بوو دەوڵەت نەیدەویست کۆنترۆڵی شارە گەورەکان لەدەست بدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی والییەکان لە شارەکاندا سنوردار بووە و نەیانتوانیوە لە کارکردنی ناوخۆیی میرە کوردییەکاندا دەستێوەردان بکەن. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئەوەی والییەکان دەسەڵاتێکی سەربازی دیاریکراویان هەبووە، هەربۆیە لە کاتێکی پێویستیدا توانیویانە بە خێرایی توانای سەربازی خۆیان زیاد بکەن، ئەمەش بە داوای هاوکاریکردن لە ویلایەتەکانی دەوروبەریان. هەربۆیە لە هەر ساتێکدا ئەم دۆخە ئەگەری دروستبوونی ململانێی لە ناوچەکەدا بە کراوەیی هێشتبوویەوە. بەڵام دۆخەکە لەو شوێنانەی کە سیستەمی مالیکییەت-پشتاوپشتیان تێدا جێگیرکرابوو جیاواز بوو. لەم ناوچانەدا کارگێڕی عوسمانی هەبوو، بەپاوی تۆمار دروستکرابوو، قازییەکان خزمەتیان دەکرد، بەڵام دەسەڵات لە دوای خێزان، بە دەست میرەکان بووە. لە ناو حکومەتە کوردییەکاندا هیچ تۆمارێک نەکراوە. تەنانەت یەک بەرپرسی عوسمانی لەم ناوچانەدا بوونی نەبووە.

**کاتێک لە ساڵانی ١٥٠٧-١٥٠٨ شا ئیسماعیلی سەفەوی بەشێکی گرنگ و بەرچاوی خاکی کوردستانی داگیرکرد دەوڵەتی عوسمانی بە سەرکردە کوردەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی ڕاگەیاند: "ئەگەر ئێوە لە لای من بن، دان دەنێم بە سەروەری ناوخۆیتاندا. تەنیا ئەوەم لە ئێوە دەوێت لەسەر سنووری ئێران پشتێنەیەکی پارێزگاری بۆ من دروست بکەن. جگە لەمەش دەتوانن وەک پێشتر لە هەرێمەکەی خۆتان درێژە بە ئیدارەی خۆتان بدەن**

**هارون ئێرجان:** لەم قۆناغەدا، واتە پێش سەرهەڵدانی مۆدێلی دەوڵەتی ناوەندیی هاوچەرخ، بۆ پێکهاتەکانی وەک کورد فۆرمێکی ئۆتۆنۆمی تەواو باو بووە، ئەمەش کەوتبووە سەر پەراوێزی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان. کەواتە چۆن دەتوانین کوردستان بە بەراوردکردنی بە ناوچەکانی دیکە سەر پەراوێزی عوسمانی لە چوارچێوەدا دابنێین؟ بۆ نموونە جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان شێوازی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان لە میصر

و باڵقانەکاندا هەیە. چۆن دەتوانین پەیوەندی نێوان کورد و ناوەند لە ناو سیستەمی کارگێڕیی گشتیی دەوڵەتی عوسمانیدا بخەینە کۆنتێکستەوە؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** لێرەدا هیچ پرسێکی نائاسایی بوونی نییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین کوردستان پێگەیەکی جیاوازی هەبووە. نوسراوی دەوڵەتی مۆدێرن بە گشتی بەمشێوەیە باسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکات: قۆناغێکی دامەزراندن، دواتر قۆناغێکی سەرهەڵدان کە تێیدا گەیشتە لوتکەی ناوەندخوازی، پاشان قۆناغێکی داکەوتن دێت، کە تێیدا ناوەندخوازی لەدەستچوو. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە وا دەکات کوردستان وەک هەلاوێرێک یاخود نائاسایی دەرکەوێت. بەڵام ئێستا دەزانین ئەم بابەتە ڕاست نییە. چونکە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تەنانەت لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونیشدا کە دەوڵەت لەوپەڕی ناوەندگەراییدا بووە، سیستمی سیاسی خۆی بەوشێوەیە بەڕێوە نەبردووە. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیمپراتۆریەتێک بوو و بەهۆی ستراتیژییە ئیمپراتۆرییەکانییەوە، شێوازی جیاوازی بەڕێوەبردنی لە هەر ناوچەیەکدا پەیڕەوکردووە. بۆ نموونە ستراتیژی جیاوازی لە باڵقانەکان، باکوری ئەفریقا، قەوقاز و کوردستان هەبووە. بۆیە بارودۆخی کوردستان نائاسایی نەبووە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ستراتیژە جیاوازەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی بووە.

ئێمە دەزانین کە دەوڵەتی عوسمانی چەندە گرنگی بە کوردەکان داوە. چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کوردستان گرنگییەکی ستراتیژی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە کاتێک لە سەدەی ١٧ کە سەفەوییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستیان بە پێشڕەوی کرد و شارێکی ستراتیژیی وەک شاری بەغدادیان گرت، سوڵتان موورادی شەشەم دەپرسێت: "ئەوە چی دەگوزەرێت؟ ئایا ئەویٚ لەژێر قەڵەمڕەوی ئێمەدا نییە؟ ئەو میرە کوردانەی لەوێن سەربە ئێمە نین؟" لەم کاتەدا یەکێک لە بیرۆکراتە عوسمانییەکان کە ناوی عەزیز ئەفەندی بووە، بەمشێوەیە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: "قوربان ئەو میرە کوردانەی کە لەوێن، لە جەنگی چاڵدیرانەوە تاوەکو ئێستا لەگەڵمانن. بەڵام ئێستا بەهۆی مامەڵەی خراپی ئەو والییانەی کە ئێمە دەیانێرین بۆ ئەو ناوچانە، وای کردووە خەڵکەکە پشتیوانی لە ئێمە نەکەن. هەر بۆیە ئەم میرە کوردانە بۆ ئێمە زۆر گرنگن".

عوسمانییەکان لەگەڵ ئەوەی ئاگایان لە گرنگی ستراتیژی کوردستان بووە، بەڵام پەیوەندییەکی زۆر دووریان لەگەڵ ئەم هەرێمەدا هەبووە. بە شێوەیەک کوردستان بۆ عوسمانییەکان وەک وڵاتێکی نادیار بوو. بۆ نموونە، کاتێک

ئەولیا چەلەبی لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٦٠٠زدا چووەتە شاری بیدلیسەوە، نووسیویەتی: "بۆ یەکەمجار کەسێکی عوسمانیمان بینی". چونکە هیچ بەرپرسێکی عوسمانی بۆ ئەو ناوچە نەچووە. بەڵام باڵقانەکان بەوشێوەیە نەبووە، میصر بۆ عوسمانییەکان بە هەمانشێوە نەبوو. ڕەنگە دۆخی بەشێک لە قەوقاز هاوشێوەی کوردستان بووبێت، بەڵام کوردستان بۆ عوسمانییەکان هەم شوێنێکی زۆر ستراتیژی بووە و هەم شوێنێکی نادیار. کاتێک سەیری سنووری زانیاری و کۆنترۆڵی عوسمانییەکان دەکەین، دەتوانین بڵێین دەسەڵاتیان تاوەکو شاری دیاربەکر هەبووە. زاڵبوون بەسەر بەڕێوەبردنی شارەکانی وەک دیاربەکر و موسڵ و واندا. بەڵام ناوچەکانی دەرەوەی ئەم شارانە بەڕاستی "وڵاتانی نەناسراو" بوون بۆ عوسمانییەکان.

**هارون ئێرجان:** ئایا ئەم خودموختاری(ئۆتۆنۆمی)یە لەسەر بنەمای بەڵگەنامەیەکی نووسراو بوو یاخود ڕێککەوتنێکی یاسایی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و حکومەتە کوردییەکان بوو؟ یان زیاتر باسکردنە لە واقیعی ناوچەکە؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** بێگومان ڕەهەندێکی دیفاکتۆ و ئاماژەپێکراویش لەو بابەتەدا هەیە. بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم پرۆسەیە بە یاساکان یان بە زاراوەی ئێستا، فەرمانەکان کە هێزی یاساییان هەیە ڕێکخراون. بۆ نموونە یاساکانی سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی، بە تەواوی ڕونکەرەوەی ئەم بابەتەن. لەم یاسایانەدا بە ڕوونی باس لەوە کراوە کە سەرژمێری (تۆمار) لەو شوێنانەی دەسەڵاتی کوردی لێیە ناکرێت و بەرپرسانی عوسمانی ناچنە ناوچەکە، باج لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە کۆدەکرێتەوە، کاتێک میرێک دەمرێت تەنها یەکێک لە بنەماڵەکەی دەتوانێت جێگەی بگرێتەوە.

**حکومەتە کوردییەکان والییان نەبووە و هەرگیز والیی عوسمانیش نەیتوانیوە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەو حکومەتانەدا بکات. بەڵام لە شارەکانی وەک دیاربەکر و وان والی عوسمانی هەبووە، چونکە دەوڵەتی عوسمانی نەیدەویست کۆنترۆڵی شارە گەورەکان لەدەست بدات**

لە سەدەی ١٦ەوە تاوەکو سەدەی ١٩، بیرۆکراتەکانی عوسمانی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کورد، ئاماژەیان بەم یاسایانە کردووە. هاوتەریب لەگەڵ بنەمای

"بەردەوامی لە دەوڵەتدا بنەمایە"، زۆرجار لە بەڵگەنامەی نوسراودا وەک بنەمایەک باس لە ئەم یاسایانە کراوە. کەواتە ئەم ڕێسایانە تەنها قسەی بیستراو نین، بەڵکو لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەمانە چوارچێوەیەکی یاساییان هەبووە و بەشێوەیەکی سیستماتیکی ئامادەکراون. تەنانەت دوای نەمانی میرنشینە کوردییەکان، هەندێک لە سەرکردە کوردەکان داوای گەڕاندنەوەی زەوییەکانیان دەکرد، ئەمەش بە ئاماژەدان بە یاسا و بەڵگەنامە کۆنەکان بووە. بۆ نموونە لێکۆڵەر نیلای ئۆزۆک گیوندۆغان لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو داواکاریانە لە هەندێک دۆخدا پەسەندکراون و سەرکردەکانی کورد توانیویانە زەوییەکانی خۆیان وەربگرنەوە. بۆیە ئەم پەیوەندییە ئۆتۆنۆمییەی نێوان حکومەتە کوردییەکان و عوسمانییەکان تەنیا بریتی نییە لە پرۆسەیەکی دیفاکتۆ، بەڵکو لە هەمانکاتدا بە ڕوونی بە فەرمان و ڕێسا لە چوارچێوەیەکدا ڕێکخراوە.

**هارون ئێرجان:** سەبارەت بە کارکردنی ناوەوەی ئەم دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییانە چی دەزانین؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** کێشەی گەورە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەسەر میرنشینە کوردییەکان بریتیە لەوەی کە: بەو پێیەی دەوڵەتی عوسمانی لەو ناوچانە نە سەرژمێری (تۆمار)ی کردووە و نە قازیشی ناردووە، هەر بۆیە لەسەر ئەم بابەتە نە پەڕاوی تۆماریمان هەیە و نە تۆماری قازی هەیە. ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ مێژوونووسان. بۆیە ئەگەر تۆماری قازی یان تۆماری تاپۆی دەوڵەتە کوردییەکانمان هەبوایە، زانیاری زۆر زیاترمان لەسەر دانیشتوان و ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبوو، کە بەداخەوە زانیاریمان لەسەر کارکردنی ناوەوە سنووردارە.

لە سەدەی شانزەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم، ناتوانین باس لە قۆناغێکی "ئۆتۆنۆمی لە ژێر چەتری عوسمانی" لە نێوان کورد و عوسمانییەکان بکەین، بەجۆرێک لە ڕووی نوستالۆژییەوە بێ کێشە بێت. بە پێچەوانەوە پرۆسەیەکی زۆر هەڵبەز و دابەزیوە. دەستەبژێری کوردی بە بەردەوامی نەک هەر لەلایەن عوسمانیەکان و سەفەوییەکانەوە، بەڵکو لەلایەن ململانێ و شەڕە ناوخۆییەکانی خۆیانەوە بۆ تەختی پاشایەتیش تاقیکراونەتەوە. لەم پرۆسەیەدا میرنشینە کوردییەکان ناچاربوون کە بەردەوام شەرعیەت بەرهەمبهێنن و خۆیان بسەلمێنن بە بەرەنگاربوونەوەی هەم میرنشینەکانی دەوروبەریان و هەم گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان. بە واتایەکی دیکە باس لە پرۆسەی دانوستاندنی ململانێی دینامیکی و گفتوگۆ دەکەین. بۆ

نموونە میرنشینی ئەردەڵان لە ماوەی دوو سەد ساڵی تەمەنیدا پێنج جار لایەنداری خۆی گۆڕیوە.

دەوڵەتی عوسمانی سەرەتا ئۆتۆنۆمی بە هێزە کوردییەکان بەخشیوە. بەڵام دوای ماوەیەک هەوڵیداوە ئەم سەربەخۆییە سنووردار بکات و مەودای چالاکییەکانیان بەرتەسک بکاتەوە. بۆ نموونە کاتێک والییەک لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە بۆ ئەم ناوچە نێردراوە و دەڵێت: "ئێوە ئیتر ناتوانن باج لەم ناوچانە وەربگرن، ئێمە لەم هەرێمانەدا کۆیدەکەینەوە". لەم کاتەدا میرنشینە کوردییەکان هەستیان بە فشاری عوسمانی کرد، بۆیە دەستیان بە گەڕان بەدوای بەدیلی دیکەدا کردووە. بۆ نموونە دەتوانن دانوستان لەگەڵ سەفەوییەکاندا بکەن. کە میرنشینی ئەردەڵان نموونەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی ئەمەیە. یەکێکە لەو میرنشینە کوردیانەی کە لە شەڕی چاڵدیران لە ساڵی ١٥١٤دا لایەنداری عوسمانییەکان نەبووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە سەفەوییەکان دانیان بە ئۆتۆنۆمی ئەردەڵاندا ناوە. بەڵام پاش ماوەیەک کاتێک سەفەوییەکان هەوڵیاندا دەسەڵاتی ئەردەڵان بەرتەسک بکەنەوە، ئیتر لێرەدا لایەنگری عوسمانییەکانیان دەکرد. تەنانەت میرنشینەکە دابەش بووە، کە بەشێکی بە دڵسۆزانە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو و بەشێکی دیکەش لایەنگری سەفەوییەکانیان دەکرد.

**عوسمانییەکان لەگەڵ ئەوەی ئاگایان لە گرنگی ستراتیژی کوردستان بووە، بەڵام پەیوەندییەکی زۆر دووریان لەگەڵ ئەم هەرێمەدا هەبووە. بە شێوەیەک کوردستان بۆ عوسمانییەکان وەک وڵاتێکی نادیاربوو**

کاتێک لە میرنشینێکدا شەڕ بۆ تەختی میرایەتی بکرایە، یان کاتێک میرێک بمردایە و ململانێ لە نێوان کوڕ و براکانیدا دروست بووبوایە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستێوەردانی لەم جۆرە بارودۆخانەدا دەکرد. ئێمە سەبارەت بەمجۆرە ڕووداوانە بەڵگەمان لەبەردەستدایە، ئەمەش چوارچێوەیەکی ئەکادیمی دیاریکراومان بۆ دەخاتەڕوو. لەم ڕووەوە دووبارە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە سەدەی ١٦ تا سەدەی ١٩، لە ژێر چەتری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا قۆناغێکی بێ گرفت بۆ ئۆتۆنۆمی (خودموختار)ی کورد لە ناوچەکەدا نەبووە. بە پێچەوانەوە دەتوانین قسە لەسەر قۆناغێک بکەین کە تێیدا دەوڵەتی عوسمانی لە هەر

دەرفەتێکدا دەسەڵاتی سەرکردەکانی کوردی تاقیکردووەتەوە و درێژەی بە ڕژێمێکی دانوستان و ململانێ داوە.

**هارون ئێرجان:** سەبارەت بە سیاسەتی ئیتنۆ-ئاینی لە ڕژێمی ئۆتۆنۆمیدا. ئەمەش تاوەکو سەردەمی تەنزیمات، ئەو پێکهاتانەی کە لە ناو جوگرافیای کوردستاندا بوون وەکو ناموسڵمانەکان یان ئەوانەی سوننە مەزهەب نەبوون و بە شێوەزاری جیاوازی کوردی قسەیان دەکرد، هەم لە ڕووی یاساییەوە و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە کوێی چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنامە ئۆتۆنۆمیەدا بوون؟

**ئەلیشان ئاکپنار:** نموونەی میرنشینی پالوو نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە کە ئەم زانیارییە سنووردارانەی تێپەڕاندووە. لە سنوری قەڵەمڕەویی ئەم میرنشینەدا چەندین عەشیرەتی قزڵباشی بوونیان هەبووە و پەیوەندییەکانی نێوان ئەم عەشیرەتانە و میرەکان تاڕادەیەک باش بووە. لە سەدەی هەژدەهەمدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێکهاتەیەکی لە ناوچەکە بە ناوی (ماددەنی هومایون) دامەزراند و دەستی بەسەر نیوەی زەویەکانی میرنشینی پالوودا گرت. هەر بۆیە میری پالوو لە ناوچەکەدا لەگەڵ عەشیرەتەکانی قزڵباشیدا هاوپەیمانێتییەکی پێکهێنا و پێکەوە دژی عوسمانییەکان وەستانەوە. بەشێک لەو عەشیرەتانەی لەو سەردەمەدا لەو ناوچەیەدا دەژیان، عەشیرەتی شێخ حەسەنان و دێسوملی بوون. کە ئەم عەشیرەتانە ئەو پێکهاتانەن کە ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا پێی دەڵێین ناوچەی دێرسیم و کۆچگیری. لە سەدەی ١٦وە زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی چەمیشگەزک و ڕۆژئاوای میرنشینی پالوو نیشتەجێبوون.

**کاتێک لە میرنشینێکدا شەڕبۆ تەختی میر ایەتی بکر ایە، یان کاتێک میرێک بمردایە و ململانێ لە نێوان کوڕو براکانیدا دروست بووبو ایە، ئیمپر اتۆریەتی عوسمانی دەستێوەردانی لەم جۆرە بارودۆخانەدا دەکرد**

لەم پرۆسەی ئۆتۆنۆمییەدا لە ناوچەکانی وەک بیتلیس و دیاربەکر شاهیدی ژمارەیەک مەدرەسەی ئایینی زۆر دەبین. ئێمە دەزانین کە لە سەدەی ١٦وە لە ناو ئەم مەدرەسانەدا چەندین کەسی وەک (مەلای جزیری، فەقێ تەیران، ئەحمەدی خانی) پەروەردە کراون، لەگەڵ پێگەیاندنی سەدان خوێندکار، کە لەسەر دەستی ئەمانە چەندان دیوان نووسراوە و نەک تەنیا بە زمانی عەرەبی و فارسی، بەڵکو بە کوردیش بەرهەم

بڵاوکراوەتەوە. ئەم بەرهەم و نووسینانەی زانایانی کورد دەتوانن سەرچاوەیەکی ئەوپەڕی گرنگ بن بۆ ئەوەی لە دینامیکی ناوخۆیی میرنشینەکانی ئەو سەردەمە تێبگەین. بەڵێ لەوانەیە پەڕاو و تۆماری نوسراومان لەبەردەستدا نەبێت. بەڵام بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەرشیفی ئێرانی و ئەو بەرهەمە کوردی و عەرەبی و فارسییانەی کە لەم مەدرەسە کوردیانەدا بەرهەمهێنراون، ناوەڕۆکێکی زۆر دەوڵەمەندمان پێشکەش دەکەن.

کاتێک فەقێی تەیران وەک مەلایەکی کورد بەرهەمێک بە زمانی کوردی دەنووسێت، ئێمە وەک بەرهەمێکی کوردی پەسەندی دەکەین، بەڵام هەمان هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمێک ناکەین کە بە زمانی عەرەبی نووسیبێتی. ئەمە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنێکی زۆر سەیرە. ئێستا ئەگەر من بمەوێت کتێبێک لەسەر مێژووی کورد بە زمانی ئینگلیزی بنووسم، ئایا ئەم بەرهەمە وەک بەرهەمێک لەسەر مێژووی کورد سەیر ناکەین؟

کاتێک سەیری سەردەمی عوسمانی دەکەین، دەبینین کە نەریتی مەدرەسەی ئایینی لە سێ ناوچەی وەکوو ئەدیرنە، قەیسەری و دەوروبەری قۆنیا زۆر بەهێز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگای دیاربەکر و دەوروبەری کە بە کوردستان ناسراوە، زۆر بەربڵاو بووە. لەم ناوچانەدا مەلا کوردەکان زیاتر بە زمانی عەرەبی و فارسی دەیاننووسی، چونکە ئەو زمانانە وەک زمانی هاوبەشی ئەو سەردەمە وابووە، ئەمەش دەرفەتی بۆ گەیشتن بە خوێنەرێکی زۆریان لە جوگرافیایەکی فراواندا ڕەخساند، لە هیندستانەوە تا دەگاتە بەڵقانەکان. بەرهەمگەلێکیش هەن کە بە زمانی کوردی نووسراون. بەڵام ئەم بەرهەمانە گوتارەکەیان تەنها بۆ کۆمەڵێکی زۆر بەرتەسک بووە، ئەمە نەبووەتە هۆی کەمکردنەوەی نەریتی نوسین بە زمانی کوردی.

ڕۆشنبیرانی کورد نەک هەر بە زمانی کوردی، بەڵکو بە زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسیش بەرهەمیان نووسیوە. کە بە دڵنیاییەوە پێویستە ئەم بەرهەمانە بخوێنینەوە. نابێت بەرهەمێک کە بە زمانی عەرەبی یان فارسی نووسراوە، وەک بەرهەمێک سەیری بکەین کە کوردەکان بەرهەمیان نەهێنابێت. ئەمە بوارێکی زۆر ئەستەمە بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە پێویستی بە شارەزایی لەم زمانانەدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە شارەزاییەکی باشی زمانی عەرەبی و فارسی و کوردی بێت و پێویستی بە پەروەردەیەکی کلاسیکی تۆکمە و بناغەیەکی فیلۆلۆژی هەیە. کە بەداخەوە لە تورکیا دەستگەیشتن بەم جۆرە پەروەردەیە زۆر ئەستەمە.

---

لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت:
https://qad.institute/index.php/osmanlida-kurt-meselesi-ozerklik-rejimleri-ve-jeopolitik-i/148/

# قۆستنەوەی دەرفەتەکان لە سەردەمی نادڵنیایی جیهانیدا؛ سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی تورکیا لە ساڵی (٢٠٢٥)

نوسینی: مورات یەشیلتاش(Murat Yeşiltaş)و بیلگێهان ئۆزتورک(Bilgehan Öztürk)

**وەرگێڕانی: ڕابەر سیوەیلی**

ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی ناوەندی توێژینەوەی سیاسی، کولتووری‌و کۆمەڵایەتییەکان (سێتا) Siyaset, Ekonomik ve Toplum Araştırmaları Merkezi)(SETA) به ناونیشانی "ڕاداری ئەمنیی سێتا، پێگەی جیۆپۆلۆتیکیی تورکیا لە ساڵی (٢٠٢٥)، ئیدارەی دەرفەتەکان لە سەردەمی نادڵنیاییە جیهانییەکاندا". سێتا کە بە یەکێک لە ناوەندە هەرە بەهێزو کاریگەرەکانی توێژینەوەی شیکاری‌وستر اتیژی دادەنرێت‌وبارەگای سەرەکیی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیایە، ساڵانە چەندین جۆر ڕاپۆرتی تێروتەسەل لە بارەی سیاسەتی ناوخۆیی‌و دەرەکیی تورکیاوە لە بوارە جیاوازەکاندا بڵاودەکاتەوە. ڕاپۆرتی "ڕاداری ئەمنیی تورکیا بۆ ساڵی (٢٠٢٥)" لە (١٣) بابەت پێکهاتووە، کە لە چوارچێوەی (١٢٨) لاپەڕەدا خراوەتەڕوو.

وەرزنامەی تورکیاناسی بەپێویستیزانیوە یەکەم بابەتی ڕاپۆرتەکە بە ناونیشانی "قۆستنەوەی دەرفەتەکان لە سەردەمی نادڵنیایی جیهانیدا؛ سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی تورکیا لە ساڵی (٢٠٢٥)دا" بڵاوبکاتەوە.

**پوختەی ڕوداوەکانی ساڵی (٢٠٢٤)**

١. **ژینگەی جیۆپۆلەتیکیی ساڵی (٢٠٢٥)**: تورکیا ڕووبەڕووی زیادبوونە بەردەوامەکانی نادڵنیایی جیهانی بووەوە، لەوانە کێبڕکێی ئەمریکاو چین، ململانێ بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و ناسەقامگیریی ناوچەیی لە ئۆکرانیاو سوریاو غەززە.

٢. **تەوەرەکانی ئاسایش‌و سیاسەتی دەرەوە**: سیاسەتی تورکیا پێداگر بووە لە سەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بەدیهێنانی سەقامگیریی ناوچەیی، ئەمەش لە سەر

بنەمای گونجانی ستراتیژیو خۆڕاگریو دیبلۆماسیی چالاکانە دامەزراوە.

**٣. ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر:** تورکیا پیادەکاری سیاسەتێکی هەمەلایەنە بووە، کە تێیدا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، ستراتیژییە هەواڵگرییەکان، هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لە دژی پەکەکە/ یەپەگە، داعشو هەڕەشەکانی تر لە سوریاو عێراق پێکەوە گرێدەدات.

**٤. هاوبەشییە ستراتیژییەکان:** تورکیا ئامانجی زیادکردنی کاریگەریی جیۆپۆلەتیکیو ئابووریی خۆی بووە لە ڕێگەی پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپاو ڕوسیاو وڵاتانی ئەفریقا، لە هەمان کاتدا سەرقاڵی هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ناتۆو زلهێزە نارۆژئاواییەکانیشی بووە.

**٥. مۆدێرنیزەکردنی سیستەمی بەرگری:** تورکیا سیستەمی بەرگریی لە ئاسیاو زەریای هێمنو ئەفریقا فراوانترکردووە، لە هەمان کاتدا گرنگی بە سیستەمی بەبێ مرۆڤ (İnsansız Sistemler) ((UAV) Unmanned aerial vehicle)و توانا دەریاییەکانو پلاتفۆرمە ستانداردەکانی ناتۆ داوە.

تورکیا لە ژینگەیەکی جیۆپۆلەتیکیی ئاڵۆزو نادیاردا پێیناوەتە ساڵی (٢٠٢٥) ەوە، لەبەرئەوەی وڵاتەکە بە هۆی پەرەسەندنی کێبڕکێ جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکانو ململانێ ناوچەییەکان لە دەوروبەری جوگرافییەکەیدا، کەوتووەتە دۆخێکی لەقاڵبدراوەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە؛ سیاسەتی دەرەکیو ئەمنیی تورکیا بە گوێرەی بنەماکانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، ستراتیژی خۆڕاگری، گونجاندنو دیبلۆماسیی چالاکانە دارێژراوە. تەوەری (٢٠٢٥) بە ناوی "قۆستنەوەی دەرفەتەکان لە سەردەمی نادڵنیایی جیهانیدا" تیشکدەخاتەسەر هەوڵەکانی تورکیا بۆ گۆڕینی ئاڵنگارییەکان بۆ دەرفەتی دیبلۆماسیو ستراتیژی لە نێوان ناسەقامگیرییە جیهانیو ناوچەییەکاندا.

گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، نادڵنیایی لە بارەی فەرمانڕەوایی جیهانیو هاوپەیمانیی فرەلایەنی دروستدەکات. هەرچەندە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ توانای نوێکردنەوەی پرۆسەی دیبلۆماسیی هەیە، بەڵام دەتوانێت مەترسی لە سەر ستراتیژییەکانی تورکیایش دروستبکات. لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆکی نوێی ئەمریکا سەبارەت بە کەنەدا، پەنەما، گرینلاندو هەروەها هەڵوێستی بەرانبەر بە پرسەکانی تری جیهان، نموونەی ئاشکران بۆ مەترسیداربوونی سیاسەتی جیهانی لە سەردەمی ترەمپدا.

هەرچەندە پێشبینیدەکرێت ڕکابەریی نێوان ئەمریکاو چین قووڵتربێتەوە، بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بەدیهاتنی دۆخێکی لەو شێوەیە دەتوانێت سیستەمی

نێودەوڵەتی زیاتر پارچەپارچەبکاتو ئەدای سیاسیی ئەنقەرە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا سنووردار بکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی چارەسەرنەکردنی قەیرانەکانی غەززە، لوبنان، سوریاو ئۆکرانیا، هەروەها پەرەسەندنی گرژییە سەربازییەکانی نێوان ئیسرائیلو ئێرانەوە، بە شێوەیەکی ناڕوون ماوەتەوە.

لەم بابەتەدا، دیدی سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی تورکیا بۆ ساڵی (٢٠٢٥) خراوەتەبەر باسو لێکۆڵینەوە؛ هاوکات تیشکخراوەتەسەر چوار ململانێی جیۆپۆلەتیکیی گەورە، کە بریتین لە ئۆکرانیا، غەززە، سوریاو ئیسرائیل-ئێران، هەروەها شیکاری بۆ ستراتیژە قووڵو ڕێڕەوە کردەییەکانی تورکیاو سیاسەتی نوێی لە بەرانبەر پرسە گرنگەکانی دەرەوەو ئەمنیدا خراوەتەبەر باس.

ڕوداوە ناوچەییو جیهانییەکان لەو ڕاستییە نزیکماندەکەنەوە، کە لە ساڵی (٢٠٢٥)دا پێگەی جیۆپۆلەتیکیو توانا دیبلۆماسییەکانی تورکیا دەتوانێت لە کاتی نادڵنیاییدا وەک ناوبژیوانو سەقامگیرکارێک مامەڵەبکات، بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەردەوام نادڵنیایی زیاتری تێدایە. هاوکات پێشبینیدەکرێت لە چوارچێوەی سوریای دوای ئەسەدو گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تورکیا پێگەی ناوچەیی، دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی لە سوریاو عێراق لە شەڕی دژی تیرۆرو پەرەپێدانی توانای پیشەسازیی بەرگریی خۆی مسۆگەربکات. زیادبوونی نادڵنیایی جیهانیو ناوچەیی، کە تورکیایش بەشێکە لێی، سیمایەکی کێبڕکێخوازو ململانێکاری دەبێت بۆ ئەنقەرە. هەرچەندە لە ڕوویەکی ترەوە هەلومەرجەکە وادەخوازێت، کە تورکیا لە ئاسایشو سیاسەتی دەرەوەیدا نەرمونیان بێت، هەتا توانا ستراتیژییەکانی بە پێی بارودۆخەکە ڕێکبخات. هاوکات، تورکیا پێویستی بە چەسپاندنی دەسەڵاتی سەربازیی خۆی دەبێت، بۆئەوەی لە کاتی پێویستدا تاکلایەنە مامەڵەبکات، چونکە مەترسییەکان بۆ سەر تورکیا هەمیشە لەئارادان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش لەم بابەتەدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە کراوە، کە تورکیا مەیلی ئەوەی هەیە بە ستراتیژێک مامەڵەبکات، کە بتوانێت نادڵنیاییەکان بکات بە دەرفەت.

هەروەک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، لە (١٦)ی تەممووزی (٢٠٢٤)دا ڕایگەیاند: "تورکیا وڵاتێکە بە هۆی پەیوەندییە جوگرافیو مرۆییو ئابووریو مێژووییەکەیەوە، ناتوانرێت لە یەک بلۆکدا لەقاڵببدرێت، ناتوانین ڕێگەبدەین کەس لە قاڵبە تەسکەکانی خۆیدا قەتیسمانبکات، ئێمە نە لە پێناوی ڕۆژئاوادا پشت لە ڕۆژهەڵات دەکەینو نە ڕۆژئاوا لە پێناوی ڕۆژهەڵاتدا پشتگوێدەخەین".

**نادڵنیاییە جیهانییەکان**

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی ئێستا، گەڕانەوەی "کێبڕکێی دەسەڵاتی ڕەها"یە، کە تێیدا دەوڵەتەکان بەشداریی کێبڕکێیەکی جیۆپۆلەتیکیی چڕ دەکەن لە سەر کۆنترۆڵکردنی شوێنە ستراتیژییەکانو ئاسایشو دەسەڵاتی تەکنەلۆژی. لەم نێوانەیشدا بە پلەی یەکەم کێبڕکێی ستراتیژیی نێوان ئەمریکاو چین؛ سیاسەتی جیهانی لەقاڵبدەدات، کە ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر هاوپەیمانیو کێبڕکێ ئابوورییەکانو پێشبڕکێی تەکنەلۆژیای جیهانی هەیە، لە کۆتاییدا ژینگەیەکی نێودەوڵەتیی کێبڕکێکار بۆ دەوڵەتەکان دروستدەکات. لە لایەکی تریشەوە، ئەو ژینگە نێودەوڵەتییە لەقاڵبدراوەی کە بە هۆی ڕکابەریی نێوان ئەمریکاو چینەوە دروستبووە، کێشەی پێکهاتەیی بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە دروستدەکات. پێدەچێت سیاسەتەکانی ترەمپ ئەم گوشارانە زیادبکاتو هانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی بدات هەتا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ واشنتۆندا چڕتربکەنەوە.

لە ڕاستیدا هاوپەیمانان دەتوانن لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکادا هاوتەریب بن بۆ پاراستنی پەیوەندییە دوولایەنەکانو زامنکردنی ئاسایشی وڵاتەکانیان. هەروەها تورکیایش ئەم سیاسەتە پیادەبکات، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ناتۆدا، هەتا سەروەریی و ستراتیژی خۆی بپارێزێت. لە لایەکی ترەوە، هاوپەیمانانی ئەمریکا دەتوانن هاوپەیمانیی تایبەت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەندێك لە سیاسەتە ناسەرکەوتووەکانی ترەمپ پێکبهێنن، بە تایبەت گرنگیدان بە چوارچێوەی ئاسایشی ناوچەکەو دەستپێشخەرییە فرەلایەنەکان، بەبێ ئەوەی واشنتۆن دووربخرێتەوە. وەڵامی تورکیایش لە سەر ئەم جۆرە پرسانە بەندە بە توانای هاوسەنگکردنی بەڵێنەکانی ناتۆوە لەگەڵ سیاسەتی سەربەخۆی وڵاتەکەیو پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزە نارۆژئاواییەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا. پێدەچێت لەم مەیدانەیشدا چینو ڕوسیا دوو بژاردەی ستراتیژیو بنەڕەتی بن بۆ تورکیا.

هەرچەندە کێبڕکێی ستراتیژیی نێوان ئەمریکاو چین زاڵە بە سەر ژینگەی جیۆپۆلەتیکیی جیهانیدا، بەڵام "داهاتووی نادیاری سیستەمی نێودەوڵەتی" وەک پرسێکی تری چارەنوسساز دەردەکەوێت. لەیادیشماننەچێت؛ گرژیی نێوان دوو جەمسەرەکەی جیهان، کە بە هۆی کێبڕکێی ئەمریکاو چینەوە بەردەوام لە جوڵەدایە، لەگەڵ زیادبوونی فرە جەمسەری، کە بە هۆی پەرەسەندنی کاریگەریی زلهێزەکان لە سیاسەتی جیهانیدا هاتووەتەکایەوە، نادڵنیایی ستراتیژی دروستدەکات. هەروەها ئەم نادڵنیاییە

زەمینە بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی نێودەوڵەتیی کێبڕکێکارتر خۆشدەکاتو دەوڵەتە بەهێزەکان هەوڵدەدەن، کە پێگەی ئابووریو سەربازیی خۆیانی تێدا ڕێکبخەنەوە.

هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوە، لە (٩)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٤)، ڕایگەیاند: "ئەمڕۆ لە بەردەم ئاڵنگاریی جۆراوجۆردایـن؛ وەک هەڕەشەی ناوخۆیی، ململانێ، تیرۆر، کۆچی نائاسایی، بێگانەپەرستی، ئیسلامۆفۆبیا، قەیرانی کەشوهەواو هەڕەشەی ئەلیکترۆنی. دەستەوەستانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هەموو ئەم کێشانە، ئاڵۆزیو نادڵنیاییەکانی جیهان زیاتردەکات. هاوکات ئەم نادڵنیاییە قووڵبوونەوەی جەمسەرگیریو زیادبوونی کێبڕکێی نێوان زلهێزەکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لە کۆتاییشدا ئەم دۆخە؛ گرژییە ناوچەییو جیهانییەکان بەرەو ڕەهەندی مەترسیدارتر دەبات".

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە فرەجەمسەری وەک وەڵامێک بۆ هەوڵی زلهێزەکان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نێودەوڵەتیی جێگرەوە لە ڕێگەی ئاڵنگاریی سیستەمی ئەمریکا-چین سەرهەڵدەدات. لە لایەکی ترەوە، کاریگەریی ڕوسیا بۆ کێبڕکێی بەردەوام لە بەدواداچوون بۆ سیستەمێکی جیهانی فرەجەمسەریی لە پاشەکشەدایە، بە تایبەت دوا بە دوای شکستە جیۆپۆلەتیکییەکانی لە ئۆکرانیاو ئەگەری لەدەستدانی کاریگەریی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی سوریای دوای ئەسەددا، ڕەنگە ئیدی سەرنجی لە سەر پاراستنی بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی خۆی بێت، بەڵام ئەنجامە جیۆپۆلەتیکیو جیۆستراتیژییەکانی پاشەکشەی ڕوسیا، کاریگەریی بەرچاو دروستدەکات، بە هۆی زیادبوونی زیاتری نادڵنیاییەوە لە ئەوروپاو ئاسیای ناوەڕاستو دەریای ڕەشو ناوچە گرنگەکانی تر.

**تورکیا لە ژینگەیەکی جیۆپۆلەتیکیی ئاڵۆزو نادیاردا پێیناوەتە ساڵی (٢٠٢٥) ەوە، لەبەرئەوەی وڵاتەکە بە هۆی پەرەسەندنی کێبڕکێ جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکانو ململانێ ناوچەییەکان لە دەوروبەری جوگر افییەکەیدا، کەوتووەتە دۆخێکی لەقاڵبدراوەوە**

گۆڕانی ژینگەی ئاسایشی نێودەوڵەتیو هاوکێشە ئەمنییەکان، سروشتو تێکەڵبوونی شەڕ، هەڕەشە ئەمنییە ناتەقلیدییەکانی وەک هێرشی ئەلیکترۆنی، هەڵمەتی زانیاریی ناڕاست، گوشارە ئابوورییەکانو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا؛ هۆکاری دەرکەوتنی زیاتری نادڵنیاییە جیهانییەکانن. وەڵامدانەوەو

پرۆسەی گونجاندنی هەردوو ئەکتەرە دەوڵەتیو نادەوڵەتییەکانیش بۆ ئەم ژینگە ئەمنییە نوێیە زیاتر نادڵنیاییەکان توندتردەکەنەوەو لە ئەنجامدا ئەگەرەکانی ئاڵنگاریی کێبڕکێ لە سیاسەتی جیهانیدا زیاددەکەن.

بە هۆی نایەکسانیی جیهانی لە وەڵامدانەوەی ئاستەنگە ژینگەییەکانی پەیوەست بە کەشوهەواوە، پێویستە گۆڕانی کەشوهەوای جیهانی بە پێکهاتەیەکی گرنگی نادڵنیایی جیهانی هەژماربکرێت. تەنانەت چڕبوونەوەی کێبڕکێ لە سەر سەرچاوەکانی ئاوو وزە لە ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقاو جەمسەری باکوور زیاتر ئەم ئاڵنگاریانە ئاڵۆزتردەکات. لە هەمان کاتدا نەبوونی خۆڕاگریی دەوڵەتانیش بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکانی کەشوهەوا، نادڵنیاییەکانی پەیوەست بە کەشوهەوا لە سیاسەتی جیهانیدا قووڵتردەکاتەوە، ئەمەیش مەترسییەکانی ململانێ ناوخۆییو ناوچەییەکان، بە تایبەتی لە ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتردەکات. جگە لەوەیش، زۆر جار دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان شکستدەهێنن لە وەڵامدانەوە یان پشتگیریکردنی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان، ئەمەیش ناسەقامگیری زۆرتر قووڵدەکاتەوەو بارگرانی لە سەر دەوڵەتە ناوچەییەکانی وەک ئەوروپاو تورکیا زیاددەکات.

## نادڵنیایی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی تورکیا سروشتێکی بایەخدارو گرنگی بە وڵاتەکە بەخشیوە. هەر ئەوەیش وایلێکردووە لە جیۆپۆلەتیکی وشکانیی ئەوروپا، بەڵکان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا، قەفقازو ئاسیای ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی نێوەندگەرا بگێڕێت. هاوکات لە جیۆپۆلەتیکی دەریایی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستو دەریای ئیجەو دەریای ڕەشیشدا پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگی هەیە. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا فراوانبوونو قووڵبوونەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا وایکردووە، کە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی لە دەرەوەی سنوورە وشکانیو دەریاییەکانیشیدا فراوانتربکات.

تورکیا لە یەک کاتدا بە هۆی کێبڕکێی دەسەڵاتی جیهانیو قەیرانە ناوچەییەکانەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاریی ستراتیژی بووەتەوە، ئەم دۆخەیش بە هۆی نادڵنیایی جیهانییەوە ئاڵۆزتردەبێت. بۆ نموونە شەڕی بەردەوامی ئۆکرانیا ئەم نادڵنیاییانەی زیاترکردووە، هەر بۆیە دەبینین ئەنقەرە زۆر لە جاران زیاتر گۆڕانکارییە ناوچەییو جیهانییەکان بەهەندوەردەگرێت. دەکرێت بڵێین: گۆڕانی شێوەی دەسەڵاتو هەوڵە نێوەندگیرییەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، مەترسییەکان

جۆراوجۆرتردەکاتو دەرفەتی نوێیش پێشکەشدەکات. هاوکات کاریگەرییە ناوچەییەکانی کێبڕکێی جیهانی ڕەنگە ببێت بەهۆی ئەوەی تورکیا دووبارە بایەخبەندیی ناوچەیی هەڵبسەنگێنێتەوەو کاریگەریی لە سەر بەشدارییە ستراتیژییەکانی لە کیشوەری ئەفریقادا زیاتربکات.

ناسەقامگیریی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامەو یەکێکە لەو هۆکارە بنەڕەتییانەی کە ژینگەی ئەمنیی تورکیا لەقاڵبدەدات. لەوەیش گرنگتر، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاقیکردنەوەیەکی ستراتیژییە بۆ زیادبوونی کاریگەریی جیۆپۆلەتیکیی تورکیاو هەبوونی کاریگەری لە ناوچەکەدا. هاوکات بەدوورنازانرێت، کە بە هۆی گوشارەکانی ترەمپەوە لە سەر زۆرێک لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەکە بگات بە قۆناغێکی ئارام. لە لایەکی ترەوە، مەزەندەدەکرێت گوشارو دەستێوەردانی سەربازیی یەکلاکەرەوە لە دژی هێزەکانی وەک ئێرانو حوسییەکان بەکاربهێنرێت. بە هەمان شێوە، پێشبینیدەکرێت هەموو هاوپەیمانەکانی ناوچەکە ڕازیبکرێنو گوشاریانلێبکرێت هەتا دۆخی ناوچەیی نوێ لە سەر بنەمای ڕێککەوتنەکان قبوڵبکەن. ئەمەیش بە واتای سەرکەوتنی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیلو وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەت سعودیە دێت.

هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە گوتەیەکیدا لە (١٠)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٤)، ئاماژەی بەوە داوە، کە "هەر کەسێک حساباتی ستراتیژی؛ جیاوازەو دیارینەکراوە (کێ، کەیو لە کوێ) لەو بەرژەوەندییە ستراتیژییانە سوودمەنددەبێت، بەڵام لەو جوگرافیا پڕ لە نادڵنیاییەدا تورکیا لە سایەی ئەو سیاسەتەی کە (١٣) ساڵە بە ئارامیو حیکمەتو ئیرادەیەکی گەورەو خەمخۆرییەوە جێبەجێیدەکات، بەرەو خاڵێکی جیاواز پەرەیسەندووە".

**قووڵبوونەوەی زیاتری ڕکابەرییەکانی نێوان چین و ئەمریکا دەتوانێت سیستەمی نێودەوڵەتی زیاتر پارچەپارچەبکاتو ئەدای سیاسیی ئەنقەرە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا سنوورداربکات**

بە گوێرەی دۆخی نوێی غەززە، ڕەنگە لەلایەن دەسەڵاتی فەڵەستینەوە بەڕێوەببرێت، بەڵام باکوور لە باشوور جیادەبێتەوەو هەندێک ڕەهەندو دەسەڵاتی "مرۆیی" دەبێت، لەگەڵ ئامادەیی سەربازیی ئیسرائیلو چاودێریکردنی توندی ناوچەکە لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکانی بەدواداچوونی ئەو وڵاتەوە، هاوکات هەندێک دەسەڵاتی مەدەنی بە تەلئەبیب دەدرێت. ئەم مۆدێلە

حوکمڕانییەیش دەتوانێت پشتیوانیی دارایی‌و سیاسیی وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (جگە لە قەتەر) دەستەبەربکات.

لەم نێوانەدا تورکیا ڕووبەڕووی دوو ئاڵنگاریی گەورە دەبێتەوە؛ لە لایەك خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم سیستەمەدا گۆڕاوە، لە لایەکی تریشەوە ئاگاداربوون لە قەیران‌و ململانێکانی غەززەو سوریاو لوبنان. جەختکردنەوەی ترەمپ لە سەر ستراتیژییەکانی وڵاتەکەی بەرانبەر بە ئێران، دەتوانێت گرژییەکانی ناوچەکە زیادبکات‌و ئەگەری شەڕی لەبری‌و ململانێ سەربازییەکان بەرزبکاتەوە. لەمانەیش گرنگتر، پێکدادانەکانی سوریا بە تایبەت پەیوەست بە بوونی پەکەکە/ یەپەگەوە لەو وڵاتە، بایەخبەندییە ئەمنییەکانی تورکیا پەیوەست بەو ناوچەیە زیاترو بەهێزتردەکات. پێدەچێت ستراتیژی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە بە جۆرێك بێت، کە ڕێگریی سەربازی لەگەڵ بەشداریکردنی دیبلۆماسی تێکەڵبکات.

## سیاسەتی ئەمنی‌و دەرەکیی تورکیا لە ساڵی (٢٠٢٥)

لە ساڵی (٢٠٢٥)دا سیاسەتی دەرەکی‌و ئەمنیی تورکیا لە نێوان سیاسەتی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی کە هەتا دێت ناجێگیرتردەبێت، بە جەختکردنەوە لە سەر یەکگرتوویی ستراتیژی‌و سەقامگیریی ناوچەکە پێناسەدەکرێت. تورکیا وەک دەوڵەتێکی ستراتیژی لە نێوان ئەوروپاو ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مامەڵە لەگەڵ کێبڕکێ‌و پەرەسەندنی هەڕەشە ئەمنییەکان‌و گۆڕانکاریی هاوپەیمانییەتییەکاندا دەکات‌و لە هەمان کاتدا ستراتیژی خۆی چەسپاندووەو بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانیشی دەپارێزێت.

**ڕووداوە ناوچەیی‌و جیهانییەکان لەو ڕاستییە نزیکماندەکەنەوە، کە لە ساڵی (٢٠٢٥)دا پێگەی جیۆپۆلەتیکی‌و توانا دیبلۆماسییەکانی تورکیا دەتوانێت لە کاتی نادڵنیاییدا وەک ناوبژیوان‌و سەقامگیرکارێک مامەڵەبکات**

ژینگەی جیۆپۆلەتیکیی جیهانی لە ساڵی (٢٠٢٥)دا بە هۆی چڕبوونەوەی کێبڕکێی دەسەڵاتی زلهێزەکان، بە تایبەت ئەمریکاو چین، شەڕی بەردەوامی ڕوسیاو ئۆکرانیا، قووڵبوونەوەی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، توانای تورکیای لە هاوسەنگڕاگرتنی ململانێکان‌و پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە بەستووەتەوە بە ستراتیژی پێشوەختەو فرەلایەنەی سیاسەتی دەرەکیی وڵاتەکەوە.

بە گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا، ئەنقەرە

ڕووبەڕووی نادڵنیایی زیاتر دەبێتەوە. هەرچەندە گرنگیدان بە کابینەکەی ترەمپ و پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، ئەگەری قۆستنەوەی دەرفەتەکان بۆ زیادبوونی هاوکارییەکان و پەیوەندییەکی تۆکمەی بەرگری و ئابووری دەڕەخسێنێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە پشتیوانییەکانی ئەمریکا بۆ پەیەدە/یەپەگە لە سوریا، هۆکاری بنەڕەتین لە گرژکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

سیاسەتی تورکیا بەرانبەر ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٢٥)، ڕەنگدانەوەی هاوسەنگییەکی گونجاوە لە نێوان هەبوونی ڕۆڵی ئاشتییانەو پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی، بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە کاتێکدا چەندین ڕێگای جۆراوجۆر هەیە، کە دەتوانێت دەرگای سەردەمێکی نوێ لە نێوان هەردوو وڵاتدا بکاتەوە، بەڵام جێگیرکردنی سیاسەتی ئەمنی و دەرەکی تورکیا لە سوریای دوای ئەسەد؛ گرنگترین پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەنقەرەو واشنتۆن دەبێت.

لە لایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپایشدا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە. هەرچەندە هاوکارییە بازرگانی و سەربازییەکان بەردەوامە، بەڵام هێشتا پرۆسەی ئەندامیەتی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا بە چەقبەستوویی ماوەتەوە. هەرچەندە بەشدارییەکانی تورکیا لە زامنکردنی ئاسایش و بەرگریی ئەوروپا لە ڕێگەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ ناتۆو وڵاتانی ئەوروپادا، بەرگێکی نوێی کردووەتەبەر ئایندەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا. لەوەیش گرنگتر، ئەو سوودە جیۆپۆلەتیکییەی تورکیا بە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا بەدەستیهێنا، پێدەچێت دەرفەتێکی ستراتیژیی نوێ بۆ بوژاندنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو یەکێتیی ئەوروپا دەستبەربکات.

لە ساڵی (٢٠٢٥)دا پەیوەندییەکانی تورکیاو ڕوسیا بە پەیوەندییەکی دوولایەنە ناسراوە، کە هاوسەنگی لە نێوان هاوکارییە ستراتیژییەکان و سنووردارکردنی پەیوەندییەکاندا دروستدەکات. لە کاتێکدا پەیوەندییە ئابووری و وزەییەکان لە ناوەندی کارنامەی دوولایەنەدان، بەڵام ئەولەویەتەکانی جیۆپۆلەتیکیی تورکیاو پابەندبوونەکانی ناتۆ پێویستی بە هەنگاوی ژیرانە لەگەڵ مۆسکۆدا هەیە.

ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا دۆخێکی نوێی هێناوەتەکایەوە. کشانەوەی لەسەرخۆی ڕوسیاو کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی لە ناوچەکەدا، دەرفەتی بۆ تورکیا ڕەخساندووە، کە ڕۆڵی خۆی فراوانتربکات، بە تایبەتی لە دەستەبەرکردنی سەقامگیریی دەسەڵاتداریی دوای ئەسەد. پشتیوانیی تورکیا لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و شەڕی دژی گرووپەکانی پەکەکە/یەپەگە،

سەرەڕای هەماهەنگیو دیبلۆماسیەتی بەردەوام، بەڵام جیاوازیی قووڵیشی لەگەڵ سیاسەتەکانی مۆسکۆدا دروستکردووە. هاوکات ململانێی ئۆکرانیا وەک خاڵی سەرەکی لە پەیوەندییەکانی تورکیاو ڕوسیادا ماوەتەوە. ئەگەرچی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی مۆنترۆ بۆ سنووردارکردنی جوڵە دەریاییەکان لە دەریای ڕەش لەلایەن تورکیاوە پابەندبوونی وڵاتەکەی بە ناتۆ نیشانداوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە دابینکردنی فڕۆکەبێفڕۆکەوانو تەکنەلۆژیای سەربازیی تورکیا بۆ ئۆکرانیا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆسکۆدا ئاڵۆزکردووە.

ئەنقەرە هەتا ئێستایش وەک چەقی لایەنی باشووری ڕۆژهەڵاتی ناتۆ ماوەتەوەو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕێگریکردن لە هەڕەشەکانی ڕوسیاو سەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ساڵی (٢٠٢٥)دا ناتۆ گرنگی بە زیادکردنی ئامادەکارییەکانی دەدات بە هۆی بەردەوامیی شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیاو نادڵنیایی ناوچەکانی وەک هیندستانو زەریای هێمنو ئەفریقا. شوێنی ستراتیژیی تورکیا هەڵوێستی ڕێگریکردن لە هاوپەیمانی بەهێزدەکات، بە هۆی ئەوەی لە ناوەندی تواناکانی چاودێریو وەڵامدانەوەی خێرای ناتۆدایە. هاوکات تورکیا بەشدارییەکانی لە ئۆپەراسیۆنەکانی ناتۆدا فراوانترکردووە، بۆ نموونە لە ساڵی (٢٠٢٤)دا فەرماندەیی گرووپی دەریایی هەمیشەیی (٢)ی ناتۆی وەرگرتووە. ئامادەیی ئۆپەراسیۆنو توانای کۆکردنەوەی خێرای هێزەکانی لە ململانێکانیشدا، ڕۆڵی تورکیای وەک هاوپەیمانێکی سەرەکیی ناتۆ بەهێزترکردووە.

خەرجییەکانی بەرگریی تورکیا دەگات بە (٢،٠٩)ی بەرهەمی گشتیی ناوخۆیی، ئەمەیش پابەندە بە پێوەری خەرجییەکانی بەرگریی ناتۆو هەروەها تیشکدەخاتەسەر وەبەرهێنانەکان لە سیستەمی بەرگریی ڕەسەن، کە تێچوونی کەمیان هەیە. وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی وەک زیرەکیی دەستکرد، بەرگریی ئەلیکترۆنیو سیستەمی بەبێ سەرنشین (درۆن)، خۆڕاگریو ئامادەکاریی تورکیا لە بەرانبەر هەڕەشەکاندا زیاددەکات.

تورکیا چالاکانە پاڵپشتیی ناتۆ دەکات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئاستەنگە سەرهەڵدراوەکانی وەک هەڕەشەی ئەلیکترۆنی، مەترسییە ئەمنییەکانی پەیوەست بە کەشوهەواو ئاسایشی دەریایی لە دەریای ڕەشدا. دامەزراندنی هێزی بەربەرچدانەوەی مینەکانی دەریای ڕەش لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ناتۆ وەک ڕۆمانیاو بولگاریادا، پابەندبوونی تورکیا بە ئاسایشی ناوچەکەو بەڕێوەبردنی قەیرانەکان نیشاندەدات.

بەشدارییە ناوچەییەکانی تورکیا لە ساڵی (٢٠٢٥) بۆ سەقامگیریی ناوچەکە،

لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی هاوسەنگیی هێزو ململانێکانەوە لەقاڵبدەدرێت. لە ساڵی (٢٠٢٥) سوریا دەبێت بە گرنگترین پرسی سیاسەتی دەرەکیو ئەمنیی تورکیا. ئەم سیاسەتەیش لە سەر سەقامگیرکردنی ناوچەکە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد چڕدەبێتەوە، چونکە ئامانجی تورکیا بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیو نەهێشتنی بوونی پەکەکە/ یەپەگەو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریایە، هەر بۆیە پشتیوانی لە حکومەتی تازەدامەزراو دەکات.

ئەنقەرە کە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری کردووەتە یەکێک لە بایەخبەندییە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی، پلانی هەیە لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ دامەزراوە هەرێمییەکانی وەک "کۆمکاری عەرەبی، ڕێکخراوی هاریکاریی ئیسلامیو ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو"ەوە بۆ بەرەوپێشبردنی بوژانەوەی ئابووریو ئاسایشو دیبلۆماسیی ناوچەیی بەهێزبکات. لە هەمان کاتدا ئامانجی نەهێشتنی هەڕەشە جوداخوازییەکانە. هەروەها ڕێبازی چالاکانەی تورکیا تیشکدەخاتەسەر پەیوەندیی فرەلایەنە لەگەڵ زلهێزە جیهانییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکانو یەکێتیی ئەوروپا بۆ دابینکردنی شەرعیەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی سوریا، بەڵام کێشەکانی وەک بەرخۆدانی پەکەکە/ یەپەگە، ڕکابەرییە ناوچەییەکانو ئاستەنگە ئابوورییەکان هێشتا بەردەوامن. تورکیا دەتوانێت بە دوای چارەسەری گونجاودا بگەڕێت هەتا یەپەگە چەکەکانی دابنێتو ڕازیببێت بە تێکەڵبوون لەگەڵ حکومەتی نوێی سوریادا، بەڵام ئەگەر ئەو گرووپە بەرەنگاری داماڵینی چەک ببێتەوەو مەترسی لە سەر سەقامگیریی سوریاو ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دروستبکات، ئەگەری زۆرە ئەنقەرە هێزی سەربازی بەکاربهێنێت.

**ئەنقەرە زۆر لە جاران زیاتر گۆڕانکارییە ناوچەییو جیهانییەکان بەهەندوەردەگرێت. ئەمەش بەهۆی زیادبوونی نادڵنیایی جیهانی، لەبەرئەوەی کێبڕکێی دەسەڵاتی جیهانیو قەیرانە ناوچەییەکان جیهانیان ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاریی ستراتیژی کردووەتەوە**

لە ساڵی (٢٠٢٥) سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە دەستدرێژییەکان لە غەززەو دەرەوەی غەززە، لە سەر بنەمای ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی زیاترو بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی فەلەستین بووە. ئەنقەرە هەوڵەکانی نێوەندگیری بەهێزتردەکات بە کارکردن لەگەڵ میسر، قەتەرو سعودیە بۆ گەیشتن بە ئاگربەستو پشتیوانی لە

ئاوەدانکردنەوەی غەززە. هەروەها تورکیا کەڵک لە ناوەندەکانی وەکو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرێت، بۆ زیادکردنی گوشارە نێودەوڵەتییەکان لە سەر ئیسرائیل، بۆ ڕاگرتنی سیاسەتی فراوانخوازیو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ.

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد، ڕەنگە سوریا وەک ناوچەیەک بۆ ململانێی بەرژەوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل سەرهەڵبدات، چونکە پشتیوانیی تورکیا بۆ حکومەتی نوێی سوریاو ئیرادەی بۆ نەهێشتنی گرووپەکانی پەکەکە/ یەپەگە، لەگەڵ دەستوەردانەکانی ئیسرائیلدا، کە تایبەتە بە ئاسایشو پشتیوانی لەو گرووپانەی کە دەیانەوێت کاریگەرییەکانی تورکیا سنووردارکەن، بەریەککەوتنیان دەبێت. ئەم جیاوازییەیش دەتوانێت گرژییەکانی ناوچەکە زیادبکات، چونکە ئیسرائیل دەتوانێت ستراتیژیەتێک پەیڕەوبکات، کە ئاڵنگاریی هەوڵەکانی تورکیا بکات بۆ سەقامگیرکردنی سوریا، لە کاتێکدا تورکیا یەکپارچەیی خاکی سوریاو شەڕی دژی تیرۆری لە پێشینەی کارەکانی داناوە. لە لایەکی ترەوە پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ئێراندا، ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی ئەنقەرەیە بۆ هێنانەدیی هاوسەنگی لە نێوان کێبڕکێو هاوکاریدا، چونکە تورکیا لە یەک کاتدا دژایەتیی بەهێزکردنی سەربازیی ئێرانو دەستوەردانەکانی دەکاتو سزاکانیشی ڕەتدەکاتەوە. دارمانی ڕژێمی ئەسەدو لاوازبوونی پێگەی ئێران، دەرفەتی بۆ تورکیا ڕەخساندووە هەتا بەرپەرچی نفوزی ئێران لە سوریا بداتەوە، بەڵام کشانەوەی ئێران لە سوریاو دابەزینی پێگەکەی دەتوانێت ببێت بە هۆی ئەوەی ئێران پشتگیری لە گرووپە چەکدارییەکان بکات لە دژی تورکیا لە سوریا. دەکرێت ئەمەیش بە قۆناغێکی نوێ هەژماربکرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەنقەرەو تاراندا.

**سیاسەتی تورکیا بەرانبەر ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٢٥)، ڕەنگدانەوەی هاوسەنگییەکی گونجاوە لە نێوان هەبوونی ڕۆڵی ئاشتییانەو پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا جێگیرکردنی سیاسەتی ئەمنیو دەرەکیی تورکیا لە سوریای دوای ئەسەد؛ گرنگترین پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەنقەرەو واشنتۆن دەبێت**

هەرچی سەبارەت بە ئەفریقایە، لە ساڵی (٢٠٢٥)دا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە ئەفریقا گرنگی بە فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانو بەرگریو دیبلۆماسیی مرۆیی دەدات وەک هاوبەشێکی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی ئەفریقا، بە تایبەتی لە کەرتەکانی وزە، گواستنەوەو ئاسایشدا جێگیردەکات.

ئامانجی ئەنقەرە لە ڕێگەی هەوڵە نێوەندگیرییەکانییەوە بۆ ئەوەیە، کە ئامادەیی دیبلۆماسیی خۆی زیادبکات، لەوانە ئاسانکاری بۆ گفتوگۆی نێوان سۆماڵو ئەسیوبیا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی سنوورە دەریاییەکانیان. لەگەڵ ئەوەیشدا تورکیا ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی وەک کێبڕکێ لەگەڵ زلهێزە جیهانییەکانی وەک چینو فەرەنساو ڕوسیا، هەروەها ناسەقامگیریی سیاسیو مەترسیی تیرۆر لە هەندێک ناوچەی ئەفریقادا دەبێتەوە.

**تورکیا چالاکانە پاڵپشتیی ناتۆ دەکات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئاستەنگەکانی بەردەمی بە تایبەت ئاسایشی دەریای ڕەش. هەربۆیە ئەنقەرە تا ئێستایش وەک چەقی لایەنی باشووری ڕۆژهەڵاتی ناتۆ ماوەتەوەو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕێگریکردن لە هەڕەشەکانی ڕوسیاو سەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

لە ساڵی (٢٠٢٥)دا سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری تورکیا، بە ڕێبازێکی گشتگیرو لە پێشینە دادەنێت، کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانو ستراتیژییە هەواڵگرییەکانو هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لە دژی هەڕەشەکانی گرووپەکانی وەک پەکەکە/ یەپەگەو داعش، بە تایبەتی لە سەر سنوورەکانی سووریاو عێراق تێکەڵدەکات. ئەنقەرە بایەخێکی زیاتر بە ئاسایشی سنوورەکانی دەداتو تەکنۆلۆژیای چاودێریی پێشکەوتوو جێگیردەکاتو تۆڕەکانی دارایی ئەو گرووپانە دەکات بە ئامانج بۆ سنووردارکردنی چالاکییە چەکدارییەکانیان. هەروەها ئامادەیە هەنگاوی تاکلایەنانە لە دژی هەڕەشە تیرۆریستییەکان بگرێتەبەر، ئەگەر چارەسەرە دیبلۆماسییەکان وەک پێویست نەبن، بەڵام مەترسیو ئاڵنگاریی گریمانەیی، کە تورکیا ڕووبەڕوویدەبێتەوە، بریتین لە بەردەوامبوونی پشتیوانیی ئەمریکا لە یەپەگە، ناسەقامگیریی ناوچەیی، کە لە قۆناغی گواستنەوەی سووریاوە سەرچاوەدەگرێت، لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شانە تیرۆریستییەکاندا، کە بۆشایی دەسەڵات دەقۆزنەوە. توانای تورکیا بۆ هاوسەنگکردنی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانو کردەوە سەربازییە یەکلاییکەرەوەکان لە یەک کاتدا، ڕێڕەوی لە ڕکابەرییە ناوچەییەکان، بۆ سەرکەوتن لە شەڕی دژی تیرۆردا گرنگ دەبێت.

پێشبینیدەکرێت لە ساڵی (٢٠٢٥) سیاسەتی بەرگریی تورکیا لە سەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو هاوبەشی ستراتیژیو فراوانکردنی توانا دەریاییەکان بێت. بە بونیاتنانی ئەو پێشکەوتنانەی لە ساڵی (٢٠٢٤)دا بەدەستهێناوە، تورکیا

بەردەوامدەبێت لە بەمۆدێرنکردنی هێزی ئاسمانیی خۆی بە فرۆکەی جەنگیی نەوەی (٤.٥) وەک (F١٦)، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ پەسەندکردنی پلاتفۆڕمە ستانداردەکانی ناتۆ. هاوکات تواناکانی تورکیا لە ڕێگەی دروستکردنی ژێردەریاییەوە، کە ئامانج لێی زیادکردنی بوونی هێزی دەریایی ناوچەیی‌و جیهانییە، پابەندبوونی تورکیا بە ئاسایشی ناوچەکەوە بەهێزتردەکات لە دوای ئەو ناسەقامگیرییەی کە بە هۆی شەڕی ڕوسیاو ئۆکرایناوە دروستبووە.

لە کاتێکدا تورکیا پەیوەندییە سەربازییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی ناتۆ وەک ئەڵمانیا، ئیسپانیاو بەریتانیادا بەهێزتردەکات، بەڵام ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی وەک سنووردارکردنی یەکێتیی ئەوروپا بۆ هەناردەکردنی بابەتی بەرگری‌و دواکەوتنی گەیاندنی فڕۆکەکان دەبێتەوە. پێشبینیدەکرێت، کە هەناردەی کەرەستەی بەرگری لە ڕێگەی بەئامانجگرتنی بازاڕەکانی ئاسیاو زەریای هێمن‌و ئەفریقاوە گەشەبکات‌و پێگەی تورکیا وەک دابینکەرێکی گەورەی چەک پتەوتربکات، بەڵام هاوسەنگکردنی ئەم دەستپێشخەرییانە لەگەڵ سنووردارکردنی بودجەو گرژییە ناوچەییەکاندا، لە ساڵی (٢٠٢٥)دا وەک ئاڵنگارییەکی گرنگ بۆ تورکیا دەمێنێتەوە.

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت**

https://www.setav.org/rapor/seta-guvenlik-radari-2025te-turkiyenin-jeopolitik-ortami

chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://www.setav.org/assets/uploads/2025/01/r257.pdf

# سەد ساڵ عەلمانیەت لە تورکیادا چۆن گۆڕاوە؟

نوسینی: دەیەر ئاکاڵ (DW Türkçe)
**وەرگێڕانی: حەمزە محەمەد ساڵح**

لە یادی سەد ساڵەی کۆماری تورکیادا مارکۆس درێسلەر، کە پسپۆڕێکی ئەڵمانییە، لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندیی نێوان ئایینو سیاسەتدا بڕوای وایە، کە شێوەی عەلمانیەت گۆڕاوەو بەرخۆدان لە بەرانبەر ئەو ئاییندارییە سیاسییەی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)دا سەپێنراوە. یەکێک لەو پرسە مشتومڕاویيانەی لە یادی سەد ساڵەی کۆماری تورکیادا دروستبووە، بریتییە لە پرسی گۆڕانی پەیوەندییەکانی ئایینو دەوڵەت، ئەمەیش بە هۆی ئەو سیاسەتانەی ئاکپارتی، کە لە ماوەی بیست ساڵی دەسەڵاتیدا پەیڕەویکردووە.
هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیانوایە، کە ئەو کۆمارە عەلمانییەی تورکیا کە ئەتاتورک دایمەزراند، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ "ڕژێمێکی پاوانخوازیی ئیسلامیی پۆپۆلیستی"ی گۆڕیوە، بەڵام بەشێک لە شارەزایان دەڵێن سەرەڕای ئەو زیانانەی ئیسلامییە سیاسییەکان بە سیستەمی عەلمانیی دیموکراسی دەیگەیەنن، بەڵام ناتوانرێت عەلمانیەت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە تەواوی لەناوببرێت.
لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (DW) دی دەبڵیوی تورکیدا، مارکۆس درێسلەر پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی لایپزیگ بڕوای وایە کە ئەو گۆڕانکارییەی ئەمڕۆ لە تورکیادا ڕودەدات، ناتوانرێت تەنها بە سیاسەتەکانی ئاکپارتی لە بیست ساڵی ڕابردوودا، کە نوێنەرایەتیی ئیسلامی سیاسی دەکات، ڕونبکرێتەوەو هەڵسەنگاندنی قۆناغی ئێستایش بە پشتگوێخستنی "خاڵە وەچەرخانەکان"ی پێش سەردەمی ئاکپارتی، ناتوانرێت هەڵسەنگاندنی دروستی بۆ بکرێت.

## هەتا ڕادەیەکی زۆر چاکسازییەکانی کەمالیستەکان پشتگوێخراون

درێسلەر، کە بە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئایینو دەوڵەت لە تورکیا ناسراوە، ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیادا، لە نێوان دەوڵەتو ئاییندا جیاوازییەکی زۆر گەورە بەدینەکراوە. لە هەمان کاتیشدا لە سەرەتای کۆمارەوە هەتا ئێستا خاڵی وەرچەرخانی گرنگو گۆڕانکاری لە عەلمانیەتدا ڕویداوە. لەگەڵ ئەوەیشدا درێسلێر ئاماژە بەوە دەکات، کە چاکسازییەکانی کەمالیستەکان لە ئەمڕۆی تورکیادا هەتا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێخراونو ئەو قۆناغەی کە ئێستا ئێمە تێیداین، بە "قۆناغی پۆست (دوای) کەمالیستی" ناویدەبات.

مارکۆس درێسلەر بەم شێوەیە وێنای "پۆست-کەمالیزم" دەکات: "ئەمە بەو واتایە نییە، کە ئاکپارتی بە تەواوی بنەماکانی کەمالیستی خستووەتەکەنارەوە. لە ڕاستیدا من پێموایە، کە ئاکپارتی بە تایبەت لە بابەتی ناسیۆنالیزمدا لە سەر هێڵێکی زۆر کەمالیستییانەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئاکپارتیو بزوتنەوەی ئیسلامیو ئەو جەماوەرەی کە هەست بە نزیکی لە ئاکپارتی دەکەن، خۆیان لە ناسنامەی کەمالیستی بەدوورگرتووە، کە دەتوانین پێناسەی پۆست_سێکولاریستی بۆ بەکاربهێنین. لەگەڵ خۆبەدوورگرتن لە عەلمانیەت، لە یەک کاتدا دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پیاوسالاریو سەپاندنی عەلمانیەت. بە شێوەیەکیش بەکاردەهێنرێت، کە سوودی بۆ خۆی هەبێتو لە بەرژەوەندیی خۆی وەک ئامرازێک بەکاریدەهێنێت.

## ئەوگۆڕانکارییەی کە گواستنەوە بۆ سەردەمی فرەحیزبی لەگەڵ خۆیدا هێنای

لە یەکەم دەستووری ساڵی (١٩٢٤)دا ماددەی "ئایینی دەوڵەتی تورکیا ئیسلامە" جێگیرکرا، بەڵام ئەم ڕستەیە دواتر لادرا، ئەمەیش دوای خێرابوونی هەنگاوەکانی بەعەلمانیبوونو هەموارکردنەوەی دەستوور لە ساڵی (١٩٢٨)دا.

لە کاتێکدا مارکۆس درێسلەر ئاماژەی بەوە دا، کە ئامانجی شکاندنی بەرەنگاریی توند لە دژی ئەنقەرە، وەک "یاخیبوونی شێخ سەعید"، لە هەنگاوەکانی بەعەلمانیبووندا کاریگەریی هەبووە، هەر بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئێمە بە تەواوی نازانین ئەگەر ئەم بەرەنگارییانە نەبوونایە، هەنگاوی بەعەلمانیبوون دەنرا یان نا". مارکۆس درێسلەر ئاماژە بە لایەنی ئاڵۆزی ئەم بابەتە دەکاتو باس لەوە دەکات، کە لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، هاوکات لەگەڵ گواستنەوە بۆ سەردەمی فرەحیزبی، لەوە تێگەیشتین بە

هۆی ئەو بەرەنگارییە بەهێزەی کە ئەم جارە کرا، "عەلمانیزمێکی زۆر ڕادیکاڵ" ناتوانێت بەردەوامبێت، هەر بۆیە دۆخێک بۆ ئیسلامییەکان لە سیاسەتو کایەی گشتیدا هاتەئاراوە. ئەو پرۆفیسۆرەی زانکۆ ئەوەی خستەڕوو، کە "هەروەک چۆن ڕاست نییە بڵێین کۆماری تورکیا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وەک دەوڵەتێکی تەواو عەلمانی دامەزراوە، ئەوەیش ڕاست نییە بڵێین ئەمڕۆ عەلمانیەت بە تەواوی نەماوە".

## سروشتی عەلمانیەت گۆڕاوە

مارکۆس درێسلەر باس لەوە دەکات لە ڕابردوودا لە تورکیا قۆناغێک هەبووە تێیدا جیاکاریی "ئایین-سیاسەت"ی تێدا جێبەجێدەکرا، بەڵام هەرگیز جیاکاریی "ئایین-دەوڵەت" بە تەواوی بەدینەکراوەو لە ئەمڕۆیشدا سروشتی عەلمانیەت گۆڕانی بە سەردا هاتووە. درێسلەر وەزارەتی کاروباری ئایینی وەک نموونە لە ڕونکردنەوەی ئەم بۆچوونەیدا هێنایەوەو ئاماژەی بەوەدا لە ڕاستیدا خۆی وەزارەتی کاروباری ئایینی بۆ ڕێگرتن لە جوڵانەوەی سیاسیی بزوتنەوە ئایینییەکانو کۆنترۆڵکردنو ڕێکخستنی ئایین دامەزراوە، کەچی ئەمڕۆ ئەرکێکی تەواو جیاوازی هەیە. "ئەمڕۆ وەزارەتی کاروباری ئایینی بووە بە ئامرازێک، کە حکومەتی ئاکپارتی لە ڕێگەیەوە سیاسەتی بەئیسلامیکردنی خۆی بەڕێوەدەباتو شەرعیەتیپێدەدات"، بەڵام ئەوڕاستییەی گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە، بریتییە لەوەی دەوڵەت هەوڵی جددی دەدات بۆ ئەوەی ئایین لە ژێر کۆنترۆڵدا بمێنێتەوەو بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، ئاراستەیبکات. ئەمەیش لە سەر بنەمای ئایدیالی ئایینیی پارێزگارانە، کە دڵسۆزە بۆ پێکهاتە پیاوسالارییەکانی دەوڵەت، بە تایبەت ئامانجی پەروەردەکردنی "نەوەی ئاییندار"ە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هەتا ئێستایش لە تورکیادا ئایین لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵکراوەو ئامرازێکی گرنگی دەوڵەتە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات.

## ئایا دەوڵەت بە یەکسانی لە هەموو ئایینو بیروباوەڕەکانەوە دوورە؟

هەرچەندە ناوبەناو لەلایەن لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی تورکیاوە ئەم بابەتە کراوە بە ڕۆژەڤ، بەڵام هەتا ئێستا ئاکپارتی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی عەلمانیەتی لە دەستووردا نەداوە. بە شێوەیەکی گشتی، سیاسەتمەدارانی ئاکپارتی باس لە نارەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بە "تێگەیشتنی شەڕانگێزانە لە عەلمانیەت" دەردەبڕنو دەڵێن لە ڕابردوودا وەک ئامرازێک بۆ گوشارخستنەسەر هاوڵاتیان بەکارهێنراوە، بۆیە لەگەڵ "عەلمانیەتێکی ئازادیخوازانە"دان.

ئەردۆغانیش لەو گوتارەی لە میسر لە ساڵی (٢٠١١) پێشکەشیکرد، گوتی: "من مسوڵمانم، بەڵام عەلمانی نیم، بەڵام سەرۆکوەزیرانی وڵاتێکی عەلمانیم". لەگەڵ ئەوەیشدا بەم شێوەیە پێناسەی عەلمانیەتی کرد: "واتە دەوڵەت لەگەڵ هەموو ئایینەکاندا مەودای یەکسانی هەبێت"، بەڵام شارەزایانو زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانەی لەم بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بە پێچەوانەی بانگەشەی ئاکپارتییەوە، لە تورکیادا دەوڵەت بەرانبەر هەموو ئایینو بیروباوەڕەکان یەکسان نییە، ئازادییە ئایینییەکانیش بە سوودی مسوڵمانانی سوننە_مەزهەب زیادیانکردووەو ئەمەیش بۆ عەلەوییەکان یان شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تر جیاوازە، هەر بۆیە ناتوانرێت بانگەشەیەکی لەم شێوەیە بکرێت.

**سیاسەتی بەئیسلامیکردنی چالاکانە**

مارکۆس درێسلەر ئاماژەیشی بەوە کردووە، کە ڕەنگە ئەندامانی ئاکپارتی زۆر پێداگرییان لە سەر لابردنی پرەنسیپی عەلمانیەت لە دەستووردا نەبووبێت، ئەمەیش بە بوونی بیرۆکەی "گرنگ ئەوە نییە، کە چی لە دەستووردا نوسراوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئێمە لە ڕاستیدا چی دەکەین".

لە لایەکی ترەوە درێسلەر وەک شارەزایەکی ئەڵمانی ئاماژەی بەوە داوە، کە حکومەتی ئاکپارتی لە سێ بواردا لە تورکیا "سیاسەتی بەئیسلامیکردنی چالاکانە"ی پەیڕەوکردووە، ئەو سێ بوارەیش بریتیین لە بواری پەروەردەو دامەزراوەکانی دەوڵەتو میدیا. لەم بارەیەوە دەڵێت: "قوتابخانەکانی ئیمام خەتیب بە شێوەیەکی زۆر سیستەماتیکانە پاڵپشتیدەکرێنو ناوەڕۆکی ئایینی لە پرۆگرامی هەموو قوتابخانەکاندا ڕوو لە زیادبوونە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئایدیای ئایینداری، کە لەلایەن دەوڵەتەوە دیاریدەکرێت، لە ڕێگەی وەزارەتی کاروباری ئایینییەوە دەسەپێنرێت. هەروەها حکومەتی ئاکپارتی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتو میدیاکانەوە، هەوڵی دروستکردنو دارشتنی تێڕوانینی گشتی دەدات، ئەمەیش هەندێک جار بە ئاشکراو هەندێک جاریش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جێبەجێدەکرێت".

**یەکێک لەو پرسە مشتومڕاوییانەی لە یادی سەد ساڵەی کۆماری تورکیادا دروستبووە، بریتییە لە پرسی گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان ئایینو دەوڵەت**

**ئامانجی ئەردۆغان گەنجانی ئاینداره**

لە کاتێکدا ئەردۆغان سەرنجی لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی قوتابخانەکانی ئیمام خەتیبە، بەڵام زۆرینەی ئەو کادیرانەی ئاکپارتی پێکدەهێنن، منداڵەکانیان نانێرن بۆ قوتابخانەکانی ئیمام خەتیب، بەڵکو بۆ ئەو قوتابخانەو کۆلێژە ئەهلییانەیان دەنێرن، کە خوێندنیان بە زمانی بیانییە، هەروەها منداڵەکانیان بۆ خوێندنی باڵا دەنێرن بۆ وڵاتانی رۆژئاوا، ئەمەیش مشتومڕی گەرمی لە ناو خەڵکدا بە دوای خۆیدا هێناوە. دیسانەوە زۆرێک لە راپرسییەکانی رایگشتی ئەوە ئاشکرادەکەن، کە کاریگەریی هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ "پەروەردەکردنی نەوەیەکی ئایندار" لە کۆمەڵگەو بە تایبەت لە ناو گەنجاندا نابینرێت.

**ئاکپارتیو بزوتنەوەی ئیسلامیو ئەو جەماوەرەی کە هەست بە نزیکی لە ئاکپارتی دەکەن، خۆیان لە ناسنامەی کەمالیستی بەدوورگرتووە، کە دەتوانین پێناسەی پۆست_ سێکولاریستیان بۆ بەکاربهێنین**

درێسلەر خۆی لە پرۆژەی توێژینەوەکانیدا، کە بە چاوپێکەوتن لەگەڵ گەنجاندا کردوویەتی، دەڵێت: ئەم توێژینەوانە ئەنجامی سەرنجڕاکێشمان بۆ دەردەخەن. درێسلەر پێیوایە، کە "کەلێنێکی گەورە" لە نێوان گوتارو ئامانجە گشتییەکانی ئاکپارتیو بە تایبەت ئەردۆغانو تێڕوانینی گەنجان بۆ جیهان هەیە. ئەم بابەتەیش بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتەڕوو: لە بنەڕەتدا بەشی بەرچاوی گەنجانی پارێزگار، رەخنەگرانە لە بەسیاسیکردنی ئایین دەڕوانن. ئەوەی بە ڕاستی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، کە گەنجانی خێزانە پارێزگارەکانی نزیک لە ئاکپارتی، بۆچوونی زۆر کراوەو لیبراڵیان لە سەر پرسەکانی جێندەرو هاوڕەگەزخوازەکان هەیە.

بەرەنگاربوونەوە بۆ ئاینداریی سیاسی هەیە، کە لە سەرەوە سەپێنراوە، ئەمەیش بە هیچ شێوەیەک جێگەی سەرسوڕمان نییەو شتێکی هاوشێوەی ئەمە لە ئێراندا بەدیکراوە، کە تێیدا تێبینی ئەوە کرا، کە ئەو گوشارە خزمەتی ئاینداریی نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە، زیانیپێگەیاند، هەر بۆیە هیچ داتایەکی کۆمەڵناسی نییە سەبارەت بەوەی کە ئەردۆغان سەرکەوتوو بووە لە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی ئایندار.

**ڕۆڵی ئیسلام لە سیاسەتی دەرەوەدا بۆ ئاکپارتی**

پەرەسەندنی ململانێی ئیسرائیلو حەماس بوو بە هۆی ئەوەی جارێکی

تر "هەستیارییە ئیسلامییەکان"ی ئەردۆغان بکاتەوە بە ڕۆژەڤ. هەروەها پێناسەی ئەردۆغان بۆ حەماس بریتییە لەوەی کە گرووپێکی ڕزگاریخوازیو موجاهیدین، هەوڵی پاراستنی خاکو هاوڵاتیان دەدەن. هەر ئەمەیش بوو بە هۆی ئەوەی کاردانەوەی نێودەوڵەتی بە دوای خۆیدا بهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە، مارکۆس درێسلەر لەو باوەڕەدایە، کە ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، گوتارەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە پێی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانی وڵاتەکەی دادەڕێژێت. درێسلەر هەڵسەنگاندنەکەی خۆی بۆ ئەم بابەتە بڵاوکردەوەو گوتی: "ئێستا ململانێی فەڵەستین بۆ حکومەتی ئاکپارتی پرسێکی قورسە، چونکە لە هەمان کاتدا هەوڵی نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئیسرائیلدا کردبووەئامانج، بەڵام بە پێچەوانەی تورکمانەکانی چینەوە، هاودەنگیی خۆی بۆ فەڵەستینییەکان زۆر بە ڕوونترو ئاشکراتر پیشاندەدات. ڕەنگە نەبوونی هاودەنگی بۆ تورکمانەکانی چین پەیوەست بێت بە پەیوەندییە سیاسییەکانو بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ چینو ڕەنگە تەنانەت ڕوسیایشەوە، ئەمەیش بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەنقەرەدا ڕەنگیداوەتەوە. بە کورتی، لە سیاسەتی دەرەوەدا بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە پێشینەی کارەکانە، هەر بۆیە بەرژەوەندییە ئیسلامییە سیاسییەکانو هەستیاریی ئایینی تەنها ئەو کاتە بەکاردەهێنرێن، کە زۆر کاریگەرییان لە سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نەبێت.

**لە یەکەم دەستووری ساڵی (١٩٢٤) دا ماددەی "ئایینی دەوڵەتی تورکیا ئیسلامە" جێگیرکرا، بەڵام ئەم ڕستەیە دواتر لادرا، ئەمەیش دوای خێرابوونی هەنگاوەکانی بەعەلمانیبوونو هەموارکردنەوەی دەستوور لە ساڵی (١٩٢٨)دا**

## "هاوپەیمانی"ی ئاکپارتی لەگەڵ گرووپو تەریقەتە ئایینییەکان

هاوکات تەوەرێکی تری چەقی گفتوگۆکان لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئایینو دەوڵەت، زیادبوونی کاریگەرییە سیاسییەکانی گرووپو تەریقەتە ئایینییەکانە. لەم ساڵانەی دواییدا لە تورکیا یەکێک لەو بابەتانەی بووە بە ڕۆژەڤ، بریتییە لە دامەزراندنی کارمەند لە دامەزراوەکانی دەوڵەتو دانانیان بۆ پۆستە گرنگەکان، کە لە سەر بنەمای شایستەیی نەبووە، بەڵکو لە سەر بنەمای ئەندامیەتی یەکێک لە گرووپو تەریقەتە ئایینییەکان

بووە. لەم بارەیەوە باس لە زیادبوونی ئەندامانی گرووپە ئایینییەکانی وەک مەنزیل، سولەیمانییەکان، یازجییەکانو ئۆکوجوییەکان دەکرێت، ئەمەیش بە تایبەت لە دامەزراوە ئەمنییەکانی وەک پۆلیسو سوپا، تەنانەت دەسەڵاتی دادوەریشدا.

**هەروەک چۆن ڕاست نییە، کە بڵێین: کۆماری تورکیا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وەک دەوڵەتێکی تەواو عەلمانی دامەزراوە، ئەوەیش ڕاست نییە، کە بڵێین: ئەمڕۆ عەلمانیەت بە تەواوی نەماوە**

درێسلەر ئاماژەی بەوە کردووە، کە حکومەتی ئاکپارتی بە سەرۆکایەتیی ئەردۆغان دوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦)، پەیامێکی بۆ گرووپو تەریقەتە ئایینییەکان نارد. درێسلەر دەڵێت: بەم گرووپانە گوتراوە ئێوە یان لایەنی حکومەتو ڕژێم دەبن، یان ڕووبەڕووی بایەکی زۆر بەهێز دەبنەوە". درێسلەر دەڵێت: "لەو دەمە بە دواوە ئەم گرووپانە بە لایەنی کەمەوە لە ئاستی گوتاریاندا نزیکبوونەوەیانمان لە ئاکپارتی بینیوە". درێسلەر باسی لەوەیش کرد، کە ئاکپارتی بە جۆرێک ئەم پێکهاتە مسوڵمانە سوونییانەی خستەناو سیستەمی دەوڵەتەوەو لە بەرانبەردا ئەم پێکهاتە ئایینییانە توانییان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستکەوتی باش بەدەستبهێنن. درێسلەر بەم شێوەیە درێژە بە بۆچوونەکەی دەداتو دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەی ئاکپارتی هەمیشە گرنگییەکی زۆری بە پاراستنی پێگەی بەهێزی خۆی داوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی زۆر باسلێوەناکرێت، ئەوەیە، کە ئاکپارتی توانیویەتی جۆرێک لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ پێکهاتە مسوڵمانە سوننە جیاوازەکانو هەمەچەشنەکان پێکبهێنێتو لە ڕێگەی ڕێککەوتنەکانەوە دەسەڵاتی خۆی بەهێزبکات. ئەمەیش ڕێبازێکی سەرنجڕاکێشەو لە ڕاستیدا ئەنجامێکی سەرکەوتووی بەدەستهێناوە.
لەگەڵ ئەوەیشدا پلەبەندییەکی زۆر روون لەم بابەتەدا بەدیدەکرێت، ئاکپارتی گرنگییەکی زۆر بە پاراستنی پێگەی خۆی وەک بەهێزترینی بەهێزەکان دەدات. گەورەبوونی کێشەی نێوان ئاکپارتیو گرووپی گولەنییەکان بریتی بوو لەوەی کێ دەبێت بە گەورەو دەمڕاست، "ئەو سیستەمەی ئەردۆغان دروستیکرد، بە "ڕژێمێکی تاکەکەسی" ناوزەددەکرێت. زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی ڕایان وایە، کە هەتا ئەردۆغان لە دەسەڵاتدا بێت، ئەم سیستەمە دەتوانێت بەردەوامبێت،

کەواتە دوای ئەردۆغان چارەنووسی ئەو هاوپەیمانیەتیانەی لەگەڵ گرووپو تەریقەتە ئاینییەکاندا پێکهێنراون، چی دەبێت؟

## دوای ئەردۆغان، چ دۆخێک چاوەڕێی تورکیا دەکات؟

مارکۆس درێسلەر ئاماژەی بەوەدا، کە "ئەگەر ڕۆژێک تورکیا بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دیموکراسی، کە ئێستا لە ناوەڕۆک بەتاڵکراوەتەوەو داوای ئاشتیی ناوخۆیی بکرێت، پێویستە ڕووبەڕووی ئەو ڕوداوانە ببینەوە، کە پێشتر بوون بە تابوویەک بە سەر خەڵکەوە. دەبێت ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جددی لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیادا ڕویداوە، هەبێت. تەنانەت دەبێت ئەم بابەتە لەگەڵ پرسی کورددا، ئەوەی ڕووبەڕووی عەلەویەکان بوونەتەوەو کەمینە نامسوڵمانەکانیش، تاووتوێبکرێت".

---

**سەرچاوەی بابەتەکە لە ئینتەرنێت:**

Değer Akal,100. yıl: Türkiye'de laiklik nasıl değişti?, 28.10.202328 Ekim 2023, https://www.dw.com

# تێڕوانینی گشتی بۆ دانانی قەیوم لە تورکیادا

## (Türkiye Geneli Kayyum Algısı)

ناوەندی بیرو توێژینەوەکانی سپێکترووم هاوس
(Spectrumhouse Düşünce ve Araştırma Merkezi)
**وەرگێڕانی: تورکیاناسی**

**ناوەندی سپێکترووم هاوس، وەک ناوەندێکی تایبەت بە بیرو توێژینەوە لە تورکیادا، بایەخ بە بابەتە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان دەدات. بەشێکی ناوەندەکە تایبەتە بە ئەنجامدانی ڕاپرسی بە شێوەی مەیدانی لە سەربابەتە گرنگەکانی ڕۆژ. لەم ڕاپۆرتەیداو لە چوارچێوەی (١٥) لاپەڕەدا ڕاپرسییەکی تێروتەسەلی لە بارەی تێڕو انینی هاوڵاتیانو ڕایگشتیی تورکیا بۆ دانانی قەیوم لە جێگەی سەرۆک_شارەو انییە هەڵبژێردراوەکان لەو وڵاتە خستووەتەڕوو. بە هۆی گرنگیو زۆریی بابەتەکە، وەرزنامەی تورکیاناسی بەپێویستیزانیوە پوختەی توێژینەوەکە وەربگێڕدرێتو بخرێتە بەرچاوی خوێنەران.**
**توێژینەوەکە بە شێوەی پرسیاری ڕووبەڕوو لە (٣) بۆ (١٠)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٥)، بە بەشداریی (١٨٠٠) کەس لە (٢٦) پارێزگای تورکیا کراوە. ئەو (٢٦) شارە ئەو انەن، کە ناوەندەکانی توێژینەوە ڕاپرسیی تێدا دەکەنو وەک پێوەرێک ئەنجامەکانی دەکرێت بە سەرتەواوی تورکیادا بە شێوەیەکی ڕێژەیی بگشتێنرێت.**

دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە ساڵێک بە سەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، کە لە (٣١)ی ئاداری (٢٠٢٤) بەڕێوەچوو، دەستوەردانەکانی حکومەتی ناوەندی لە ئیدارە ناوخۆییەکان وەک یەکێک لە پرسە سیاسییە دیارەکانی تورکیا ماوەتەوە. لەو شوێنەی کە ئیرادەی جەماوەری، کە هەڵبژاردن بەرهەمیدەهێنێت، بە بڕیارەکانی ئیدارەی ناوەند دووبارە دادەڕێژرێتەوە، بەمەیش جارێکی تر دەرگادەکرێتەوە بۆ گفتوگۆکردن لە سەر پرسەکانی دیموکراسیەت، وەک مافی دەنگدان، خۆکاندیدکردن بۆ پۆستو بەڕێوەبردن لە تورکیادا.

لابردنی سەرۆک_شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانو دانانی قەیوم (ئەمیندار)، کە بە پلەی یەکەم بۆ ئەو شارەوانییانەی کە پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی) Halkların Eşitlik ve Demokrasi) Partisi) (DEM Parti) بەڕێوەیدەبەنو هەروەها شارەوانییەکانی سەر بە پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)ی Cumhuriyet) Halk Partisi (CHP) ڕابەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێدەکرێت، پراکتیزەیەکی بەردەوامە، کە کاریگەریی نەرێنیی بەردەوامی لە سەر سیستەمی دیموکراسیی تورکیا هەیە. شەرعیەتی سیستەمی سەرپەرشتیکردنو قەیوم، کاریگەری لە سەر مەیلو هەڵبژاردن بەجێدەهێڵێت، بوارێکی گرنگی مشتومڕ سەبارەت بە بەردەوامیی سیستەمی دیموکراسی پێکدەهێنن.

لەم چوارچێوەیەدا، تێگەیشتن لە کاریگەریی ئەم پراکتیزانە لە سەر ئیدارە خۆجێییەکان، مافەکانی هەڵبژاردنو کاندیدبوون، بەڕێوەبردن، هەروەها لە سەر پرۆسەکانی گواستنەوەی دیموکراسی، زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخرێتەسەر ئەو قەیرانی متمانەیەی کە لە دیمەنی سیاسیی تورکیادا دروستبووە. هەرچەندە ئەم سیاسەتە پاشخانێکی مێژوویی هەیەو بەشێک بووە لە ستراتیژی بەڕێوەبردنی ئەو شارانەی تورکیا، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، بەڵام دانانی ئەو قەیومانە، کە پێشتر بە پلەی یەکەم بۆ شارەوانییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (دەبەپە)و دەمپارتی جێبەجێدەکران، دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠٢٤) درێژکرانەوە، بۆئەوەی شارەوانییەکانی سەر بە پارتی گەلی کۆماری (CHP)یش بگرێتەوە. بەم واتایە، سیاسەتی دانانی قەیوم بووە بە ستراتیژێک لە حوکمڕانیی تورکیادا، کە هەتا دێت، زیاتر بەکاردەهێنرێت، ئەمەیش وایکردووە ببێت بە کێشەیەکی پێکهاتەیی، کە کاریگەریی لە سەر سیستەمی دیموکراسی لە تورکیا هەیە.

ئەم دەستوەردانە ناوەندییانە، کە ڕاستەوخۆ مافی دەنگدانو خۆکاندیدکردنو ئیدارەدان پێشێلدەکەن، نەک هەر مافە دیموکراسییە هەنووکەییەکان دەشێوێنن، بەڵکو زەمینە بۆ قەیرانەکانی حوکمڕانیی داهاتوو، قوڵبوونەوەی جەمسەرگیریی کۆمەڵایەتییش خۆشدەکەن. بە وروژاندنی مشتومڕەکان سەبارەت بە متمانە لە سیستەمی سیاسیو کاریگەری لە سەر سەربەخۆیی کارگێڕیی حکومەتە ناوخۆییەکان، دامەزراندنی قەیوم بوار بۆ قەیرانەکانی ئێستاو ئەگەری لە دیموکراسیی تورکیادا دەڕەخسێنێت.

دەستگیرکردنی ئەحمەد ئۆزەر؛ سەرۆکی شارەوانیی ئێسەنیورت لە ئەستەنبوڵ، کە ئەندامی دەمپارتی بووەو لە چوارچێوەی رێککەوتنی شار (Kent Uzlaşısı)دا وەک کاندیدی جەهەپە بووە بە سەرۆکی شارەوانیو دانانی قەیوم لە جێگەی، پاشان لابردنی سەرۆک_شارەوانییەکانی ماردین، باتمانو حەلفاتیو دانانی قەیوم لە جێگەیان، پرسیاری جددی لە بارەی کارایی سیستەمی دیموکراسی لە تورکیا دەوروژێنێت. هەروەها ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە، کە پرسێکی مێژووییە لە وڵاتدا. فراوانکردنی دانانی قەیوم بۆئەوەی نەک تەنها گرووپێکی ئیتنیکی یان سیاسیی دیاریکراو بگرێتەوە، بەڵکو بۆ سەرۆک_شارەوانییەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە گشتی، دەتوانرێت وەک دەستوەردانێکی پێکهاتەیی لە میکانیزمەکانی نوێنەرایەتیی دیموکراسیدا بخوێنرێتەوە.

ناوەندی بیرو توێژینەوەی سپێکترۆم هاوس، توێژینەوەیەکی بۆ پێوانەکردنی تێڕوانینی کۆمەڵگە سەبارەت بە دانانی قەیوم لە جێگەی سەرۆک_شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان لە تورکیا کردووە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە تێبگات، کە کۆمەڵگە چۆن لە دانانی قەیوم دەڕوانێت، هەروەها هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی دەنگدەران بەرانبەریان لە ڕووی ناسنامەی نەتەوەیی، ڕەگەز، گرووپی تەمەن، ئاستی خوێندنو پەیوەندیی سیاسی. هەر لەم توێژینەوەیەدا بەراوردی تێڕوانینی دەنگدەران سەبارەت بە دانانی قەیوم لە شارەوانییەکانی ماردین، باتمانو هالفێتی کراوە، کە لەلایەن دەمپارتییەوە بەڕێوەدەبران، هەروەها شارەوانی ئێسێنیورت، کە ئەندامێکی دەمپارتی لە سەر لیستی جەهەپە سەرۆکی شارەوانییەکەی بوو.

**فراوانکردنی دانانی قەیوم بۆئەوەی نەک تەنها گرووپێکی ئیتنیکی یان سیاسیی دیاریکراو بگرێتەوە، بەڵکو بۆ سەرۆک_شارەوانییەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە گشتی، دەتوانرێت وەک دەستوەردانێکی پێکهاتەیی لە میکانیزمەکانی نوێنەرایەتیی دیموکراسیدا بخوێنرێتەوە**

ئەم توێژینەوەیە لە نێوان (٣) بۆ (١٠)ی کانوونی دوهەمی (٢٠٢٥)، لە (٢٦) پارێزگا، لە سەرانسەری تورکیا، بە بەشداریی (١٨٠٠) کەسی تەمەن (١٨) ساڵ بەرەو سەر کراوە، بە ئامانجی ڕۆشنکردنەوەی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگەی تورکیا سەبارەت بە دانانی قەیوم.

توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی ڕێبازی چەندایەتی کراوە، لە ڕێگەی پرسیارنامەیەکی پێشوەختە ئامادەکراو،

بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی (CATI). نموونەکە بە پێی میتۆدۆلۆژیای دابەشکردنی ڕێژەیی پێکهێنراوە، بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگاکان، بۆ دڵنیابوون لە نوێنەرایەتیی گشتیی تورکیا، بە پشتبەستن بە داتای هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (٢٠٢٣)، ڕێژەی ڕاستیو متمانە لە توێژینەوەکەدا (٩٥٪) بووە، لەگەڵ بوونی بۆشایی متمانە بە ڕێژەی (±٢.٣١). ئەو زانیارییانەی کە بەدەستهاتوون، بە وردی بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS ٢٢) شیکراونەتەوە.

**پوختەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

- ڕێژەی ئەو کەسانەی پێیانوایە، کە دانانی قەیوم لە جێگەی سەرۆکی شارەوانی ئێسێنیورت لە ئەستەنبوڵ بڕیارێکی دروستە، (٣٥.٢٪)ە. ئەم ئەنجامانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە تەنها نزیکەی یەک لە سەر سێی کۆمەڵگە پشتگیریی دانانی قەیوم بۆ ئەو شارەوانییە دەکەن.
- لە لایەکی ترەوە (٥٢.٨٪)ی بەشداربوان ئەم ڕێکارە ڕەتدەکەنەوە. سەبارەت بەو کەسانەی کە هیچ بڕیارێکیان نەداوە لە سەر ڕاستی یان هەڵەبوونی دانانی قەیوم، دابەشبوون بە سەر دوو گرووپدا: (١٠.٧٪)یان ڕایانگەیاندووە نە بە ڕاست نە بە هەڵەی دەزانن، لە (١١٪) یشیان ڕایانگەیاندووە، کە بۆچوونیان لە سەر ئەو بابەتە نییە، یان نایانەوێت گوزارشتیلێبکەن.
- کاریگەریی ناسنامەی ڕەگەزی لە سەر تێڕوانینەکانی دانانی قەیوم لێیکۆڵرایەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوتووە، کە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە دانانی قەیومیان بۆ شارەوانی ئەسێنیورت ڕەتکردووەتەوە، لە ناو بەشداربوانی بە ڕەگەز کورددا گەیشتووە بە (٧٥.٣٪)، کە ئەمەیش ڕێژەیەکی بەرزە. لە بەرانبەردا ئەم ڕێژەیە لە نێوان بەشداربوانی بە ڕەگەز تورکدا (٤٦.١٪) بووە.
- لە لایەکی ترەوە، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا بەدیدەکرێت سەبارەت بە ڕادەی پشتیوانی بۆ دانانی قەیوم. لە کاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی پشتیوانییان لەم هەنگاوەی دەوڵەت کردووە لە ناو کورددا، تەنها (١٣.٣٪) بووە، ئەم ڕێژەیە لە ناو بەشداربوانی تورکدا بۆ (٤١٪) بەرزبووەتەوە. ئەم داتایە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە دانانی قەیوم بە پشتبەستن بە ناسنامەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی جیاواز سەیردەکرێتو ئەم سیاسەتە قەیرانی متمانەی دەوڵەتو دامەزراوەکانی لە ناو دەنگدەرانی کورددا فراوانترو قووڵتردەبێت.
- لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا کاریگەریی ئاراستە سیاسییەکان لە سەر هەڵوێستەکان بەرانبەر بە دانانی قەیوم شیکراونەتەوە. لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە، کە (٥٧.٤٪)ی بەشداربوان، کە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣)دا دەنگیان بە پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)

داوە، دانانی قەیوم بۆ شارەوانیی ئەسێنیورت بە بڕیارێکی دروست دەزانن. ئەم ڕێژەیە لە نێوان دەنگدەرانی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) بۆ (٦٩.٥٪) بەرزبووەتەوە، لە ناو دەنگدەرانی پارتی سەرکەوتن (Zafer Partisi) بە ڕێژەی (٥٩.٤٪)و لە ناو دەنگدەرانی پارتی خۆشگوزەرانیی نوێ (Yeniden Refah Partisi) (٥٨.١٪) بووە.

**دانانی قەیوم پلەی یەکەم بۆ سەرۆک_شارەو انییەکانی دەمپارتیو پاشان جەهەپە جێبەجێدەکرێت. دانانی قەیوم لە جێگەی سەرۆک_ شارەو انییە هەڵبژێردراوەکان نەک هەرمافە دیموکراسییە هەنوکەییەکان دەشێوێنن، بەڵکو زەمینە بۆ قەیر انەکانی حوکمڕانی داهاتوو، قوڵبوونەوەی جەمسەرگیریی کۆمەڵایەتییش خۆشدەکەن**

- لە بەرانبەردا ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەم ڕێوشوێنەدا بوون، لە ناو دەنگدەرانی دەمپارتیدا تەنها (٥٪) بووە، لە کاتێکدا ڕێژەی دەنگدەرانی جەهەپە (١١.١٪) بووە. سەبارەت بەو کەسانەی کە دانانی قەیومیان ڕەتکردووەتەوە، ڕێژەیان لە ناو دەنگدەرانی دەمپارتی گەیشتووە بە (٨٨.١٪)و لە ناو دەنگدەرانی جەهەپەدا گەیشتووە بە (٨٠.٦٪). ئەم داتایانە نیشانیدەدەن، کە پشتیوانی بۆ دانانی قەیوم بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناو دەنگدەرانی نەتەوەپەرستو فاشیستدا چڕبووەتەوە، لە کاتێکدا ئەو پراکتیزەیە وەک قەیرانی متمانەی دەسەڵات لە لای دەنگدەرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا سەیردەکرێت.

- بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە دانانی قەیومیان لە جێگەی سەرۆک_شارەوانیەکانی ماردین، باتمانو حەلفاتی ڕەتکردووەتەوە، کە لەلایەن دەمپارتییەوە بەڕێوەدەبرێن، گەیشتووە بە (٥١.٥٪). ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ هەڵوێستێکی ڕەخنەئامێزانەی ڕوون بەرانبەر بەم پراکتیزەیە لە شەقامو ڕایگشتیدا. لە لایەکی ترەوە، ڕێژەی ئەو کەسانەی پاڵپشتیی دانانی قەیومیان کردووە لەو شارەوانییانەدا، گەیشتووە بە (٣٥.٤٪). ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن، کە پرسی دانانی قەیوم چیتر تەنها لە ناوچە کوردنشینەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو لە ڕوانگەی دیموکراسییەوە بە گشتی بووە بە بابەتی مشتومڕی بەرفراوان.

- هەروەها کاریگەریی هۆکاری ناسنامەی نەتەوەیی لە سەر تێڕوانینەکانی دانانی قەیوم لە شارەوانییەکانی ماردین، باتمانو هالفێتی شیکراوەتەوە. ئەنجامەکان دەریانخستووە، کە (٧٨.٨٪)ی بەشداربوانی بە ڕەگەز کورد دانانی

قەیوم لەو شارەوانییانەدا بە ڕێکارێکی هەڵە دەزانن. لە بەرانبەر ئەم ڕێژەیەدا، لە نێوان بەشداربوانی بە ڕەگەز تورکدا ڕێژەکە تەنها (٤٣.٧٪) دەبێت.
-لە ڕووی ڕێژەی سەدیی ئەو کەسانەی کە پشتگیریی دانانی قەیوم دەکەن، جیاوازییەکی گرنگ بەدیدەکرێت؛ تەنها (١٢٪)ی بەشداربوانی بە ڕەگەز کورد دانانی قەیوم بەڕاستدەزانن. لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ناو بەشداربوانی بە ڕەگەز تورکدا بۆ (٤٢٪) بەرزبووەتەوە. ئەم ئەنجامانە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە دانانی قەیوم لە سەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی جیاواز سەیردەکرێتو ئەم پراکتیزەیە لە ناو دەنگدەرانی کورددا بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەتدەکرێتەوە.
-هەروەها لە توێژینەوەکەدا کاریگەریی ئاراستەی سیاسی لە سەر هەڵوێستی دەنگدەران بە گوێرەی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣) بەرانبەر بە دانانی قەیوم لە جێگەی سەرۆک_شارەوانییەکانی ماردین، باتمانو حەلفاتی شیکرایەوە. لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە، کە (٥٤.٢٪)ی بەشداربوان، کە دەنگیان بە ئاکپارتی داوە، دانانی قەیوم بەدروستدەزانن. لە کاتێکدا ڕێژەی (٦٨.٧٪)ی دەنگدەرانی مەهەپە پشتیوانییان لە دانانی قەیوم بۆ ئەو شارەوانییانە کردووە. هەروەها ڕێژەی (٦٦.٧٪)ی دەنگدەرانی پارتی زافەرو (٥٩٪)ی دەنگدەرانی پارتی خۆشگوزەرانی نوێ دانانی قەیومیان بەدروستزانیوە. ئەم ڕێژانە نیشانیدەدەن، کە دەنگدەرانی پارێزکارو ناسیۆنالیست زیاتر پشتگیری لە دانانی قەیوم دەکەن.

## ناسنامەی نەتەوەیی، ئاڕاستەی هزریو ئایدۆلۆژی، مەیلی سیاسی بۆ پارتە سیاسییەکانو بەرەی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی بۆچوونی هاوڵاتیان سەبارەت بە خوێندنەوەیان بۆ دانانی قەیوم

- لە لایەکی ترەوە ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ دانانی قەیومدا بوون لە جێگەی سەرۆک_شارەوانییەکانی ماردین، باتمانو حەلفاتی لە ناو دەنگدەرانی دەمپارتیدا، تەنها (٦.٣٪) بووە. لە کاتێکدا لە نێوان دەنگدەرانی جەهەپەدا (١٢.٢٪) بووە. ئەم ئامارانە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە دەنگدەرانی دەمپارتی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی نوێنەرایەتیی کورد لە تورکیا دەکاتو دەنگدەرانی جەهەپە، کە بە ڕابەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن دادەنرێت، بە توندی دژایەتیی دانانی قەیومەکان دەکەن. هەروەها (٨٩.٣٪)ی دەنگدەرانی دەمپارتیو (٧٨.٢٪)ی دەنگدەرانی جەهەپە؛ (٢٦.٢٪)ی دەنگدەرانی ئاکپارتی دانانی قەیوم لە جێگەی

سەرۆک_شارەوانییەکانی ماردین، باتمانو حەلفاتی بەهەڵەدەزانن.

-ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵیداوە تیشکبخاتەسەر پاڵنەرە نەتەوەییو مەیلە سیاسییەکانو کاریگەریيان لە سەر تێڕوانینی هاوڵاتی بۆ دانانی قەیوم لە جێگەی سەرۆک_شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان. ئەنجامەکان دەریانخستووە، کە دانانی قەیوم قەیرانێکی گەورەی بێمتمانەیی دروستدەکات، بە تایبەتی لە ناو دەنگدەرانی کوردو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکاندا بەرانبەر بە حکومەتو دەسەڵات. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کاریگەریی دانانی قەیوم تەنها لە بەڕێوەبردنی حکومەتی خۆجێیدا سنووردار نییە، بەڵکو کاریگەریی نەرێنیی لە سەر دیموکراسی لە تورکیاو ئاشتیی کۆمەڵایەتییش دادەنێت.

لینکی بابەتەکە لە تۆڕی ئینتەرنێت
https://spectrumhouse.com.tr/turkiye-geneli-kayyum-algisi/
file:///C:/Users/SABAT/Downloads/Turkiye-Geneli-Kayyum-Algisi-Arastirmasi_Subat_٢٠٢٥٪٢٠(١).pdf

# چاوپێکەوتن

تورکیاناسی

# هاوڕێی یاخسەمەری مام جەلال دیدی تورکیا بۆ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو پرسی کورد ئاشکرادەکات

چاوپێکەوتن: تورکیاناسی



لە کاتێکدا دەیان دەزگای میدیایی هەرێمی‌و نێودەوڵەتی لە بەرانبەر چرکاندنی وێنەیەک، کە کارەساتی جینۆسایدی گەلێکی بە جیهان ناساند، خەڵات و ڕێزلێنانیان پێبەخشیوە، کەچی لە وڵاتەکەی خۆیدا تەنانەت ڕێگەینەدراوە بە هەمان وێنە بەشداری "پێشانگەی پێشبڕکێی وێنەکانی جەنگ" بکات. لەلایەن گەل‌و هاوڵاتیانی هاوزمانیشیەوە وەک پێویست ناناسرێت.

ڕەمەزان ئۆزتورک (Ramazan Öztürk)؛ ئەو فۆتۆگرافەرەی لە ڕێگەی زوومی کامێراکەیەوە بە چرکاندنی وێنەیەکی عومەری خاوەر لە (١٨)ی ئاداری (١٩٨٨)، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی بە جیهان ناساند. نەک لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە باکووری کوردستانیش ناوێکی ناسراو نییە، لە کاتێکدا لە ڕێگەی زوومی کامێراکەی ئەوەوە هەڵەبجە بە جیهان ناسێنرا.

چیرۆكی ئاشنابوونی ڕەمەزان ئۆزتورك وەك ڕۆژنامەوانێك، كە بە ڕەگەز كوردی ئامەدە، بەڵام هەڵگری ناسنامەی توركیایە بە پرسی كورد لە باشووری كوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ یەكەم گەشتی یاسایی لە ئیستەنبوڵ بۆ بەغدادو پاشان گەشتی نایاسایی (قاچاغ)ی ناوبراو لە بەغدادەوە بۆ سلێمانیو لەوێشەوە بۆ یاخسەمەر. ئۆزتورك لە ساڵی (١٩٨٧) لەگەڵ مام جەلالدا وەك یەكەمین سەركردەی كورد، لە یاخسەمەر ناسراوی پەیدادەكات.

بۆ جاری دووەم ناوبراو لە (١٨)ی ئاداری (١٩٨٨) دێتە هەڵەبجەو چەندین وێنەی ڕۆژنامەوانی لەو شارەدا دەگرێت. پاشان یەكێك لەو وێنانە (وێنەی عومەری خاوەر) لەلایەن زۆرێك لە دەزگا میدیاییەكانی جیهانەوە بڵاودەكرێتەوەو دواجار هەر ئەو وێنەیە وەك سیمبولی هەڵەبجەو كارەساتی كیمیابارانی ئەو شارە دەمێنێتەوە.

لە یادی (٣٧)ی ساڵەی كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجەدا، بۆ ناساندنی زیاتری ڕەمەزان ئۆزتوركو تێگەیشتن لە هەڵوێستی سیاسیو ئەمنیی توركیا لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردوودا بەرانبەر بە پرسی كوردو كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە، وەرزنامەی توركیاناسی بەپێویستیزانیوە گفتوگۆ لەگەڵ ناوبراودا بكات.

**توركیاناسی: یاخسەمەر چیت بەبیردەهێنێتەوە؟**

**ڕەمەزان ئۆزتورك:** یاخسەمەر زۆر شت بەبیرمدەهێنێتەوە، ئەڵقەیەكی زنجیرەی خەباتو بەرخۆدانی خەڵكی كوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی سەدام. ڕەوتی بەرخودانێكی بەكۆمەڵ بە هزرمدا دەهێنێتەوە، كە خەڵكێك بەبێ جیاوازیی ژنو پیاو، درێژەیانپێداوە. خەباتێك كە مام جەلالو هاوڕێكانی بە بڕواو متمانەیەكی تەواوەوە ئامادەبوون بۆ درێژەپێدانی بە هەر قوربانیو باجێك بێت.

**توركیاناسی: بۆ یەكەم جار وەك ڕۆژنامەوان كەیو چۆن هاتیتە عێراقو هەرێمی كوردستان؟**

**ڕەمەزان ئۆزتورك:** بۆ یەكەم جار لە ساڵی (١٩٨٧) بە شێوەی ڕەسمی ڕۆیشتمە بەغداد، لەوێوە بە ڕێگەی قاچاغ ڕۆیشتمە سلێمانیو پاشان لە یاخسەمەر مام جەلالم ناسی.

**توركیاناسی: چۆن پەیوەندیتان لەگەڵ مام جەلالدا دروستكرد؟ هەتا كەی بەردەوامبوو؟**

**ڕەمەزان ئۆزتورك:** دروستبوونی پەیوەندییەكەمان بۆ یەكەمجار دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوی ڕفاندنی ئەندازیارێكی تورك لە كارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە لەلایەن پێشمەرگەكانی یەكێتیی

نیشتیمانیی کوردستانەوە، بەڵام ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی نوێنەرایەتیی یەکێتی لە تارانی پایتەختی ئێرانەوە دروستبوو. پاشان دوای ئەوەی بە ڕێگای قاچاغ لە بەغدادەوە ڕامکرد بۆ سلێمانی، بۆ یەکەم جار لە یاخسەمەر لەگەڵ مام جەلالدا ڕووبەڕوو یەکترمان بینی. لەو ڕۆژەوە هەتا ئەو کاتەی کۆچیدوایی کرد، بە گوێرەی دەرفەت یەکترمان دەبینی. چەندین جار چاوپێکەوتنم لەگەڵ مام جەلالدا بۆ دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانی تورکیا کردووە، هەروەها کاری دیکەی ڕۆژنامەوانیم دەربارەی هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکەش کردووە، دوو جاریش فیلمی بەڵگەنامەیی (دۆکیومێنتاری)م بۆ کەناڵی یوتیوبی خاڵی شکانەوە (Kırılma Noktası)و کەناڵی (TRT) (ڕادیۆو تەلەفزیۆنی فەرمیی دەوڵەتی تورکیا) دەربارەی هەڵەبجە بڵاوکردووەتەوە. جگە لەمانەیش، هەم لە سەردەمی سەدامو هەم دوای ڕوخانی ڕژێمیش، چەندین بابەتی ڕۆژنامەوانیم دەربارەی عێراق ئامادەو بڵاوکردووەتەوە. ئەو کاتەیشی سەرۆک کۆماری عێراق بوو، مام جەلال چەندین جار لە ماڵی خۆی میوانداریکردووم. هەر کاتێک یەکترمان ببینیایە، پێیدەگوتم "هاوڕێی قەدەری یاخسەمەرم".

**تورکیاناسی: یەکەم جارکەی و چۆن ئاگاداربوویت لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە؟ سەرەڕای ئەو دۆخە سەختو مەترسیدارە، چۆن بڕیارتاندا بڕۆن بۆ هەڵەبجە؟**

**ڕەمەزان ئۆزتورک:** لە ڕێگەی کورتەهەواڵێکی ئاژانسێکی بیانییەوە زانیم، کە هەڵەبجە کیمیابارانکراوە. دەستبەجێ دەستمکرد بە پرسیارو لێکۆڵینەوە بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستو دروستیی هەواڵەکە، لەبەرئەوەی پێشتر سەردانی ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستانم کردبوو، بۆیە پێموابوو ئەگەر ڕوداوێکی وەک کیمیاباران ڕویدابێت، بە دڵنیاییەوە کارەساتێکی گەورە لەو ناوچەیەدا دێتەکایەوە. دوای ئەوەی پەیوەندیم بە ڕەفعەت محەمەد عەلی؛ نوێنەری ئەو کاتەی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانەوە لە تاران کرد، زانیاریی زیاترم دەربارەی کارەساتەکە دەستکەوت، بۆیە ئێوارەی (١٧)ی ئادار بەرەو ئێران کەوتمەڕێ.

**تورکیاناسی: ئایا لەو کاتەدا دەوڵەتی تورکیا دەیزانی تۆ لەگەڵ هاوڕێکانتدا وەک ڕۆژنامەوان دەڕۆن بۆ هەڵەبجە؟ ئەگەرزانیویەتی، چۆن مۆڵەتیپێداون؟**

**ڕەمەزان ئۆزتەرک:** ئەو کاتە پێویستینەدەکرد ڕۆژنامەوان مۆڵەت لە دەوڵەت وەربگرێت بۆ ئەوەی بڕوات بۆ وڵاتێکی دیکە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی. بەڵام (١٠) مانگ پێش ئەو کارەساتەو لە کاتی ڕوداوی ڕفاندنی ئەندازیارە تورکەکە، دەوڵەت هەوڵیدا ڕێگریملێبکات لە چوونم

بۆ کوردستانو چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلالدا. حکومەتی تورکیا هەوڵیدا رێگریملێبکات لە بەدەستهێنانی ڤیزە لە باڵیۆزخانەی ئێران لە ئەنقەرە. ئەمەیش پەیوەندیدار بوو بە تێڕوانینی دەوڵەتەوە بۆ پرسی کوردو هەروەها هەوڵدان بۆ پەردەپۆشکردنی ڕوداوی ڕفاندنی ئەندازیارە تورکەکەو ئاشکرانەبوونی ڕوداوەکەو داواکارییەکانی ئەو کاتەی یەکێتی لە تورکیا بۆ ڕایگشتیی ئەو وڵاتە. هەروەها لەو کاتەدا تورکیا لە شەڕو پێکدادانداندا بوو لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا، نەیدەویست ئاسانکاری بێتەکایەوە بۆ ئاگاداربوونی کوردانی ئەو چوار وڵاتەی تێیدا دەژیان لە هەواڵ و بارودۆخی یەکدی، لەبەرئەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕێگرینەدەکرا لە ڕۆیشتنی ڕۆژنامەوانان بۆ هەڵەبجە، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ڕێگەی جۆراوجۆر هەوڵی ڕێگریو بێزارکردنمان دەدرا.

**تورکیاناسی: ئایا ڕۆژنامەوانی دیکە لە تورکیاوە هاتووەتە هەڵەبجە بۆ ڕوماڵی کارەساتی کیمیابارانی ئەو شارە؟**

**ڕەمەزان ئۆزتورک:** بەڵێ، لە سەرەتای کارەساتەکەوە لەگەڵ مندا هەریەک لە فاروق ئۆلچوجو (Faruk Ölçücü)؛ پەیامنێر و فۆتۆگرافەری ڕۆژنامەی گیونەش (Güneş Gazetesi) هاتینە هەڵەبجە. بە دوای ئێمەدا تیمێکی ڕۆژنامەوانی (TRT) (ڕادیۆو تەلەفزیۆنی تورکیا)، کە پێکهاتبوو لە پەیامنێرو کامێرامانو یاریدەدەرێک، هاتن بۆ هەڵەبجە. جگە لەمانەیش، چەند تیمێکی ڕۆژنامەوانی لە ئەوروپاوە هاتن.

**تورکیاناسی: حکومەت چۆن ڕێگەیدەدا بە ئێوە بابەتی ڕۆژنامەوانی دەربارەی هەڵەبجە بڵاوبکەنەوەو تەنانەت بیگەیەننە دەرەوەی وڵات؟ چونکە بە گشتی ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا دژی نیشاندانی ستەملێکراوی کورد بوو، چ لە ناوخۆو چ لە دەرەوەی وڵاتەکەی، ئەمەیش بۆ ئەوەی ڕێگریبکات لە خۆپیشاندانو سەرهەڵدانی ناوخۆییو دروستبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ کورد.**

**ڕەمەزان ئۆزتورک:** دەوڵەت نەیدەتوانی بە ئاشکرا بڵێت، کە "هەواڵ و زانیاری دەربارەی هەڵەبجە بڵاومەکەنەوە"، بەڵام لە ژمارەیەک ڕۆژنامەدا لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە نزیک بوون لە دەوڵەتەوە، ڕێگریدەکرا لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەیوەست بە کوردو هەڵەبجەوە، واتە بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە کوردو هەڵەبجەوە، پەیوەست بوو بە تێڕوانینی بەرپرسانی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانەوە بۆ پرسی کورد. تەنانەت ڕۆژنامەی گیونەشیش وەک پێویست بایەخی بە کارەساتەکە نەداوە.

**تورکیاناسی: وەک دەزانین یەکەم وێنەی عومەری خاوەرلەلایەن تۆوە گیراوە، بەڵام چەند ساڵێکە ئەحمەدی ناتقی، کە فۆتۆگر افەرێکی ئێر انییە، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە یەکەم وێنەی عومەری خاوەرلەلایەن ئەوەوە گیراوە، چی دەڵێیت لەو بارەیەوە؟ هەڵبەت ئەوەمان لەیادنەچێت، کە ڕەنگە بەهۆی فشاری نێودەوڵەتییەوە لە سەر ئێران، ناتقی نەیتوانیبێت وێنەکەی بگەیەنێت بە میدیای جیهانی.**

**ڕەمەزان ئۆزتورک:** لە ڕاستیدا ئەم بانگەشەیە شایستەی ئەوە نییە، کە بایەخێکی ئەوتۆیشی پێبدرێت. (٣٧) ساڵ بە سەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تێپەڕیوە، ئێستا کەسێک دەرکەوتووەو دەڵێت: "یەکەم وێنەی عومەری خاوەر من گرتوومە". گرنگ نییە کێ یەکەم جار ئەو وێنەیەی گرتووە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە وێنەی کێ بڵاوبووەتەوە بە جیهانداو ئەو کاریگەرییەی دروستکرد. بابەتی سەپاندنی سزاو گەمارۆ بە سەر ئێراندا بۆ بەرپرسانی ئەو وڵاتە کێشە بووە. لە بری قسەکردن لە سەر دیوی پشتەوەو لایەنە تاریکەکانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، دوای چەندین ساڵ کەسێک بێتو بڵێت: "یەکەم جار من وێنەی عومری خاوەرم گرتووە"، ئەمە کێشەیە، پاشان ئەمەیش بکرێت بە بابەتو قسەی لە سەر بکرێت. ئەگەر بە ڕاستی ئەو وێنەیەی گرتبێت، ئایا نوسخەی بنەڕەتی (ڕەشوسپی)ی ئەو وێنەیە لە کوێیە؟ ئەوەی زیاتر من نیگەراندەکات، باسکردنی ئەم بابەتەیە لەلایەن میدیای کوردییەوە، تەنها دەتوانم بڵێم بە داخەوە.

**تورکیاناسی: سەرەڕای ئەوەی لەلایەن چەندین دەزگای ڕۆژنامەو انی جیهانیو دەوڵەتانەوە خەڵاتی ڕێزلێنانت پێبەخشراوە، بەڵام دەگوترێت دەوڵەتی تورکیاو کۆمەڵە ڕۆژنامەو انییەکانی ئەو وڵاتە وەک پێویست ڕێزیان لە ماندووبوونەکانت نەناوە، ئایا ئەمە ڕاستە؟ لەبەرئەوەی تۆ کوردیتو هەڵەبجەیش شارێکی کوردستانە، بۆیە فەرامۆشکراویت؟**

**ڕەمەزان ئۆزتورک:** بەڵێ، لە تورکیا هیچ خەڵاتو ڕێزلێنانێکم پێنەبەخشراوە، کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانانی تورکیا، ڕێکخراوی فۆتۆگرافەرانی تورکیاو دامەزراوە میدیاییەکانی ئەم وڵاتەیش چاویان نوقاند لە ئاستی من. ئەمەیش دوو هۆکاری هەیە؛ یەکەمیان: هەر کاتێک لە تورکیادا پرسی کورد بێتەپێشەوە، تەنانەت لایەنە ناکۆکەکانیش لە نێوان خۆیاندا کۆکو تەبا دەبن دژی ئەم پرسە، بە تایبەت لەو سەردەمەدا ئەم تێڕوانینەی تورکەکان بۆ پرسی کورد زۆر توندتر بوو، لەبەرئەوە هەر وێنەو هەواڵو بابەتێکی ڕۆژنامەوانی، کە باسی لە مافی کوردو خەباتی ئەم گەلە بکردایە، هەتا بکرایە، لەلایەن دەوڵەتو لایەنە


پەیوەندیدارەکانەوە پەردەپۆشدەکرا. پێنەدانی خەڵاتو ڕێزلێنانیش بە من، ئەنجامێکی ئەم دۆخە بوو.

**تورکیاناسی: بە گوێرەی بەدواداچوونەکانو توێژینەوە زانستییەکان، میدیای تورکیا لە سەردەمی جەنگی عێراق-ئێراندا زیاد لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بایەخی بە پێشڕەویی سوپای ئێران بۆ کەرکووکو ئەگەری "دەستبەسەرداگرتنی ئەو شارە لەلایەن سوپای ئێرانەوە" داوە، هەتا چەند ئەم بۆچوونە بە دروست دەزانن؟**

**ڕەمەزان ئۆزتورک:** هەتا ئێستایش خەڵکانێک لە تورکیادا هەن، پێیانوایە کەرکووک خاکی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییەو بانگەشەی گێڕانەوەی دەکەن بۆ تورکیا، تەنانەت لە ناو دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەتیشدا خەڵکانێک پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکەن. لە سەردەمی جەنگی عێراق-ئێرانو دروستبوونی مەترسی لە سەر کەرکووک، بەشێک لە داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاو ڕایگشتیو شەقامی ئەم وڵاتەیش داوایاندەکرد تورکیا سنوری عێراق ببڕێتو بە ئاڕاستەی کەرکووک هەنگاوبنێت. مەبەستم لەوەیە بڵێم، کە ئەو هەڵوێستەی بایەخدانی زیاتر بە کەرکووک؛ ئەنجامی تێڕوانینی ئەو کاتەی دەوڵەتو شەقامی تورکیا بوو بۆ ئەو شارە.

**تورکیاناسی: وەک دەزانن لە سەردەمی تورگوت ئۆزالدا؛ هەریەک لە مام جەلالو مەسعوود بارزانی بە پاسپۆرتی تورکیا؛ ئەوروپاو ئەمریکا گەڕانو لۆبییان بۆ کورد دەکرد. چۆن دەوڵەتی تورکیا لە لایەک ڕێگە لە کوردەکان دەگرێت بۆ ئازادیو سەربەخۆیی، لە لایەکی دیکەوە پاسپۆرت بە بارزانیو تاڵەبانی دەدات هەتا لۆبی بۆ کوردو کوردستان بکەن لە دەرەوەی وڵات؟**

**ڕەمەزان ئۆزتورک:** تێڕوانینی تورگوت ئۆزال، کە ئەو کاتە سەرۆککۆماری تورکیا بوو، جیاواز بوو لە تێڕوانینی گشتیی دەوڵەت بۆ پرسی کورد. ئامانجی ئۆزال بریتی بوو لە دروستکردنی پردی پەیوەندیو دیالۆگ لەگەڵ کوردەکاندا، بە مەبەستی چارەسەری پرسی کورد، لە بریی دژایەتیکردنیان.




# کتێبناسی

تورکیاناسی

# "داگیرکردنی تاریکی"؛
## هەوڵەکانی سڕینەوەی نەتەوەیەک لە ڕێگەی پاکتاوی زمانەکەیەوە

د. دیلان سەلام حەمەفەرەج؛ دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

**ناسنامەی کتێب**
**ناوی کتیب:** داگیرکردنی تاریکی
**نوسەر:** بەختیار علی
**جۆری کتێب:** ڕۆمان
**ژمارەی لاپەڕە:** (٧٢٢)
**چاپخانە:** چاپخانەی ڕەهەند
**ساڵی بڵاوکردنەوە:** (٢٠٢٠)

**بەرایی**

"داگیرکردنی تاریکی" یەکێکە لە بەرهەمەکانی ڕۆماننوسی دیاری کورد؛ "بەختیار عەلی"، ئەم بەرهەمە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕۆمانەکە لە (٧٢٢) لاپەڕەدا مێژووی کارەساتباری پرۆسەی وەرگەڕانی کولتووریی مرۆڤی کوردمان لە دەوڵەتی نوێی تورکیادا لە ڕێگەی بەسەرهاتی چەند کاراکتەرێکەوە بۆ کورت و کۆدەکاتەوە.
سەرنجڕاکێشیو کاریگەریی ڕۆمانەکە لەوەدایە، کە کارەساتەکەمان لە چاوی تورکەوە، کە لایەنە ستەمکارەکەیە، بۆ دەگێڕێتەوە، ڕۆمانەکە مێژوویەو بە بەکارهێنانی تەکنیکی ڕیالیزمی ئەفسوناویی نوسراوە. نوسەر لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە زۆر دەستی لە واقیعدا وەرداوەو گۆڕیویەتی، ڕوداوەکان زیاتر لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٨٠)دا لە باکووری کوردستانو تورکیا ڕویانداوە. ئەگەر ڕۆمانەکانی دیکەی "بەختیار عەلی"، نیشاندانی کورد لە چاوی کورد خۆیەوە بێت، ئەوا "داگیرکردنی تاریکی" نیشاندانی کوردە لە چاوو نیگاو بینینی ئەوی ترەوە، بە پێچەوانەیشەوە دروستە، واتە ڕۆمانەکە نیشاندانی ئەوی دیکەیە لە دیدی منەوە، گوتاری ڕۆماننوسێکی کوردە سەبارەت بە مێژووی تورکو

بینین‌و سڕینەوەی کورد وەک نەبینراوو بێدەنگکراوو تاریککراوێک. تاریکییەک کە ناگیرێت‌و ئەوی تر دەیەوێت بیگرێت‌و ڕاویبکات.

ئەم تاریککردنە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، کە ئەوی تر بۆ کوردی دروستکردووە، کوردیش لە ناو ئەم تاریکییەدا نەبێت، ناتوانێت بە ئاشکرا خۆی دەربخات. مرۆڤی کورد لە هەمان کاتدا خۆیەتی‌و خۆیشی نییە، ئەوی تر بەردەوام دەیەوێت وا لە کورد بکات خۆیان نەبن، ئەوانیش دەچنە تاریکییەوە هەتا ئەوی تر نەتوانێت دەستیپێیانبگات. هەر لەم بارەیەوە "بەختیار عەلی" دەڵێت: "من نوسەری ئەو ڕووبەرانەم، کە داگیرناکرێن. من ئەدەب بە چەکێکی گەورەی بەرگریکردن دەبینم دژ بە سیستەمە سەرکوتکەرو داگیرکەرو ژیان_شێوێنەرەکان"(١).

بەختیار عەلی لە ڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە هەوڵدەدات تەواوی مێژوو، دونیابینیی تاک‌و کۆمەڵگای کوردی بگوێزێتەوە بۆ ناو ئەدەب‌و لەوێوە پارێزگاری لە بوون‌و شوناسی تاکی کورد بکات، بۆ ئەمەیش پەنا بۆ زمان دەبات، کە زمان سیستەمێکە لە ڕێگایەوە هەوڵدەدەین گوزارشت لە هەموو شتێک بکەین، واتا بدەین بە هەموو شتێک، ناومان بۆ هەموو شتێک‌و هەموو دۆخێک هەبێت، هەر شتێکیش بکەوێتە دەرەوەی زمانەوە، دەکەوێتە دەرەوەی بیرکردنەوەیشەوە، هەروەها سیستەمی زمانی چەند فراوان‌و بەهێز بێت، هێشتا کۆمەڵێک نەگوتراو لە دەرەوە دەمێننەوە، کە ئەدەب هەوڵدەدات ئاماژە بەو ڕووبەرە نەگوتراوانە بکات. ئەم خواستەی زمان هەیەتی، هەتا ببێت بە بۆتەی هەموو گوتراوو نەگوتراوێک، واتە هیچ شتێک نەبێت، کە زمان هێزی ناونان‌و توانای دەربڕینی ئەوی نەبێت، ئەم خواستە لە سیستەمە باڵادەستەکانی ناو کایەی سیاسییشدا هەیە، ئەوانیش بەردەوام هەوڵدەدەن سنووری دەسەڵات‌و قەڵەمڕەویی خۆیان فراوانبکەن، خواستیانە هەموو ڕەگەزە جیاوازەکان لە ناو یەک ڕێکخستن‌و یەک نەزم‌و یەک ڕێسادا بتوێننەوە.

## زمان وەک ئامرازێک بۆ پارێزگاریی لە شوناس و ڕەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیای سەپاندن

لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی‌و فۆڕمی دەوڵەت_نەتەوەی ناسیۆنالیدا، سیستەمی سیاسی لە خۆرهەڵات، کۆمەڵێک وڵاتی دەستکرد دروستدەکات، کە بە حوکمی ئەوەی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی؛ ئیدارەی دەوڵەتە ناوەندییەکان دەدەن، خواستیان لەوەیە سنوورێکی جوگرافیی داخراو، بەڵام پاک‌و یەک نەتەوەو یەک زمان دروستبکەن(٢). لە دوای سەدەی بیستەمەوە لە خۆرهەڵاتدا سنوور سەرهەڵدەدات، پێش "سایکس_بیکۆ"و لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا، لە نێوان وڵاتانی خۆرهەڵاتدا سنوورێکی تەنک‌و نەبینراو هەبووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی

دەوڵەتی نەتەوەییدا سنوور بایەخێکی زۆر پەیدادەکات. سنوور شێوەی قەفەزێکی دیاریکراوی هەیە. ئەوانەی لە ناو سنووری دەوڵەتدان، شوناسێکیان هەیە. ئەوانەیشی لە دەرەوەی سنوورن، شوناسێکی دیکەیان هەیە، واتە سنووری دەوڵەت وەک سنووری شوناس دەناسێنرێت، سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هەوڵدەدات هەموو جیاوازییەکانی شوناس لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا بسڕێتەوە. دەتوانین بڵێین: زۆربەی دەوڵەتەکانی خۆرهەڵات لە سەر ئایدیای سڕینەوەی ئەوی دیکە دروستبوون، ئایدیای دروستکردنی جۆرێک لە هاوشوناسیی زۆرەملێ. بوونی کورد بۆ ئەم دەوڵەتانە وەک دیوارێکی ئاسنینو سەخت وایە، کە تەواوی بیری دەوڵەتی یەک_شوناسو کۆنترۆڵکردنی ئەوانی دیکە هەرەسپێدەهێنێت. هەموو سیستەمێک جێیەکی هەیە بۆی داگیرنەکرێت، بەڵام کاتێک ئەو ڕەگەزە نامۆو نەگیراوە لە ناو جەرگەی خودی سیستەمەکەدا بێت، کێشە سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە هەموو تورکێک دەزانێت، کە خەڵکانی "کورد، عەرەب، تورکمان، فارس..." هەن لە شوێنی دیکەدا دەژین، ئەمە گرفت بۆ شوناسی تورکی دروستناکات، بەڵام کاتێک لە چوارچێوەی سنووری تورکیادا نەتەوەکانی "کورد، عەرەب، ئەرمەن" هەبوون، کە خۆیان بە تورک نازانن، ئەمە دەبێت بە هۆی فۆبیایەکی بێسنوور. هەر ئەمە وایکردووە زۆربەی دەوڵەتانی خۆرهەڵات لە فۆبیای بەردەوامی هەڵوەشانەوەدا بژین، چونکە دەوڵەت لە سەر ئەفسانەی کۆنترۆڵکردنی تەواوو هاوشوناسیی تەواوی هاونیشتیمانیان دامەزراوە. لە "داگیرکردنی تاریکی"دا قسە لە سەر مەحاڵبوونی داگیرکردنی ئەوی دیکەو سڕینەوەی شوناسو زمانی دەکرێت، هەروەک نوسەری ڕۆمانەکە ئاماژەیپێداوە "ئێستا لە دۆخی زمانی کوردیدا لە تورکیا دەیبینین، لەوێ قسەکردن بە کوردی هەر نیشانەی ئینتیما نییە بۆ نەتەوە، بەڵکو وەڵامیشە بۆ بانگەوازێکی ئایدۆلۆژی، لەم دۆخەدا زمان خۆی بەدەر لەوەی لە سەر چی قسەدەکاتو لە سەر چی دەدوێت، هەر ئامادەگییەکەی دەبێتە ئەکتێکی ئایدۆلۆژی"(٣). لێرەدا دەتوانین بڵێین زمان تەنها زمان نییە، بەڵکو بەتاڵکردنەوەی تەواوەتیی بانگهێشتێکی دیکەیە، فۆبیای قووڵی تورکەکان لە زمانی کوردی لەوە نییە، کە ناسیۆنالیزمی تەسک_بیرن، لەوەیە کە بوونی زمانی کوردی لە ڕاستیدا بەتاڵکردنەوەی تەواوی ئەو بانگهێشتە ئایدۆلۆژییەیە، کە دەزگای ئایدۆلۆژیی دەوڵەتی تورک دەینێرێت، ئەم دۆخە چەند گرنگە بۆ زمان، هێندەیش ترسناکە، چونکە خودی زمان لەوە دەکەوێت زمان بێتو دەبێت بە ئاماژەو هێمایەکی ڕووت. لێرەدا تەنیا لە بەردەم بەسیاسیبوونی زماندا نین، بەڵکو لە بەردەم گۆڕانی زماندایین بۆ هێمایەکی ئایدۆلۆژی. لێرەوە قسە لە سەر ناوەڕۆکی ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی" دەکەین، کە

ڕۆمانێکە، مێژووی گەلی کورد دەگێڕێتەوە. جگە لەمە، ڕۆمانێکی سیاسیو فەلسەفیو دەروونییە، لە بارەی زمانی کوردیو بارودۆخی کوردەوە لە ناوچەکانی باکووری کوردستان نوسراوە، هەروەها ئەو گوشارو ستەمە دەخاتەڕوو، کە بەرانبەر بە کورد کراوە لەلایەن "تورکی فاشیزمەوە"، بۆ سڕینەوەی کورد وەک نەبینراوێک لە تاریکیدا، کە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە دەیهەوێت ئەم تاریکییە بگرێت، بەڵام هەرگیز ئەم تاریکییە خۆی بەدەستەوەنادات و داگیرناکرێت.

ڕۆماننووس زۆر بە شارەزایی و لێهاتوویەوە توانیویەتی ئەو ڕوداوو کارەساتانەی نەتەوەی کورد بخاتەڕوو، کە تورکەکان بە سەر کوردەکانیاندا هێناوە. هەمیشە هەوڵیانداوە کوردبوون بنەبڕبکەن و کوردەکان چیدی بە زمانی خۆیان نەدوێن، بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا نەک هەر ناتوانن زمانی کوردی بسڕنەوە، بەڵکو تورکەکانیش بە زمانی کوردی دەدوێن. زمانی کوردی لە ڕۆمانەکەدا نەک هەر لەبیرناچێتەوە، بەڵکو مردووەکانیش زیندوودەبنەوەو بە زمانی کوردی دەدوێن، هەموویان بە مردوو و زیندووەوە هەوڵی ئازادی و سەربەستی دەدەن بۆ زمانەکەیان وەک هەموو زمانەکانی دونیا.

### سەرەتایەکی کۆمیدی و تراژیدی

سەرەتای ڕۆمانەکە بە ڕوداوێکی پڕ لە فەنتازیا دەستپێدەکات، ڕۆژی (١٢)ی تەمموزی (١٩٧٧) ئەو چەکەرەیەیە، کە سەرهەڵدەدات و واقیعێکی پڕ مەینەتی و کارەساتی نەتەوەیەک لە ماوەی سی بۆ چل ساڵدا، لە بەر نیگای ئێمەی خوێنەردا دەکاتەوە. بە کارەکتەرێک دەستپێدەکات بە ناوی "عیسمەت ئۆکتای"ەوە. هاوڵاتییەکی تورکییە، بەیانی لەخەوهەڵدەستێت، دەیەوێت ژیانی ڕۆتینیی خۆی بژی. کاتێک بۆی دەردەکەوێت ڕوداوێکی ترسناک لێیڕویداوە، ئەو بە تەواوی زمانی تورکیی لەبیرچووەتەوەو بە زمانێکی دیکە قسەدەکات، کە خێزانەکەی لێیتێناگەن، پاشان قوڕەکە هێندەی تر خەستدەبێتەوە، کاتێک بۆی دەردەکەوێت ئەو زمانە تازەیەی قسەیپێدەکات، کوردییە، ئەو زمانەی کە دەوڵەت بە درێژایی (٥٠) ساڵی پێش ئەو ڕوداوە هەموو هەوڵێکی داوە نکۆڵی لە بوونی بکات، بیتوێنێتەوەو ئەو نەتەوەیەی هەڵگری ئەو زمانەیشە، بە ئاگرو ئاسن لەناویبەرێت، بۆئەوەی بەرپرسانی نەخۆشخانەو دواتریش نوێنەرانی دەوڵەت لە ڕاستیی بابەتەکە تێبگەن و پرسیار لە "عیسمەت ئۆکتای" بکەن، کە چۆن توشی ئەو بەڵایە بووە، پەنادەبرێتەبەر تاکە وەرگێڕێکی ئەو زمانەی بە لای ئەوانەوە نییەو نابێت ببێت، واتە "عەلی ئیحسان ئاکانسو"، کە یەکێکە لە دوو کوڕەکەی دکتۆر "تاریق ئاکانسو".

دکتۆر تاریق ئاکانسۆ پرۆفیسۆرێکی زانکۆو نەژادپەرستێکی سەرسەختە، کە لە ساڵی (١٩٤٥) وەک نوێنەری دەوڵەت لەگەڵ دوو کوڕەکەیدا، ڕوودەکاتە باشووری

ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان)، بە مەبەستی پلاندانان بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی "یەک زمان، یەک ئاڵا، یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت". لە پایتەختەوە دەسەڵاتێکی ڕەهای پێدەدرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامەو سوپاو جەندرمەو دادگاکان لە ژێر ڕکێفیدا دادەنرێن هەتا وەسێتنامەکەی "مستەفا کەمال ئەتاتورک" دامەزرێنەرو یەکەم سەرۆککۆماری تورکیا بە تەواوی جێبەجێبکرێت. ئیتر بکوژو بڕ لە ناوچەکەدا ئەو کابرایە دەبێت، کە سڵ لە هیچ کەسێک ناکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، تەنانەت کوڕەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ سەیرکردنی ئەشکەنجەدانی ئەو کوردانەی ملنادەن بۆ لەبیرکردنی زمانو کولتووری نەتەوەیی خۆیان.

لێرەدا "بەختیار عەلی" سیناریۆیەکی زیرەکانە هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی وەک نوسەر نەکەوێتەداوی بەگشتیکردنو بۆیاخکردنی تەواوی نەتەوەیەک بە ڕەنگی ڕەگەزپەرستیو داماڵران لە بەها مرۆییەکان، دەبینین کە "تاریق ئاکانسۆ" تەنها کوڕە بچووکەکەی خۆی، واتە "عەلی ئیحسان"ی پێقایلدەکرێت، کە کار بۆ پرۆگرامی نامرۆڤانەی لەناوبردنی زمانو بوونی نەتەوەیەکی تر بکات. "عەلی ئیحسان" خۆی فێری زمانی کوردی دەکاتو وەک مێردمنداڵێک جاروبار دەیخەنە نێوان زیندانییە کوردەکانەوە هەتا دواتر قسەکانیان بگەیەنێتە بەرپرسیارانی دەزگای هەواڵگری نیشتیمانی (میت)و پۆلیس، لە کاتێکدا کوڕە گەورەکەی ئاکانسۆ؛ "ئارسین"، لە باوکی هەڵدەگەڕێتەوەو سەری خۆی هەڵدەگرێتو ژیانی ڕێچکەیەکی دیکە دەگرێت. "بەختیار عەلی" لە ڕێی وێناکردنی ژیانی ئەو دوو برایەوە، لە ڕێگای کاردانەوەی دەسەڵاتدارانەوە، کاتێک ئەو نەخۆشییەی "عیسمەت ئۆکتای" زیاترو زیاتر بڵاودەبێتەوە. پانۆرامای مێژووی نەتەوەیەکی دەستبەسەرداگیراو، دەوڵەتێکی داگیرکار، بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدە مێژووی پڕ لە دڕندەیی دەوڵەتی تورکو هەڵبەزودابەزەکانی سیاسەتمان نیشاندەدات. پێماندەڵێت، کە بە درێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی تورکیا، هەر گرووپو حیزبێک لە سەر دەسەڵات بووبێت، ئامانجەکانیان نەگۆڕ بووە، کە تواندنەوەی نەتەوەیەکو لەناوبردنی زمانو کەلەپوورەکەی بووە، بۆ ئەمەیش هەموو ڕێگەو شێوازێکی سەربازییان بەکارهێناوە.

"تاریق ئاکانسۆ" هەر دوژمنی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە نییە، ئەو دوژمنی سروشتو گیانلەبەرو دارودرەختو گژوگیای ناوچەکەو تەنانەت ئێسکوپروسکی مردووەکانیشە. ئەو لە هەموو ئەو ژینگەیەدا تاریکییەک هەستپێدەکات، کە بە ڕای ئاکانسۆ هەتا ئەو تاریکییە داگیرنەکرێت، هەتا ناخی مرۆڤو

سروشتی ناوچەکە داغانو نغرۆنەکرێت، تورک وەک نەتەوەو وەک نەژاد ناتوانێت بحەوێتەوە.

## ڕەهەندەکانی زمانو دەسەڵات لە ڕۆمانەکەدا

"من لە داگیرکردنی تاریکیدا پێداگری لەوە دەکەم، هەتا داگیرکردنی زمانیش ناتوانێت داگیرکەر بگەیەنێتە ئەو پنتەی دەیەوێت، ئەوەی من بە عەرەبی، فارسی، تورکی قسەبکەم، ئەوە نامکات بە بونەوەرێکی غەیرە کورد، تورکیا سەد ساڵە خەریکی لەناوبردنی کوردبوونە، بەڵام چەپێنراو هەمیشە بە هێزێکی ترسناکترەوە دەگەڕێتەوە. لەوێدا دەمەوێت بە خوێنەر بڵێم سیستەم؛ هەر سیستەمێک بێت، ناتوانێت هەموو ڕووبەرەکان داگیربکات"(٤).

ئەزموونی ڕۆماننووس "بەختیار عەلی"، وێڕای ئەوەی فەنتازیایەکی تایبەتو بابەتییە، کە بەردەوام هاوڕێ لەگەڵ کێشەیەکی گەورەی مرۆیی، سیاسیو مێژوویدا بالادەکات. هاوکات زمانێکی بەرینی ئەدەبی دەبینین، کە بەشێک لە جوانیی ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسە بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، هەر ئەو زمانەیشە فەنتازیاو هزرو خەیاڵی ڕۆشنکردووەتەوە، زمانێکی کراوەو ئازادی هەیەو خاوەنی بیرکردنەوەو خەیاڵێکی باڵاو فراوانە، هەر بە هۆی ئەو توانا زمانییەیشیەوە پێشبینیی هەندێک لە دۆخو ڕوداوەکانی ئایندە دەکات. ئەمە وێڕای هونەری گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، کە گێڕانەوەی هەمووشت_زان وایکردووە، ڕۆماننووس دەستکراوە بێت هەتا ناوەوەو دەرەوەی کەسێتییەکانمان نیشانبدات. "بواری زمانێکی بێسنوورو ڕاقی بە پیاوکوژو نەخوێندەوارترین کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە داوە. زمانی ڕۆمانەکە تەنیا لەبەرئەوەی گوتاری ڕۆمانەکە لە بارەی زمانەوەیە، دەوڵەمەندو جوان نییە، بەڵکو دەسەڵاتی زمانی ڕۆماننووسە، کە ڕۆمانەکەی جوانکردووە، فەنتازیای ناو ڕۆمانەکە بە هۆی زمانەوە قووڵترو جوانترو بەرینتر دەرکەوتووە"(٥). بۆ نموونە کاتێک "ئیمران کارتاڵ" لەگەڵ پڵنگەکەدا دەدوێت، یان باسی پەیوەندیی خۆی بە سروشتەوە دەکات، تەواو دیوە ڕۆحییەکەی سروشت بە هۆی زمانەوە بەرجەستەدەکات. هەر لێرەدایە پێشبینیی هەنگاوەکەی بۆ تۆڵەکردنەوە لە "ئاکانسۆ" دەبینین، ئیمران دەڵێت: "دەزانم سروشت بەردەوام سەیرمدەکات، ڕۆژێک ئارامو ئاسوودە سەیرمبکات، هەستیپێدەکەم، ڕۆژێک بە خۆشەویستییەوە سەیرمبکات، هەستیپێدەکەم، ڕۆژێک تووڕەو ناڕازی سەیرمبکات هەر پێیدەزانم. ئەوەتەی ئەو پڵنگەم ڕاوکردووە، عەردو دارو بەرد لەگەڵمدا گۆڕاون. هەم من شەرم لە خاکو ئاوی هەرێمەکە دەکەمو هەم ئەوان من وەک دوژمن سەیردەکەن"(٦). دەبینین زمانی سروشت خۆی بۆ زمانی مرۆڤ ئاوەڵاکردووە، کرانەوەکەیش پەیوەستە بە پەیوەندیی کەسێتیی مرۆڤ بە سروشتەوە، کە لێرەدا باسی

نەفرەتیی سروشت بە هۆی خیانەتکردنی مرۆڤەوە لێیدەبیستین. دەبینین زمان دەبێت بە ئاماژە بۆ هێمابۆکراوی ناوەوە، ئەو ناوەوەی لە پەیوەندیو هەستێکی ناوەکیو یادەوەرییەکی تایبەتدا ڕسکاوە. لە جێگەیەکی ڕۆمانەکەیشدا پڵنگ دەدوێنرێتو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێتو دەڵێت: "ئەو کاتەی من تۆم گرت، من تورک نەبوومو تۆ کورد، بەڵکو من مرۆڤ بوومو تۆ پڵنگ... پڵنگەکە وەک گوێ بۆ دۆستێکی دێرینی خۆی بگرێت، گوێ بۆ ئیمران دەگرت. زۆر خرۆشابوو، بەڵام شەڕانگێزیی پێوەدیارنەبوو، کە دواتر لە قەفەزەکە دوورکەوتنەوە، پڵنگەکە هەتا ماوەیەکی درێژ هەر سەیریدەکردن. پڵنگەکە لە ناو هەموو بینەرەکاندا سەری بەرزدەکردەوە بۆئەوەی بیانبینێت"(٧). لێرەدا جگە لە نیشاندانی دیوە جوانو ئیستاتیکییەکەی پڵنگ لە ڕێگەی زمانەوە، کە پڵنگەو لە ڕەمزی کوردبوون خراوەو وەک خۆی دەبینرێت، نەک ئەو دیدە تورکییەی پڵنگ وەک ڕەمزی کۆیلەو ڕاوکردنو سەرکوتکردن دەبینێت. لێرەدا زمان پانتاییەکە بۆ نیشاندانی شتەکان وەک ئەوەی کە هەن، بینینو سەربەرزکردنەوەی پڵنگ زمانن، نیشانەن، وەک دەنگێک بۆ ئاشتبوونەوەو لێخۆشبوون، "دیوی نەوتراوی زمانی لێرەدا پەنجە بۆ بابەتێک ڕادەکێشێت لە ڕێگەی خودی خۆیەوە، کاتێک ئیمران دەڵێت سروشتو خاک بە ڕقەوە لێمدەڕوانن، پڵنگ سەری بەرزکردەوە بمانبینێت، ئەو ئاماژانەن، کە بە هۆی پەسنی زمانەوە دەتوانین پێشبینی کردەو هەناوی ڕوداوەکانی لێبخوێنینەوە، هاوکات دەرخەری پەیوەندییەکی دێرینو ڕۆحیی ئیمران بە سروشتو ئاژەڵانەوە نیشاندەدات، کە وەک تورکێکی ڕاوچی بە ئاکارو بە عەشقەوە لە ناو سروشتدا دەژیو ڕاودەکات، نەک وەک ڕاوچییەکی سیاسی لە ناو سروشتو خاکی کوردان بێت، کە هەموو زمانی سروشت بۆ ئاکانسۆ دەبن بە ترسو نیگەرانیو ویستی قڕکردنو ڕاوکردن"(٨). ڕۆماننووس لە ڕێگەی زمانەوە وێنای بوونو دۆخی کورد دەکات، لە ڕوانینە جیاوازەکانی کارەکتەرەکانەوە ناسنامەیان دەستنیشادەکات، کە هەر فەرماندەو سەرکردەیەکی تورک؛ کورد بە جۆرێک دەبینێت، بە پێی ئەو بینینو ناونانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، واتە زمانی ئەوانی تورک بە جۆرێکە کە هیچ کات بابەتەکە ئازادانە خۆی نیشانناداتِ، بەڵکو زمان دەبێتە داردەستو کۆیلە، زمان دەبێتە ئاوێنەی نیشاندانەوەی ئەو ڕوانینە ئایدۆلۆژیو ناسیۆنالیستیو سیاسیو عەسکەرتارییەی بە درێژایی مێژوو بیرو خەیاڵو یادەوەریی ئەوی تری بەرانبەر بە منی کورد نەخشاندووە.

کورد لە دیدی جیاوازی ئەوانەوە دەمێک دەبێت بە "جنۆکە، ئاژەڵو درندە، کۆیلەو نزمتر لە کۆیلە، شێت، ....هتد"، زمانی ئەوی دیکەی تورک کە کۆیادەوەری نەتەوەیەکە، لە سەر ڕەتکردنەوەی بوونو زمانی من ژیاوە، هەر ئەمەیش زمانو یادەوەریی مرۆڤەکانی

بەرتەسککردووەتەوە، وەک لە کۆتایی ڕۆمانەکەیشدا نەوەیەکی نوێی تورک پەیدادەبێت، "کچی عیسمەت" کە پارێزەرە، هەمان پەروەردەی کەمالیستو گورگە بۆرەکانی هەیە، ناتوانێت لە سنووری تورکبوون دەربچێتو ئەوی دیکەی کورد ببینێت، وەک دەڵێت: "ئەگەر ئەم پیاوە باوکی منیش بێتو ئەو چیرۆکەیش ڕاست بێت، کە ئەو کابرایە دەیگێڕێتەوە، من کچێکی تورکپەروەرم، لە منداڵییەوە فێربووم تورکمو تورکبوونی خۆم لە هەموو شتێکی تر بۆ گرنگترە. تکایە، من دایکم زۆر ماندووبووە هەتا پەروەردەیەکی تورکانە وەربگرم، نامەوێت وەک تورکێک بۆ ساتێکیش گومان لە پاکێتیی خوێنی خۆم بکەم"(٩). کەواتە ئەم ڕۆمانە هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازیی زمانە، کە دەکرێت تورکێک تورکی فێری کوردەکان بکات، کوردەکانیش کوردی فێری تورکەکان بکەن.

## جینۆساید (داگیرکردنی تاریکی)

نوسەر لە ڕۆمانەکەیدا ئاماژە بە چەند جۆرێکی جینۆساید دەکات، دەتوانین لەم خاڵانەدا پوختیبکەینەوە:

**جینۆسایدی جەستەیی:** ئەم جۆرە جینۆسایدە لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا زۆر بە ڕوونیو وردی خراوەتەڕوو، بە جۆرێک ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی ئەم جۆرە جینۆسایدەیە. بۆ نموونە: "ئارسین ئاکانسۆو یۆلداش فەیسەڵ، لە پێش هەموانەوە بە دزییەوە لە ژێرزەمینەکە هاتنەدەرێو سوپاسی زۆری خاوەن ماڵەکەیان کردو چوونەوەناو کوچەکان، دیمەنەکان ترسناک بوون، دەیان ژنو منداڵ لە کوچەکاندا بە کوژراوی کەڵەکەکرابوون، هەندێک منداڵیان بینی لە ناوەڕاستدا دووکەرتکرابوون، ناوسکو ڕیخۆڵەیان لە کۆڵانەکەدا بڵاوبووبووەوە، چەندین ژن بە ڕووتیو کوژراوی لەملاولای کوچەکاندا کەوتبوون. لە سەری یەکێک لە گوزەرەکاندا هەڤاڵ ئاشنایان بە کوژراویو تەنیایی دۆزییەوە، هەموو لەشی جێفیشەک بوو"(١٠). ئەگەر سەرنجبدەین، هەموو ڕوداوو کارەساتەکان بە شێوەیەکی ورد گواستراوەتەوە بۆ خوێنەر، کە هەمووی قڕکردنو جینۆسایدی جەستەیی نیشاندەدات، بە ڕێگای چەکی قورسو ئاگرو ئاسن کراوە.

**جینۆسایدی بایلۆژی:** ئەم جۆرە جینۆسایدەیش بە ڕوونی لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، وەک دەڵێت: "بەبێ ئەوەی نانی ئێوارە بخوات، ئارسینی بانگکردو پێیڕاگەیاند، خەیاڵی هاوڕێیەتیو هاوسەرگیری لەگەڵ کیژی ئەسپفرۆشەکەدا لە سەری خۆی دەربکات، دەبێت وەک کوڕە تورکێکی خوێنو پاکو سەر بە بنەماڵەیەکی پایەدار لەو ڕاستییە تێبگات، جگە لە کیژە جوانخاسێکی بە ئەسڵونەسەبی تورک بۆی نییە ژنێکی تر بێتە ژیانیەوە. تاریق ئاکانسۆ، ئەو بڕیارەی وەک فەرمانی کۆتایی دادوەرێک بە ئارسین گوت، کە دوای ئەو فەرمانە هیچ پێداچوونەوەیەک

نییە. ئارسین بەبێ ئەوەی هیچ بڵێتو هیچ قسەیەک لە قسەی باوکیدا بکات، لە ژوورەکەی چووەدەرێ"(١١). ئەگەر سەرنجبدەین، ئارسین دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکوردێکدا بکات، باوکی ئارسین کە کاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەتی تورکیایە، بۆ ئەوە هاتبووە دیاربەکر هەتا زمانی کوردیو ڕەگوڕیشەی کورد لەناوببات، ئێستا چۆن ڕێگەدەدات کوڕەکەی لەگەڵ کچەکوردێکدا هاوسەرگیریبکات. ئاماژە بە ئەوە دەکات کە خوێنی پیسدەبێت، واتە کاتێک منداڵدەخەنەوە، خوێنی تێکەڵ بە کورد دەبێتو خوێنی کوردیش پیسە. ئەم ڕێگریی هاوسەرگیرییە هەر بۆ ئارسین نەبووە، بەڵکو بە هەموو جۆرێک قەدەغە بوو تورک لەگەڵ کورددا هاوسەرگیریبکات، چونکە لە زیادبوونی ژمارەو ڕەچەڵەکی کورد دەترسان، ئەمە لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێستا زۆر کەس هەن تورکنو لەگەڵ کورددا هاوسەرگیریانکردووە.

**جینۆسایدی ئابووری:** لە جینۆسایدی ئابووریدا نەتەوەیەک یان گرووپێک تێیدا زەرەرمەنددەبن، لە ڕووی بەتاڵانبردنو وێرانکردنی سیستەمی ئابووری. ئەم جۆرە جینۆسایدە لە ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی"دا دەبینرێت، هەروەک لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە "نزیکی شەشی ئێوارە وەک لەشکرێکی ترسناک بە فەرمانێکی نهێنی، مۆڵەتی پەلاماری پێدرابێت، سەرەتا بە دەیان، دواتر بە سەدان، دواتر بە هەزارانو دواتر بە دەیان هەزار ڕژانە کوچەو کۆڵانەکانەوە. لەشکرێکی پڕچەک بە شیشو تێڵاو چەقۆ، سەرەتا دوکان بە دوکان، هەر جێگایەک موڵکی گریکو ئەرمەنو جووەکان بوو، کەوتنە شکاندنی قوفڵو دەرابەو جامخانەکانیان، هەردوو گەنجەکە بە چاوی خۆیان بینییان بە سەدان کەس وەک شێت هوروژمیان دەبردەناو دوکانەکان، ئەوەی تاڵاندەکرا، هەڵیاندەگرتو ئەوەی دەخورا لە شیرینیو کێکو پاقلاوە، دەیانئاخنییە دەمیانو ئەوەی بشکێت، دەیانشکاندو ئەوەی بسوتێت، دەیانسوتاند"(١٢). لێرەدا باسی ئەو کارەساتە ئابوورییە دەکرێت، کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە هێرشدەکرێتەسەر گریکو ئەرمەنییەکانو جووەکانو زیانێکی ئابووریی زۆر بە بەرهەمو دوکانەکانیان دەگەیەنێت، ئامانجیشی لەمەدا ئەوەیە ئەو نەتەوانەی دیکە نانبڕاوبکاتو ژێرخانی ئابووریيان بە تەواوەتی دابڕمێنێت.

**جینۆسایدی کولتووری:** ئەم جۆرە جینۆسایدەیش لەم ڕۆمانەدا زۆر بە باشی دەبینرێت، بۆ نموونە باس لەوە دەکات "لە هەموو شوێنو شارێکی تورکیادا ئاگاداردەکرێنەوە، هەر کەسێک تورکی نەزانێت، لە هیچ بوارێکدا کاری پێنادرێت. لە چێشتخانەکاندا داوای خواردن بە تورکی دەبێت، لە کەرەستە گشتییەکانی هاتوچۆدا جگە لە زمانی تورکی، ڕێبواران بۆیان نییە هیچ جۆرە زمانێکی تر بەکاربهێنن، لە مزگەوتەکاندا هەموو وتارێکی ئایینی بە تورکی دەبێت.

هەر منداڵێک لە سەر خاکی تورکیا لەدایکببێت، دەبێت ناوێکی هەبێت، کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە قبوڵکراو بێت. لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی تەنها بە زمانی تورکی دەبێت، سەماو هەڵپەڕکێ تەنیا ئەو جۆرە سەماو هەڵپەڕکێیانە دەبن، کە نەتەوەی مەزنی تورکی پێدەناسرێتەوە. دەستفرۆشەکان لە جاڕو بانگکردنندا بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان، دەبێت بە تورکی هاواربکەن(١٣). ئەگەر سەرنجی ئەو پەرەگرافە بدەین، دەبینین چەندین بابەتی گرنگی تایبەت بە کولتووری کوردی لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە قەدەغەکراون، هەر لە زمانو ناونانی منداڵو کڕینو فرۆشتنو هەڵپەڕکێو سەمای نەتەوەیی هەموویان دەبوو بە تورکی بن، کە سڕینەوەی زمان بە واتای سڕینەوەی کولتووری نەتەوەیەکو لێسەندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی دێت.

**جینۆسایدی دەروونی:** ئەم جۆرە جینۆسایدە هیچی کەمتر نییە لە جینۆسایدی جەستەیی، چونکە کاتێک تاک یان کۆمەڵگا دەکەوێتە ئەم بارودۆخە دەروونییەوە، نەک جارێک، هەموو ڕۆژێک دەمرێت، بە هۆی ئەو ترسو دڵەڕاوکێیەی بۆی دروستبووە لەلایەن داگیرکەرانەوە. لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە بەوە دراوە: "عەلی ئیحسان پێشتر یەکە یەکە بۆی ڕونکردبوونەوە، لە جێگای تازەدا دەخرێنە بیمارستانی نەخۆشییە عەقڵیو دەروونییەکانو دەوڵەت لە بریی ئەوەی بە تۆمەتی سیاسی دادگاییانبکات، بە ناونیشانی شێت دەیاننێرێت بۆ ئەم حەسارو نەخۆشخانە لەبیرکراوو لاچەپە، هەندێک بێدەنگ فەرمانەکەیان قبوڵکرد، هەندێکیش هەڕەشەی یاخیبوونو سەرپێچییان دەکرد"(١٤). لێرەدا هەست بە بارودۆخی دەروونیو شڵەژاویی کاراکتەرەکان دەکرێت، کە بەبێ هۆکارێکی دیاریکراو ڕاپێچی نەخۆشخانەی دەروونی دەکرێن، تەنها لەبەرئەوەی زمانی تورکییان لەبیرچووەتەوەو بە کوردی قسەدەکەن، حکومەتی تورکیا بڕیاری کەرەنتینەکردنیان دەدات، وەک نەخۆشی دەروونی لەقەڵەمیاندەدات، هەر بۆیە هەموو تاکەکانی ئەم نەخۆشخانەیە دووچاری شڵەژانی دەروونی دەبنەوەو نازانن داهاتوویان چیی بەسەردێت. کەواتە ڕۆمانەکە ڕەخنەگرتنە لەو مێژووە ترسناکو بێویژدانەی تورک لە ئاستی سیاسەتو ئایدۆلۆژیا، نەک ئەوەی تورک خۆی لە خۆیدا هەڵگری دیوە شەیتانییە ڕەتکەرەوەکە بێت، بە واتایەکی دیکە، ترسناکیی دیوە ناسیۆنالیستو ئایدۆلۆجیو دەوڵەتپەرستییەکەی تورک بە سەر کوردو ئەرمەنو یۆنانی، عەلەویو کرستیان نیشاندەدات، کە سیاسەتی تورک لەناوبردنی ئەوی دیکەی جیاوازە، کردەی سڕینەوەو ڕەتکردنەوەیش زۆرتر لە ڕێگەی سڕکردنی زمانەوە دەکرێت.

**ئەنجام**

بەختیار عەلی لە ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی"دا دەیەوێت لە کورتترین پێناسەدا پێمانبڵێت، کە "فاشیزمی تورکی" بە هەموو شێوەیەک زمان، بوونو شوناسی

کوردی ڕەتدەکاتەوە، هەموو ڕێکارێک دەگرێتەبەر بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکان لە تورکیادا.

دەتوانین بڵێین ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی زۆر باش دەتوانێت خزمەتی پرسی کورد بکات لە تورکیادا، چونکە دەرخەری سیاسەتی تورکیایە بەرانبەر بە کورد. خاڵێکی گرنگی پەیامی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە، کە تورکیا دەیەوێت زمانی کوردی لەناوببات، هەموو کۆمەڵگای تورکیا بکات بە "یەک زمان، یەک ئاڵا، یەک نەتەوەو یەک دەوڵەت".

سەرەڕای هەموو ئەو باشیو جوانییانەی لەم ڕۆمانەدا هەن، ڕۆمانەکە خاڵی نییە لە هەڵەو کەموکورتی، کێشەی "بەختیار عەلی" لێرەدا هزر نییە، بەڵکو نوسینە، هەروەها درێژدادڕی یەکێکە لەو گرفتانەی نوسەر هەیەتی، هەندێک جار دووبارەکردنەوەی وشەو ڕستەو پەرەگرافی تێدەکەوێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانەکە باسی زمانو گرنگیی زمانە، بەڵام خاڵی نییە لە هەڵەی زمانیو ڕێنووس، کە دەبوو نوسەر زۆر ئاگاداری پاراستنی زمان بێت، هەروەها بەکارهێنانی وشەی بێگانەی زۆر لە کاتێکدا ئەو وشانە هاوواتایشیان لە زمانی کوردیدا هەیە.

## سەرچاوەکان

١. گۆران، نەبەز، هێماکانی دونیای ڕۆمان، لە مەرگی تاقانەی دووەمەوە، هەتا نەفرەتی نەوبەهاران، گفتوگۆ لەگەڵ بەختیار عەلی. سلێمانی: ناوەندی ڕەهەند، ٢٠٢٤، لا٦٧.
٢. هەمان سەرچاوە، لا٦٨.
٣. عەلی، بەختیار، ئایدۆلۆژیست. سلێمانی: چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەهەند، ٢٠٢١، لا١٨٣.
٤. گۆران، ٢٠٢٤، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٤.
٥. عوسمان، هەرێم ، نەفرەتی زمان و ئۆینەکانی لە بارەی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی، گۆڤاری خاڵ، xalkurd.٢٠٢٢/٧/٦. ڕێکەوتی کردنەوە: (٢٠٢٥/٢/٢٥).
٦. عەلی، بەختیار، داگیرکردنی تاریکی، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٠، لا ٢٩٤.
٧. عەلی، ٢٠٢٠، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨٩-٢٩٠.
٨. عوسمان، ٢٠٢٢، سەرچاوەی پێشوو، xalkurd.org .
٩. عەلی، ٢٠٢٠، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧١١.
١٠. عەلی، ٢٠٢٠، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٦٦.
١١. عەلی، ٢٠٢٠، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٦٥.
١٢. عەلی، ٢٠٢٠، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١٣.
١٣. عەلی، ٢٠٢٠، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥١
١٤. عەلی، ٢٠٢٠، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٩٥

# چەمکناسی

تورکیاناسی

# کەمالیزم
# (Kemalizm)

ئامادەکردنی: تورکیاناسی

کەمالیزم ئاماژەیە بۆ ئایدۆلۆژیایەک، کە جەخت لە سەر ئەو بنەمایانە دەکاتەوە، کە لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک (Mustafa Kemal Atatürk)ی دامەزرێنەری کۆماری تورکیاو یەکەم سەرۆککۆماری ئەو وڵاتەوە (١٩٢٣-١٩٣٧) دانراون.

ئەم ئایدۆلۆژیایە لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ناو خەڵکی تورکیادا بڵاوبووەوەو ئەتاتورکو داروودەستەکەی سەرجەم ئامرازە ڕێگەپێدراوو ڕێگەپێنەدراوەکانیان بۆ بڵاوکردنەوەو جێگیرکردنی بەکارهێناوە. لەگەڵ زاراوەی کەمالیزمدا، زاراوەکانی کەمالیست (Kemalist)، ئەتاتورکی (Atatürkçülük)، کەمالیزمی نەتەوەپەرست (Milliyetçi Kemalizm)، کەمالیزمی نەتەوەیی (Ulusalcı Kemalizm)، کەمالیزمی لیبراڵ (Liberal Kemalizm) بۆ هەمان ئایدۆلۆژیا یان بۆ گرووپێکی دیاریکراوی سەر بەم ئایدۆلۆژیایە بەکاردەهێنرێت. بە بڕوای بەشێک لە شارەزایان، "ئەگەر کەمالیزم ئاماژە بێت بۆ ئایدۆلۆژیایەکی گشتیو فراوان لە چوارچێوەی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئایینیدا، ئەوا ئەتاتورکی؛ ئاماژەیە بۆ هەمان ئایدۆلۆژیا بۆ ژیانی تایبەتی، خێزانداری، دونیابینیی کەسێتیو پەروەردەی تاک" لە کۆمەڵگای تورکیادا.

کەمالیزم ئایدۆلۆژیایەکە لە سەروبەندی ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جەنگی ڕزگاریو دامەزراندنی کۆماری تورکیادا لە سەر بنەمای گۆڕانکاری/ ڕیفۆرمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووریو ئایینی هاتووەتەکایەوە. ئەو گۆڕانکارییەی کە بایەخدەدات بە خوێندنی خۆڕاییو زۆرەملێ، وەرزشو دەسترەنگینی، پشتیوانیی

دەوڵەت بۆ خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، گەشەپێدانی ئابووریو بەپیشەسازیکردنی وڵات. لێرەوە کەمالیزم هەوڵیداوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری، سیکۆلار، نەتەوەییو پاڵپشت بە دیموکراسیی ڕۆژئاوایی بۆ تورکیا.

ئامانجی سەرەکی لەو گۆڕانکاریانەیش وەک ئەتاتورک ئاماژەیپێداوە، "گەیشتن بە ئاستی شارستانیەتیی سەردەمو بەدەستهێنانی شێوەی ژیانێکی هاوچەرخ" بووە، هەر بۆیە بەشێک لە خەڵکی تورکیاو تەنانەت دەرەوەی ئەو وڵاتەیش، کەمالیزم وەک ئایدۆلۆژیای سەرەکیو پایەی بیری کۆماری تورکیا هەژماردەکەن.

ڕەگوڕیشەی کەمالیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایەتیی عوسمانی، بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمو سەردەمی تەنزیمات. هەرچەندە لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا گرووپێک بە ناوی گەنجانی عوسمانی (Genç Osmanlılar)یەوە لە پێناوی چەسپاندنی بیری نەتەوەپەرستی، دروستکردنی هەستی نەتەوەیی لە لای خەڵکیو ڕەوایەتیدان بە دامەزراندنی ڕژێمێکی نوێدا جەختیان لە سەر ئایدۆلۆژیای عوسمانی (Osmanlıcılık İdeolojisi) دەکردەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا گرووپی گەنجانی تورک (Jön Türkler) دامەزرا، لە سایەی ئەم گرووپەدا بیری سیکۆلاریزمیو نەتەوەپەرستیی تورکی هاتەکایەوە، بە تایبەتی لە سایەی گرووپی ئیتتیحادو تەرەقی (İttihat ve Terakki) بیری سیکۆلاریزمو ناسیۆنالیستی تورکی لایەنگرێکی زۆری پەیداکرد.

دوای ڕوخانی عوسمانییەکان، کەمال ئەتاتورک، کە زۆر کاریگەر بوو بە ئەزموونو بیری هەردوو گرووپی گەنجانی عوسمانیو گەنجانی تورک، بە ئیلهاموەرگرتن لە سیکۆلاریزمو نەتەوەپەرستیی تورک لە ساڵی (١٩٢٣) کۆماری تورکیای ڕاگەیاندو چەندین گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سەرجەم بوارەکاندا کرد.

دواجار کەمالیزم لە سەر بنەمای شەش تیر (ڕم) (Altı Ok) جێگیربوو. ئەو (٦) تیرە گوزارشتە لە (٦) دەستەواژە، کە ئاماژەن بۆ بنەما پێکهێنەرەکانی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم، کە بریتین لە "کۆماری، نەتەوەیی، جەماوەری، دەوڵەتی، سیکۆلاریزمی، شۆڕشگێڕی". هەر ئەم شەش بنەمایە بوون بە پایەی بنەڕەتیی دامەزراندنی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)و لە شێوەی شەش ڕمدا ئەو بنەمایانە لە ئاڵای پارتەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەتا ئێستایش جەهەپە بە ئاڵاهەڵگرو میراتگری بیری کەمالیزم دادەنرێت.

ئایدۆلۆژیای کەمالیزم تەنها لە چوارچێوەی پارتێکی سیاسیی وەک جەهەپەدا

قەتیسنەبووە، بەڵکو بیری کەمالیستی لە ناو زۆربەی پارتە سیاسیو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بڵاوبووەتەوە، واتە دەکرێت هاوڵاتییەکی تورکیا لە یەک کاتدا ئەندامو لایەنگری پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)ی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بێتو کەمالیستیش بێت.

لێرەوە دەگەین بەو ڕاستییەی کەمالیزم وەک زاراوەو ئایدۆلۆژیایەک تەنها لەلایەن چەپڕەوەکانی تورکیاوە بایەخیپێنادرێت، بەڵکو بەشێک لە ئیسلامیو پارێزکارەکانیش بیری کەمالی پەسەنددەکەن، بەڵام ئەمانە زیاتر زاراوەی ئەتاتورکی بۆ ئایدۆلۆژیاکەیان بەکاردەهێنن، ئەمەیش بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە چەپڕەوەکانی تورکیا، کە پشتیوانی لە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە دەکەن، کە ئایدۆلۆژیای کەمالیزم بانگەشەی پابەندبوون پێیانەوە دەکات.

بە بڕوای کەمالیزمە چەپڕەوەکان تاکە زاراوەی دروست بۆ ئەم ئایدۆلۆژیایە بریتییە لە "کەمالیزم"، ئەمەیش کۆی ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە، کە بە هۆیەوە "کۆماری تورکیای مۆدێرن بنیاتنراوەو لە ڕێگەی گۆڕانکاریی ڕیشەییەوە لە سەرجەم بوارەکاندا دەوڵەت لەگەڵ دامەزراندنیدا ڕزگارکراوە لە بیری دواکەوتوویو دوور لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا"، بەڵام ئەتاتورکییەکان کە زیاتر خۆی لەو کەسو گرووپانەدا دەبینێتەوە، کە خاوەن باکگراوندی ئیسلامی/ پارێزکارنو ئەتاتورک وەک ڕزگارکەری تورکو دامەزرێنەری کۆماری تورکیا دەبینن. پێیانوایە کەمالیزم ئایدۆلۆژیا نییەو پاشگری /ـیزم/ (/_izm/)یش هەڵەیە دابنرێت، بەڵکو تەنها زاراوەی کەمالی (Kemali) بەکاردەهێنن، ئەمەیش وەک "شێوازێکی بیرکردنەوە"، کە تەواوی "لایەنە ئەرێنییەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی" لەخۆدەگرێت. لەم دوانەیش جیاوازتر گرووپی سێهەمە، کە بە "کەمالیستی ڕاستڕەو (Sağ Kemalist) ناودەبرێن، ئەم گرووپە پێیانوایە "نەتەوەپەرستی" بەردی بناغەو درێژەپێدەری کەمالی یان ئەتاتورکییە.

لە پێناوی قایمکردنی جێپێی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم لە دەوڵەتو کۆمەڵگەدا، گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە زمانی تورکیدا کراوە. دەیان هەزار وشەو چەندین پیتی تورکی/ عوسمانی گۆڕدران بۆ پیتی تورکی/ نوێ (لاتینی)، لە ساڵی (١٩٢٨) لە ژێر ناوی ڕیفۆرمی پیت/ هەڵگێڕانەوەی پیت (Harf İnkıabı)دا وەک بەشێک لە ڕەخنەگرانی کەمالیزم جەختی لە سەر دەکەنەوە، لە شەوو ڕۆژێکدا نەتەوەیەک نەخوێندەوارکرا".

چەسپاندنو بەردەوامیدان بە ئایدۆلۆژیای کەمالیزم لە سەر خوێنی دەیان هەزار هاوڵاتیی تورکی خاوەن

ئایدۆلۆژیا ئیسلامیو کوردی نەتەوەییو هەر هاوڵاتییەکی تورکیا بووە، کە دژایەتیی بنەما سەرەکییەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایەی کردبێت. لەم چوارچێوەیەدا چەندین نموونەی وەک شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، جوڵە نەرمو بێدەنگەکانی شێخ سەعیدی نورسی (کوردی)، قەتڵوعامی دۆڵی زیلان، شۆڕشی دەرسیم، دامەزراندنی پارتی دیموکرات لەلایەن عەدنان مەندەرەسو بزوتنەوەی بیری نەتەوەیی (Milli Görüş) لەلایەن نەجمەدین ئەربەکانو دەیان شێوازو دامەزراوەی دیکەی بەرەنگاربوونەوەی کەمالیزم لە لایەن کوردو ئیسلامییەکانی تورکیاوە هەیە.

لە هەمان کاتدا ئایدۆلۆژیای کەمالیزمو سوپای تورکیا پاڵپشتێکی گەورەی یەکتری بوونو بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا، چەندین جار سوپا بە بەهانەی پاراستنی بنەماکانی کەمالیزم کودەتای بە سەر سەرۆککۆمارو حکومەتو پەرلەمانی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە کردووە، هەڵگرانی ئاڵای کەمالیزمیش پشتیوانیی خۆیان بۆ کودەتاچییەکان ڕاگەیاندووەو هەر کەسێک دژیان وەستابێتەوە، بە زەبری ئاگرو ئاسن سەرکوتکراوە. بەڵگەیش بۆ ئەمە، کودەتاکانی (١٩٦٠، ١٩٧٢، ١٩٨٢، ١٩٨٩و ١٩٩٧)ە، کە ئەمەی دواییان کودەتایەکی سپی بوو بە سەر حکومەتەکەی نەجمەدین ئەربەکانو هێزو لایەنە ئیسلامیو پارێزکارەکاندا.

جگە لەوەی هەتا ئێستا کەمالیزم بە سەرجەم ڕێگاو شێوازەکان بڵاودەکرێتەوەو وەک بەشێک لە وانەکان لە ناوەندەکانی خوێندندا پەرەپێدەدرێت، بە سەدان توێژینەوەی زانستیی کورتو نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرای لە سەر ئامادەو بڵاوکراوەتەوە. ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی دەوڵەتیی وەک "سوپا، دەزگای مێژوویی تورکیا (TTK)، دەزگای زمانەوانیی تورکی (TDK)، زانکۆی ئەتاتورک، دەزگای باڵای زمانو مێژوویی ئەتاتورک (AKDTYK)و کتێبخانەی ئەتاتورک لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەستەنبوڵ İstanbul Büyükşehir Belediyesi) Atatürk Kitaplığı)و دەیان دامەزراوەو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی وەک "ناوەندی کولتووریی ئەتاتورک (AKM)، ناوەندی توێژینەوەکانی ئەتاتورک (AAM)و ئینسکلۆپیدیای ئەتاتورک"، لە ڕێگەی چالاکیی جۆراوجۆرەوە خزمەتی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم دەکەن.

گرنگترین ئەو ڕەخنانەی لە کەمالیزم دەگیرێن، بریتین لە "ئایدۆلۆژیایەکە دەسەڵاتی دەوڵەت بەرەو تاکڕەویو تاکحیزبی دەبات، یەکنەگرتنەوەی پایە سەرەکییەکانی لەگەڵ دیموکراسیدا، پێگەیاندنی یەک جۆر مرۆڤو بیرکردنەوە، بە زۆر سەپاندنی بە سەر

خەڵکدا، شکستهێنانی لە گەشەپێدانی ئابووریدا، جێبەجێکردنی بیری فاشیزمی نەتەوەپەرستی، سەپاندنی سیکۆلاریزم وەک ئایدۆلۆژیای دەوڵەتو کۆمەڵگە بە سەر خەڵکیدا، ڕەتکردنەوەی ئایینو نەتەوەکانی دیکەو گوشارو ستەم بۆ سەر گرووپە ئایینییەکانو نەتەوەکانی جگە لە تورک".

سەرەرای بڵاوبوونەوەی بەردەوامی بیری کەمالیزم، لەگەڵ ئەوەیشدا خەڵکێکی زۆر بە تایبەت گرووپە ئیسلامییەکانو کوردەکان دژایەتیی ئەم ئایدۆلۆژیایە دەکەنو بە "پڕۆژەیەکی موفلیس، سەرنەکەوتوو، چەقبەستوو، دەرگایەک بۆ فاشیزمی ئایینی/ نەتەوەیی، گوشارو ستەم، نیشاندانی بالادەستیو خۆبەگەورەزانینی گرووپێک یان نەتەوەیەک بە سەر گرووپو نەتەوەیەکی دیکەدا" وێنایدەکەن. ئەم بۆچوونە دژەی کەمالیزم بە تایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستویەکهەمو هاتنەسەر دەسەلاتی ئاکپارتی بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانو گرووپێکی پارێزکارو میانڕەو بەرانبەر ئایینو نەتەوە لە گەشەی بەردەوامدایەو وەک تەوژمێکی نوێ بە دژەکەمالیزمییەکان (Kemalizme Karşıt/Anti Kemaliz ) ناودەبرێن.

ماوەتەوە بڵێین، بەشێک لە پشتیوانانی کەمالیزم خۆیشیان ڕەخنەی توندیان لە بەرپرسانی بالای دەوڵەت بە تایبەت بەرپرسە سەربازییەکان گرتووەو بە خیانەتکار لە ئایدۆلۆژیای کەمالیزم تۆمەتباریانکردوون، ئەمەیش بە تایبەت دوای کودەتا سەربازییەکەی (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٢) بە سەرۆکایەتیی ژەنەراڵ کەنعان ئێڤرەن، ئەمەیش دوای دانانی دەستوورێکی سەربازیی کەمالیزمییانەی تێکەڵ بە فاشیزمو داخستنی ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی مەدەنیی سەر بە دەوڵەت، کە تەنانەت خزمەتیان بە ئایدۆلۆژیای کەمالیزمیش کردووە، هەر بۆیە بەشێک لە نوسەرانو بەرگریکارانی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە "دوای کودەتاکەی (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٢) لە سایەی کەنعان ئێڤرەنو دەستوپێوەندەکەیدا، کەمالیزم گۆڕاوە بۆ کەنعانیزمی فاشیست".

CFS

Center for Future Studies

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین
# لە گۆڤاری تورکیاناسی

تورکیاناسی

# ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

## ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.
٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.
٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.
٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.
٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری تورکیاناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنیردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

## ٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمان شێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid

بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

**گۆڤار و توێژینەوە**

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

ÖZTAY, Oğuz Han, (2022), 31 Mart 2019 Yerel Seçimleri Özelinde Bir Değerlendirme, İletişim Çalışmaları Dergisi, 4. Yıl, Sayı 1, Cilt 8, Sa 101

**ڕۆژنامە**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نموونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

**ماڵپەڕ**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نموونە: Adler, Katya(٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks-٥١٦٥٧٠٨٤", https://www.bbc.com/news/world-europe, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).

نموونە: ئومێد رەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، -https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la

rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).
نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https:// blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).
نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**
-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**
-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی


















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی























Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS


Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS
Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی
سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

ژمارە ( ٧ ) ساڵی دووەم، ئازاری ٢٠٢٥